## مالمیسانژ

# جەمعییەتی تەعاونو تەرەقیی کوردو رۆژنامەکەی

لە تورکییەوە وەرگێڕانی

**زریان ڕۆژهەڵاتی**

پێداچوونەوەی

**سدیق ساڵح**

بنکەی ژین
سلێمانی ٢٠٠٧

٩٥٦,٦٧
م ٢٧٥ مالمیسانژ
جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کورد و ڕۆژنامەکەی/ وەرگێڕانی زریان ڕۆژهەلاتی ؛ پێداچوونەوەی سدیق سالح. سلێمانی: بنکەی ژین، ٢٠٠٧.
٢٥٧ل: ١٦,٥ × ٢٣ سم.
١- کوردستان-مێژوو ٢- زریان ڕۆژهەلاتی (وەرگێڕ)٣- زنجیرە: ٥٦
کتێبخانەی گشتیی سلێمانی زانیاریی سەرەتایی پۆلێن و پێرستی ئامادە کردووە

سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکە: سدیق سالح

زنجیرە: ٥٦
کتێب: جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کورد و ڕۆژنامەکەی
نووسەر: مالمیسانژ
وەرگێڕ: زریان ڕۆژهەلاتی
پێداچوونەوە: سدیق سالح
مۆنتاج: ڕێنوار
بەرگسازی: قادر میرخان
خەتی بەرگ: ئەحمەد سەعید
تیراژ: ١٠٠٠
شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی حەمدی
ژمارەی سپاردن: ٤٩ی سالی ٢٠٠٧

لەم سەرچاوەیەوە کراوە بە کوردی: Malmîsanij, Kürt Teavün ve Terakki Cemiyeti ve Gezetesi, Ikinci Baski, 1999, Istanbul.

لە بلاوکراوەکانی
بنکەی ژین
بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەلگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی
هەرێمی کوردستان: سلێمانی، ئەندازیاران، گەڕەکی ١٠٥، کۆلانی ٥، خانووی ٢٣
نۆرمال: ٣١٨٣٦٣١ ئاسیا: ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ یا ٠٧٧٠١٤٦٤٨٣٣ سانا: ١١٢٨٣٠٩
سنووقی پۆست: ١٤ E. Mail: bnkaizhin@yahoo.com

# ناوەڕۆك


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٩ |
| **١. جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی‌ی کورد** | ١١ |
| ١. ١. دامەزراندنی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی‌ی کورد | ٢١ |
| ١. ٢. جێگەی ناوەندی جەمعییەت | ٢٦ |
| ١. ٣. ئامانجەکەی | ٢٦ |
| ١. ٤. دامەزرێنەکان | ٣٣ |
| ١. ٥. ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەرێتی و بەڕێوەبەرەکان | ٣٦ |
| ١. ٦. مەرجەکانی ئەندامێتی و هەندێك لە ئەندامەکانی | ٣٩ |
| ١. ٧. کارو چالاکیەکانی جەمعییەت | ٤٣ |
| ١. ٧. ١. جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی‌ی کوردو زمان و ئەدەبیاتی کوردی | ٤٣ |
| ١. ٧. ٢. قوتابخانە بۆ منداڵانی کوردو دەزگای چاپی جەمعییەت | ٥٤ |
| ١. ٧. ٣. هەوڵدان بۆ چاککردنی پەیوەندی‌ی نێوان کوردو ئەرمەن | ٥٥ |
| ١. ٧. ٤. بەیاننامەو ئاگاداریەکان | ٦١ |
| ١. ٧. ٥. جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی‌ی کوردو سیاسەت | ٦٤ |
| ١. ٧. ٦. دەست پێشخەری‌ی جەمعییەت بۆ دامەزراندنی بانك | ٦٤ |
| ١. ٨. لقەکانی جەمعییەت | ٦٥ |
| ١. ٨. ١. کلووبی بتلیس | ٦٧ |
| ١. ٨. ٢. کلووبی مووش | ٧١ |
| ١. ٨. ٣. لقی دیاربەکر (ئامەد) | ٧٢ |
| ١. ٨. ٤. لقی مووسڵ | ٧٤ |
| ١. ٨. ٥. لە خنس | ٧٥ |
| ١. ٨. ٦. لە ئەرزڕۆم و بەغدا | ٧٥ |

١. ٩. داخرانی ناوەندی ئەستەنبووڵ ٧٦
**٢. ئۆرگانی ڕاگەیاندنی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی ؛ ڕۆژنامەی تەعاون و تەرەقیی کورد** ٧٩
٢. ١. نووسەرانی ڕۆژنامەی تەعاون و تەرەقیی کورد ٩٤
٢. ١. ١. پیرەمێرد (م. تۆفیق سولەیمانییەیی) ٩٦
٢. ١. ١. ١. کورتەباسی ژیان ٩٦
٢. ١. ١. ٢. ئەو ناسناوانەی وا لە نووسین و شیعرەکانیدا بەکاری هێناون ١٠٠
٢. ١. ١. ٣. ئەو ڕێکخراوە کوردیانەی کە کاری تێدا کردوون ١٠٢
٢. ١. ١. ٣. ١. لە "جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کورد"دا ١٠٢
٢. ١. ١. ٣. ٢. پەیوەندیەکانی لەگەڵ جەمعییەتی "هێڤی"دا ١٠٤
٢. ١. ١. ٣. ٣. لە "کۆمیتەی ئیستیقلالی کورد"دا ١٠٤
٢. ١. ١. ٣. ٤. لە "جەمعییەتی کوردستان"دا ١٠٤
٢. ١. ١. ٣. ٥. لە "جەمعییەتی زانستی"دا ١٠٥
٢. ١. ١. ٤. کاتێ لە ئەستەنبووڵ بوو ١٠٨
٢. ١. ١. ٥. بەرهەمەکانی ١١٢
٢. ١. ١. ٥. ١. کتێبەکانی ١١٥
٢. ١. ١. ٥. ٢. ئەو کتێبانەی کە وەری گێڕاون ١١٧
٢. ١. ١. ٥. ٣. ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی وا دەری کردوون ١١٨
٢. ١. ١. ٥. ٤. هەندێك لەو گۆڤارو ڕۆژنامانەی کە بابەتی بۆ نووسیون ١١٩
٢. ١. ١. ٥. ٥. ئەو گۆڤارو ڕۆژنامە فارسیو تورکیانەی کە بابەتی بۆ نووسیون ١٢١
٢. ١. ١. ٥. ٦. داستانەکانی ١٢٧
٢. ١. ١. ٦. چەند نموونەیەك لە شیعرەکانی ١٢٧
٢. ١. ١. ٧. کوڕەکانی ١٣٤
٢. ١. ١. ٨. وەسیەتنامەکەی ١٣٦
٢. ١. ١. ٩. ئەوی لەسەری نووسراوە ١٣٩

٢. ١. ١. ٩. ١. ئەو کتێبانەی وا لەسەری نووسراون ١٣٩

٢. ١. ١. ٩. ٢. هەندێك لەو سەرچاوانەی کە زانیارییان لەبارەوە داوە ١٤١

٢. ١. ٢. بەدری مەلاتیەیی ١٤٣

٢. ١. ٣. ئەحمەد جەمیل (ئاسنا) ١٤٦

٢. ١. ٤. بابان زادە ئیسماعیل حەق ١٥٠

**٣. نیزامنامە (پێڕەوو پرۆگرام)ی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کورد ١٥٤**

**٤. هەڵبژاردەیەك لە بابەتەکانی نێو "ڕۆژنامەی تەعاون و تەرەقیی کورد" ١٦٤**

٤. ١. بابەتە کوردیەکان ١٦٤

٤. ٢. بابەتە تورکیەکان ١٨٠

سەرچاوەکان ٢٥١

# پێشەکی

وەکوو زۆربەی بابەتەکانی تری مێژووی کورد، هێشتا نەتوانراوە شتێکی هەمەلایەن سەبارەت بە مێژووی ڕێکخراوە کوردیەکانیش بنووسرێ. ئەو بەرهەمانە کە لەبارەی ئەم بابەتەوە نووسراون، زیاتر پشتیان تێدایە بە سەرچاوەی تر یاخود سەرچاوەی دووەمو سێیەم بەستراوەو زانیاریەکان خراونەتە بەردەم خوێنەر. لەگەڵ ئەمەشدا، هەر لەم ڕووەوە ڕۆژانە سەرچاوەو بەڵگەی جۆراوجۆر دوابەدوای یەك ئاشکرا دەکرێن. بێگومان نووسینی مێژوویەکی ڕاستەقینە پێویستیی بەم جۆرە بەڵگەو سەرچاوانە هەیە.

جەمعییەتی تەعاونو تەرەقیی کورد، وەك یەکەم ڕێکخراوی یاسایی کوردی، لەنێو هەموو ڕێکخراوە کوردیەکاندا، جێگەیەکی تایبەتی هەیە. هەرچەندە زانیاریەکانمان سەبارەت بەم ڕێکخراوە زیاتر دەبن، ناسینی ڕێکخراوە کوردیەکانی تری سەرەتای سەدەی بیستەممان بۆ ئاسانتر دەبێ.

یەکێکی‌تر لە تایبەتمەندیەکانی جەمعییەتی تەعاونو تەرەقیی کورد، ئەوەیە کە خاوەنی ئۆرگانێکی ڕاگەیاندن بووە، بەناوی"ڕۆژنامەی کۆمەڵەی تەعاونو تەرەقیی کورد" (کرد تەعاونو تەرەقی غزتەسی)یەوە، کە بەگشتی نۆ ژمارەی لێ دەرچووە. پێم وابوو ئەم ئۆرگانی ڕاگەیاندنە بۆ ناسینی زیاتری ئەم ڕێکخراوە یارمەتیدەرم دەبێ، هەر لەبەر ئەوە ماوەیەکی زۆر لە هەوڵو کۆششدا بووم بۆ بەدەستهێنانی ئەو ڕۆژنامەیە. هەر

لێرەشەوە، ڕێزو سوپاسی خۆم پێشکەشی ئیسماعیل بێشکچیو نوورەدین ئەلحوسەینی دەکەم، کە دوو ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیەیان بۆ ناردووم.

لە نووسینی ئەم دێڕانەی بەردەستتاندا سەبارەت بە کۆمەڵەی تەعاونو تەرەقیی کورد، سوودێکی زۆرم لە "ڕۆژنامەی کۆمەڵەی تەعاونو تەرەقیی کورد"وەرگرتووە. بێگومان ئەگەر ژمارەکانی تری ئەم ڕۆژنامەیە بخرێنە بەر توێژینەوە، مرۆڤ دەتوانێ زانیاریی زیاتر لەبارەی ئەم ڕێکخراوەوە بەدەست بهێنێ.

پێشتر دەرفەتم هەبوو کارم لەسەر ئەم بابەتە دەکرد، بەڵام کاتێ زانکۆی paris III socbonne nouvelle و (ئەنیستیتووی نەتەوەییی زمانو شارستانیەکانی ڕۆژهەڵات inalco) و زانکۆی utrecht و ئەنیستیتووی کورد لە پاریس بۆساڵی ١٩٩٦ داوەتیان کردم بۆ کۆنفراسێك سەبارەت بە (کوردەکانو شار) لە سیڤەرو داوای بابەتێکیان لێکردم، ئەوسا لە کارەکانی خۆمدا خێراتر بوومو شێوەی دواییم پێداو هەر ئەمەم لەوێدا پێشکەش کرد. لەبەر ئەوەی لەوێ قسەی بەشداران بەپێی کاتی دیاریکراو بوو، منیش ناوەڕۆکی ئەم کتێبەی بەردەستتانم بە زمانی فەرەنسی پێشکەش کرد. ئەمساڵ بەبۆنەی سەدەمین ساڵوەگەڕی دەرچوونی ڕۆژنامەی"کوردستان"ەوە کە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بووە، بڕیارم دا ئەم کارەو ڕۆژنامەی جەمعییەتی تەعاونو تەرەقیی کورد لە پیتی عەرەبییەوە بخەمە سەر پیتی لاتینی.

هیوادارم بەسوود بێ.

١٠ی شوباتی ١٩٩٨

مالمیسانژ "Malmisanij"

www.zheen.org

## ١. جەمعییەتی* تەعاون و تەرەقی‌ی کورد

ئەگەر ڕێکخراوی (جەمعییەتی عەزمی قەوی‌ی کورد) حیساب نەکرێ کە زنار سلۆپی باسی کردووەو، زانیارییەکی زۆریش لەسەر ئەوە لەبەردەستدا نییە، جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی‌ی کورد یەکەم ڕێکخراوی کوردییە. لە یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیدا کە ئۆرگانی ڕاگەیاندنی ڕێکخراوەکە بووە، بانگەوازێك بۆ ڕۆشنبیرو قەڵەمبەدەستانی کورد بەرچاو دەکەوێ، لەوێدا لقەکانی ئەم ڕێکخراوە لە شوێنە جیاوازەکاندا، بە یەکەم شوێنی گەشەکردنی زانست و کەلتووری کوردی لەقەڵەم دەدات. هەندێك سەرچاوەی تریش ئەمە پشتڕاست دەکەنەوە کە جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی‌ی کورد (یەکەم ڕێکخراوی ولاتپارێزی کورد)، یا (یەکەم کۆمەڵەی سیاسی‌ی کورد)،یان (یەکەم ڕێکخراوی کوردی) بووە[1]. لەڕاستیشدا، ئەم کۆمەڵەیە یەکەم ڕێکخراوی هاوچەرخی کوردی بووە کە لە کوردستاندا لقی جیاوازی کردوەتەوەو، یەکەم هەنگاوەکانی تێکۆشانی سیاسی‌ی دیموکراتی‌ی کوردەکان لەڕێگەی ئەم ڕێکخراوەوە دەستی پێ کراوە. شایانی باسە، ئەم ڕێکخراوە، لە هەندێك بابەتدا، بووە بە نموونەیەك بۆ

---

* پێویست بینرا ناوی "جەمعییەت" کە هاوتای "کۆمەڵە" یا "حیزب"ی سیاسی‌ی ئێستایە، لەبەر ئەمانەتی مێژوویی و زانستی، وەك چۆن کاتی خۆی بێژراوە ئاوا بهێڵرێتەوە. (سدیق ساڵح)

[1] Messoud Fany ,La nation Kurde et son evolution sociale, Labrair L. Rodstein, Paris,1933, p.141.

(1)- Sureya Bedr Khan, The Case of Kurdistan Against Turkey, by authority of Hoyboon Supreme Council of The Kurdish Government, Philadelphia, 1928.

ئـەو ڕێکخراوانـەی کـە دواتـر لـە کوردسـتاندا دامـەزراون. هەرچـەندە تەمـــەنی ئـــەم ڕێکخـــراوە کـــورت و، ئاســـتی ڕێکخـــستنەکانی لـــەنێو جـەماوەردا کـەم بـووە، بـەڵام کاریگـەریی خـۆی لەسـەر جووڵانـەوەی نەتەوەیی کورد داناوە. لەلایەکی تریشەوە، هەندێك لە پێشەنگەکانی نەتــەوەخوازیی کــوردی، یەکــەم ئــەزموونی ڕێکخــستنی خۆیــان لــەم ڕێکخراوەوە دەست پێکردووە.

نـاوی ئـەم ڕێکخـراوە، لـە سەرچـاوە جۆراوجۆرەکانـدا، بەشـێوەیەکی هەڵـە بـەم جۆرانـەی خـوارەوە هـاتووە[2]: "جەمعییـەتی تـەعالی و تـەرەقیی کوردستان"، "جەمعییەتی تەرەقی و تەعالیی کورد"، "جەمعییەتی تەرەقی و تـەعالیی کـورد"، "جەمعییـەتی تـەرەقی و تـەعاونی کـورد"، "جەمعییـەتی تەعالیی کوردستان" و "جەمعییەتی تەعالیی کورد"[3]. جێی وتنـە، هـەر ئـەم کۆمەڵەیـە بـە ناوەکـانی "کلـووبی کـورد"، "کلـووبی تـەعاونی کـورد" یـاخود "کلووبی ئیتیحادو تەعاونی کورد"یشەوە دەناسرێ. بۆ نموونە، مەولانزادە ڕفعــەت لــە کتێبێکــی خۆیــدا کــە ســاڵی ١٣٢٨ (١٩١٢-١٩١٣) بــڵاوی کردوەتـەوە، ئـەم دێڕانـەی سـەبارەت بـەم ڕێکخـراوە نووسـیوە: ((لەگـەڵ حـــەزرەتی ســـەید عەبـــدولقادر ئەفەنـــدی کـــوڕی خوالێخۆشـــبوو شـــێخ عوبەیدوڵڵاشدا، کە ئەوکاتە سەرۆکی کلووبی کورد بوو، هەندێك وتووێژمان

[2] ڕۆژنامەی "وقت"، ئەستەنبووڵ، ١٠ی حوزەیرانی ١٩٢٥، ل١٩.

[3] د. بلەچ شێرکۆ– القضية الكردية (ماضي الكردو حاضرهم)، القاهرة، ١٩٣٠، ل٥١.

– عەبدولعەزیز یامولکی، کوردستان و کورد اختلاللری، تهران، ١٩٤٦، ل٥٥.

– زنار سلۆپی، دۆزا کوردستان، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ستەور، ١٩٦٩، ل٢٣.

کـــرد. لـــه کۆتاییـــدا ئـــەرکی بـــەڕێوەبردنی ڕۆژنامـــەی "حوقـــووقی عوموومییە"شمان وەرگرت)) [٤].

جێگـــای خۆیـــەتی بـــۆ بەبیرهێنانـــەوەی ئـــەو هەلومەرجـــەی وا کۆمەڵـەی تێدا دروست بووە، بە کورتی ئامـاژە بـە هەنـدێك ڕووداوی مێژوویی ئەو ڕۆژانە بکەین:

ئیمپڕاتـۆری عوسمـانی، لـە سـەرەتای ئـەم سـەدەیەماندا لـەژێر دەسـەڵاتی بەڕێوەبـەرێتی چەوسێنەری سوڵتان عەبدولحەمیددا بوو. ئـــەم بەڕێوەبەرێتیـــە تەنانـــەت ناوەنـــدگرترین ئۆپۆزیسیۆنیـــشی دەرنەدەبرد. دەستگیرکردنی بەرهەڵستان و ئەشکەنجەو زینـدانکردنیان لەو ڕۆژانەدا، چەند شتێکی ئاسایی بوون. لە ژیانی خەڵکیشدا، هیچ جۆرە ڕوولەچاکیکردنێك بەدی نەدەکرا.

تێکۆشـانی هەنـدێك نەتـەوەو کەمـە نەتـەوەی نێـو سـنووری ئیمپڕاتـۆریی عوسمـانی بـۆ بەدەسـتهێنانی سـەربەخۆیی یـاخود مافـە نەتەوەییەکانیان، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا دەستی پـێکردبوو و، لـــە هەنـــدێك شوێنیـــشدا بـــەردەوام بـــوو. بەتایبـــەت دەرکـــەوتنی جووڵانەوی نەتەوەیی لەنێو باڵکانەکان و ئەرمەنەکاندا، هەم کاری کردە سەر پێشکەوتنی نەتـەوخوازیی تورکی، هـەم وەك فاکتـەرێکیش ڕۆڵـی هەبوە بۆ دەرکـەوتنی یەکەم نیشانەکانی هۆشیاریی نەتـەوەیی لـەنێو کوردەکانـدا (هەرچـەندە بـەگوێرەی ئـەوانی تـر درەنگـتر دەرکـەوت). بێگومـــان ئـــەوەش دەزانـــرێ کـــە نـــەوەکانی بنەماڵـــەکانی وەکـــوو

---

[٤] مولان زاده رفعت، (حق وطن یاخود طریق مجادلەده حقیقت قتمەدلمن)، سربستی مطبعەسی، ١٣٢٩، ص٧.

"عوبەیدوڵلازادەکان"، "بەدرخانزادەکان"و "بابانزادەکان" کە هەریەکەیان بنەماڵەیەکی سەرهەڵداوی کورد بوو، لەگەڵ ئەو گەنجە کوردانەی وا لە ئەستەنبوول خوێندبوویان و ڕۆشنبیره بە ڕەچەڵەك کوردەکان، ڕۆڵی بەرچاویان لە پێشکەوتنی هۆشیاریی نەتەوەیی کورددا هەبوە. ئەو کەسانەی وا باسیان لێوە کرا، هەتا قۆناغی مەشرووتەی دووەم، یا لە دەوری جەمعییەتی ئیتحادو تەرەقی، یاخود لەنێو ئەو ڕێکخراوەدا دژ بە بەڕێوەبەرێتیەکەی سوڵتان عەبدولحەمید تێدەکۆشان.

شایانی وتنە، زۆریشیان هەر لەبەر ئەم هۆیە زیندانی کران، یاخود دوورخرانەوە. با ئەوەش وەبیر بهێنینەوە کە دوو کەس لە دامەزرێنەکانی ڕێکخراوی ئیتحادی عوسمانی، کە دواتر بوو بە بنەمای دروستبوونی جەمعییەتی ئیتحادو تەرەقی، دکتۆر عەبدوڵلا جەودەت و دکتۆر ئیسحاق سکووتی، کوردن.

لەگەڵ ئەوەی کە سەرەتای سەدەی بیستەم بۆچوونی نەتەوەخوازی لەنێو کوردەکاندا کزو بێبرەو بووە، پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێ کە ڕۆشنبیرە کوردەکانی ناو جەمعییەتی ئیتحادو تەرەقی زیاتر پشتیوانییان لە بۆچوونی (لامەرکەزی) دەکرد.

نموونەیەکی تری جێگەی سەرنج لێرەدا، سوپای حەمیدییەیە کە دەوڵەت لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا لە کوردستان دروستی کردبوو. ئەم سوپایە لە هێزی خۆجێیی خێڵە کوردەکان پێك هاتبوو. لەلایەکی تریشەوە، هەر لەو ساڵانەدا (قوتابخانەی خێڵەکان) (عشائر مکتبلری) دامەزراو، منداڵی ئاغاو سەرۆك خێڵەکانی کوردستان لەوێ پەروەردە کران.

بەر لەوەی بچمە سەر باسی چۆنیەتی دامەزراندنی جەمعییەتی تەعاونو تەرەقی‌ی کورد، دەمەوێ باسی ئەو کۆمەڵەیەش بکەم کە ناوەکەی وەبیرهێنەوەی ئەم کۆمەڵەیەیەو هەر لەوساڵەدا باسی لێوە کراوە:

## ئـ- کلووبی تەعاونو تەرەقی‌ی کورد–عوسمانی

بەگوێرەی م. شوکری هانی‌ئۆغڵوو، ڕۆژنامەی "ئیتتفاق" کە لە ئەستەنبووڵ دەرچووە، لە ژمارەی ڕۆژی ١١ی شەعبانی ١٣٢٦ (٦ی ئەیلوولی ١٩٠٨)دا بابەتێکی هەبوە، سەردێڕەکەی بەم جۆرە بووە: "کلووبی تەعاونو تەرەقی‌ی کورد–عوسمانی"[٥].

هیچ زانیارییەکمان لەسەر ئەوە نییە کە ئایا ئەم کلووبەی وا لە خوارەوە باسی لێ دەکەین، هەمان لقی دیاربەکری جەمعییەتی تەعاونو تەرەقی‌ی کورد، یاخود ڕێکخراوێکی سەربەخۆ بووە. بەڵام ئەوە دەزانین کە تەعاونو تەرەقی‌ی کورد ١٩ی ئەیلوولی ١٩٠٨ دامەزراو، ناوەندەکەشی لە ئەستەنبوڵ بوو.

www.zheen.org

## ب- جەمعییەتی ئیتحادو تەرەقی‌ی کوردی عوسمانی
## (دیاربەکر "ئامەد"، ١٩٠٨)

ناوی جەمعییەتی ئیتحادو تەرەقی‌ی کوردی عوسمانی، ساڵی ١٩٠٨ دامێنی تەلگرافێکدا بینراوە کە ناڕەزایی‌ی تێدا دەربڕدراوە دژی

---

[5] م. شوکری هانی‌ئوغڵوو، سەردەمی دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت وەك بیرمەندێکی سیاسی، وەشانخانەی ئۆچداڵ، ئەستەنبووڵ، ١٩٨١، ل٣١٥.

((کشانەوە لـە دیاربـەکرو هەوڵـدانی لکانـدنی گریـت بـە یۆنـان))ـەوە. جێی باسە، هەر لەوێدا دامەزرانی ئەم ڕێکخراوەیەش ڕاگەیاندرا بوو[6].

وەهـا دێتـە بەرچـاو کـە ئەمـە هـەمان لقـی جەمعییـەتی تـەعاون‌و تەرەقی‌ی کورد بێ لە شاری ئامەد، چونکە بۆ نموونە– لە تەلگرافێکی حوسەین ئاغای سەرۆك خێڵی هەموو حەیدەرانیەکان‌و بەرپرسی لیوای حەمیدییـەدا، کـە بـە "کـوێر حوسـەین پاشـا" ناسـراو بـوو، لـەباتی جەمعییەتی تەعاون‌و تەرەقی‌ی کورد، کلووبی ئیتحادو تەعاونی کورد بـەکار بـراوەو، هـەمان شـتیش لـە هەشـتەمین ژمـارەی "ڕۆژنامـەی جەمعییەتی تەعاون‌و تەرەقی‌ی کورد"دا بڵاوکراوەتەوە.

لـە هـەمان کاتـدا، هەنـدێك کۆمەڵـەی هاوکـاری‌ی کۆمەڵایـەتی‌و خێرخـوازی دامـەزراون. بـۆ نموونـە، سـاڵی ١٩٠٩ لـە شـاری ئامـەد (جەمعییـەتی فوقەراپـەروەر) دامـەزراوە، بـەڵام بەداخـەوە زانیـاری‌ی پێویستمان لەبارەی ئەم ڕێکخراوەوە لەبەردەستدا نییە. عەلی بیرنجی، لەکاتێکـدا باسـی کۆمەڵـە خێرخوازەکـانی قۆنـاغی دوای ڕاگەیانـدنی مەشـــرووتییەتی کـــردووە، ئـــەم کۆمەڵەیـــەی وەکـــوو نموونەیـــەك هێناوەتـەوە. بـەگوێرەی ئـەو زانیارییـەی کـە نـاوبراو خـستوویەتیە دەستمان، ڕۆژنامەی"ئیقدام" لە ژمارە (٥٣٣٦)ی ٢١ی مارتی ١٩٠٩ی خۆیدا، باسی ئەم کۆمەڵەیەی کردووە[7].

[6] تارق زەفەر تونایا، پارتە سیاسیەکانی تورکیا، بەرگی یەکەم، بڵاوکراوەکانی وەقفی حوڕڕییەت، ئەستەنبوڵ، ١٩٨٤، ل٤٠٤.

[7] عەلی بیرنجی، (فیرقەی حوڕڕییەت‌و ئیئتیلاف)، ئەوانەی وا لە قۆناغی مەشرووتییەتی دووەمدا دژایەتی‌ی ئیتیحادو تەرەقی‌یان دەکرد، بڵاوکراوەکانی دەرگا، ئەستەنبووڵ، ١٩٩٠، ل٢٥.

لەکاتی دەسەڵاتداریی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا، باجی زۆرو زیادبوونی هەژاریو مامەڵەی ناشایستەی سەربازو فەرمانبەرانی دەوڵەت لەگەڵ جەماوەردا، بە شێوەیەکی گشتی خەڵکیان بێزار کردبوو. هەر لەبەر ئەمەش، جاروبار ئەم تووڕەییەی خەڵك، هەرچەندە ژمارەشیان کەم بووە، دەبوە هۆی ڕاپەڕینو سەرهەڵدان. بەڵام ساڵی ١٩٠٨ هەندێك ڕێکخراو لە کوردستان هەبوو، کارو چالاکیی سیاسییان لە دژی دەسەڵاتو بەڕێوەبەرێتیی ملهوڕانەی سوڵتان عەبدولحەمید ئەنجام دەدا. بۆ نموونە، دەزانرێ ساڵی ١٩٠٧-١٩٠٦ ڕێکخراوێك بەناوی کۆمیتەی گیانبەختکەر (جان ورن کومیتەسی)ەوە لە شاری ئەرزڕۆم هەبوە، هەر لەو ساڵانە چەندین خۆپیشاندانی جەماوەری، بەیارمەتیی ئەم ڕێکخراوە لە ئەرزڕۆم سازدراوە. خەڵکی خوازیاری لابردنی باجو گومرگ ڕاپەڕینو، مانگی مارتی ١٩٠٧ بە ژمارەیەکی ٢٠ هەزار کەسییەوە هێرشیان کردە سەر سەربازگەو پۆستەخانەکەو، لەگەڵ هێزەکانی ئاسایشدا کەوتنە شەڕو پێکدادان. کۆمیتەی گیانبەختکەریش، لەم کاتانەدا بڵاوکراوەیەکی پەخش کردەوە، داوای کۆبونەوەی پارلەمانی خەڵكو جێبەجێکردنی یاسای بەپێی دەستوور تێدا کردووە. دوای ئەم ڕاپەڕینە گەورەیە، باجو گومرگەکان لابران، بەڵام بە تێپەڕبوونی ماوەیەك ژمارەیەکی زۆری جەماوەری ئەو شارەو دەوروبەری دەستگیر کران[8].

یەکێکی تر لەو ڕێکخراوانەی کە ساڵی ١٩٠٧ لە شاری ئەرزڕۆم چالاکیی نواندووە، لقی ئەرزڕۆمی "جەمعییەتی تەشەبوثی شەخصیو

---

[8] هـ.زەفەر قارس، ئەنادۆڵی بەر لە شۆڕشی ١٩٠٨ بە بەڵگەوە، بڵاوکراوەکانی قاپناك، ئەنقەرە، ١٩٨٤، ل٢٤-٤١.

عــەدەمی مەرکەزییەتــچی" (کۆمەڵــەی دەستپێــشخەریی تاکەکەســی و نامەرکەزی) بووە کە لەلایەن شازادە سەباحەدین و لایەنگرانیەوە دامەزرابوو. دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت کە ئەندامی ئەم ڕێکخراوە بووە، لە بەیاننامەکانی خۆیدا، داوای سەرهەڵدانی لە خەڵك کردووە[9].

ساڵی ١٩٠٧ لە شاری وان و بتلیسیش سەرهەڵدان ڕووی دا. لە بتلیس خەڵك کۆمیسەری پۆلیسی ئەوێیان کوشت و پارێزگار بریندا کراو، دواتر لە تەلگرافێکدا بۆ کۆشك داوای لەسەرکارلابردنی کرا[10]. ساڵی ١٩٠٥یش لە دێرسیم و بتلیس و دەوروبەری چەند ڕاپەڕینێك ڕوویان دا[11]. ساڵی ١٩٠٦ سەرهەڵدانێکی گەورە بە سەرۆکایەتیی بشاری چەتۆی سەرۆك عەشیرەتی پەنجیار قەوما[12].

هەروها هەمان ساڵی ١٩٠٦ ڕوزوان "رضوان" پاشای سەرۆکی شارەوانیی ئەستەنبووڵ، بەدەستی هەندێك کەسی سەر بە بنەماڵەی بەدرخانیەکان کوژرا. هەر لەوکاتەشەوە، بەدرخانیەکان کە لە ئەستەنبووڵ زۆر بەهێز بوون، لەگەڵ زیاتر لە سەد کەسدا کە گومانی نزیکایەتییان لەگەڵ ئەو بنەماڵەیەدا لێ دەکرا، بە ژن و منداڵەوە، دوورخرانەوە بۆ سنوورە دوورەدەستەکانی ئیمپڕاتۆریی عوسمانی[13].

---

[9] هەمان سەرچاوە.

[10] هەمان سەرچاوە، ل٢٢-٢١.

[11] م. س. لازاریڤ. جووڵانەوەی کورد لە سەردەمی نوێ و نزیکدا، بڵاوکراوەکانی ژینانو، ١٩٩١، ل٦٦.

[12] هەمان سەرچاوە، ل٦٦.

[13] مالمیسانژ، عەبدوڕڕەحمان بەدرخان و کوردستان (یەکەم ڕۆژنامەی کوردی)، ژ١٧و١٨، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٢، ل١٩-٨٧،٢٢-١٠١.

ساڵی ١٩٠٧ دەستەیەك کە کەسانی بەناوبانگو پیاوماقووڵی وەك زیاگوگ ئالپو موفتی سوپاهی ئەفەندیشی تێدا بووە، سەبارەت بە دوورخستنەوەی ئیبراهیم پاشای مللی‌ی فەرماندەی سوپای حەمیدییە لە هەرێمەکە، کۆبونەتەوە. هەر دوای ئەوەش،جەماوەرێکی زۆر بۆ ماوەی یانزە ڕۆژ دەستیان بەسەر تەلگرافخانەدا گرتووە. ئەو موفتی سوپاهی ئەفەندییەی کە لێرەدا باسی کراوە، دواتر بووە بە سەرۆکی لقی ئامەدی جەمعییەتی تەعاونو تەرەقی‌ی کورد[١٤].

بەهاری ساڵی ١٩٠٨ لە دێرسیم خەڵك بۆ جارێکی تر دەستی بەسەرهەڵدان کردەوە. بەپێی نووسراوەکانی بەرپرسانی ئەو سەردەمە کە مارتی ١٩٠٨ نووسیویانە، خەڵکی شارۆچکەکانی هۆزات، مازگرت، قزلکلیسە (نازمییە) ڕازی نەبوون هەر جۆرە باجو گومرگێك بدەن بە دەوڵەت. شایانی باسە، ئەو باجەی کە دەبوو لەو ماوەیەدا بدرێ، لە بڕی نۆ ملێۆن قورووش زیاتر بووە[١٥].

قۆناغی بەر لە ڕاگەیاندنی مەشرووتەی دووەم، جەمعییەتی تەعاونو تەرەقی‌ی کورد بە شێوەیەکی گشتی لە شارەکانی تری کوردستاندا لقی هەبوەو، لەوەش جوداتر هەندێك لەو کەسانەی کە لە شوێنی دانیشتنیان دورخرابوونەوە، هەوڵی ڕێکخستنکردنی جەماوەرییان دەداو کۆششیان دەکرد. بۆ نموونە، ساڵی ١٩٠٢ لە مەعمورەتول عەزیز (ئەلازیغ) گرووپێکی وەها دروست بووبوون. لە

---

14 شەوکەت بەیسان ئۆغڵوو، دیاربەکر بە هەموو جەبهەکانیەوە، ئەستەنبووڵ، ١٩٦٣، ل١٥٩-١٦٠.

15 دێرسیم، وەکالەتی وەزارەتی ناوخۆی کۆماری تورکیاو فەرماندەیی‌ی گشتی‌ی جەندرمە، ئەنقەرە، ١٩٣٤، ل١٤٥.

ئەرزرۆمیش هەر لە ساڵی (١٨٩٧)ـەوە لقێك كرابوەوە[16] . هەروەها لقی ئامـەدی جەمعییـەتی ئیتحـادو تـەرەقیی كـە لەلایـەن زیـاگوك ئالـپو هاوڕێكانیەوە دامەزرابوو، بەدەستی دكتۆر عەبدوڵڵا جەودەت دامەزرا، كە خۆی ماوەیەك كاری پزیشكیی كردووە. جێی وتنە، دواتر كارو چالاكیەكانی ئەم ڕێكخراوە ئاشكرا بووەو سزای جۆراوجۆر بەسەر ئەندامو لایەنگرانیدا سەپێندراوە.

یەكێكی تر لە گرنگترین پێشەكەوتنەكانی ئەو سەردەمە بۆ كورد، زیادبوونی چاپو پەخشی كتێبو ڕۆژنامەی كوردی بووە لە ساڵی ١٨٩٠دا. شایستەی وەبیرهێنانەوەیە كە ئەم ئاستە لە هی جاران بەرزتر بووە، ئەوەش گۆڕانێكی گرنگ بووە، لەپاش دیوانەكەی "مەولاناخالید"ـەوە كە پێشتر پەخش كرابوو؛ هەروەها دوای بڵاوبوونەوەی چەند (ئینجیل)ێك بە كوردیو (ئەلفوبێ)یەكی كوردی بە پیتی ئەرمەنی، ئەمانە بە یەكەمین بەرهەمە كوردیەكان لەقەڵەم دەدرێن.

دەتوانرێ كتێبی وەكوو (الهدیة الحمیدیة في اللغة الكردیة)ی یووسف زیائەدین (١٨٩٤-١٨٩٥)و مەولوودی ئەحمەدی خانی (١٨٩٩)و مەولوودی ئەحمەدی باتێ (١٩٠٦)و "ئەلفبا"ی كرمانجیی خەلیل خەیاڵی (١٩٠٩)و سەرفو نەحو بە كوردی[17]، بە نموونە باس بكرێن.

لەوانەش زیاتر، بەدرخانزادەكان لە میسرو ئەورووپا دوو ڕۆژنامەی "كوردستان" (١٨٩٨-١٩٠٢)و "ئومێد" (١٩٠٠)یان دەركردووە. ساڵی

[16] م. شوكری هانیئوغڵوو، ژۆن توركەكانو جەمعییەتی ئیتیحادو تەرەقیی عوسمانی وەك ڕێكخراوێكی سیاسی (١٨٨٩-١٩٠٢)، بڵاوكراوەكانی ئیلەتیشیم، ئەستەنبوڵ، ل١٩٤-١٩٥.

[17] لەپشت بەرگی دووەم چاپی (اكی مكتب مصیبت و دیوان حرب عرفی)ی "سەعید كوردی"دا كە ١٣٢٨ لەچاپ دراوە، نووسراوە: لە كتێبخانەی "اجتهاد"و "كەرەم زادە" لە بایەزیدو لە دووكانی كتێبفرۆشیی زیا ئەفەندیش دەست دەكەوێ.

١٩٠٨ لە ئەستەنبووڵیش ڕۆژنامەیەك بەناوی "شەرق‌و کوردستان"ـەوە دەرکراوە. هەروەها دوای ڕاگەیاندنی مەشرووتەی دووەم، سورەییا بەدرخان[١٨] لە ئەستەنبووڵ ڕۆژنامەیەکی بەناوی "کوردستان"ـەوە دەرکردووە.

## ١. ١. دامەزراندنی جەمعییەتی تەعاون‌و تەرەقیی کورد:

ساڵی ١٩٠٨ کاتێك مەشرووتییەت ڕاگەیاندرا، هەندێك لەو ڕۆشنبیرە کوردانەی وا دوور خرابوونەوە، گەڕانەوە بۆ ئەستەنبووڵ. ئەمانە بە شێوەیەکی ئاشکرا پشتیوانییان لە مەشرووتییەت کردووەو خۆیان کردووە بە خاوەنی. هەر لەم کاتانەشدا، جەمعییەتی تەعاون‌و تەرەقیی کورد لەلایەن دەستەیەك لەو ڕۆشنبیرە کوردانەوە دامەزرا کە پشتیوانیان لە مەشرووتییەت دەکرد. دوای مەشرووتییەت بۆ جاری یەکەم کۆمەڵە یاخود کلووبەکانی کوردو ئەلبانی دامەزران[١٩].

سەرۆکی ئەم کۆمەڵەیە، سەید عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بووە. ساڵی ١٨٨٠ کاتێ شێخ عوبەیدوڵڵا لە دژی دەسەڵاتی ئێران ڕاپەڕی، سەید عەبدولقادر یەکێکی ئەو کەسانە بووە کە خۆبەخۆ سەرهەڵدانەکەی بەڕێوە بردووە. هەر لەبەر ئەمەش لەگەڵ باوکیدا دوورخراوەتەوە، بەڵام دواتر لە ئەستەنبووڵ نیشتەجێ بووەو لە ڕیزی بەرهەڵستانی بەڕێوەرێتیی سوڵتان عەبدولحەمیددا جێگەی

---

[18] بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە سورەییا بەدرخان، بڕوانە: مالمیسانژ، بەدرخانیەکانی جزیرەو بۆتان‌و دەستنووسەکانی کۆمەڵەی بنەماڵەی بەدرخان، Apec. Tryck ve Forlag, Stockholm, 1994, p 92-106.

[19] تارق زەفەر تونایا، هەمان سەرچاوە، ل٥٣٩.

خـۆی گرتـووە. دواتـر لـە لاپـەڕەکانی تـردا دەخوێنینـەوە کـە سـەید عەبدولقادر بووە بە سەرۆکی جەمعییەتی تەعالی کوردستان)یش. ناوبراو، ماوەیەك بووە بە ئەندامی شوورای دەوڵەتو، ماوەیەکیش ئەندامی مەجلیسی ئەعیان. بەڵام لە ئەنجامدا ساڵی ١٩٢٥و کاتی ڕاپەڕینەکەی کوردان لە شاری ئامەد ئیعدام کرا.

سەید عەبدولقادر لە قۆناغە سەرەتاییەکانی دامەزراندنو ڕێکخستنی جەمعییەتی ئیتحادو تەرەقیشدا، جێی خۆی لەو ڕێکخراوەدا کردوەتەوە. ساڵی ١٨٩٦ لقی ئەستەنبووڵی جەمعییەتی ئیتحادو تەرەقی ئامادەکاریی کرد، بۆ کودەتایەك لە دژی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم. بەو بۆنەیەشەوە، لەبەر ئەوەی دەوڵەت لە سەید عەبدولقادر دەترساو کاتێك دەچوە ناو کۆشك ڕێزی زۆری لێ دەگیرا، داوایان لێ کرد لقی فیدائییان دابمەزرێنێ[٢٠]. دواتر کاتێ پیلانەکە ئاشکرا بوو، دەستگیر کرا[٢١]، لەگەڵ هەموو خزمو کەسوکارەکانیدا دوورخرایەوە بۆ شاری مەدینە. ناوبراو ساڵی ١٩٠٨ گەڕایەوە بۆ ئەستەنبووڵ. لەکاتی گەڕانەوەیدا، لەبەر ئەوەی دژی دەسەڵاتی ملهوڕانەی عەبدولحەمید تێکۆشابوو، خاوەنی ڕێزو شکۆدارییەکی گەورە بوو. لەوەش زیاتر، لەبەر ئەوەی کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵاو کاتی ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٨٨٠، وەك کەسێکی دەستەڕاستی باوکی خەباتی

---

[20] م. شوکری هانیئوغڵوو، ژۆن تورکەکانو کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی عوسمانی وەك ڕێکخراوێکی سیاسی (١٨٨٩-١٩٠٢)، ل٢١٦.

[21] سینا ئاکشین، ژۆن تورکەکانو ئیتیحادو تەرەقی، بڵاوکردنەوەی کتێبی ڕەمزی، ئەستەنبووڵ، ١٩٨٧، ل٢٩.

کردووه، قورساییەکی تایبەتی لەنێو کوردەکاندا هەبوە. بۆ نموونە، مانگی ڕەمەزانی ساڵی ١٩٠٨، کوردەکان بە بۆنەی جەژنەوە خۆپیشاندانێکی گەورەیان لەبەردەم ماڵەکەیدا، لە ئەستەنبووڵ، ساز کرد. خۆپیشاندەران دواتر بە شاردا گەڕان، دروشمی پشتیوانیکردنیان لە مەشرووتییەت گوتەوە[٢٢]. ئەو ساڵانە بە دەیان هەزار حەماڵ و کرێکار لە ئەستەنبووڵ دەژیان[٢٣].

قاسم بەگی جبرانی (جبری) کە ساڵی١٩٢٥، لەبەر ئەوەی خیانەتی لە کوردەکان کردبوو، خەڵاتی پێبەخشراو سەربەست کرا، وەها لەبارەی سەید عەبدولقادرەوە دوواوە: ((خۆی لەبنەڕەتدا سەید عەبدولقادر کە لە ئەستەنبووڵ دادەنیشت، ناکۆکیی هەبوو لە گەڵ عەبدوڕڕەزاق بەگی بەردخاندا" ئەمانە لە ساڵانێکی درێژدا نەیانتوانیبوو میرنشینی کوردستان لەنێو خۆیاندا بەش بکەن. هەردوکیشیان لە دژی یەکتر پڕوپاگەندەیان دەکرد. عەبدوڕڕەزاق، بۆ ئەوەی بتوانێ پەرە بەم بیری کوردایەتیەی خۆی بدا، دەربازی ڕووسیا بوو. تەنانەت لە کوردستان پێیان دەگوت عەبدولقەزاق. لە ئەنجامی کاری ئەم دوو کەسەدا لە ئەستەنبووڵ، جەمعییەتی تەعالی کوردستان دامەزرا [مەبەستی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی ی کوردستانە: مالمیسانژ]. سەید عەبدولقادر بوو بە سەرۆکی ئەم

---

[22] لە ڕۆژنامەی "ژاناماك"ـەوە؛ د. جەلیلی جەلیل، ژیانی ڕۆشنبیری و سیاسی ی کورد (لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەمدا)، وەرگێڕانی عەلی شێر، بڵاوکردنەوەی ژینانو، ئۆپسالا، ١٩٨٥، ل٧٣.

[23] سەبارەت بە حەماڵەکانی ئەستەنبووڵ، بڕوانە: مالمیسانژ، پێگەی کەمال فەوزی بتلیسی لەنێو ڕێکخراوە کوردیەکاندا، بڵاوکراوەکانی "فرات"، ئەستەنبووڵ، ١٩٩٣، ل٤٢-٤٣، ١٤٢.

کۆمەڵەیە. پێم وایە لقی تریان لە دەوروبەرو شارەکانی تریشدا کردەوە. لە ساڵەکانی یەکەم جەنگی جیهانیدا کارو چالاکیی ئەم ڕێکخراوە ڕاوەستانێکیان تێکەوت. بەڵام هەر بە شکستهێنانو بێهێزبوونی تورك لە ساڵەکانی یەکەمی شەڕدا، ئەمانەش کەڵکیان لەو هەلە وەرگرتو خۆیان زیندوو کردەوە)[٢٤].

بەپێی پێڕەو، ئەم ڕێکخراوە بە شێوەیەکی فەرمی لە ١٩ی ئەیلوولی ١٩٠٨ (١٣٢٤)دا دامەزراوە[٢٥]، ٢٥ی ئەیلوولی ١٩٠٨ کلووبێکی لە شاری ئەستەنبووڵ کردووەتەوە[٢٦]. کاتی کرانەوەی ئەم کلووبە، زیاتر لە ٥٠٠ ئەندامو میوان لە ساڵۆنەکەی (وەزنەجیلەر) ئامادە بوون[٢٧]. ئەمەش خۆی نیشانەی ئەو پێشوازیەیە کە لە کۆمەڵەکە کراوە. ئەمە لە یەکێك لە لێدوانەکانی ڕێوڕەسمی کردنەوەی کلووبەکەی وەزنەجیلەردا گوتراوە، ((هەموومان بۆ برایەتیو پێکەوە کارکردنی نەتەوەکانی ئیمپراتۆری، پشتیوانی لە دانانی دەستوورو پێکهاتنی مەشرووتییەت دەکەین)).

موفتی زادەش، کە لە هەندێك سەرچاوەدا ناوی بە ڕەشید بەگ[٢٨] هاتووەو لە سەرکردەکانی کوردی شاری مووش بووە، وەك نوێنەرێکی

---

[24] ڕۆژنامەی "وقت"، ئەستەنبووڵ، ١٠ی حوزەیرانی ١٩٢٥.

[25] تارق زیا تونایا، هەمان سەرچاوە، ل٩٠.

[26] د. جەلیلی جەلیل، هەمان سەرچاوە، ل٨٠.

[27] د. جەلیلی جەلیل، هەمان سەرچاوە، ل٨٠–٨١.

[28] د. بلەچ شێرکۆ، کێشەی کورد (مێژینەو ئێستای کورد)، محەمەد حەمە باقی کردوویە بە کوردی، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کوردستان، چاپی یەکەم، ١٩٨٦، ل٦٠.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەو شارە لە کۆنگرەکەدا ئامادە بووە، دوای ئەوەی لە لێدوانێکدا گوتوویە: ((لەبەر ئەو هەلومەرجەی کە پێك هاتووە، ئیدی کوردەکان داوای یەکسانی دەکەن))، باسی ئەوەشی کردووە کە پێویستە بە گیان و بە دڵ مەشرووتییەت بپارێزن و ئەوە لە ژیانی خۆیاندا بەدی بهێنن. موفتی زادە، لە لێدوانێکی تری خۆیدا، ئەرکی سەرەکی ی کۆمەڵەی بە دروستکردنی دۆستایەتی ی کورد و ئەرمەنی و بەهێزکردنی پەیوەندیەکانیان داناوە[۲۹]. ڕەشیدی موفتی‌زادە، لەبەر ئەوەی باسی مامەڵەو کرداری ناشایستەو ئەشکەنجەی کردبوو، ماوەیەکی کورت بەر لە ڕاگەیاندنی مەشرووتییەت تاوانی لێپرساوێتی ی گرووپی خراپەکاری لەلایەن بەرپرسانی دەوڵەتەوە خرابووە پاڵ[۳۰].

هەرچەند جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی ی کورد پشتی مەشرووتییەتی دەگرت و بانگی کوردەکانیشی دەکرد هاوکاری بکەن، بەڵام ئەمە مانای وانییە کە هەموو کوردەکان پشتگیری ی مەشرووتییەتیان کردووە.

بێگومان هۆی ئەمە ئەوە بوو کە بە هاتنی مەشروتییەت سیاسەتێکی مەرکەزیی توندوتۆڵ پێڕەو دەکراو، ئەمەش سنووری دەسەڵاتی باوی سەرۆك خێڵەکانی کوردی کەم دەکردەوە. هەر لەبەر ئەمەش بوو کە هەندێك فیۆداڵ و سەرخێڵی کورد بە شێوەیەکی سروشتی لە دژی مەشرووتییەت ڕاوەستان. لەوانەش زیاتر، کەسی

---

[29] د. جەلیلی جەلیل، هەمان سەرچاوە، ل٨١. لە ژمارەی سیانزەی ٢٦ی ئەیلولی ١٩٠٨ی ڕۆژنامەی "گۆرتیس"ی وەرگرتووە.

[30] م. شوکری هانی‌ئوغڵوو، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠.

وەكوو ئیبراهیم پاشای مللی كە بە ڕەزامەندیی سوڵتان عەبدولحەمید بوو بە پیاوێكی بەهێزی هەرێمەكەو سنووری دەسەڵاتی زیاد كرا بوو، لەگەڵ هەندێك سەرۆك خێڵو بەرپرسانی سوپای حەمیدییەو هەندێك پیاوی دینیدا كە كاریگەرییان لەسەر جەماوەرێكی زۆر هەبوو، دژایەتیی مەشرووتییەتیان دەكرد.

## ١. ٢. جێگەی ناوەندی جەمعییەت

بەگوێرەی پێڕەوەكەی كۆمەڵە، ((ناوەندی جەمعییەتی وەزنەجیلەرەو، ئەوەش دەزگایەكی تایبەتە)). بەپێی ئەو ڕوونكردنەوانەی كە لە یەكەمین ژمارەی ڕۆژنامەی كۆمەڵەدا هاتووە، دەردەكەوێ كە ئەو ناوەندەی وا لە وەزنەجیلەر بووە، هەمان مەركەز (ناوەند)ی گشتیی كۆمەڵەش بووە: ((بەڕێوەبەریتیی"ڕۆژنامەی جەمعییەتی تەعاونو تەرەقیی كورد" لە وەزنەجیلەرە، ئەوەش ناوەندی گشتیی جەمعییەتی تەعاونو تەرەقییە)).

وەك پێشتر ئاماژەمان پێ كرد، كلووبی وەزنەجیلەری جەمعییەتی تەعاونو تەرەقیی كورد لە ٢٥ی ئەیلوولی ١٩٠٨دا دامەزرابوو، لەلایەكی تریشەوە، زنار سلۆپی پێی وایە ناوەندی كۆمەڵە لە گەڕەكی (گەدیك پاشا) بووە[٣١].

## ١. ٣. ئامانجەكەی:

باسی ئامانجی دامەزراندنی كۆمەڵە لە یەكەم بەندی پێڕەوەكەدا بەم شێوەیەی خوارەوە كراوە:

---

[31] زنار سلۆپی، هەمان سەرچاوە، ل٢٣.

تێگەیاندنی دەستەیەك لەو كوردانەی كە ڕاستیەكان سەبارەت بە دەستوور نازانن‌و، ئاگایان لەوە نییە كە دەستوور بەگوێرەی یاسا پایەبەرزەكانی ئیسلامەو، خۆشی‌و بەختیاریی خەڵك‌و ئاسایشی نیشتمان دەستەبەر دەكات؛ پاراستنی تایبەتمەندیەكانی دەوڵەتی پایەبەرزی عوسمانی، لەگەڵ ئەوەدا كە هەوڵی جێگیركردنی سیستەمی مەشرووتییەت دەدات، هەروەها تێدەكۆشێ بۆ بەهێزكردن‌و پتەوڕاگرتنی پەیوەندیی كوردەكان بە خەلیفەو سوڵتانەوە" پێكەوە ژیانێكی باش لەگەڵ ئەرمەنی‌و نەستووریی‌و گەلەكانی تری عوسمانیداو هەوڵدان بۆ سەقامگیركردنی ئەو پێكەوە گونجانە" چارەسەركردنی ناكۆكی‌و ئاژاوەی نێوان خێڵەكان‌و، دروستكردنی میكانیزمی گونجاو بۆ پێكەوەبوونیان، بۆ ئەوەی پێشكەوتنی زیاتر بێتە ئاراوە" پێشخستنی ئاستی كەلتوورو پەروەردەو، پەرەپێدانی پیشەسازیی‌و بازرگانی‌و كشتوكاڵ، لە ئامانجە سەرەكیەكانی دامەزراندنی جەمعییەتی خێرخوازی تەعاون‌و تەرەقیی كوردە (M.D.S).

وەك دەبینرێ، لێرەدا بە مەرجی پێكهاتن‌و بەردەوامیی حكوومەتی مەشرووتەو بنەمای مەشوەرەت (ڕاوێژ) باسی بەسترانەوە بە خەلیفەو سوڵتانەوە كراوە.

لە یەكەم ژمارەی ڕۆژنامەی جەمعییەتی تەعاون‌و تەرەقیدا كە ئۆرگانی ڕاگەیاندنی بووە، بەیاننامەیەكی كۆمەڵە بڵاوكراوەتەوە. لەم بەیاننامەیەدا، باسی ئەو ئامانجانە كراوە كە كۆمەڵە لەپێناویاندا دامەزراوە، ئەمانەش بەم جۆرەی خوارەوەن:

بنكەی ژین
www.zheen.org

– وەکوو ئەوەی لە پێڕەوی ناوخۆدا باسی لێ کراوە، ئامانجی دامەزراندنی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی ی کورد، پاراستنی دەستووره کە بەڵگەی شادی و بەختیاری ی گەل و ئاسایشی نیشتمانە و بەگوێرەی یاساکانی شەریعەت داڕێژراوە.

– هەر بە سایەی ئەوەشەوە، دابینکردنی شادی و بەختیاری ی گەلی ڕەسەن و ڕەگەزپاکی کوردو پێشخستنی ئەم گەلە لەڕووی پەروەردەو کەلتوورەوە، بەپێی پێداویستەکانی ئەم سەدەیە.

– هەوڵدان بۆ بەرقەرارکردنی ژیانێکی برایانەو باش لەگەڵ هاوڵاتیەکانی تری وڵاتی عوسمانیدا، وەکوو ئەرمەنەکان.

– پاراستنی دەستووور بەرامبەر بە هەر جۆرە هێرش و پەلامارێك.

– ئەنجامدانی فیداکاری لەڕێگەی پاراستنی یەکپارچەیی ی دەوڵەتی عوسمانییەوە.

– هیچ یەکێك لە گەلەکانی نێو سنووری وڵاتی عوسمانی، جیاوازیی لەگەڵ ئەوانی تردا نەبێ.

– دانی دەسەڵاتێکی فراوان بە پارێزگاکان و، هەوڵدان بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتی عوسمانی بەگوێرەی پێداویستەکانی دنیای شارستانی. هەروەها دەبێ مەجلیسی مەبعووسان توانای ئەوەی هەبێ هەر جۆرە گۆڕانکارییەك لە دەستووردا ئەنجام بدات.

– پشتیوانیکردنی هەر جۆرە دەستپێشخەری و بیرو بۆچوونێك کە خزمەتی پێشکەوتن و گەورەبوونی دەوڵەتی عوسمانی بکات.

– لە بابەتەکانی تریشدا، پشتبەستن بەو بەندانەی کە جەمعییەتی ئیتحادو تەرەقی ی عوسمانی لە بەرنامەی سیاسی ی خۆیدا بڵاوی کردوونەتەوە. وەك

ئەوەی لێرەدا بەرچاو دەکەوێ، جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی ی کورد سەبارەت بە بابەتەکانی تر پشت بەستووە بەو بۆچوونانەی جەمعییەتی ئیتحادو تەرەقی ی عوسمانی کە لە بەرنامەی سیاسی ی خۆیدا بڵاوی کردونەتەوە. هۆی ئەمەش ئەوە بوو کە هێشتا تا ئەوکاتە کردەوەی شۆڤێنی ی تورکی ی جەمعییەتی ئیتحادو تەرەقی ئاشکرا نەبووبوو و، جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی ی کوردو جەمعییەتی ئیتحادو تەرەقی بەربەرەکانی ی یەکتریان نەدەکرد.

مامۆستا تۆفیق سولیمانیەیی، بەڕێوەبەرو خاوەن ئیمتیازو نووسەری ڕۆژنامەی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی ی کورد، لە یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەکەو بەشی سەرەتادا بەم جۆرە باسی ئامانجەکانی خۆیانی کردووە:

((ئەوکاتەی گەلی کورد بە ئارەزووی خۆی ناوی پیرۆزی عوسمانیی هەڵگرت، داگیرکارییەکی وەها لەئارادا بوو، کە ئاستی کەلتوورو پەروەردەی دەوروبەر لە خەتی شمشێرەکانەوە دەردەکەوتن و، بابەتە زانستی و ئەدەبیەکان لەناو دەنگەدەنگی دەهۆڵ و زوڕنادا لەبەر دەکران. ئازایەتی بە هونەردەزانراو، ناسراویش لە پێگەیشتندا دەبینراو، لە پەلاماردانیشدا بەدوای پەسەنداندا دەگەڕان. کوردەکان لەم سەردەمەی عوسمانی و کاتی شەڕدا کە هەموو ژیانیان بەم جۆرە تێپەڕ بووە، چاویان کردەوە. هەر لەبەر ئەمە لەمیانەی ئەمانەدا، لە پتەوکردنی بنەماکانی دین و ئەو ئازایەتیە زیاتر کە لەکاتی خولقاندنەوە لەگەڵیاندا بووە، نەیانتوانیوە شتی تر بەدەست بهێنن. ئێستا قۆناغی شەڕ کۆتایی ی پێ هاتووەو بەرهەمەکانی ژیان لاپەڕەیەکی نوێی بۆ هەڵداوینەتەوە. بەڵام ئێمە لێرەدا باسی بێبەختییەکانی کورد دەکەین، چاوەکانی کوردەکان و تەنانەت زمانەکانیشیان گیرابوون. لەنێو غەریبی و کۆچەریدا، بەملاو ئەولادا

دەگـەڕان و لـە وەزعێکـی پـیس و لەعنـەتلێکـراودا مـەحکوومی شکـست بووبـوون. ئـەمڕۆ لـە سـەروبەندی پێـشکەوتنێکی ڕەنگاوڕەنگـداو لـەژێر پرشـنگی خەسـتی چاوەکانی عوسمانیـدا، ئـەوەمان بەرچـاو دەکـەوێ کـە هـەموو گەلەکـەمان بـە شـیوەیەکی ئازادانـە لەڕێگـەی گـەورەی پێـشکەوتندا هەنگاو هەڵدەگرن.

ئـەوە سـاڵانێکە ئێمـە لەگـەڵ ئـازارو مەینەتـەکانی چـاوگرتوویـیەی خۆماندا، بە شێوەیەکی نیوەگیان، پەلەقاژە دەکـەین و، ڕێگەیـەك نادۆزینـەوە ئـەو کوردسـتانەی کـە کـاتی خـۆی دەسـتبـژاردەی لـە بـواری زانـست و ئەدەبیاتـدا پێدەگەیانـد، ئـەمڕۆ وای لێ هـاتووە چـەند ڕسـتەیەکی کتێبـی زانستی دینـەکان کـە توانیویـە بـە شـێوەیەك لـە هیندسـتانەوە بیهێنـێ، بـە نموونە وەردەگرێ و، لە هەر دەرسێکدا وەکوو نموونەیەك فێری منداڵـەکانی دەکـات و دەیکاتـە میراتـی بۆیـان. لـە زۆربـەی کـارە گرنگەکانـدا، کەسێك بـە ڕەزامەنـدیی خۆمـان دەنێـرین و، بـەپێی پەنـدی ((واتاکـەی لـە دڵـی خاوەنەکەیدایە))، هەموو وردەکاریەکانی ئەو ئیشە بەگوێرەی وتەکانەی ئەو تاکەکەسـە ئـەنجام دەدەیـن. هـەر لەبـەر ئەمانـەش، جەمعییـەتی تـەعاون و تەرەقی کاتێ دەزانێ گەلەکەی لەنێو کوێرایی نەزانییـەکی بـەم جۆرەدایـەو وەزعێکـی پـڕ لـە مەینـەتی هەیـەو بێزمانیـشە، وەك ئۆرگـانێکی ئـازیزی عوسمـانی بـە گریـان بـۆ ڕابـردوو و پێکـەنین بـۆ داهـاتوو سـوێندی ئـەوەی خواردووە کە تا ئەو جێگەیـەی نـاوی پیرۆزی عوسمـانی بڕەکات، هـەوڵی بـەختیارکردنی کـوردو ڕێگاکردنـەوە لەبـەردەم هـەر جـۆرە پێـشکەوتنێکی کـەلتووری–پـەروەردەیی–بازرگـانی–پیـشەسازیی ڕۆژهـەڵاتی وڵاتـی عوسمانیـدا، وارگـەی بـرا کوردەکـان، بـدات، بـۆ ئەمـەش بـە ئیرادەیـەکی

بەهێزەوە کار دەکات. لەلایەکی تریشەوە، ئەوی کە ئەم ویستو ئیرادەیەی ئێمە لە کوردستانەکەماندا بگەیەنێتە بەر گوێی هەموان، ڕۆژنامەکەمانە. خوا یارمەتی دەدات)).

جێی باسە، ئامانجی دامەزراندنی کۆمەڵە لە هەمان ژمارەی ڕۆژنامەی جەمعییەتی تەعاونو تەرەقی‌ی کورددا بە زمانی کوردیش نووسراوە. لێرەشدا ئامانجەکانی وەکوو؛ پاراستنی دەستوور، هەوڵدان بۆ پێشخستنی گەلی هەڵبژێردراوی کورد، تێکۆشان بۆ پێکەوەژیانی کوردو گەلەکانی تر، بەتایبەت ئەرمەنەکان، ڕێگەگرتن لەوەی کە نەتەوەیەك خۆی لە ئەوی تر بە بەرزترو باشتر بزانێ، دیاری کراون.

دکتۆر شوکری محەمەد سەگبان کە پێشتر لە دەستەی بەڕێوەبەرێتی‌ی کۆمەڵەدا کاری کردووەو، دواتر لە کتێبێکی پچووکدا پەشیمانی‌ی خۆی نیشان داوەو تەسلیمی بەرپرسانی کۆماری تورکیا بووە، لەو کتێبەی خۆیدا بەم جۆرە باسی کۆمەڵەی کردووە: ((پێویستە ئەوە ڕوون بکەمەوە کە هیچ یەکێك لەوانە بیری لە مافو جیاوازی‌ی کوردەکان نەکردەوە. بەڵام هەمووشمان لەسەر ئەوە ڕێك بووین کە پێویستە هەندێك ڕیفۆڕم لە شەش پارێزگای ڕۆژهەڵاتدا بکرێ. ڕیفۆڕمەکەش ئەمە بوو؛ دانانی هەندێك کەسی تواناو بەناموس لەسەر پۆستی پارێزگاری ئەو شوێنانە، دروستکردنی هەندێك ڕێوبانی سەرەکی، بۆ ئەوەی داد بە شێوەیەکی باش کارەکانی لەوێ ڕاپەڕێنێ، پێویستە دادگاکان سەرلەنوێ بخرێنەوە بەر باسو گفتوگۆ ![32].

---

[32] د. شوکری محمەد سەگبان، کێشەی کورد، بڵاوکراوەکانی گۆڤاری مێژووی تورك بە بەڵگەوە، ١٩٧٠، ل١٩.

بـەڵام عەبدولعـەزیز یـامولکی لـە هەڵـسەنگاندنی خۆیـدا سـەبارەت بـەو ڕێکخــراوە کوردیانــەی کــە لــەکاتی ڕاگەیانــدنی مەشــرووتییەتی دووەم (١٩٠٨)ـەوە تا یەکەم جەنگی جیهانی دامـەزراون، بە شێوەیەکی تـر باسـی ئـەم مەسـەلەیەی کـردووە: ((دوای ئـەوەی بەڕێوەبـەرێتی گـۆڕاو جەمعییـەتی ئیتحـادو تـەرەقی دەسـەڵاتی گرتـە دەسـتو حکوومـەتی پێـك هێنـا، کوێرکردنـەوەی باسـی کێـشەی کـوردی بـە شـێوەیەکی زۆر سـادە کـردە بنەمایـەك بـۆ خـۆی. هـەر بەرامبـەر بەمـەش، جەمعییـەتی تەعالی‌وتـەرەقی‌ی کـورد [مەبەسـتی جەمعییـەتی تـەعاون‌و تـەرەقـی‌یـە: مالمیـسانژ] کـە لـە ئەسـتەنبووڵ بـە شـێوەیەکی بـەهێز بنیـات نرابـوو، زۆر شـەرەفمەندانە بیرو بۆچوونی سەربەخۆیی‌ی کوردەکانی هێنابوە جۆش‌و جەمعییـەتی تـەعالی‌ی کوردسـتان سـەرباری ئـەوەی کـە دوای هـیچ بەرژەوەنـدێکی تاکـە کەسـی نەدەکەوت، کاری بۆ بـەدیهێنانی ئارەزوە نەتەوەییـەکانی کـورد دەکرد کە ڕووی مێژوویی-دینی‌و کۆمەڵایـەتییان هـەبوو. لەلایـەکی تریشەوە، هـەوڵی دەدا کوردسـتان لەلایـەن نەتـەوە یـاخود دەوڵـەتێکی تـرەوە داگیر نـەکرێ‌و، ئەمەشی بە هەموو سەرکردەکانی کورد ڕاگەیاند بوو.

ئەم کۆمەڵەیە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە دەوڵـەتی بریتانیا لای ڕای گـشتی وەهـای نیـشان دابـوو کـە پـشتیوانی لـە بۆچـوونی ئازادیخوازانـە دەکات، هەر لەگەڵ دامەزرانیدا تەلگرافێکی بۆ حکوومـەتی بریتانیـای گـەورە ناردووە.

کاتێــك حکوومــەتی بریتانیــا وەڵامــی ئــەو تەلگرافــەی داوەتــەوەو خۆشحاڵی‌ی خۆی بەرامبەر بە ئاشنابوونی بە کوردان دەربڕیوەو سوپاسـی کـردوون، ئیـدی ئەوسـا جەمعییـەتی ئیتحـادو تـەرەقی هەسـتی بـە بایـەخی

بابەتەکە کردووەو، هەر لەوێشەوە، کەوتوەتە فێڵو تەڵەکە بۆ لەناوبردنی جەمعییەتی تەعاونو تەرەقیی کورد.

جەمعییەتی تەعالی کورد، ئەوکاتە بەهیوا بوو دەوڵەتی ئینگلتەرە هاوکاریی بکات. بەڵام ڕۆژگار ئەوەی سەلماند کە ئینگلیزەکان تەنیا بۆ بەربەرەکانیکردنی بەهێزەکان یارمەتیی بێهێزەکان دەداو، کاتێ دەگاتە ئامانجی خۆی، زۆر بە ئاسانی بێهێزەکان دەچەوسێنتەوەو دەیانخاتە ژێر پێی خۆی))[٣٣].

## ١. ٤. دامەزرێنەکان

بەگوێرەی دکتۆر بلەچ شێرکۆ، دامەزرێنەکانی جەمعییەتی تەعاونو تەرقیی کورد، ئەمانەی خوارەوەن:

١- ئەمیر ئەمین عالی بەردخان[٣٤].

٢- فەریق شەریف پاشا.

٣- سەید عەبدولقادر ئەفەندی.

٤- داماد ئەحمەد ذولکەفەل پاشاو چەند کەسی تر[٣٥].

"زنار سلۆپی"ش، کاتێ باسی ئەم کۆمەڵەی کردووە، وەهای گوتووە: ((... لەمیانەی ئەمانەشدا، خەلیل خەیاڵی[٣٦] کە یەکێك بووە لە

---

[33] عەبدولعەزیز یاملکی، هەمان سەرچاوە، ل٥٥.

[34] بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە ئەمین عالی بەدرخان، بڕوانە: مالمیسانژ، بەدرخانیەکانی جزیرەو بۆتانو دەستنووسەکانی کۆمەڵەی بنەماڵەی بەدرخان، ل١١٨-١٣٠.

[35] د. بلەچ شێرکۆ، هەمان سەرچاوە، ل٥١.

[36] بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر خەلیل خەیاڵی، بڕوانە: مالمیسانژ، سەعیدی نورسیو کێشەی کورد، بڵاوکراوەکانی ژینانو، ئۆپسالا، ١٩٩١، ل٩٤-١٢٣.

بنکەی ژین www.zheen.org

گـرنگترین و خۆشەویـستترین کەسـانی دامـەزرێنی کۆمەڵـەو، خـەڵکی قەزای مۆتکی و لە عەشیرەتی مۆدان بووە، لەگەڵ کەسانی وەك میری کاتبزادە"ئەحمەد"ی ئامەدی و جەمیل و ئەحمەد ڕامیزی کوردیزادەو هاوڕێکانی تریدا، کە هەموو نیشتمانپەروەرانی پاك و دڵسۆز بوون، قوتابخانەیەکی تایبەتیان بۆ منداڵانی کورد دامەزراندووە، بناغەی دەرگایەکی چاپ و پەخشیان داناوە کە سەر بە جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی بووە)) [٣٧].

لەم ڕوونکردنەوانەی "سلۆپی"دا ئەوە دەردەکەوێ کە"خەلیل خەیاڵی"ش یەکێك بووە لە دامەزرێنەکانی کۆمەڵە. هەرچەندە ئەم ڕستانە ئەوەیان بە شێوەیەکی ئاشکرا تێدا ڕوون نابێتەوە کە ئایا میری کاتبزادە ئەحمەدو جەمیل و ئەحمەد ڕامیزی کوردیزادەش لە دامەزرێنەکانی کۆمەڵە بوون یان نا، بەڵام هەندێك لە نووسەران پێیان وایە مەبەستی زنار سلۆپی لەم ڕستانەدا ئەوەیە کە ئەوانیش لە دامەزرێنەکانی کۆمەڵە بوون [٣٨].

لەلایەکی تریشەوە، بە ڕەچاوکردنی ئەم ڕستانەی دکتۆر شوکری محەمەد سەگبان، وامان بۆ دەردەکەوێ کە ئەو و"نەعیم بابان"نیش لە دامەزرێنەکانی کۆمەڵە بوون: ((دوای ڕاگەیاندنی دەستووری عوسمانی ساڵی ١٩٠٨و، لەکاتی دامەزراندنی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کورددا، هەندێك لە سەرکردە کوردەکان داوەتیان کردم بۆ یەکەم

[37] زنار سلۆپی، هەمان سەرچاوە، ل٢٣-٢٤.

[38] بۆ نموونە، بڕوانە: کەمال بورقای، ئەدەبیات و مێژوو و جوغرافیای کوردو کوردستان لەڕابردووەوە تائێستا، بڵاوکراوەکانی "دەنگ"، ئەستەنبووڵ، ١٩٩٢، بەرگی یەکەم، ل٤٤٤.

کۆبوونــەوە. منــیش بــە شــێوەیەکی ئیجــابی وەڵامــم دانــەوە. لــەو کۆبوونەوانـەدا، یـەکێك بـووم لـە باشـترین قسەکەرانی ئـەوێ. هـەورەها لـەکاتی هەڵبـژاردنی بەڕێوەبەرێتیـشدا، دوای نـەعیم ب. بابـان، زیـاترین ڕێژەی دەنگم بەدەست هێنا))[٣٩].

هەندێك لە سەرچاوەکانیش، تەنیا باسـی سـەید عەبـدولقادرو ئـەمین (عالی) بەردخان دەکەن وەك دامەزرێنانی کۆمەڵە[٤٠].

پێشتر بە شێوەیەکی کورت باسـی سـەید عەبـدولقادرمان کردبـوو. ئەمین (عالی) بەدرخان کە یـەکێکی تـری دامەزرێنـەکانی کۆمەڵـەو کوڕی بـەردخان بـەگی نـاودار بـووە، لـە سـاڵانی دواتـردا بـووە بـە دووەمـین ســەرۆکی جەمعییــەتی تــەعاون و تــەرەقی و ماوەیــەکی دواتــریش سەرۆکایەتیی جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کوردی کردووە.

شـەریف پاشـای باڵوێزی پێشووی عوسمـانی لـە سـتۆکهۆڵم، دوای ئـەوەی لـە سـاڵی ١٩٠٨دا گەڕایـەوە بـۆ ئەسـتەنبووڵ، بـۆ ماوەیـەکی کورت بوو بە سەرۆکی لقی جەمعییـەتی ئیتحـادو تـەرەقی لـە پانگـاڵتی. بـەڵام دواتـر وازی لـەو پارتـە هێنـاو دەسـتی لـەکار کێشایەوەو چـووە پـاریس و بەربـەرەکانـێی جەمعییـەتی ئیتحـادو تـەرەقیی کـرد. سـاڵی ١٩٢٠، بـەر لـە پـەیمانی سـیڤەرو لـەکاتی دیـدارەکانی ئاشـتیدا، ئـەو نوێنەری کوردەکان بووە.

---

[39] د. شوکری محەمەد سەگبان، هەمان سەرچاوە، ل١٩.

[40] د. جەلیلی جەلیل، هەمان سەرچاوە، ل٧٣.

## ١. ٥. ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەرێتی و بەڕێوەبەرەکان

### * سەرۆکایەتی

وەك لە پاشماوەی حەوتەمین ماددەی پێڕەودا دەردەکەوێ، سەید عەبدولقادر ئەفەندی بە سەرۆکی یەکەم و موشیر ئەحمەد [ذولکەفەل] پاشاش بە سەرۆکی دووەم هەڵبژێردراوە. هەر لە پاشماوەی هەمان ماددەدا ئەوەش ڕوون دەبێتەوە کە سەرۆکایەتی‌ی یەکەم بە شێوەیەکی هەتاهەتایی بووەو، بەوپێیەش سەید عەبدولقادر هەتا کاتی مانەوەی سەرۆکی یەکەم دەبوو. ئەو ماددەیەی وا باسمان کرد، بەم جۆرەیە:

کۆمەڵەکەمان حەزرەتی سەید عەبدولقادر ئەفەندی کوڕی خوالێخۆشبوو شێخ عەبدوڵلا (عوبەیدوڵلا)ی بە سەرۆکی یەکەم و حەزرەتی موشیر ئەحمەد پاشای کوڕی خوالێخۆشبوو حەزرەتی ئیسماعیل پاشای زاوای بنەماڵەی عوسمانیی بە سەرۆکی دووەم هەڵبژاردووە.

ئەرکی پۆستی سەرۆکی یەکەم، هەتا ئەوکاتەی لە ژیاندا دەبێ، لەلایەن حەزرەتی سەید عەبدولقادر ئەفەندییەوە ئەنجام دەدرێ، ئەم ئەرکەش تایبەتە. ئەو کاتانەی ئەو ئامادە نەبێ، حەزرەتی ئەحمەد پاشا بە وەکالەت کاروبارەکانی ڕادەپەڕێنێ.(m.d.s)

ئۆرگانەکانی کۆمەڵە، لە دەستەی ڕاوێژکاری، دەستەی بەڕێوەبەرێتی و ئەنجومەنی گشتی پێك دێت.

### * دەستەی ڕاوێژکاری

دەستەی ڕاوێژکاری و دەستەی بەڕێوەبەرێتی، بەپێی دووەهەمین ماددەی پێڕەو، لانی زۆر لە (٤٠) کەس پێك دێ. لە سێهەمین ماددەشدا ئەوە دیاری کراوە کە چ کەسانێك لە دەستەی ڕاوێژکاریدا جێیان دەبێتەوە.

www.zheen.org

بەگوێرەی ئەمە؛ ((دەستەی ڕاوێژکاری، بەو مەرجە دامەزراوە کە لە (٢٥) کەس زیاتر نەبێ و، لە کەسانی ناودارو پیاوماقووڵ و نووسەرو بیرمەندانی کورد پێك بێ. مەرجەکانی بوون بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرێتی، لە ئەستەنبووڵ نیشتەجێ بێ، تەمەنی لە (٢٥) ساڵ کەمتر نەبێ، وەزعی خراپ نەبێ و خاوەنی تایبەتمەندیی ڕەوشتی بێ، لەبەر تاوان سزا نەدرابێ و، کەسێکی زانا، پیاوماقووڵ، شێخ، ئەریستۆکرات، پێگەیشتوو و ڕەوشت بەرزو خاوەن شەرەف و لە متمانەپێکراوان بێ)).

*** دەستەی بەڕێوەبردن**

تایبەتمەندیەکانی ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردن لە بەندی شەشەمی پێڕەوەکەدا دەستنیشان کراون؛

((... بۆ ئەندامێتی لە دەستەی بەڕێوەبردندا پێویستە، لە ئەستەنبووڵ نیشتەجێ بێ، تەمەنی لە (٢٥) ساڵ کەمتر نەبێ، خاوەنی تایبەتمەندیی ڕەوشتی باش بێ، وەزعی خراپ نەبێ و، لەبەر تاوان حوکم نەدرا بێ، توانای خوێندن و نووسینی تورکی و کوردیی هەبێ، ئەگەر زمانی کوردی نەزانێ، پێویستە زمانێکی تری بیانی باو بە شێوەیەکی باش بزانێ)).

لە ماددەی چوارەمی پێڕەوەکەدا، باسی ئەوە کراوە کە پێویستە دەستەی ١٥ کەسیی بەڕێوەبردنی کۆمەڵە لە زانایان و شێخ و ئەریستۆکرات و نووسەرو بیرمەندەکانی کورد لە ئەستەنبووڵ پێك بێ. بەپێی ئەو شتەی کە لە هەمان ماددەدا باس کراوە، ئەم کەسانە لە کۆبوونەوەیەکدا لە مزگەوتی ئەیاسۆفیا بە ڕێگەی دەنگدانی شاراوەو بەپێی زۆریی دەنگەکان هەڵدەبژێردرێن.

www.zheen.org

کاتێك دکتۆر شوکری محەمەد سەگبان گوتوویە: ((لە هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبردندا، دوای نەعیم بابان، ناوی من زۆرترین ڕێژەی دەنگەکانی هێنابوو))، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئەم جووتە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردن بوون[41] و بۆ ئەوەش هەڵبژێردراون. لە هەندێك سەرچاوەدا جوداتر لەو کەسانەی کە ناویان برا، باسی ئەم کەسانەی خوارەوەش وەك ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردنی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کورد کراوە[42]؛

١- ئەمین عالی بەدرخان

٢- ذیهنی پاشای بابان زادە

٣- خەلیل خەیاڵی

٤- ئەحمەد جەمیل بەگی ئامەدی (میری کاتبزادە)

٥- ئەحمەد ڕامیزی لیجەیی

*** ئەنجومەنی گشتی**

بەگوێرەی دووهەمین ماددەی پێڕەوی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کورد، کە ((دەستەی بەڕێوەبردن و دەستەی ڕاوێژکاری پێکەوە دیوانی گشتی پێك دێنن))، وەها دەردەکەوێ کە جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کورد هەم لە ئەستەنبووڵ و، هەم لە کوردستان هێزی هەبوە.

---

[41] د. محەمەد شوکری سەگبان، هەمان سەرچاوە، ل١٩.

[42] ؛ د. جەلیلی جەلیل، هەمان سەرچاوە، ل٧٤. لە "التآخي"، ژ١٠ی تەمووزی ١٩٦٧ی وەرگرتووە.

نۆهەمین ماددەی پێڕەوەکە، دەتوانێ سەبارەت بە هێزی کۆمەڵە لە ناوەندی ئەستەنبووڵ شتێك بەدەستەوە بدات. ئەم ئەنجومەنە، لە دەستەی بەڕێوەبردن و دەستەی ڕاوێژکاری و جێگرەکانیان، پێك دێ. ئەنجومەنی گشتی جارێك بۆ ماوەی ٢ ساڵ هەڵدەبژێردرێ؛ لەکاتی کۆتایی پێهاتنی ئەرکەکەیدا، لەڕێگەی دەنگدانی شاراوەوە کەسانی شیاو دووبارەو لەجێی ئەوان هەڵدەبژێردرێن. شایانی باسە، هەڵبژاردن بۆ هەر دەستەیەك بە شێوەی جیاواز دەکرێ. ئەو کەسانەی کە ماوەی ئەرکەکەیان کۆتایی پێ هاتووە، دووبارە مافی ئەوەیان هەیە خۆیان بپاڵێونەوە.

ئەم ئەنجومەنە گشتییە، بەپێی توانایی و بە مەرجێ لە ئەندامان پێك بهێنرێ، لە دووسەد کەس کەمتر نەبێ.(m.d.s)

دەتوانین بڵێین بیرۆکراتە مەدەنی و عەسکەریەکان و پیاوماقووڵان و سەرۆك خێڵ و پیاوانی دینی (زانایان، مەلا، شێخ و سەیدو موفتییەکان) لەگەڵ ڕۆشنبیراندا، ڕۆڵێکی سەرەکییان لە کارەکانی کۆمەڵەدا گێڕاوە.

www.zheen.org

### ١. ٦. مەرجەکانی ئەندامێتی و هەندێك لە ئەندامەکانی

وەك لە دووهەمین ماددەی پێڕەوی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی کورددا دەردەکەوێ، ئەنجومەنی گشتی لە ئەندامانی دەستەی ڕاوێژکاری و دەستەی بەڕێوەبردن و جێگرەکانیان پێك هاتووە. شەشەمین ماددەی پێڕەو، بەم جۆرە باسی مەرجەکانی بوون بە ئەندامی جێگری کردووە؛

((بۆ ئەوەی کەسێك ببێ بە ئەندامی جێگیر، پێویستە سێ کەس لە ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی یاخود ئەندامانی جێگر پشتگیریی بکەن کە کەسێکی خراپ نییە، تا بتوانێ لەڕێگەی بیر یا قەڵەم یان کەسێتیی خۆیەوە خزمەت بکات، تەمەنی (٢٠) ساڵەی تەواو کردبێ، لەسەر هیچ تاوانێك (وەك بکوژی) سزا نەدرابێ، کەسێتییەکی خاوەن ئەو تایبەتمەندیانە بێ وا باسیان کرا، لەدوای هەموو ئەمانە دەبێ بە زۆرینەی دەنگی ئەنجومەنی گشتی هەڵبژێردرێ. ئەوانە، دوای هەڵبژاردنیان، دەبن بە ئەندامی هەمیشەیی و، هیچ کەس بۆی نییە مەگەر بە بڕیاری زۆرینەی ئەنجومەن، لە ئەندامێتی دەریانبکات)). لە م. تۆفیقی سولەیمانیەیی "پیرەمێرد"، ئەحمەد جەمیل بەگ (میری کاتبزادە) و ساڵح خوڵووسی پاشا بەدەر، زانیارییەکی متمانەپێکراومان لەسەر ئەندامانی تری کۆمەڵە لە ئەستەنبووڵ نییە.

بەپێی عەلادینی سەجادی، پیرەمێرد، یاخود بە ناوەکەی ئەوکاتە تۆفیقی سولەیمانیەیی، یەکێکی (١٠) ئەندامی بنچینەیی کۆمەڵە بووە[٤٣]. باسی ئەوەشی کردووە، کە لەلایەن کۆمەڵەوە بە خاوەنی ئیمتیازو بەڕێوەبەرو نووسەری ڕۆژنامەکە هەڵبژێردراوە.

هەروەها لە نووسینەکانی"زنار سلۆپی"یەوە لەوەش ئاگادار دەبین کە ئەحمەد جەمیل بەگی ئامەدی (دیاربەکر) "میری کاتبزادە"ش ئەندامی ئەم کۆمەڵەیە بووە[٤٤]. ئەحمەد جەمیل لە هەمان کاتدا سەرنووسەری ڕۆژنامەی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کورد بووە.

---

[43] علاءالدین سجادی، مێژوی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٥٢، ل٤١٩.

[44] زنار سلۆپی، هەمان سەرچاوە، ل٢٥.

لەلایەکی تریشەوە، لە قۆناغی بەر لە ڕاگەیاندنی مەشرووتییەتی دووەمدا، لەگەڵ زیاگوك ئالپ و هاوڕێکانیدا، "جەمعییەتی ئیتحادو تەرەقی‌ی عوسمانی"یان بە شێوەیەکی نهێنی لە دیاربەکر (ئامەد) دامەزراندو، لەوێش ئەندامی یەکەم دەستەی بەڕێوەبەرێتی‌ی ئەو ڕێکخراوە بووە.

هەر بەپێ‌ی هەمان نووسینەکانی زنار سلۆپی، مرۆڤ دەتوانێ بگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئەحمەد ڕامیزی کوردی‌زادەی "لیجەیی"ش سەروساختی لەگەڵ کۆمەڵەدا هەبوەو، لانی کەم پەیوەندیی بە ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیەوە باش بووە: ((... خەلیل خەیاڵی و هاوڕێ نیشتمانپەروەرەکانی کە لە سەرووی هەموویانەوە خوالێخۆشبوو "ئەحمەد جەمیل-میری کاتب‌زادە"و "ئەحمەد ڕامیزی کوردی‌زادەی لیجەیی" دێن، پێکەوە قوتابخانەیەکیان بۆ خوێندنی منداڵە کوردەکان دامەزراندو، لەگەڵ ئەوەشدا، بناغەی دەزگایەکی چاپ و پەخشیان دانا کە بەسترابوو بە کۆمەڵەوە.

ئەم کەسانە ڕۆژنامەیەکیشیان بەناوی "کوردستان"ەوە بڵاوکردوەتەوە [مەبەستی ڕۆژنامەکەی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی‌یە: مالمیسانژ]. هەرچەندە حکوومەت بڕیاری هەڵوەشاندەوەی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی‌ی کوردی دا، بە هەمان شێوە قوتابخانەکە داخراو چاپ و پەخشی ڕۆژنامەکەش قەدەغەکرا))[٤٥].

وەك لێرەدا دەبینرێ، زنارسلۆپی پێی وایە خەلیل خەیاڵی و ئەحمەد جەمیل و ئەحمەد ڕامیز پێکەوە دەزگایەکی چاپ و پەخشی

---

[45] زنا سلۆپی، هەمان سەرچاوە، ل٢٣.

کوردییان داناوه. مرۆڤ لە هەشتەمین ژمارەی ڕۆژنامەی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کوردەوە دەزانێ ساڵح خولووسی پاشاش کە یەکێك بووە لە کۆنە قایمقامەکانی (تارسوس)، بە ئەندامی جێگر هەڵبژێردراوە.

دکتۆر م. نووری دێرسیمی، کاتێ بیرەوەریەکانی خۆی نووسیوە، بەم چەشنە لە جەمعییەتی تەعالی و تەرەقیی کورد دوواوە: ((هەموو هەفتەیەك لە (چۆغال ئۆغلوو)ەوە دەچووم بۆ بینینی دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت؛ چونکە خۆی ڕۆشنبیرێکی دێرسیمی بوو (عەرەبگیری)، پێوەندیی لەگەڵ دێرسیمیەکاندا دەگرت و، زۆر بە باشی پێشوازیی لە میوانەکانی دەکرد. لەبەر ئەوەی باسی ئەوەی کرد بوو کە لەگەڵ ئەمین عالی بەگی بەدرخانی و محەمەد شەریف پاشاو سەید عەبدولقادر ئەفەندی کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریدا پێکەوە کار دەکەن و جەمعییەتی تەعالی و تەرەقیی کوردیان دامەزراندووە، منیش هەوڵم دەدا هەموو دێرسیمیەکان بکەم بە ئەندامی ئەو کۆمەڵەیەو بڕی پارەی پێویست بۆ ئەندامێتی و مانگانەی هەموو ئەندامەکانم دەدا بە دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت و پسووڵەم لەسەریان لێ وەردەگرت))[٤٦].

دیارە ئەوەمان بۆ دەرکەوتووە کە کاتێ لێرە باسی جەمعییەتی تەعالی و تەرەقیی کوردی کردووە، مەبەستەکەی هەمان جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کوردە. بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی کە لێرەدا دەستمان کەوتوون، جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کورد هەتا ساڵی ١٩١١ش ئەندامی وەرگرتووە، پارەی مانگانەی (داهات) کۆکردوەتەوە،

[46] د. م. نووری دێرسیمی، بیرەوەریەکانم، بڵاوکراوەکانی ڕۆژانو، ستوکهۆڵم، ١٩٨٦، ل٢٦.

چونكه م. نووری دێرسیمی ساڵی ١٩١١ چووەتە ئەستەنبووڵ، دەبێ هەر لەوساڵەشدا چاوی بە دكتۆر عەبدوڵڵا جەودەت كەوتبێ. بەڵام هەندێك سەرچاوە ئەمە پشتڕاست ناكەنەوە كە كۆمەڵە تا ساڵی ١٩١١ درێژەی بەو جۆرە كارانە دابێ، دكتۆر عەبدوڵڵا جەودەتیش ئەندامی ئەم كۆمەڵەیە بووبێ. هەر لەبەر ئەمە ناتوانین متمانە بەم زانیارانە بكەین.

لەبەر ئەوەی لە بەشەكانی داهاتوودا باسی ئەندامی كۆمەڵە لە لقەكانی ناو كوردستاندا دەكەین، لێرە زۆر لەسەر ئەو بابەتە ناڕۆین. هەروەها لە بەشی ڕۆژنامەكەشدا باسی ئەو كەسانە دەكەین كە لەڕێگەی نووسینەكانی خۆیانەوە، یارمەتیی ڕۆژنامەكەیان داوە.

## ١. ٧. كارو چالاكیەكانی جەمعییەت

دیارە كۆمەڵە، دوای ماوەیەكی كورتی پاش دامەزرانی لە ئەستەنبووڵ، دەستی بەكار كردووە. دەتوانین گرنگترین كارەكانی جەمعییەتی تەعاونو تەرەقی كورد لەژێر چەند دێرێكدا كۆبكەینەوە كە بەمجۆرەی خوارەوەن:

www.zheen.org

### ١. ٧. ١. جەمعییەتی تەعاونو تەرەقیی كوردو زمانو ئەدەبیاتی كوردی

هەر لە پێڕەوەكەی كۆمەڵەوە، ئەوە دەردەكەوێ كە ئەم ڕێكخراوە بایەخی بە زمانو ئەدەبیاتی كوردی داوە. بۆ نموونە، هەر لەو پێڕەوەدا ئەوە دیاری كراوە كە كۆمەڵە ویستوویە كتێبێك بۆ ئاسانكردنی فێربوونی سەرەتاییی زمانی كوردی بنووسێو، پێبەپێ، زانیاری سەبارەت بە زمانی كوردیو فەرهەنگێكی باش ئامادە بكات،

یاخود پشتیوانی لە ئامادەکردنی بکات. لەوەش زیاتر، باسی ئەوە کراوە کە ئەگەر کەسێك کتێبی دەرسە باشەکانی قوتابخانە بکات بە زمانی کوردی، ڕێزی لێ دەگیرێ‌و پاداشتی پێدەبەخشرێ.

لە ماددەیەکی تری پێڕەوەکەدا، وەها گوتراوە: ((هەوڵی ئەوە دەدات گشت کتێبە کوردیەکان، یانی ئەوانەی کە چ بڵاوبوونەتەوەو چ بڵاونەبوونەتەوە، دووبارە پەخشیان بکاتەوەو، ڕێگە هەموار بکات بۆ خوێندنەوەیان‌و، لە تەقەلاشدا دەبێ بۆ نووسینی کورتە مێژوویەکی ئەدەبیاتی کوردی)).

دیارە کۆمەڵە نەیتوانیوە ئەم هەموو ئامانجەی خۆی بەدی بهێنێ، بەڵام ئەو ڕۆژە بیرکردنەوە لەم شتانەو جێگیرکردنیان لەنێو پێڕەوی کۆمەڵەیەکی یاساییدا بایەخی تایبەت بە خۆیان هەیە. بەپێی پێڕەوی کۆمەڵە، ((... بۆ ئەندامێتی لە دەستەی بەڕێوەبەرێتیدا، پێویستە کوردی‌و تورکی باشی بزانێ‌و، ئەگەر لە حاڵەتێکیشدا کوردی نەزانێ، دەبێ شارەزایی‌ی لە زمانێکی تری بیانیدا هەبێ)).

ڕۆژنامەی جەمعییەتی تەعاون‌و تەرەقیش بایەخی بە زمان‌و ئەدەبیاتی کوردی داوە. بەگوێرەی ئیسماعیل حەقی بابان زادە، گەلی کورد لەپێشدا موسڵمان‌و دواتر عوسمانی‌و کورد بووە، ((پێویست بوو هیچ کات لە عوسمانیەکان جودا نەبوایەتەوە. بەڵام بەڕێوەبەرێتی‌ی پێشوو، لەکاتێکدا هەوڵی لەناوبردنی کوردانی داوە، زمانەکەشی فەرامۆش نەکردووەو ویستوویە زمانەکەشی ببڕێ‌و نەمێنێ .... کوردەکان بەم بێزمانییەی خۆیانەوە، خەریك بوو نەك تەنیا ڕەگەزەکەیان لەناوبچێ، بەڵکوو دینەکەشیان نابووت ببێ، نەزانی

هەنـدێك شـوێنی گرتبـوەو، دەسـتەیەكی زۆر لـە كوردەكـانیش لـە مرۆڤایەتی دەرچووبوون))[٤٧].

لەلایـەكی تـرەوە، نووسـراوێكی حەمـدی سـولەیمانی ئـەرزنجانی لـە ڕۆژنامەكەی كۆمەڵەدا بڵاوبووەتەوە. ناوبراو پێی وابووە، باشتر وایە توركی زمانی پەروەردەی كوردەكان بێ و گۆڕانی تێدا دروست نەكرێ[٤٨].

بە خوێندنەوەی ئەم ڕۆژنامەیە، ئەوەمان بۆ دەردەكەوێ كە هەندێك بەڕێوەبەر لەوكاتانەدا جارجار لەپاڵ زمانی توركیدا بە زمانی كوردیش لێـدوانێكیان بـۆ جـەماوەر هـەبوە. بـۆ نموونـە، موتەسـەڕیفی شـاری (سـیرت) سـاڵی ١٩٠٩ بـە تـوركی و كـوردی قـسەی سـەبارەت بـە بەڕێوەبـەرێتی مەشـرووتە بـۆ خـەڵك كـردووەو، واتاكـەیی بـۆ شـی كردوونەتەوە. ((ئەو خەڵكەی ئەوێش ئەوەندە لەم كارە خۆشحاڵ دەبن، كە لە خۆشیدا دەست بە گریان دەكەن))[٤٩].

ڕۆژنامەی كۆمەڵـە، لەڕێگـەی نامـەو هەوڵـەكانی خۆیـەوە، كاركردنی لەسەر زمانی كوردی بەباش نیشان داوە، خەڵكی بۆ ئـەو مەبەسـتە هـان داوە. بـۆ نموونـە؛ ((بـۆ عومـەر عـەونی ئەفەنـدی، مامۆسـتای زمـانی عوسمانی لە قوتابخانەی ناوەندیی عەسكەری لە ئەلازیغ.

---

[47] بابان زادە ئیسماعیل حەقی، كوردان و كوردستان، ڕۆژنامەی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی‌ی كورد، ئەستەنبووڵ، ژمارە ١، ٢٢ی تشرینی دووەمی ١٣٢٤ [١٩٠٨] ١١ی ذي القعدة ١٣٢٦، ل٣-٤.

[48] ڕۆژنامەی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی‌ی كورد، ئەستەنبووڵ، ژ٨، ١٠ی كانوونی دووەمی ١٣٢٤، ل٦٠-٦١.

[49] ڕۆژنامەی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی‌ی كورد، ژ٨، ل٦٨.

تەلگرافە کەتانمان وەرگرت. بەرهەمەکەتان بەناوی "ڕێزمانی کوردیو نموونەی داڕشتن"ـەوە هێشتا نەگەیشتوەتە دەستمان. زۆر سوپاسی ئەو هەوڵو کۆششەتان دەکەین. ئێمە ئەو بەرهەمەتان بە زنجیرە نووسینێك لە ڕۆژنامەکەماندا دادەبەزێنینو، دواتر وەکوو کتێبێك لەچاپی دەدەین. چاوەڕوانی ئێوەین، هیوادارین بۆمان بنێرن)) [50].

باشە ئەم عومەر عەونی ئەفەندییە کێ بوو ؟ بەگوێرەی قسەی یەکێك لە شاگردەکانی؛ ((خەڵکی گوندی (کڵ ئوشاغی)ی سەر بە ناوچەی باسکەل بووە. ناوبراو کوڕی کەسێکی عوسمان کەحیا ناو بووەو ساڵی ١٨٦٠ لە خارپووت چاوی بە دنیادا هەڵهێناوە. لە تەمەنی گەنجیدا، بە مەبەستی خوێندن، چووەتە ناوەندی خارپووت. لەوێ لە قوتابخانەی کامیل پاشاو لەبەر دەستی حاجی عەبدولحەمید ئەفەندیدا پێی خوێدراوەو فێر کراوە.

بەڵام دوایی بەبێ ئەوەی بڕوانامە وەربگرێ، ڕووی کردووەتە ئەستەنبووڵ. لەوێ، بووە بە شاگردی ئەبوبەکر ئەفەندی خارپووتی بۆ وەرگتنی وانە گشتیەکانی فاتیح، هەر لەوێش بڕوانامەی وەرگرتووە. پاشان گەڕاوەتەوە بۆ خارپووتو ماوەیەك لە قەزاکانی پاە و عەرەبگیر مامۆستایی کردووە. دوای ماوەیەکی تر دووبارە گەڕاوەتەوە بۆ ئەستەنبووڵ. لەوێ لە خانەی مامۆستایان (دار المعلمين) بڕوانامەی وەرگرتووەو، ئەمجا چووەتە ئەلازیزو لە قوتابخانەی عەسکەری بووە بە مامۆستای ڕێزمانی تورکی. پێم وابێ ساڵەکانی ١٩٠١ یان ١٩٠٢ ڕۆیشتوەتە ئەلازیز، ماوەیەکی درێژ لەوێ وەکوو مامۆستا ماوەتەوە" خۆی لە خارپووت دادەنیشتو، مامۆستای منیش بوو.

---

[50] هەمان سەرچاوە، ژ٦، ل٥٠.

دوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو قوتابخانەیە، سەرەتا بە مووچەی (٣٠٠) قوروش بووە بە ئیمام (مەلا)ی مزگەوتی جامیعەی کۆشك. دواتر بە بڕی مووچەیەکی هەزار قوروشی وانە دینیەکانی خانەی مامۆستایانی گوتوەتەوە. بەڵام لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی ئەمەشدا، بووە بە مامۆستای وانەی دینی لە قوتابخانەی سوڵتانی، دواجاریش مامۆستایی‌ی خانەی خەلافەت (دار الخلافة)ی شاری خارپووتی کردووە، ساڵی ١٩٢٧ بووە بە کاتبی شاری ئەلازیز. کەسێکی ئارام و خاکی، بالابەرزێکی ڕەشتاڵەی ڕیش درێژ بوو. هیچ کەس چاوی بە پێکەنینی ڕوخساری نەکەوتبوو. هەمیشە عەبایەکی ڕەشی لەبەر دەکرد. ساڵی ١٩٣٢ لە شاری ئەلازیز کۆچی دوایی‌ی کرد [٥١].

هیچ زانیارییەکمان لەسەر ئەوە لەبەر دەستدا نییە کە دوایی کتێبەکەی عومەر عەونی ئەفەندی چاپ کراوە یان نا، بەڵام کاتێ مووسا عەنتەر باسی بڵاوکراوە کوردیەکانی دوای مەشرووتییەتی دووەم تا قۆناغی شەڕی ڕزگاری‌ی تورکی کردووە، ئاماژەی بەم کتێبە داوە؛ ((... دەتوانین لەم بوارەدا باسی کتێبی ڕێزمانی کوردی لە ئەلازیگ بکەین)) [٥٢] [ناوی کۆنی ئەم شارە مەعموورەتول عەزیز بووە].

یەکێك لە وەڵامە سەرنجڕاکێشەکانی ناو ڕۆژنامەی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی‌ی کورد، وەڵامدانەوەیەکی فەیزی پیرنجچی زادەیە، وەها دەستی پێ کردووە؛

((نامەکەتانمان وەرگرت. ئارەزوەکانتان لەبارەی بەختیاری‌ی گەلی کوردەوە، هەوڵدانەکانتان بۆ بڵاوکردنەوەی کەلتوورو زانست لەنێو

---

[51] ئیسحاق سونگوور ئۆغلوو، لە ڕێگەکانی خەرپووتدا، بەرگی یەکەم، ١٩٥٩، ل٥٤، ٤١٥-٤١٦.

[52] مووسا عەنتەر، "یەکبوون"/ گۆڤارێکە ساڵی ١٩١٤ دەرچوو، ڕۆژهەلات "دۆغوو"، ئەستەنبووڵ، ژ١، ١٩٦٩، ل٢٩.

www.zheen.org

کورداندا، کارێکی نیشتمانپەروەرانەو جێگەی ڕێزن. سەبارەت بە هەم مزگێنیی ئامادەکردنی کتێبێکی کوردی لەسەر مێژووی کورد بە دەستی شێخ عەبدوڕڕەحمان ئەفەندیی خەڵکی ئاقتەپە، کە لە سەیدو پێگەیشتوەکانو دەستبژاردەکانی کوردە، هەم ئامادەکرانی کتێبێك بۆ چاپ لەبارەی پەندی پێشینانی کوردانەوە کە لە ئەنجامی ١٠ ساڵ لێکۆڵینەوەی زیا ئەفەندییەوە کۆکراوەتەوە، ئەو زەحمەتانەی کە ساڵح بەگی خانەیی (کە خەڵکی هەرێمەکەو پیاوێکی لێهاتووە) لەم بارەیەوە کێشاویانە، سوپاسو ڕێزی خۆمانتان پێ ڕادەگەیەنین)) [٥٣].

ئەو کەسانەی کە لێرە باسیان کراوە، دواتر ڕێگەیان لەیەك جودا بووەتەوە، ژیانی تێکۆشانی هەریەکەیان بە شێوەو ئاقارێکی جیاوازدا ڕۆیشتووە. ئەو زانیاریە بیۆگرافیانەی خوارەوە، دەتوانن باشتر ئەمە ڕوون بکەنەوە:

- **فەیزی بیرنجچی زادە؛**

ناوبراو کوڕی خاڵی زیا گوك ئالپە کە ساڵانی ١٩٢٠ سێ جار بووە بە وەزیری ئاوەدانکردنەوە. ناوی باوکی، عارف ئەفەندیو نوێنەری شاری ئامەد بووە . لە قۆناغی کۆماری تورکیادا کە بەتەواوەتی نکوولی لە مافی کوردەکان دەکرا، فەیزی بیرنجچی زادە سەرومڕ خزمەتی بۆچوونەکانی کەمالیزمی دەکرد. بەڵام دواتر لە گفتوگۆیەکی تایبەتدا سەبارەت بە عیسمەت ئینەنۆ، ئەم ڕستەیەی گوتووە: ((ئێمە

[53] ڕۆژنامەی جەمعییەتی تەعاونو تەرەقیی کورد، ژ٦، ل٥٠.

لـەکویّ بمانزانيايـە کـە کـەرێکی ئەوەنـدە خۆپەرسـت دەبـێ؟)) [54].
بۆچوونێکی تر سەبارەت بەم کەسە هەیە، نازانین تا چەندە ڕاستیی تێدایە، ئەویش ئەوەیە کە فەیزی بەگ پێوەندیی لەگەڵ حاجی ئاختی "باقێ توژۆ"دا هەبوە کە لە دیاربەکر (ئامەد) لەسێدارە دراوە.

ســاڵی ١٩٢٥ لــە ســەروبەندی موحاکەمــەکردنی شــێخ ســەعیدو هاوڕێکانیدا، مولازم عارفی ئامەدی کە ژەندرمە بووە، لە قسەکانی خۆیدا گوتوویە: حاجی ئاختی لە ئەنقەرە هاتوچۆی ماڵی فەیزی بەگی کـردووەو بـە کارتەکـەی فـەیزی بـەگ چـووەتە نـاو کۆبوونـەوەکانی پارلـەمان، دیسان لەڕێگـەی فـەیزی بەگـەوە توانیویـە هەنـدێك بابـەتی شەخسـیی خـۆی لـە وەزارەتـی داد بدۆزێتـەوەو، هـەوڵی ئـەوەی داوە مۆڵەتی وەکالەت وەربگرێ [55].

- شێخ عەبدوڕڕەحمان ئەفەندی ئاقتە پەیی؛

شــاعیرێکی نــاوداری کــوردە، ســاڵانی ١٩١١-١٨٥٣ بــە شــێخ عەبـدوڕڕەحمانی ئاقتەپـەیی ناسـراوە. شێخ عەبـدوڕڕەحمان ناسـناوی (ڕوحی)ی بەکارهێناوەو، جگە لە دیوانێکی کوردیو کتێبێك بەناوی (روضـة النعـیم)ـەوە، چـەندین کتێبـی تـری بـە زمـانی عـەرەبی هەیـە. بەپێی ئەو زانیاریانەی کە یەکێك لە خزمەکانی شێخ عەبدوڕڕەحمان پێـی داویـن، دەستنووسـی مێـژوە کوردیەکـەی هێـشتا مـاوە، بـەڵام هەنـدێك بەشـی ناپەیدایـە. بـەپێی زانیاریـەکانی هـەمان ئـەو کەسـە،

---

[54] مستەفا ڕەمزی بوجاك، نامەی ڕۆشنبیرێکی کورد بۆ عیسمەت ئینەنۆ، بلاوکراوەکانی دۆز، ئەستەنبووڵ، ١٩٩١، ل٥٨.

[55] ڕۆژنامەی "وقت"، ئەستەنبووڵ، ١٧ی ئابی ١٩٢٥.

دەستنووســـی کتێبێکـــی شـــێخ ســـەبارەت بـــە "ئەستێرەناســـی" (ئاسترۆنۆمی) تائێستا وەکوو خۆی ماوە.

- **زیا ئەفەندی؛**

دواتـر بـە زیـا گـوك ئالـپ ناوبـانگی دەرکـرد، بـوو بـە تیۆریداڕێـژی تورکایـەتی و پـان تـۆرانیزم. بـەڵام ئـەوەش دەزانـرێ کـە هـەتا پـێش بەشـداربوونی لـە کـۆنگرەی (جەمعییـەتی ئیتیحـادو تـەرەقی)دا لـە سەلانیك، کاری لەسەر زمانی کوردی کردووە. بەگوێرەی حیلمی زیا ئۆلکەن، بابەتە کوردیەکانی ١٤ ژمارەی ڕۆژنامەی "پەیمان" کە ساڵی ١٩٠٩ لـە ئامـەد دەردەچـوو، هـی ئـەو بـوون[٥٦]. مووسا عەنتـەر ساڵی ١٩٦٢ لەڕێی ئەم ڕستانەوە باسی ئەوەی کردووە کە زیا گوك ئالپ دەستنووسـێکی زمـانی کـوردیی نووسـیووەو لـەلای ئـەوە، ((... لەڕاسـتیدا خوالێخۆشـبوو زیـا گـوك ئـالپیش گەیـشتبوە هـەمان قەناعەت و، ئەمڕۆ لە ئەنجامی کارەکانیدا بەرهەمێکی گرانبەهای لەبەر دەسـتامانداپە: ڕێزمـانی کـوردی، شـیکردنەوەی کۆمەڵناسـی لەسـەر خێڵە کوردیەکان و چەندین وتارو توێژینەوە))[٥٧].

خوالێخۆشبوو مووسا عەنتەر ساڵانێکی دواتریش باسی ئەمەی کردبـوو، بـەڵام ئیـدی ئـەو بەرهەمانـەی لەدەسـتدا نـەمابوو، ((خـەلیل خەیاڵی بەگ، ماوەیەك بەر لە مەرگی خۆی، یادداشتی کارەکانی خۆی

[56] بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: مالمیسانژو مەحموود لەوەندی، ڕۆژنامەگەریی کوردی لە باکووری کوردستان و تورکیا (١٩٠٨-١٩٩٢)، بڵاوکراوەکانی ئوزگە، ئەنقەرە، ١٩٩٢، ل٤٩-٥١.

[57] مووسا عەنتەر، ئەدەبیاتی کورد، لە بڵاوکراوەیەکی مانگانەی "دنیای ئاشتی" ناودا بڵاو بووەتەوە، ژ٦، ١٩٦٢، ل٤٥.

دا بە من. هەندێك بەڵگەی گرانبەها لەنێو ئەمانەدا هەبوون كە بەم جۆرەن: دیوانێكی دەستنووسی حاجی قادری كۆیی كە پێشكەشی خەلیل خەیاڵی بەگی كردبوو، كتێبی ڕێزمانی كوردیی زیا گوك ئالپ كە بەدەستی خۆی نووسیبوی‌و لێكۆڵینەوەكانی سەبارەت بە زمانی كوردی. بەڵام بەداخەوە ساڵی ١٩٢٧ لەكاتی دەستگیركردنمدا ئەمانەیان لەگەڵ كتێبخانەكەمدا هێنایە دادگای ئیدارەی عورفی‌و بڕیاری دەستبەسەرداگرتنی هەمووشیان دەركرد. دوای لێبوردنیشم هەوڵی وەرگرتنەوەی كتێبەكانم دا، بەڵام پێیان ڕاگەیاندم كە هەموویان سووتاندووە[٥٨].

بە كورتی، بەرهەمەكەی زیا گوك ئالپ لەسەر زمانزانی لەلایەن جەمعییەتی تەعاون‌و تەرەقیی كوردەوە چاپ‌و پەخش كرایەوە. بەڵام خودی زیا گوك ئالپ لەم بارەیەوە گوتوویە: هیچ كتێبێكم لەسەر بابەتێكی وەها نەنووسیوە، ((... لەنێو زمانی كوردیدا توانای قسەكردن‌و نووسینم بە زاراوەی كرمانجی هەیە؛ چەندین بابەتی زانستی‌و ئەدەبیم بەو زاراوەیە نووسیوە، بەڵام هیچ شتێكم بە شێوەی كتێب لەو بابەتە نییە))[٥٩].

---

[58] مووسا عەنتەر، بیرەوەریەكانم، بڵاوكراوەكانی دۆز، ئەستەنبووڵ، ١٩٩٠، ل٦٧.

[59] عەلی نوزهەت گوكسەل، "حەوت بەرهەمی بڵاونەكراوی زیا گوك ئالپ‌و نامەكانی بۆ بنەماڵەكەی". عەلی بەیسان ئۆغڵوو لە كتێبی (بیرمەندان‌و هونەرمەندانی دیاربەكر)دا بە نموونە هێناوویەتیەوە، ب٢، بڵاوكراوەكانی كۆمەڵەی ناساندنی دیاربەكر، ئەستەنبووڵ، ١٩٦٠، ل١٩٣.

**- ساڵح بەگی خانەیی؛**

هەمان ساڵح بەگی خانەیی‌یەکە دوای ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٢٥ لە شاری ئامەد لەسێدارە درا. ئەوانەی کە ساڵح بەگی خانەیی دەناسن، دەڵێن پێشتر لەگەڵ زیا گوك ئالپدا هاوڕێی نزیکی یەکتر بوون[60]. ساڵح بەگ کوردێکی زازا بوو و ماوەیەك وەك موفتیی (مەعدەن) کاری کردووە. لە ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٢٥دا (ڕەئیسی یەکەمی موجاهیدین)، یانی گەورەترین فەرماندەی هێزی چەکداری کورد بووە.

ناوبراو، بە ئازایەتی و جوانمێریی خۆیەوە، ناوبانگی هەبوە. بەگوێرەی هەندێك لە ڕۆژنامەکانی تورکیا کە ئەو سەردەمە هەواڵی لەسێدارەدانی ساڵح بەگو هاوڕێکانیان دەگواستەوە، کاتێ ساڵح بەگو هاوڕێکانیان بۆ ئیعدام بردووە، ئەو هاوڕێکانیی ئامۆژگاری کردووەو باسی ئازایەتی و لێبوردەیی بۆ کردوون.

ساڵح بەگی خانەیی، لە زمانی کوردیدا، زاراوەی کرمانجی و زازاکیی دەزانی و، شارەزایی لە زمانەکانی فارسی- عەرەبی-تورکیدا هەبوو، تۆزێکیش فەڕەنسەییی دەزانی؛ بەپێی قسەکانی لەبەردەم دادگادا، لەلای مامۆستایەکی ئەرمەنی فێری زمانی ئینگلیزی بووە.

لەلایەکی ترەوە ساڵح بەگ بە زمانی کوردی و تورکیش شیعری نووسیوە. لە شیعرێکیدا وەها دەڵێ:

**((ب چاڤێ عیبرەتێ مێزە کە هیڤێ**

**کو دایم پشتی بەدرێ ئەو هیلالە))**

---

[60] لە هەمان سەرچاوەوە، ڕۆهات باسی دەکات. کێشەی گەورەی زیا گوك ئالپ، بڵاوکراوەکانی فرات، ئەستەنبووڵ، ١٩٩٢، ل٤٨.

هەندێك كەس پێیان وایە، ساڵح بەگ لەكاتی ئیعدامكردنیدا، ئەم دوو دێـــڕە شـــیعرەی خوێندوەتـــەوە، ((هەرچـــەندە لـــە نیگـــای خۆشەویستانمان دورکەوتووینەتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی نزیکی خوای بەبەزەیی دەبینەوە، خۆشحاڵین)).

هەنـدێك لـە سەرچـاوەكانیش، پێیـان وایـە شـیعرێكی وای لـە زیندان نووسیوە،

((لەبەر ئەوەی نزیکی ڕەحمەتی خوا دەبینەوە، خۆشحاڵین
هەرچەندە لەڕێگەی هەق و ڕاستیدا نابووت و خانەخراپ بووین
ئێمە بە خراپییەوە لە مانادا بووین بە فەرمانبەر
ئەگەر بەندەیەك ستەم و زۆرمان لێ بکات، هیچ ناترسین
چونكە خودا ئێمەی پەسەند كردووە))[61].

یەكێكی تر لە شیعرەكانی ساڵح بەگ، ئەمەی خوارەوەیە:

((ئەگەر چێ کی ژی جەهشێڕا
ژ زێر ئافر، ل نێڤ ئەیوانێ کەـرا
موعـەللیم بە ژ بۆنـا وی فەلاتوون
بە سـاقی ژ بۆ وی ئیبنو سـینا
توو وی ئـاڤ دی ژ یەبنوعا حەیاتێ
د شوونا ئێم بدی وی لەوزو خورما
مەکە باوەر کو دێ صاحیب هونەر بە
ئەوێ دیسا وەکی باڤێ خوە کەر بە

[61] ئوغور مومجوو، ڕاپەڕینی كورد- ئیسلام ١٩١٩-١٩٢٥، خانەی بڵاوكردنەوەی تەكین، ئەستەنبووڵ، ١٩٩١، ل٢٣١.



www.zheen.org

دەمـا توو وی ژ ئەیوانێ دەریـنێ
هـونەر نایێ وی خـەینێ زرینێ))[62]

## ١. ٧. ٢. قوتابخانە بۆ منداڵانی کوردو دەزگای چاپی جەمعییەت

لە پێڕەوی کۆمەڵەدا، ئەوە دیاری کرابوو کە کۆمەڵە هەوڵی ئەوە دەدات لەڕێگـەی وەزارەتـی پـەروەردەوە قوتابخانـەی سـەرەتایی- ناوەندیو کۆتایی لە هەندێك شوێندا دابمەزرێنێ، لەو شوێنانەشدا کە دانامەزرێن، کۆمەڵە خۆی هەوڵی دامەزراندنیان بدات.

پێشتر ئاماژەم بەوە کرد کە زنار سلۆپی باسی ئەوەی کردووە کەوا خەلیل خەیاڵی-مۆتکیو ئەحمەد جەمیل (میری کاتبزادە)و ئەحمەد ڕامیزی کوردیزادە پێکەوە قوتابخانەیەکیان بۆ منداڵانی کورد داناوەو دەزگایەکی چاپی سەر بە کۆمەڵەشیان دامەزراندووە.

بـەگوێرەی جـەلیلی جـەلیل، ئـەم قوتابخانەیـە نـاوی قوتابخانـەی مەشرووتییەت بووەو، لەلایەن (جەمعییەتی نەشری مەعاریفی کورد)ەوە لە ئەستەنبووڵو لە کۆڵانی حاجی پاشای سەر ڕێگەی دیوان دامەزراوە[63].

زنار سلۆپیش، لە نووسینەکەی خۆیدا، باسی ئەوەی کردووە کە ئـەم قوتابخانەیـە لەلایـەن جەمعییـەتی نەشـری مـەعارفی کـوردەوە دامەزراوە، ئەحمەد ڕامیزی کوردیزادەش بەڕێوەبەری بووە[64]. هەندێك

---

[62] ئەم شیعرە لە مەحموود لەوەندی وەرگیراوە.

[63] د. جەلیلی جەلیل، هەمان سەرچاوە، ل٨٦-٨٨.

[64] زنار سلۆپی، هەمان سەرچاوە، ل٢٦.

سەرچاوەش پێیان وایە ئەم قوتابخانەیە لە "چەمبەرلی تاش"ی ئەستەنبوولْ بووە[٦٥]، لەلایەن خەلیلی خەیاڵیەوە بەڕێوە براوە[٦٦] و لە ساڵی ١٩٠٩شدا داخراوە[٦٧]. هەندێك كەسیش ئەوەیان نووسیوە كە عەبدوڕڕەحمان بەدرخان بەڕێوەبەری ئەم قوتابخانەیە بووە[٦٨].

لەبارەی دەزگای چاپو پەخشی سەر بە كۆمەڵەوە، زانیارییەكی ئەوتۆمان لەبەر دەستدا نییە.

### ١. ٧. ٣. هەوڵدان بۆ چاككردنی پەیوەندیی نێوان كوردو ئەرمەن

یەكێكی تر لە گرنگترین تایبەتمەندیەكانی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی كورد هەوڵدان بووە بۆ باشكردنی نێوانی كوردو ئەرمەن. بەگوێرەی پێڕەوی كۆمەڵە، ئەگەر كوردێك ناهەقی دەرهەق بە كەسێكی غەیرە كوردی دانیشتووی پارێزگا كوردنشینەكان بكات و بە پێچەوانەوەی دەستوورەوە لەگەڵیاندا بجووڵێتەوە، كەسی ستەملێكراو سەر لە لقی ئەوی كۆمەڵە بدات، ئەوا كۆمەڵە لەلای حكوومەت لایەنگری لە كەسی ستەملێكراو دەكات.

هەروەها لە پێڕەوی كۆمەڵدا ئاماژە بەوە كراوە كە كۆمەڵە جگە لەوەی هەوڵی پێكەوەژیانی كوردو ئەرمەنەكان و نەتەوەكانی تر دەدات،

---

[65] د. بلەچ شێركۆ، كێشەی كورد: مێژینەو ئێستای كورد، ل٦٠.

[66] عبدالجبار محمد جباری، مێژووی ڕۆژنامەگەری كوردی، سلێمانی، ١٩٧٤، ل٥٤.

[67] باسیل نیكتین، Les Kurdes, Editions d Aujourdhui، پاریس، ١٩٧٥، ل١٩٥.

[68] د. جەلیلی جەلیل، هەمان سەرچاوە، ل٨٨.

تێدەکۆشێ بۆ پێکەوە گونجانی خێڵە کوردەکانیش لەگەڵ یەکتریدا. بۆ ئەم مەبەستانەش، یارمەتی لە کۆمەڵەکانی ئەرمەن لە ئەستەنبووڵ وەردەگرێ، هەوڵی پێکهێنانی دەستەیەکی تێکەڵی کوردو ئەرمەن دەدات. لەڕاستیشدا کوردەکان و ئەرمەنەکان کۆبوونەوەیەکی هاوبەشیان بۆ باشترکردنی پەیوەندیەکانیان لە (هاکسۆ)ی ئەستەنبووڵ کردووە[٦٩]. ئەوەش دەزانرێ کە جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی هەندێك ئاگاداریی سەبارەت بە کوردەکان و ئەرمەنەکان داوە بە"پاتریکخانە"ی ئەرمەنەکان.

هەندێك لە بابەتەکانی نێو ڕۆژنامەکەی کۆمەڵەش باسی پەیوەندیی باشی کوردو ئەرمەنی کردووە. بۆ نموونە، ئیسماعیل حەقی بابان لە نووسینێکی خۆیدا بەم جۆرە بەڕێوەبەرێتیی پێشووی سوڵتان عەبدولحەمیدی تاوانبار کردووە: ((حکوومەتی پێشوو کاری خراپی لێ دەوەشایەوەو وڵاتی وێران دەکردو جەردەو پیاوکوژانی بۆ چەپاوکردن و کوشتن و برین هان دەدا. دواتر دەیویست خۆی لەوانەش بەدوور نیشان بدات و هەمووی دەخستە ئەستۆی کوردان و، خوێنخۆری و خراپی و تووڕەیی و دەمارگرژیی کوردەکانی بە هۆی هەموو ئەمانە دەخستە ڕوو. ڕاگەیاندنەکانی دنیاش لە باسەکانیاندا حکوومەت و خەڵك و چەتەو جەردەکانی مایەی بێزاریی جەماوەری بێچارەشیان ڕووبەڕووی یەکتر دەکردەوە؛ دەیانگوت تورکەکان کاتێ باسی پارێزگاکانی کوردستان دەکەن، فەریادو ناڵەیان لە دەستی

[69] د. جەلیلی جەلیل، هەمان سەرچاوە، ل٨٢. لە ڕۆژنامەی "گۆرتیس"، ژ٥٣ی ١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٠٨ وەریگرتووە.

کوردەکان تا ئاسمان بەرز دەبێتەوە، دەڵێن خەڵکی بێتاوانی ئێمە لەبەر ئەم ڕەشەبایەدا لەدایك بوون. حکوومەت بەرامبەر بەم شتانە بێدەنگ دەمایەوەو، بێدەنگیش بەکەڵکی دەهات. سەرئەنجامی گەلێك خۆیلەخۆیدا کە شوانەکەی گورگ بێ، چۆن دەبێ ؟

یەکێکی تر لەو تۆمەتە خراپانەی کە خراوەتە پاڵ کوردەکان، ئەوەی کە گوایە هەر لەمێژەوە دوژمنایەتیمان لەگەڵ ئەرمەنەکاندا هەیە. بەگوێرەی ئەوانە، ئێمەو ئەرمەنەکان دوژمنی گیانی بە گیانێی یەکین. بە باوەڕی من، ئەگەر دەرفەتی ئەوە هەبێ لە مێژووی دەوری پێشوو بکۆڵینەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە هیچ نەتەوەیەك بە ئەندازەی کورد هەوڵی پێکەوەژیان و پێکەوەگونجانی لەگەڵ ئەوی تردا نەداوە. بەڵام چ پێویستیەکی هەیە ؟ هەتا هاتنە سەر کاری حکوومەتی پێشوو، ئەرمەنەکان کەی و لەکوێ گلەیی و گازندەیان لە کورد هەبوە ؟ ئایا ئەگەر کوردەکان بەڕاستی تەماعیان بکردایەتە گیان و ماڵی ئەرمەنەکان، بەر لە ماددەی ٦١ی پەیماننامەی بەرلین ئەمەیان نەدەکرد ؟ کوردەکانیش وەکوو عوسمانیەکانی تر بە شێوەیەکی باش بەرامبەر بە ماڵ و گیان و نامووسی گەلە ناموسڵمانەکانی ئەم وڵاتە ڕەفتار دەکەن)) [٧٠].

مانگی مارتی ساڵی ١٩٠٩و لەکاتی ڕاپەڕینی کوردەکاندا، سەید عەبدولقادر بۆ خۆی تەلگرافی بۆ سەرکردە کوردەکانی ئەو پارێزگایانە نارد کە جگە لە کورد ئەرمەنیشان تێدا دەژیا؛ داوای لێ کردن دوژمنایەتی ی ئەرمەنەکان نەکەن [٧١].

---

[70] ڕۆژنامەی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی ی کورد، ژ١، ل٣-٤.

[71] گارۆ ساسوونی، جووڵانەوەکانی نەتەوەیی ی کوردو کێشەی کوردو ئەرمەن، وەرگێڕانی بەدرۆس زارتاریان و مەمۆ یەتکین، لە بڵاوکراوەکانی ئۆرفەوس، ستۆکهۆڵم، ١٩٨٦، ل١٤٤.

ڕێکخراوە ئەرمەنەکان هەر لە هەمان قۆناغدا، کاری ڕێکخستنیان لەنێوان کوردو ئەرمەنەکاندا دەکرد[٧٢]. ئەو سەردەمە دوو ڕێکخراوی بەناوبانگی (هنچاك)و (تاشناکسوتیۆن) کاریان دەکرد؛ یەکەمیان ڕێکخراوی سۆسیال-دیموکرات، ئەوی تریشیان نەتەوەخواز (ناسۆنالیست) بوو. پارتی تاشناکسوتیۆن لەپێش ساڵی ١٩٠٨وە هەوڵی دروستکردنی دۆستایەتی کوردو ئەرمەنی دەدا، لە دەوروبەری شەمزینان، مووش و بتلیس بە مەبەستی بەربەرەکانیی دەوڵەتی عوسمانی، لەوبارەیەشەوە هەندێك کاری کردبوو، بەڵام زۆر سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا[٧٣].

بۆ نموونە، کەسێکی "مالهاس" ناوی ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرێتی تاشناکسوتیۆن، پایزی ساڵی ١٩٠٣ دیدارێکی لەگەڵ شێخ محەمەد سدیقی برای عەبدولقادردا ئەنجام داوە لە شاری شەمزینان، داوای هاوکاریی کوردەکانی بۆ دژایەتیی بەڕێوەبەرێتیی عوسمانی کردووە. وەڵامەکەی محەمەد سدیق بەم داواکارییە زۆر سەرنجڕاکێشە؛ ((ئێوەی ئەرمەن، لەبەر ئەوەی دینی مەسیحیتان هەیە، تا ئەندازەیەك پشتیوانیتان لێ دەکرێ، ئەگەر بە هەر هۆیەك بێ خوێن لە لووتی ئەرمەنێك بڕژێ، یەکسەر باڵوێزی گەورەی بیانی لە ئەستەنبووڵ گوشار دەخەنە سەر دەوڵەتی عوسمانی و گازندەی لێ دەکەن. دەوڵەتی عوسمانی دەکوژێ، بەڵام هەمیشە کورد بەتاوانبار لەقەڵەم دەدرێ. عوسمانییەکان گوشار دێنن، بەڵام دووبارە کوردەکان بە خراپ دەردەچن. لێرەدا کەش و هەوایەکی وا سازکراوە کە هەموو خراپییەك لە

[٧٢] تارق زەفەر تونایا، هەمان سەرچاوە، ل٥٧٠.

[٧٣] گارۆ ساسونی، هەمان سەرچاوە، ل١٢٩-١٣٣.

کوردەکـان بوەشێـتەوە، لەلایـەکی تریـشەوە، هـەموو سـتەمێك ڕووبـەڕووی ئەرمەنەکان دەبێتەوە.

دەوڵەتە گەورە بیانیەکان وەها دەڕواننـە مەسـەلەکانو ئێـوەش باوەڕتـان بـە هـەمان شـت هەیـەو لافـی ئەوانـە لێ دەدەن. هـیچ هۆیـەك نادۆزمـەوە بـۆ خۆشویستنی ئێوە. بەڵام ئەمەش دەزانین کە ئێوە بەقەدەر ئێمە مێژوویـەکی کۆنتـان هەیـەو لەسـەر ئـەم خاکـە ژیـاون. ئـەوی کـە تـازە هاتبـێ تورکـەکان خۆیانن، بۆ بەربەرەکانیی ئەوانیش هیچ هۆیەك بۆ هاوکاریینەکردنی یـەکتر نادۆزمەوە. خاکەکەمان فراوانەو بەشـی هـەردوو نەتەوەکـە دەکـات، تەنانـەت لێشمان زیادە. لـە (باشقەلە)و (نۆردوز)ەوە تـا (مووسـڵ)، هـەرێمی ئێمەیـەو لای ژوورەوەش هـی ئێوەیـە. ئـەو بابەتـە کـە پێویـستە بـە باشـی بـیری لـێ بکەینەوە، هەر ئەمەیە. تا ئەوکاتەی ئێوە لەگەڵ ئێمەدا بن، هیچ هۆیـەك شـك نابەین بۆ دژایەتیکردنی پێکهاتنی ئامانجەکانی ئێوە)).

مەرجەکانی شێخ محەمەد لەم دیدارەدا ئەمانەی خوارەوە بوون؛

١- پـارتی تاشـناك، کارگەیـەکی دروسـتکردنی فیـشەك لـە شـەمزینان یاخود لە شوێنێکی نزیك بە خەرجیی خۆی دابمەزرێنێ، تا پارتی تاشناك خۆیشی بتوانێ کەڵکی لێ وەربگرێ.

٢- پـارتی تاشـناك لـەڕێی پەیوەندیـەکانی خۆیـەوە، بەرهـەمی تووتنی شەمزینان بگوازێتەوە بۆ ئەوروپاو میسر (بەرنامە ئابوریەکانی شێخ زۆر گەورە بوون).

٣- ئـەو سـنوورەی وا کێشاویە بـۆ کوردسـتان، دەبـێ -بـەبێ هـیچ باسو گفتوگۆیەك- لەلایەن تاشناکەکانەوە پەسند بکرێ.

www.zheen.org

٤- پارتی تاشناك هەوڵی ئەوە بدات دەوڵەتە کریستیانەکان یارمەتی ی کوردستان بدەن.

شایانی باسە، دوای ئەم دیدارە ئیدی پەیوەندییەکی تر لەنێوان شێخ محەمەد سدیق و بەرپرسانی "تاشناکسوتیۆن"دا نەبەستراوە[٧٤].

بەگوێرەی جەلیلی جەلیل، جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی ی کورد شان و شکۆیەکی باشی لەلای ڕێکخراوە بورژوا-نەتەوەییەکانی عەرب و ئەرمەن و نەتەوەکانی تر هەبوە، جێ ی متمانە بووە، پەیوەندییەکی قووڵی بەتایبەت لەگەڵ ڕێکخراوە ئەرمەنەکان و ڕێکخراوی (تاشناك)دا هەبوە. ناوبراو لە قسەکانیدا پشتی بە ڕۆژنامە ئەرمەنەکانی ئەو سەردەمە بەستووە. درێژەی پێ داوەو گوتوویە: ئەو سەردەمە کوردو ئەرمەنەکان پێکەوە خۆپیشاندانی گەورەیان سازکردووە، کوردو ئەرمەنەکانی ئەستەنبووڵ لە کۆبوونەوەکانی (ڕێکخستن)دا، داوەتی یەکتریان دەکردو پێکەوە سروودی نەتەوەیی ی کوردو ئەرمەنیان دەخوێندەوە. هەردوولا لەم بارەیەوە بڕیاریان دابوو تا ئەو جێگەیەی کە پێیان بکرێ بۆ یەك ئامانج تێبکۆشن[٧٥].

بەڵام ئەم هاوکارییە زۆری نەخایاند. نووسەرێکی ئەرمەن، لەکاتێکدا قۆناغی دوای مەشرووتییەتی هەڵسەنگاندووە، بە شێوەیەکی دروست وەهای نووسیوە:

کوردو ئەرمەن، لەڕاستیدا، لە وەزعێکی بەرامبەر بەیەکتریدان بەڵام لە مەسەلەی پێکەوەگونجان و هاوکاریدا، زۆر باش نەجووڵانەوە،

---

[74] گارۆ ساسونی، هەمان سەرچاوە، ل١٣٠-١٣٣.

[75] د. جەلیلی جەلیل، هەمان سەرچاوە، ل٧٥. پشتبەستوو بە ڕۆژنامەکانی "گۆرتیس"و "ژاماناك" نووسیویە.

بەتـەواوەتی خۆیـان خـستە بـەر لافـاوی مەشـرووتییەت و رابـردوو و پەیوەندیـەکانی خۆیانیـان فـەرامۆش کـرد، هەریەکـە لەڕێگـەی تایبـەتی خۆیـەوە بوونی یـەکتریان لـەنێو ژیـانی دەوڵەتـدا لـەبیر چووەوەو بـەرەو داهاتوویەکی نادیار ڕێیان گرتە بەر))[٧٦].

[

## ١. ٧. ٤. بەیاننامەو ئاگاداریەکان

جەمعییـەتی تـەعاون و پەیوەندییـەکی قـووڵی کـورد، جاروبـار بـە تەنیاو جارجاریش لەگـەڵ ڕێکخراوەکـانی تـری عوسمانیـدا، بەیاننامـەو ئاگـاداریی ئامـادە کـردووە. هەنـدێک جـاریش ئاگـاداریی سـەبارەت بـە وەزعی تایبەتی کوردەکان پێشکەش بە دەوڵەت کردووە. لێرەدا خاڵی جـێی سـەرنج ئەوەیـە کـە کۆمەڵـە ئەوەنـدە ناسـراو بـووە کـە توانیویـە ئیمزا بخاتـە سـەر بەیاننامەیەک کـە پـارتی دەسـەڵات و پارتـەکانی تـری نێـو ئیمپراتـۆری و کلـووب و ڕۆژنامـەکانیش مـۆری خۆیـان لـێداوە. لـە ١٧ی نیـسانی ١٩٠٩دا، جەمعییـەتی ئیتحـادو تـەرەقی عوسمـانی (پـارتی دەسـەڵاتدار) و ڕێکخراوەکـانی کەمینـەکان جـۆرە هاوپـەیمانی (کۆوالیـسۆن)یـەکیان بـەناوی دەسـتەی ڕێککـەوتووی عوسمـانی (هەیئـەتی موتتەفیقـەی عوسمانییـە)یـەوە پێـک هێنـا. جەمعییـەتی تـەعاون و تـەرەقی کـوردیش جـێی خـۆی لـەنێو ئـەو ڕێکخراوانـەدا کردەوە کە ئیمزای خۆیان خستبوە پاڵ بەیاننامەی ئەو هاوپەیمانییە. بەگوێرەی ئەو زانیارییەی کە لەبەر دەستماندایە، ئەمە یەکەم نموونەیە

[76] گارۆ ساسونی، هەمان سەرچاوە، ل١٤٤.

وەك بەڵگەیـەکی ڕەسمـی کـە پـارتێکی یاسـایـی کـورد لـە سـەردەمی عوسمانیەکاندا توانیویە بەشداریو جێدەستی هەبێ.

شـایانی گوتنـە، نموونـەی شـتێکی وەهـا لـە سـەردەمی کۆمـاری تورکیـادا بەرچـاو ناکـەوێ. ئـەو ڕێکخراوانـەی کـە ئـەم بەڵگەیـەیان مۆرکردووە، بەم جۆرەن:

- جەمعییەتی ئیتحادو تەرەقی‌ی عوسمانی
- فیرقەی ئەحراری عوسمانی
- تاشناکسوتیۆنی ئەرمەنی
- کۆمەڵەی سیاسی‌ی ڕۆمەکان
- فیرقەی عیباد (دیموکرات)
- کلووبی ناوەندی باشکیمی ئەلبانیەکان
- کلووبی تەعاونی کورد
- کلووبی تەعاونی چەرکەس
- کلووبی بوڵغاری
- کلووبی دەرچوانی بەشی سیاسی
- کۆمەڵەی پزیشکی عوسمانیو هەندێك کلووبو ڕۆژنامەی تر[٧٧].

جەمعییەتی تەعاونو تەرەقی‌ی کورد، بۆ پێکهێنانی مەبەستەکانی خۆی سەری لە دامودەزگای دەوڵەت داوەو، لەوبارەیەوە کاری دەکرد. بۆ نموونە، ساڵی ١٩٠٩ ئاگادارییـەکی پێشکەش بـە حکوومـەتی کامیـل پاشا کـرد کـە لێکۆڵینـەوەی تێدا کرابوو و لەسـەر وەزعـی ئـەنادۆڵ ڕێوشـوێنی گونجاو بـۆ چارەسەری پێشنیار کرابوو. کۆمەڵە شتێکی هاوشێوەی ئەوەشی پێشکەش

[٧٧] تارق زەفەر تونایا، هەمان سەرچاوە، ل٢٠٧.

(پاتریکخانە)ی ئەرمەن کردووە، دوای ئەوەی سێ کۆمسیۆن سەریان لە هەرێمەکە داوە، خۆشحاڵی خۆی سەبارەت بەمە دەربڕیوە.

یەکێك لەم شاندانەی کە دەوڵەت ناردبوویە هەرێمەکە، دەبوایە ئەم کارانەی بکردایە کە چارەسەری پێکەوە نەگونجان و کێشەی زەوی نێوان کوردو ئەرمەنەکان، لەسەرکار لابردن یان گۆڕینی فەرمانبەری ناتوانا (سەربازو سڤیل)، دەسگیرکردنی زۆرداران و ڕەوانەکردنیان بۆ بەردەم دادگا، بڵاوکردنەوەی خواردەمەنی لەنێو خەڵکی ئەو پارێزگایانەدا کە وشکەساڵی رووی تێکردوون (مووش، وان، بتلیس، سەنجاغی کۆزان)[٧٨].

لە حەوتەمین ژمارەی کۆمەڵەدا، لەگەڵ ئەوەدا کە داوا لە وەزارەتی ناوخۆ کرابوو هەرچی زووتر ناوەڕۆکی ئاگاداری و پێشنیارەکانی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی کورد جێبەجێ بکات، لە درێژەیدا وەها گوترابوو؛ ((سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی نێوان کوردو ئەرمەنەکان لەو پارێزگایانەدا کە هەردوو گەلیان تێدا دەژین، کۆمەڵەکەمان هەندێك ڕاو پێشنیاری پێشکەشی وەزارەتی ناوخۆ کردووە. هەر لەو بارەیەشەوە داواکارین بابی عالی ئەوە لەبەرچاو بگرێ، هیوادارین حەزرەتی وەزیری ناوخۆش کاری پێویست لەوبارەیەوە ئەنجام بدەن.

بۆ وەبیرهێنانەوە، پێویستە ئەوە بگوترێ کە ئەم ڕاو پێشنیارانە بۆ بەختیاری و خۆشیی هەردوو گەلەکەیەو، ناوەڕۆکێکی نیازپاکانەی هەیە، هەر لەبەر ئەوەش هیوادارین بۆچوونی هاووڵاتیە ئەرمەنەکانیش لەم بارەیەوە وەربگیردرێ.

---

[78] تارق زەفەر تونایا، هەمان سەرچاوە، ل٤٠٥-٤٠٦.

### ١. ٧. ٥. جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی‌ی کوردو سیاسەت

هەرچەند لە پێڕەوەکەدا وا دیاری کراوە کە ڕێکخراوێکی خێرخوازییە، بەڵام لەڕاستیدا کۆمەڵە هەندێك کاری کردووە کە ناوەڕۆکێکی لە خێرخوازی زیاتریان هەبوەو کاری سیاسیشی ڕاپەڕاندووە. بۆ نموونە، لە پێڕەوی کۆمەڵەدا بە شێوەیەکی ئاشکرا وەها گوتراوە، ((لەبەر پێویستی و پەروەردەی فیکری کۆمەڵایەتی‌ی کوردەکان، جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی‌ی کورد لەم مەجلیسی یەکەمەو هی داهاتووشدا، هەوڵی ئەوە دەدات کەسانێك هەڵبژێردرێن کە هەموو مافەکانی نێو دەستوور بپارێزن و ئاگایان لە پێداویستەکانی وڵات هەبێ. کۆمەڵە لەوبارەیەوە پرۆگرامی تایبەت ئامادە دەکات و شتی پێویست بڵاودەکاتەوە)).

وەك پێشتریش ئاماژەمان پێ‌کرد، کۆمەڵە بەیاننامەی لەگەڵ هەندێك پارتی سیاسی‌ی تردا بڵاوکردوەتەوە. بەگوێرەی پێڕەوی کۆمەڵەو ئۆرگانی ڕاگەیاندنەکەی، ئەم ڕێکخراوە لایەنگری یەکپارچەیی‌ی دەوڵەتی عوسمانی بووە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا داوای بەڕێوەبەرێتییەکی (لامەرکەزی)ی کردووە.

### ١. ٧. ٦. دەستپێشخەری‌ی جەمعییەت سەبارەت بە دامەزراندنی بانك

بەگوێرەی ئەم ڕستەیەی کە لە ڕۆژنامەکەی کۆمەڵەدا دەیخوێنینەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی‌ی کورد هەوڵی دامەزراندنی بانکی داوە؛ ((لە ژمارەکانی داهاتوودا و لە ستوونەکانماندا

بەشانازییەوە پرۆگرامی ئەو بانکە بڵاودەکەینەوە کە کۆمەڵەکەمان لە زووەوە هەوڵی دامەزراندنی داوە))[٧٩].

دیارە ئەم کۆششانەی کۆمەڵە بۆ ئەو مەسەلەیە نەگەیشتنە ئەنجام، بەڵام نموونەی کارێکی وەها لە مێژووی ڕێکخراوە کوردیەکاندا بەرچاو ناکەوێ. وەك دواتریش باسی لێ دەکەین، کۆمەڵە بۆ دامەزراندنی کارگەیەکیش لە شاری بتلیس پارەی کۆکردوەتەوە. لەنێو هەموو ئەو شتانەدا کە تائێستا باسیان کراوە، ڕۆژنامەکەی کۆمەڵەو لقەکانی ئەم ڕێکخراوە لە کوردستاندا بایەخێکی تایبەتیان هەیە.

## ١. ٨. لقەکانی جەمعییەت

لە هەندێك نووسراوو هەواڵەکانی ڕۆژنامەکەی کۆمەڵەدا، بە شێوەیەکی ئاشکرا ئەوە دەردەکەوێ کە جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کورد لەنزیکەوە ئاگاداری پێشهات و گۆڕانکاریەکانی نێو کوردستان بووە، لەکاتی پێویستدا دەستپێشخەریی پێویستی لەلای دەوڵەت کردووەو، لەکاتی خۆیشیدا خەڵکی کوردی بە ئاگا هێناوەتەوە.

بۆ نموونە، لەبەر ئەوەی نوسرەت پاشای پارێزگاری شاری مەعموورەتول عەزیز (ئەلازیگ) بە شێوەیەکی شێلگیرانە بیری لە کێشەی دێرسیم کردووەتەوەو، لەوبارەیەوە نیازی پاك بووە، جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کورد داوای لە هەندێك سەرۆك خێڵی ئەوێ کردووە بەپەلە سەر لە پارێزگار بدەن و پەیوەندیی پێوە بکەن.

---

[79] ڕۆژنامەی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کورد، ژ٧.

کاتی کوژرانی شێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحموودی بەرزنجی لە شاری مووسڵ، کۆمەڵە لەلایەکەوە داوای لە وەزارەتی ناوخۆ کردووە هەوڵی دۆزینەوەی ئەنجامدەرانی ئەو کارە بداتو کارێك بکات عەدالەت جێی خۆی بگرێ؛ لەلایەکی تریشەوە بانگەوازی بۆ لایەنە پێوەندیدارەکان کردووە کە تووشی هەڵچوونی بێهوودە نەبنو کارێك نەکەن ئاسایشی هەرێمەکە تێك بدرێ.

ئەم بەندە لە ماددەی ١٧ی پێڕەوی جەمعییەتی تەعاونو تەرەقیی کورددا سەبارەت بە لقەکانی هەیە: ((کۆمەڵە لقی خۆی لەو شارەو شارۆچکەو قەزایانەدا کە کوردیان تێدا نیشتەجێیە، دەکاتەوە. ڕاوێژکارێكو ئەندامێکی دەستەی بەڕێوەبەرێتیو ئەندامێکی جێگر لە هەریەکێکی ئەم لقانەشدا کارو ئەرکەکان بەڕێوە دەبەن. ئەم لقانە هەموویان بەستراون بە ناوەندی گشتییەوە لە ئەستەنبووڵ، کارو ئەرکەکانی خۆیان بە ئاگاداریی یەکترو بەپێی ئەو ڕێنووێنیانەی کە لە ناوەندی گشتییەوە دەردەچن، ڕادەپەڕێنن. لقەکان بۆ خەرجیی پێویست ناوەندی گشتی ئاگادار دەکەنەوە، دوای پەسندکرانی لەلایەن ناوەندەوە، خەرجیەکانیان دەکەن. دەبێ هەڵبژاردنەکانی نێو ئەم لقانە بەگوێرەی هەڵبژاردنەکانی ناوەندی گشتی بن. ژمارەی ئەندامی لقەکانیش، بەگوێرەی پێویستیەکانی هەر شوێنێك، جیاواز دەبێ)). (m.d.s)

www.zheen.org

پێشتر باسی ئەوەمان کردبوو کە جەمعییەتی تەعاونو تەرەقیی کورد توانیبووی لقی خۆی لە هەندێك شارو شارۆچکەو قەزای کوردستاندا بکاتەوە. بەپێی سەرچاوە نووسراوەکان، دەتوانین باسی لقەکانی بتلیس، مووش، ئامەد (دیاربەکر)، مووسڵ، ئەرزڕۆم، خنسو بەغدا بکەین.

### ١. ٨. ١. كلووبی بتلیس

یەكێك لەو لقانەی كە ناوی دامەزرێنەكانیان لە دامێنی هەندێك تەلگرافدا نووسراوە، لقی بتلیسە. وا دەردەكەوێ ئەم لقە ٤ی كانوونی یەكەمی ساڵی ١٣٢٤ (١٧ی كانوونی یەكەمی ١٩٠٨) دامەزرابێ، بەڵام خاڵی جێی سەرنج لێرەدا، وەك دواتریش ئاماژەی پێ دەكرێ، ئەوەیە كە (كلووبی بتلیس) بەر لەم رێكەوتەو مانگی تشرینی دووەم هەوڵی ناونووسكردنی ئەندامانی خۆی داوە. تاریق زەفەر تونایا گوتوویە: ((خەلیفە سەلیمو عەلی ئاغا كە هەردوو لە دامەزرێنەكانو هاورێیانی كۆمەڵە بوون، كاتی راپەرینەكەی شاری بتلیس رێبەرایەتیی خەڵكیان دەكرد))[80]. ئێمە نازانین كاتێ تونایا گوتوویە دامەزرێنەكانی كۆمەڵە رێبەرایەتیی خەڵكیان دەكرد، پشتی بە كام سەرچاوە بەستووە. بەڵام ڤاسیلی نیكتین وەكوو سەرچاوە دەست نیشان دەكاتو، ئەویش لەمبارەیەوە وەهای نووسیوە: ((خەلیفە سەلیمو عەلی ئاغا كە هەردوو لە لایەنگرانی سەید عەبدولقادر بوون، راپەرینێكیان دەست پێكرد، زۆر زاڵمانە سەركوت كرا))[81]. لێرەدا ئەوە روونە كە ڤاسیلی نیكتین نەیگوتووە دامەزرێنەكانی كۆمەڵە ئەم راپەرینەیان بەرپاكردووە. لەلایەكی ترەوە، توانایا گوتوویە: ((رۆژنامەی تەنین (طنین) هەواڵو نووسینی سەبارەت بەم رووداوە بڵاوكروەتەوە، لێرەشدا مەبەستی ژمارەكانی ساڵی ١٩٠٩ی ئەم رۆژنامەیەیە. پێبەپێ وەك دەزانرێ راپەرنەكەی بتلیس ساڵی ١٩١٤ بە سەرۆكایەتیی خەلیفە سەلیمو

---

[80] تارق زەفەر تونایا، هەمان سەرچاوە، ل٤٠٤–٤٠٥.

[81] باسیل نیكیتین، هەمان سەرچاوە، ل١٩٥.

سەيد عەلى دروست بووە. لێرەدا ئەو ڕاپەڕینەی کە تونایا باسی کردووە، ئەوە نییە کە ساڵی ١٩١٤ بە سەرۆکایەتیی خەلیفە سەلیم هاتوەتە مەیدانە، بەڵکوو ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٠٩ی شاری بتلیسە. بەکورتی، دەتوانرێ بگوترێ تونایا دوو سەرهەڵدانی شاری بتلیسی بە یەك زانیوەو بەهەڵە لێیان تێگەیشتووە.

بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی کە لە سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە کۆکراونەتەوە، لقی بتلیس لەنێو لقەکانی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کورددا کە بە (کلووب)یش دەناسران، لە هەموویان بەهێزتر بووە. بەگوێرەی جەلیلی جەلیل، مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٠٨ ژمارەی ئەندامانی کلووبی ئەرمەن (٥٠) کەس و هی کلووبی ئیتحادیەکان (٩٠) بووە، لە بەرامبەر ئەمانەشدا، ژمارەی ئەندامانی کلووبی کورد (٦٨٠) کەس بووە، کە دەشێ نیشانەیەکی باش بێ بۆ بەهێزبوونی کۆمەڵە لە شاری بتلیس. هەندێك سەرچاوەش پێیان وایە، کاتی کردنەوەی کلووبی بتلیس، ژمارەی ئەندامانی کلووب حەوسەد کەس یاخود سەرووی حەوسەد کەس بووە[٨٢]. بەگوێرەی نووسینەکانی لازاریڤ، ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵە لەم شارەدا، لە ماوەیەکی کورتدا، گەیشتوەتە هەشت هەزار کەس[٨٣]. تەنانەت ئاکیمۆڤیچی نوێنەری کۆنسوڵخانەی ڕووسیا، لە ڕاپۆرتێکی خۆیدا کە ٣٠ تشرینی دووەمی

---

[82] سەعید بەدەل کە باسی ئەوە دەکات، دەڵێ کلووبی بتلیس لە کۆتاییی ساڵی ١٩٠٨دا دامەزراوە. بڕوانە: تاریخچەی جنشهای ملی کرداز قرن نوزدهم تا پایان جنگ جهانی دوم، ١٣٦٥ [١٩٨٤]، ل٣٧.

[83] م. س. لازاریڤ، هەمان سەرچاوە، ل٧٨.

ساڵی ١٩٠٨ نووسیویە، گوتوویە: ((ژمارەی ئەندامانی کلووبی کوردی گەیشتە چەند هەزار کەس)). لەگەڵ ئەمەشدا هەندێك کەسیش پێیان وایە ئەم ژمارەیە لە مانگی مارتی ١٩٠٩دا گەیشتوەتە هەشتا هەزار کەس[٨٤]. زۆربەی ئەم ژمارانە، لەبەر هەڵەی وەرگێڕان یاخود هەڵەی چاپ، نەنووسراون یان نادیارن، بەڵام سەرباری ئەمە ئەوە شتێکی ئاشکرایە کە ئەم ژمارانە زۆرن و، کلووبی بتلیس لە حاڵوباری ڕاستەقینەی خۆی زیاتر گەورەتر کراوەتەوە.

ئەگەر وا بیر بکەینەوە کە ئەو سەردەمە پێکهاتەی فیۆداڵی و خێڵەکی لە کوردستاندا بەهێز بووە، ئەوسا دەاتوانین بڵێین دەبێ ژمارەی ڕاستی ئەندامانی ئەم کلووبە لە ژمارەی فیوداڵەکان و منداڵ و بنەماڵەکانیاندا قەتیس بووبێ.

جەلیلی جەلیل پێی وایە چینی ناوەڕاستی کورد کە ئاکیموٚڤیچ بە"دەوڵەمەندەکان" ناویان دەبات، ڕۆڵی سەرەکییان لە کارە سیاسیەکانی ئەو سەردەمەدا هەبوە. دوای ئەوەش، باسی ئەوە دەکات کە ئەندامانی کلووب بڕی دەهەزار لیرەیان لەنێو خۆیاندا کۆکردوەتەوە بۆ دامەزراندنی کارگەیەك لە بتلیس. ناوبراو، لە درێژەی نووسینەکەیدا، ئاماژەی بەوەش کردووە کە دەرەبەگ و سەرۆك خێڵە کوردەکان لەم ڕێکخراوەدا بوون بە ئەندام بۆ پاراستنی بەرژەوەندەکانی خۆیان[٨٥].

"م. س. لازاریڤ"یش لەبارەی ئەم کلووبەوە گوتوویە: ((ئەم ڕێکخراوە بە ئەندازەی پێویست بەدیسپلین و نیوە عەسکەری بووە، هەموو

---

[84] د. جەلیلی جەلیل، هەمان سەرچاوە، ل٨٣.

[85] د. جەلیلی جەلیل، هەمان سەرچاوە، ل٨٣.

هەرێمـەکانی پارێزگـای بتلـیس نوێنـەری خۆیـان تێـدا هـەبوە)). کلـووبی کۆمیتەیەکی (١٠) کەسی‌ی تایبەت به شەڕیشی دروست کردووە بۆ خەڵك پەروەردەکردن بۆ شەڕ. لەلایەکی تریشەوە، ئەم کلووبە هەوڵی زۆری دەدابۆ بەرقەرارکردنی ئاسایش‌و پاراستنی ئارامی‌ی شارەکە[٨٦].

هەرچەندە هەواڵی جیاجیا هەن سەبارەت بەوەی کە کلووبی بتلیسی جەمعییەتی تەعاون‌و تەرەقی‌ی کورد خۆپیشاندانی لەدژی مەشرووتییەت ڕێـك خـستووە، بـەڵام ڕۆژنامـەی "تـەقویمی وەقـایع" ئەمـەی بـەدرۆ خستوەتەوە[٨٧].

## - داخرانی کلووبی بتلیس

هـەتا کلـووبی کـورد لـە شـاری بتلـیس کـراوە بوایـە، ((جەمعییـەتی ئیتیحادو تەرەقی هەرچیی بکردایە بۆ ڕاکێشانی دەوڵەمەندو ناودارەکانی کـورد بـەرەو لای خـۆی))[٨٨]، سـەرنەدەکەوت. ((لـەکاتی شکـستهێنـانی ڕاپەڕینەکـەی ٣١ی مـارتی سـاڵی ١٩٠٩ بـەدواوەو دوای لابردنـی سـوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لەسەر تەختی دەسەڵات، بەڕێوەبەرانی حکوومەت لە هەر هەلێکدا هەوڵی داخستنی کلووبە کوردیەکانیان دەدا. لـە نیوەی سـاڵی ١٩٠٩دا کلـووبی بتلـیس کـە بـەهێزترینی ئەمانـە بـوو، داخـرا))[٨٩]. دوای داخرانی کلووبی بتلیس لە مانگی مایسی ١٩٠٩دا، زۆربـەی ئەنـدامانی ئـەم

---

[86] م. س. لازاریڤ، جووڵانەوەکانی کورد لە سەردەمی ئێستاو نزیکدا، ل٧٨؛ د. جەلیلی جەلیل، هەمان سەرچاوە، ل٨٤.

[87] تارق زەفەر تونایا، هەمان سەرچاوە، ل٤٠٥. پشت بەستوو بە "تەقویمی وەقایع" نووسیویە.

[88] د. جەلیلی جەلیل، هەمان سەرچاوە، ل٨٤.

[89] م. س. لازاریڤ، کێشەی کورد (١٨٩١-١٩١٧). پشت بەستوو بە ڕاپۆرتەکانی بالوێزخانەی ڕووس لە ئەستەموول‌و ئەکیمۆڤیچی قونسڵی ڕووس لە بدلیس نووسیویە.

کلووبە بەناچاری بوون بە ئەندامی جەمعییەتی ئیتحادو تەرەقی. پاش ئەوەی جەمعییەتی ئیتحادو تەرەقی توانیی تا ئاستێك کوردەکان بخاتە نێو ڕیزەکانی خۆیەوە، ئیدی ناکۆکیی نێوان کوردو ئەرمەنی ورووژاند، ئەرمەنەکانیش لەمە کەوتنە گومان. کاری جەمعییەتی ئیتیحادو تەرەقی بۆ ڕاکێشانی دەوڵەمەندو پیاوماقووڵانی کورد بەرەو لای خۆی، وردە وردە بە ئەنجامی خۆی دەگەیشت. بەگوێرەی ئەوەی کە تونایا باسی کردووە، نووسراوێکی ڕەسمیی پارێزگاری بتلیس ئاماژەی بە یەکگرتنی لقی بتلیسی جەمعییەتی تەعاونو تەرەقیی کوردو جەمعییەتی ئیتحادو تەرەقی لە ساڵی ١٩٠٩دا کردووە[٩٠]. بەڵام بەپێی ئەو شتانەی کە لە سەرەوە باسمان کردن، ئەم یەکگرتنە شتێکی خواستراو نەبوە. هەر لەم بارەیەوە، ئەم ڕستانەی ((کۆمیتەی ئیتحادو تەرەقی کە ڕێنوێنی دەکرا بۆ دروستکردنی دووبەرەکی لەنێوان کوردو ئەرمەندا، هەندێك سیخوڕی بە نهێنی دەنارده پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا)) مانا پەیدا دەکەن[٩١].

### ١. ٨. ٢. کلووبی مووش

بەگوێرەی تەلگرافێك کە لە ڕۆژنامەی جەمعییەتی تەعاونو تەرەقیی کورددا بڵاوبووەتەوە، کۆمەڵە لە ٢٤ی کانوونی یەکەمی ١٣٢٤دا لقی خۆی لە شاری مووش کردوەتەوە. لە دامێنی ئەم تەلگرافەوە، ناوی ئەم کەسانە نووسراوە، سیراجەدین نادر، حیلمی (بەڕێوەبەری پێشووی کاری نووسینی شاروچکەی گەنج)، موفتیی

---

[90] تارق زەفەر تونایا، هەمان سەرچاوە، ل٤٠٥.

[91] ئا. سافراستیان، کوردو کوردستان، ل٢٥؛ م. س. لازاریڤ، کێشەی کورد (١٨٩١–١٩١٧).

پێشوو محەمەد عەرەبزادە (لە زانایان)، عوسمان (لە شێخەکان )، فەتحوڵڵای موفتیزادە (لە ناودارەکان)، نیازی (لە ئەریستۆکراتەکان)، لەنێو ئەمانەدا حیلمیو عەرەبزادە ئەندامی ئەم لقە تازە دامەزراوە بوون.

کلووبی مووش پێوەندیی لەگەڵ گرنگترین خێڵەکانی ئەو دەوروبەرەدا دروست کردبوو[92]. کاتێ جەمعییەتی ئیتیحادو تەرەقی کلووبە کوردیەکانی داخست، کوردەکانیش بەشێوەیەکی ئاسایی ناڕەزاییيان بەرامبەر دەربڕی.

بەگوێرە ئەو هەواڵانەی کە گەیشتوونە ڕۆژنامەی "هۆریزۆنت"ی ئەرمەنی، کوردەکان دوای داخرانی کلووبەکان، بە شێوەیەکی نهێنی کارەکانی خۆیان لەنێو قوتابخانە دینیەکاندا درێژە پێدا. بۆ نموونە، لە دەوروبەری بولانك (بولانقە)و مەلازگرد کۆبوونەتەوەو گفتوگۆیان لەسەر بەرنامەی کار کردووە[93].

### ١. ٨. ٣. لقی دیاربەکر (ئامەد)

سەرۆکی لقی ئامەدی جەمعییەتی تەعاونو تەرەقیی کورد موفتی سوبحی ئەفەندی کوڕی لەبیب بووە کە هەردوکیشیان شاعیر بوون. ناوبراو، ساڵی ١٩١٢ کۆچی دوایی کردووە[94]. ئەم ڕوونکردنەوەیەی خوارەوە کە لە سەر بەرگی دوایی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی جەمعییەتی تەعاونو تەرەقیی کورددا نووسراوە، باسی ئەوە دەکات کە عارف ئەفەندی پیرنجچیزادە (١٨٥٣-١٩٠٩) ئەندامی کۆمەڵە بووە: ((ئەوەمان لەلایەن لقی ئامەدی جەمعییەتی ئیتحادو

---

[92] سعید بدل، هەمان سەرچاوە، ل٣٧؛ م. س. لازاریف، کێشەی کورد (١٨٩١-١٩١٧).

[93] د. جەلیلی جەلیل، هەمان سەرچاوە، ل٨٦.

[94] تارق زەفەر تونایا، هەمان سەرچاوە، ل٤٠٤.

تـەرەقـیـیـەوە پـێ ڕاگەیانـدراوە کـە عـارف ئەفەنـدی پیرنجـچیزادەی ئەنـدامی کۆمەڵە بە نوێنەری شاری ئامەد هەڵبژێردراوە)). (m.d.s)

بەڵام لێرەدا بەڕوونی دیار نییە کە ناوبراو ئەندامی کام کۆمەڵـە بووە، پرسیاری ئەوە دروست دەبێ کە ئایا ناوبراو ئەندامی جەمعییـەتی تـەعاون و تەرەقیی کورد، یاخود ئەندامی جەمعییەتی ئیتیحادو تـەرەقی بووە ؟ چونکە وا دەزانرێ عارف ئەفەندی ئەندامی جەمعییەتی ئیتحادو تەرەقی بووە.

عـارف ئەفەنـدی پیرنجچیزادە یـەکێك بـووە لـە گـەورە فیۆداڵـەکانی ئـەو سـەردەمە، زیاتر لـە ٣٠ گونـدی هـەبوە، خـاڵی زیـاگوك ئالپـە، لـە ڕێی باوك و دایکیـشیەوە خزمایـەتیی لەگـەڵ شـاعیری نـاودار "جاهـد سـکتی تـارانجی"دا هـەبوە. عـارف ئەفەنـدی سـاڵی ١٨٧٨ نووسـەری ڕۆژنامـەی"دیاربـەکر"و ئەندامی دادگای ئیستیناف بووە[٩٥].

لقی ئامەد جاروبار تەلگرافی بۆ ناوەندی گشتی ناردووەو، زانیاریی لەبارەی کارەکانی خۆیەوە پێداوە. بۆ نموونە، لە نووسراوێکی ناو شەشەمین ژمارەی ڕۆژنامەکەی کۆمەڵەدا، وەها گوتراوە: ((بەداخەوە هەندێك بڵاوکراوەی دژ بە عارف ئەفەندی پیرنجچیزادە دەبینین، کە پێشتر ئەندامی جەمعییەتی ئیتحـادو تـەرەقی بـووە، دواتـر وەکـوو نوێنـەری شـاری ئامـەد لـە مـەجلیس هاتوەتـە ئەسـتەنبووڵ. هـەر لـەم بارەیـەوە، تـەلگرافێکی لقـی ئامـەدی "جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی"مان لە ژمارەی پێشووماندا بڵاوکردەوە)).

پێشتر لە بابەتێکدا باسی ئەوەمان کرد بە چ شێوەیەك وەڵامی فەیزی پیرنجچیزادە لە ڕۆژنامەکەی کۆمەڵەدا دراوەتەوە، هەر بەهەمان شێوە کاتێ

[٩٥] شەوکەت بەیسان ئۆغلوو، مێژووی دیاربەکر بە کتێبخانەکانیەوە، بەرگی ٢، ئەنقەرە، ١٩٩٠، ل٧٤٩.

نامەیـەك یـاخود تـەلگرافێك لـە ئامـەدەوە ڕەوانـەی ناوەنـدی گـشتی دەكـرا، لەڕێی ڕۆژنامەوە وەڵامی دەدرایەوە.

### ١. ٨. ٤. لقی مووسڵ

هەرچەندە باسی ئەوە دەكرێ كە لقی مووسڵی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی‌ی كورد لە ٤ی كانوونی یەكەمی ١٣٢٤–(١٩٠٨)دا دامەزراوە[96]، بەڵام سەبارەت بەم لقە زانیارییەكی ئەوتۆمان لەبەردەستدا نییە. لقی مووسڵ (٣١ی كانوونی یەكەمی ١٣٢٤) دەقی تەلگرافێكی لە ژمارەی حەوتەمی جەمعییەتی تـەعاون و تەرەقیـدا بڵاوكراوەتـەوە. لـەم تەلگرافـەدا، باسـی كـوژرانی شـێخ سەعیدی باوكی شێخ مەحموودی بەرزنجی لە ئەنجامی پەلامارێكداو خرانە ژێر چاودێری‌ی شێخ مەحموودو عەبدولقادری برای كرابوو:

((بۆ ناوەندی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی لە ئەستەنبووڵ دەمەقرەیەك لـەنێوان خـەڵك و دەسـتەیەك سـەربازی سـوارەدا كـە لەكەركوكـەوە هـاتبوون، دروست بوو. لە ئەنجامی ئەمەدا سەربازە خۆجێییەكان لەگەڵ خەڵكدا بوون بەیەك و، شەش كەسیان لەو دەستەیە كوشت. ڕۆژی دواتریش هەموویان پێكەوە بڕیاری (جیهادی ئەكراد)یان دا، پەلاماری شوێنی نیشتەجێبوونی شێخیان دا. شێخ بۆ ئەوەی بڵاوە بكەن، بە قورئانێكەوە لێیان پاڕایەوە، بەڵام گوێیـان لێ نـەگرت و قورئانەكەشی پـەڕپووت كـراو لـە بەرامبـەر حكوومەتـدا (بەرپرسانی حكوومی) كوشتیان و چوونە نێو ماڵەكەی، ئەحمەدی كوڕی و زیاتر لە چل كەسیان لە موریدەكانی كوشت و بریندار كرد و دەستیان بەسەر بەشـێكی زۆری ماڵەكەیـدا گـرت. نـەقیبی بـرای و كوڕەكـانی و مـەحموودو

[96] تارق زەفەر تونایا، هەمان سەرچاوە، ل٤٠٤.

عەبدولقادر هێشتا لەژێر چاودێریی حکوومەتدان. لقی مووسڵی جەمعییەتی تەعاون‌و تەرەقی)).

### ١. ٨. ٥. لە خنس

جەمعییەتی تەعاون‌و تەرەقی، زۆربەی کلووبەکانی خۆی بەپێی نەریتی خێڵەکی دامەزراندووە، هەر لەبەر ئەمەش باسی ئەوە دەکرێ کە کاروباری ڕێکخستنەکەی کێشەی تێدا بووەو درەنگ کەوتووە.

بۆ نموونە، دەتوانرێ لەم بارەیەوە باسی جیابوونەوەی عەشیرەتی چارەکانی خنس لە لقی کۆمەڵەی ئەوێ بکرێ. لەبەر ئەوەی بەڕێوەبەرانی لقی خنسی کۆمەڵە تا ئەوکاتە زوڵم‌و ستەمیان لە خێڵی چارەکان کردووە، ئەم خێڵە بەتەواوەتی نەکەوتوەتە بەر تین‌وتاوی کۆمەڵەو خۆیان کلووبێکی جیاوازیان داناوە. تەنانەت بەگوێرەی ڕۆژنامەی "گۆرتیس"ی ئەرمەنی کە ئەو سەردەمە بڵاوبووەتەوە، خێڵی چارەکان، لەبەر ئەو ستەمە کە لەلایەن کوردەکانی تری ئەو هەرێمەوە لێیان کراوە، ویستوویانە پێوەندی لەگەڵ ئەرمەنەکاندا بگرن[٩٧].

### ١. ٨. ٦. لە ئەرزڕۆم‌و بەغدا

هەرچەندە هەندێك سەرچاوە پێیان وایە جەمعییەتی تەعاون‌و تەرەقی خۆی لە ئەرزڕۆم ڕێك‌خستووە[٩٨] و لقێکی خۆی لە بەغدایش کردوەتەوە[٩٩]، بەڵام زانیارییەکی ئەوتۆمان لەسەر ئەوانە نییە.

---

97 د. جەلیلی جەلیل، هەمان سەرچاوە، ل٨٥.

98 سەعید بەدەل، هەمان سەرچاوە، ل٣٧.

99 د. ئیبراهیم ئەدهەم گورسەل، ڕاستیی کوردایەتی، ئەنقەرە، ١٩٧٧، ل٤٧.

## ١. ٩. داخرانی ناوەندی ئەستەنبووڵ

هێشتا نازانین ناوەندی گشتی جەمعییەتی تەعاونو تەرەقیی کورد لە چ کاتێکدا داخراوە، بەڵام هەندێك سەرچاوەی جۆراوجۆر پێیان وایە ئەم ناوەندە لەلایەن حکوومەتەوە داخراوە. ئەگەرچی هەندێك سەرچاوەی تورکی دەڵێن ئەم ڕێکخراوە ((توانیویەتی تەنیا بۆ ماوەی چوار ساڵ کاربکات))و لە ساڵی ١٩١٢دا داخراوە[100]، بەڵام هیچ بەڵگەیەك بەدەستەوە نییە ئەمە جەخت بکاتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ڕۆژنامەکەی کۆمەڵە تەنیا بۆ ماوەی نۆ مانگ دەرچووە، بە سەرنجدانی ئەو زانیاریانەی کە دەڵێ جەمعییەتی تەعاونو تەرەقی لە کۆتاییی ساڵی ١٩٠٩دا کارو چالاکیی نەماوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە تەمەنی ئەم ڕێکخراوە درێژ نەبوە[101]. زیاتر ڕێی تێدەچێ کە کۆمەڵە دوای ڕووداوەکەی ٣١ی مارتی ١٩٠٩ داخرابێ.

وەك پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، دەگوترێ گوایە دوای ئەوەی جەمعییەتی تەعاونو تەرەقی بە گوشاری جەمعییەتی ئیتیحادو تەرەقی داخرا، بۆ ماوەیەك بە شێوەیەکی ناڕەسمی درێژەی بە کارو چالاکیەکانی خۆی داوە[102].

---

[100] هەمان سەرچاوە، ل٤١. چای، د. م. عەبدولخەلووق، تۆڕەکانی خیانەت لەدوای مەشووتییەتی دووەم: (١) "کەلتووری تورك"، بەرگی ٢٠، ژ٢٢٣-٢٢٤، ل٨٤.

[101] د. جەلیلی جەلیل، هەمان سەرچاوە، ل٧٦، ٨٦.

[102] د. بلەچ شێرکۆ، کێشەی کورد: مێژینەو ئێستای کورد، ل٦٢.

زنار سلۆپی کاتێ باسی داخرانی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کوردی کردووە، وەهای گوتووە:

((... کاتێ کۆمەڵە داخرا، لقی (نەشری مەعاریف)یش بەناچاری دەرگاکانی خۆی داخست و، ئیدی لەوەبەدوا ڕۆژنامەکەش [ڕۆژنامەی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کورد: مالمیسانژ] دەرنەچوو)). ((... دوای داخرانی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی لەلایەن دەوڵەتەوە، قوتابخانەکە داخراو، چاپ و پەخشی ڕۆژنامەی "کوردستان"یش وەستێنرا))[103].

سەرەڕای ئەو جیاوازیی بیرو بۆچوونە کە لەنێوان بەڕێوەبەرانی کۆمەڵەو ئارسیتۆکرات و بیرۆکرات و ڕۆشنبیرە کوردەکاندا هەبوو، ناکۆکیی شەخسی و بنەماڵەییی نێوان سەید عەبدولقادرو بەدرخانیەکان هەر بەردەوام ڕێگر بوو لەبەردەم ئەوە کە کارەکانی کۆمەڵە بەرهەمیان زیاتر بێ، بەپێچەوانەوە هەڵوەشانەوەکەیی ئاسانتر کردووە[104].

## ١. ١٠. ئەنجام

بنکەی ژین
www.zheen.org

وەك ئەنجام دەتوانرێ بگوترێ: جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کورد لە کوردستان زیاتر هەوڵی سازدانی هەندێك ڕیفۆرمی ئیداری، ئاگادارکردنەوەی خەڵك، پەروەردەو چاپ و پەخش بە زمانی کوردیی داوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم ڕێکخراوە سەرەڕای بۆچوونە ناوەندگر (معتدل)ەکانی خۆی، ڕۆڵی پێشەنگی لەنێو جووڵانەوەی نەتەوەییی کورددا هەیە. ئەم کۆمەڵەیە، وەك یەکەم ڕێکخراوی

---

[103] زنار سلۆپی، هەمان سەرچاوە، ل٢٣، ٢٥.

[104] زنار سلۆپی، هەمان سەرچاوە، ل٢٣.

هاوچەرخی کورد، لقی خۆی لە کوردستان کردوەتەوەو یەکەم هەنگاوەکانی لە تێکۆشانی سیاسی– دیموکراتیی کورددا هەڵگرتووە، بووە بە سەرەتایەك بۆ ئەو خەباتانەی کە دواتر لەپێناوی ماف و داخوازیە نەتەوەییەکانی کورددا کراون.

لەوەش گرنگتر، ئەوەیە کە کوردەکان لەڕێی ئەم ڕێکخراوەوە پێیان ناوەتە قۆناغی ڕێکخستنی هاوچەرخ و، بۆ یەکەم جار ڕێکخراوێکیان جیاواز لە عوسمانیەکانی تر بە ناسنامەی کوردییەوە دامەزراندووە، ئۆرگانێکی ڕاگەیاندنی ڕێکخستنیان بڵاوکردوەتەوە. سەرەڕای ئەوەی کە داخوازیەکانیان لە جۆری ڕیفۆرمخوازی ناوەندگر بوو، بەڵام ڕێکخراوەکەیان لەلایەن جەمعییەتی ئیتحادو تەرەقییەوە داخراو ڕێی پێنەدرا ماوەیەکی درێژ بمێنێتەوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، بۆچوون و ڕێکخراوەکانی نەتەوەخوازی کوردەکان، لەڕێی ئەم ڕێکخراوەوە پێشکەوت، دواتر خۆی نوێ کردەوەو بەردەوام بوو. هەر بەم مانایەش، هەوڵ و کۆششەکانی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کورد بێهودە نەبوەو ڕەنجەکانی بەفیڕۆ نەچوە.

## ٢. ئۆرگانی ڕاگەیاندنی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی؛ ڕۆژنامەی تەعاون و تەرەقیی کورد*

بزووتنەوەی نەتەوەییی کوردیش، وەکوو هەموو جووڵانەوەی نەتەوەییەکانی تر، توانیویە لەڕێی ڕاگەیاندنی نووسراوەوە بۆچوونەکانی خۆی دەربڕێ و بڵاوبکاتەوە. ڕۆژنامە کوردیەکان و ڕۆژنامەی تەعاون و تەرەقیی کورد کە کۆنترینی هەموویانە، لەم بارەیەوە بایەخێکی مێژوویی تایبەت بە خۆیان هەیە.

لە پێڕەوی کۆمەڵەدا باسی ئەوە کراوە کە کۆمەڵە هەفتەنامەیەك بە زمانی تورکی و کوردی دەردەکات. هەر بەپێی ئەمە، ئۆرگانی ڕاگەیاندنی کۆمەڵە، یانی ڕۆژنامەی تەعاون و تەرەقیی کورد "کرد تعاون و ترقی غزتەسی" لە ئەستەنبووڵ دەرچوو. لە ڕووبەرگی یەکەم ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیەدا ئەمانەی خوارەوە نووسرابوون:

ڕۆژنامەی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کورد (١٣٢٤)
ئامرازی دەربڕینی بۆچوونەکانی جەمعییەتە
ڕێکەوتی دامەزراندن، ١٣٢٤/١٣٢٦ (١٩٠٨)

ژمارەی؛ ١ یەکەم، (٢٢ی تشرینی دووەمی ١٣٢٤-١١ی زیلقەعدەی ١٣٢٦ (١٩٠٨)، ڕۆژنامەیەکی دینی-زانستی-سیاسی-ئەدەبی و کۆمەڵایەتییەو حاڵی حازر هەفتەی جارێك دەردەچێ.

---

* ڕاستتر ئەوەیە کە ئەو ئۆرگانە گۆڤارە، نەك ڕۆژنامە، چونکە هەموو مەرجەکانی گۆڤاری تێدایە. چاوخشاندنێکی خێرا بە هەر ٩ ژمارەکەیدا کە مامۆستا محەمەد ئەمین بۆزئەرسلان لەچاپی داوەتەوە، ئەم ڕاستییە بەڕوونی ئەخاتە ڕوو. لەبەر ئەمانەتی وەرگێڕان، دەستکاریی ئەو ناوە نەکرا. (سدیق ساڵح)

بەرگی؛ ١ یەکەم

دەرسەعادەت (ئەستەنبووڵ)

چاپخانەی سەلانیك ١٣٢٤

لە بەشی سەرووی یەکەم لاپەڕەی هەمان ژمارەشدا، ئەم شتانە نووسرا بوون:

١١ی زیلقەعدە (ذي العقدة)ی ١٣٢٦ شەممە-٢٢ی تشرینی دووەمی ١٣٢٤

ڕۆژنامەی تەعاون و تەرەقی‌ی کورد ١٣٢٤

ئامرازی دەربڕینی بۆچوونەکانی جەمعییەتە

ڕیکەوتی دامەزراندن ،١٣٢٦/١٣٢٤ (١٩٠٨)

خاوەنی ئیمتیازو بەڕێوەبەری نووسینی هەڵبژێردراوی جەمعییەت: تۆفیق سولەیمانیەیی

نرخ: بۆ دەرەوەی ئەستەنبووڵ (دەوروبەر) لەگەڵ خەرجی‌ی پۆستەدا ساڵانە ٨٠ قوروش، بۆ ماوەی شەش مانگیش ٤٥ قوروش لە بەشداران وەردەگیرێ

دانەی بە یەك قوروشە

سەردەستەی هەواڵنێرەکان: ئەحمەد جەمیلی دیاربەکری (ئامەدی)

لاپەڕەکانمان هەمیشە کراوەن بۆ قەڵەمبەدەست و بیرمەندانی کورد. ئەو بەڵگەو بەرهەمانەی کە تۆماردەکرێن، نادرێنەوە بە کەس.

بەڕێوەبەرێتی؛ ناوەندی گشتی‌ی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی‌یە لە وەزنەجیلەر

دانەیەکی ژمارەی یەکەم بۆ ئەندامانی کۆمەڵەکەمان بە (٥) پێنج قوروشە

www.zheen.org

- ژمارە: ١

ڕۆژنامەیەکی دینی- زانستی- سیاسی- ئەدەبی- کۆمەڵاتییە، حاڵی حارز هەفتەی جارێك دەردەچێ.

- بەرگی: ١

لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەی خوارەوە بەرچاو دەکەون:

- سەرەتا: م. تۆفیقی سولەیمانیەیی.
- بەیاننامەی کۆمەڵە.
- پوختەیەکی سیاسی، (A-E).
- کوردەکانو کوردستان؛ ئیسماعیل حەقی بابان زادە.
- ئەمریکای عوسمانیو بەختیاریی ئایندەی خێڵەکان، ئەحمەد جەمیلی دیاربەکری (ئامەدی).
- عەسکەری، فەتحی سولەیمانیەیی.
- کێشەیەکی گرنگ، سەرۆکی کۆمەڵە سەید عەبدولقادر.
- کوردەکانو ئازایەتیی گەلان، م[ەلاتیەلی] بەدری.
- زمانی ئێمە، کوردی؛ مەلا سەعیدی بەدیعوززەمان[١٠٥].
- ئامۆژگاریەکانی کوردی.
- ئەی گەلی کوردان ! ئەحمەدی شەوقی سەییاح.
- کوردی بابانی؛ بە مەبەستی بەکارهێنانی لەنێو جەمعییەتدا.
- شیعرە کوریەکان، تەوفیقی سولەیمانیەیی.
- بایکۆتو ڕەتکردنەوە.

---

[105] بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: مالمیسانژ، بەدیعوززەمان سەعید کوردیو کێشەی کورد، بڵاوکراوەکانی ژینا نو، ئۆپسالا، ١٩٩١.

• داخوازینامەیەك بۆ قەڵەمبەدەستو بیرمەندانی کورد.

• ناڕەزایی.

• [هەواڵەکان]

ئەگەر بڕوانینە نووسینەکانی زنار سلۆپی، وا دیار دەبێ کە کوردەکان لە قۆناغی مەشرووتییەتی دووەمدا، توانیانە هەندێك ڕۆژنامەو گۆڤار بڵاوبکەنەوە، ((... یەکەم گۆڤارو ڕۆژنامە ساڵی ١٩٠٨و دوای ڕاگەیاندنی ئازادیو بە پشتیوانیو هاوکاریی جەمعییەتی تەعاونو تەرەقیی کوردو بە لێپرسراوێتیی جەمیل بەگی میری کاتبزادەی دیاربەکری (ئامەدی)و بە هاوکاریی خەلیل خەیاڵیی مۆتکیو ئەحمەد ڕامیز بەگی لیجەیی[106] بڵاوبووەتەوە. ناوی ئەم گۆڤارو ڕۆژنامەیە "کوردستان"و لەنێو خەڵکدا بڵاوبووەتەوە))[107].

هەرچەندە لە هەمان کاتدا "سورەییا بەدرخان" لە ئەستەنبووڵ ڕۆژنامەیەکی بەناوی "کوردستان"ـەوە بڵاوکردووەتەوە، بەڵام بەگوێرەی ئەو بەدواداچوونانەی کە من لەم بارەیەوە کردوومن، ئەو ڕۆژنامەیەی وا ئەحمەد جەمیل بەگی دیاربەکری سەرنووسەری بووەو ساڵی ١٩٠٨ دەرچووە، هەمان ڕۆژنامەی تەعاونو تەرەقیی کورد بووە.

هەر لە یەکەم ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیەشدا ئەوە دیاری کراوە کە تەوفیقی سلێمانیەیی بە هەڵبژاردن بووە بە خاوەن ئیمتیازو

---

[106] بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ئەحمەد ڕمز بەگی لیجەیییەوە، بڕوانە: مالمیسانژ، نەتەوەخوازیی کورد لە سەرەتاکانی ئەم سەدەیەداو عەبدوڵڵا جەودەت، بڵاوکراوەکانی ژینا نوو، ئۆپسالا، ١٩٨٦، ل٤٢-٥٠.

[107] زنار سلۆپی، هەمان سەرچاوە، ل٢٣، ١٦٤.

بەڕێوەبەرو نووسەری ڕۆژنامەکە، ئەحمەد جەمیل بەگی دیاربەکریش بووە بە سەرنووسەری.

تا ئەو جێیەی کە ئێمە ئاگادارین، ڕۆژنامەی تەعاون و تەرەقیی کورد نۆ ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە کە ڕێکەوتی دەرچوونی هەندێکیان بەم جۆرەی خوارەوەیە:

| ژمارە | ڕێکەوتی دەرچوون |
|---|---|
| ١ | ٢٢ی تشرینی دووەمی ١٣٢٤-١١زیقەدەی ١٣٢٦ [١٩٠٨] |
| ٥ | ٢٠ی کانوونی یەکەمی ١٣٢٤[١٩٠٩][١٠٨] |
| ٦ | ٢٧ی کانوونی یەکەم ١٣٢٤-١٧ی زیحەجەی ١٣٢٦[١٩٠٩] |
| ٧ | ٣ی کانوونی دووەمی ١٣٢٤-١ی موحەڕەمی ١٣٢٧ [١٩٠٩] |
| ٨ | ١٠ی کانوونی دووەمی ١٣٢٤-٨ی موحەڕەمی ١٣٢٧ [١٩٠٩] |
| ٩ | ١٧ی کانوونی دووەمی ١٣٢٤-٨ی موحەڕەمی ١٣٢٧[١٩٠٩][١٠٩] |

بەپێی زانیارییەکانی ئێمە، ڕۆژنامەی تەعاون و تەرەقیی کورد دوای ڕۆژنامەی "کوردستان" کە لە ساڵی ١٨٩٨دا دەست بە پەخشکردنی کراوە، دووەم ڕۆژنامەیە کە بابەتی کوردیی تێدا بڵاوکراوەتەوە. لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا تەنیا بابەتی کوردی باکوور بڵاوکراوەتەوە. بەڵام لەم ڕۆژنامەیەدا بابەتی کوردی باکوورو هی باشووریش بڵاوکراوەنەتەوە. بە واتایەکی تر، ڕۆژنامەی تەعاون و تەرەقیی کورد یەکەم ڕۆژنامەیە کە بابەتی کوردی باشووری بڵاوکردوەتەوە.

---

108 تارق زەفەر تونایا، هەمان سەرچاوە، ل٤٠٤.

109 م. شوکری هانیئۆغڵوو، سەردەمی دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت وەك بیرمەندێکی سیاسی، ل٣١٨.

ڕۆژنامــەی "کوردســتان" پــانزە ڕۆژ جارێــك دەردەچــوو، لەبەرامبــەر ئەمەشدا ڕۆژنامـەی تـەعاون‌و تـەرەقی‌ی کـورد ڕۆژنامەیـەکی هەفتانـە بـوو. ڕۆژنامەی "کوردستان" لە میسرو ئەوروپا دەردەچوو و پەخشکردنی لەنێو وڵاتـدا قەدەغـەبوو، بـەڵام ڕۆژنامــەی تـەعاون‌و تـەرەقی‌ی کـورد هـەم بـە شێوەیەکی یاسایی دەردەچوو، هەم لەبەر ئەوەی کە لە ئەستەنبووڵ چاپ دەکرا، ئاسانتر بڵاو دەبوەوە. هەر لەبەر ئەمانەش، ئەم ڕۆژنامەیە ڕۆڵێکی گرنگی بۆ کوردەکان هەبوە.

سـەبارەت بـە مەسـەلەی کـارو چـالاکیەکانی جەمعییـەتی تـەعاون‌و تـەرەقی‌ی کـورد، باسـی ئـەوەمان کردبـوو کـە کۆمەڵـە هـەوڵی فراوانـی دابـوو بـۆ پەرەپێـدانی زمـان‌و ئـەدەبیاتی کـوردی‌و باشـکردنەوەی پێوەنـدی‌ی کـوردو ئەرمـەن. دەتـوانین هـەمان ئـەو شـتانە لـەبارەی "ڕۆژنامەی تەعاون‌و تەرەقی"شەوە بهێنینە سەر زمان.

بەرپرسانی ڕۆژنامەکە داوایان لە قەڵەمبەدەستان‌و بیرمەندانی کورد دەکرد کە بابەت لە ڕۆژنامەکەدا بنووسن‌و بەم جۆرە بانگەوازیان بۆ دەکـردن: ((... ڕۆژنامەکـەمان دەبـێ بـە ئـامرازی گواسـتنەوەی بابەتـە پێــشکەشکراوەکانتان بــە کوردســتانەکەمان، بەرامبــەر بەمــەش، کۆمەڵەکــەمان ڕێــزو سوپاســتان پێــشکەش دەکـات. لەبــەر ئــەوەی ڕۆژنامەکــەمان ڕۆژنامەیــەکی دینــی– سیاســی– زانــستی– ئــەدەبی– کۆمەڵایەتییە، بە مەرجێك تا ڕادەیەك بۆنی خۆشی کوردایەتیی لێوە بێ، بۆ هەموو جۆرە بابەتێکی تازە گونجاوە)) [١١٠].

[110] ڕۆژنامەی تەعاون‌و تەرەقی‌ی کورد، ژ١.

خاڵێکی سەرنجڕاکێش، ئەوەیە کە ڕۆژنامەکە بایەخی بەم بابەتانەی خوارەوە داوە؛ ڕێگرتن لە پەیدابوونی کێشەو شەڕو ئاژاوەی نێوان خێڵەکان، دروستکردنی یەکێتیو یەکڕیزیی کوردەکانو باشکردنی وەزعی کۆمەڵایەتی، بایەخی پەروەردەو خوێندن، زوڵمو ستەمەکانی بەڕێوەرێتیی ملهوڕی بەر لە مەشرووتییەتی دووەم، بایەخو پێویستیی دەستوورو مەشرووتییەت.

هەندێك لە بەرپرسانی ڕۆژنامەکەو کەسانی وەك خەلیل خەیاڵی، سەعیدی کوردیو ئیسماعیل حەقی بابانزادە، لە نووسینەکانی خۆیاندا، لەسەر ئەم بابەتانە شتیان نووسیوە. بۆ نموونە، خەلیل خەیاڵی لە نووسینێکی خۆیدا پێشنیاری ئەوەی کردووە کە کوردەکانیش وەك ئەلبانیەکان واز لە شەڕو ئاژاوەی ناوخۆ بهێننو پێکەوە وەك برا بژین. نووسەر هەر لەو بابەتەی خۆیدا گوتوویە: ((هاوڕێیان ! قوتابخانە بکەنەوە، با منداڵەکانتان لەسەر مێژووی زانست بخوێنن، ئەوانە بە شایستەی نەزانی مەبینن)). لە بەشێکی تری ئەم بابەتەدا، ڕووی قسەی خۆی کردوەتە شێخو سەرکردە کوردەکانو گوتوویە: ((ژیانی گەلەکەمانو پاراستنی نیشتمانەکەمان لە دەستی ئێوەو یەکگرتنی ئێوەدایە))[١١١].

سەعیدی کوردی لە نووسینێکی خۆیدا لە ڕۆژنامەکەدا، باسی سێ ناوەڕۆکی کردووەو، ئەمانەی بە ئیسلامەتی، مرۆڤایەتیو نەتەوەیی ناوبردووە؛ وەکوو سێ دوژمنیش باسی، ((١- هەژاری ،٢- نەزانیو نەخوێندەواری، ٣- دوژمنایەتیکردنی یەکترو لەیەك تێنەگەیشتن))ی

[111] ڕۆژنامەی تەعاونو تەرەقیی کورد، ژ٨، ل٧٠-٧١.

کردووه. بەگوێرەی بۆچوونی ئەو، ڕێگەچارە لەمانەدایە، ١- عەدالەت، پەروەردە (کەلتوور-زانست)و خوێندن، ٢- یەکێتیو خۆشەویستیی نەتەوەیی، ٣- هەرکەس کاری خۆی بکات. دوا ئامۆژکاریشی: خوێندن، خوێندن، خوێندنو هاوکاری، هاوکاری، هاوکارییە. سەعیدی کوردی لە نووسینێکی تری خۆیدا لەنێو ئەم ڕۆژنامەیەدا، لە بایەخی خۆشەویستیی نەتەوەیی، یەکێتیو پەروەردە دوواوە[112].

ئیسماعیل حەقی بابان زادە گوتوویە: ((یەکەمو دواین کار بۆ ئێمەی کورد کە لەنێو ڕۆژهەڵاتیەکانو لە ڕۆژهەڵاتدا بە شێوەیەکی تایبەت دواکەوتووین، تێکۆشانی بەردەوامی شەوو ڕۆژییە. تێکۆشانە، تێکۆشانە)). ناوبراو، لە وەڵامی پرسیاری "ئەم تێکۆشانو کارە چۆن دەست پێ بکەین ؟"دا، گوتوویە: ((پەروەردە، پەروەردە، پەروەردە))[113]. یەکێکی تر لە بابەتە گرنگەکانی ناو ڕۆژنامە، نووسینەکانی شاعیری ناودار سولەیمان نەزیفی کوڕی سەعید پاشای کوردی دیاربەکرییە. سولەیمان نەزیف گوتوویە: ((بەڵێ، کوردستان وێرانە، هەموو خراپەو مەترسیی دنیالێرە دەردەکەونەوە. با ئەم حکوومەتە پاشکەوتووە بۆ حاڵی ئەم دەوڵەتە گەورەیە بگری کە هێزێکی داگیرکاری جیهانیی بە خێڵێك بەخشی. گوتمان با بگری، بەڵام نا ئەمەش پێویست نییە، هەر ئەوەمان بەسە کە کەس نەگرێنێ !))[114].

---

[112] ڕۆژنامەی تەعاونو تەرەقیی کورد، ژ١، ل٧؛ ژ٧، ل٧٠-٧١.

[113] بابان زادە ئیسماعیل حەقی، کوردو کوردستان، ڕۆژنامەی تەعاونو تەرەقیی کورد، ژ١، ل٣-٤.

[114] ڕۆژنامەی تەعاونو تەرەقیی کورد، ژ٧، ل٤٩.

هەر لەم باسەدا، پێویستە لە بابەتێکی مەزهەری مەزهەرزادە بدوێین کە بە سەردێڕی "کتێبخانەکان" لە ڕۆژنامەی تەعاون و تەرەقی ی کورددا بڵاوبووەتەوە[115]. لەنێو ڕاگەیاندنی کوردیدا ئەمە یەکەم بابەتێك بووە کە لەسەر کتێبخانەکان نووسراوە. تەنانەت لە قۆناغەکانی دواتریشدا، شتێکی لەو بابەتەمان لەنێو ڕاگەیاندنی کوردیدا نەبینیوە، ئەمەش خۆی جێی سەرنجە.

ئەو بۆچوونانەی کە مەزهەرزادە لەبارەی کتێبخانەدارییەوە هێناونیەوە، هەمان ئەو تێڕوانینانەن کە کتێبخانەدارە هاوچەرخەکانیش باسیان کردوون. بەگوێرەی ئەو، بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەکی کورت و باشەوە بگەیتە ئامانجەکان، پێویستە کتێبخانەکان لەتەنیشت قوتابخانەکان دابمەزرێن و زیاد بکرێن. لەبەر ئەوەی خوێندکارە گەنجەکان بۆخۆیان نەیاندەتوانی کتێب و ئامرازی پێویست بۆ خوێندن و پێشکەوتن پەیدا بکەن، بەناچاری لەگەڵ کێشەکانی بەردەم پێگەیشتن و پێشکەوتندا ڕووبەڕوو دەمانەوە، ئەمەش لە ئاستی داخوازی و کارەکانیانی بۆ پەروەردە کەم دەکردەوە، زیانی بە بەختیاری و ئاسوودەیی ی خەڵك دەگەیاند.

مەزهەرزادە کتێبخانەی وەك بەرستێك بەرامبەر بە نەداری، پیاوکوژی (بکوژی) و خراپەکاری لەقەڵەم داوە. نووسەر، لە بەشی کۆتایی ی بابەتەکەی خۆیدا، هەتا توانیویە ڕۆڵی کتێبخانەکانی گەورە کردوەتەوەو گوتوویە: ((تاقە ڕێگەی ڕزگارکردنی منداڵە ستەمدیدەکانی عوسمانی ی لێقەوماو، دانانی قوتابخانەو دامەزراندنی

[115] ڕۆژنامەی تەعاون و تەرەقی ی کورد، ژ٦، ل٤٥-٤٦.

کتێبخانەیە)). لە درێژەی ئەمەدا ئاماژەی بەوە کردووە کە پێویستە پیاوماقووڵانو گەورە کەسانی شار کۆمەڵەیەکی خێرخوازی دابمەزرێنن، لەڕێی ئەمەوە چاودێریی کتێبخانەو کتێبخانەدارەکان بکرێو جاروباریش کۆببێتەوە بۆ بەهێزکردنی کتێبخانەکانو شتی پێویستی بۆ دابین بکات. بەگوێرەی ئەو، ((پێویستە ئەو کتێبانە کە بخرێنە کتێبخانەکانەوە، بەسوودو نیشتمانپەروەرانە بن. هەر جۆرە کتێبێکی تریش دەبێ، بەڵام تا ئەو جێیەی دەکرێ خۆ لەو کتێبانە بپارێزن کە لە سەردەمی پێشوودا بە مەبەستی پەسندانی ئەمو ئەو نووسراون)). ((ئەگەر کتێبخانەیەکی وەها دروست بکرێ، ئەوانەی وا حەز لە پەروەردەو خوێندن دەکەنو، ئەو کەسانەی کە لەبەر نەداریی باوكو دایكیان نەیانتوانیوە درێژە بە خوێندنی بەرز بدەنو ئەو کەسانەش کە هێشتا لە قوناغی خوێندنی ناوەندیدان، دەتوانن لەکاتی گونجاوی خۆیاندا بێنو کتێب بخوێننەوەو سەرقاڵ بن. پێویستە بزانرێ لەو قوتابخانانە بەدەر کە بە شێوەی ڕەسمیو ناڕەسمی لە شارێکدا دادەمەزرێن، کتێبخانەکانیش ڕۆڵی سەرەکییان لە کەمکردنەوەی ئاستی نەداریو خراپەکاریو مرۆکوژیەکاندا هەیە)).

هۆنراوەیکی ئیبراهیم ئەفەندی حەیدەریزادەش لە ڕۆژنامەی تەعاونو تەرەقیی کورددا بڵاوبووەتەوە. حەیدەریزادە، ئەم هۆنراوەیەی بە ئیلهام وەرگرتن لە نووسینێکی "لامارتین"ی نووسەری ناوداری فەڕەنسی داڕشتووە.

سەبارەت بەمە، ڕوونکردنەوەی وا لە ڕۆژنامەکەدا نووسراوە: ((بابەتێکی ئەدیبی ناوداری فەرەنسی"لامارتین" بەناوی (سیفەتە

باشـــەکانی حـــەزرەتی پێغەمبـــەر)ـــەوە، لەلایـــەن ئیـــبراهیم ئەفەنـــدی حەیـدەریزادەوە وەرگێـڕدراوەو کـراوە بـە هـۆنراوە)). خـۆی لەڕاسـتیدا بابەتەکـە لەلایـەن داود حەیـدەری کـوڕی ئیـبراهیم حەیـدەرییـەوە وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمـانی تـورکیو ئیـبراهیم ئەفەنـدی حەیـدەریش کردوویە بە هۆنراوە[116].

پێکهاتەی فیۆدالی کۆمەڵگەی کورد لەوکاتانەدا بەهێز بووە، هەر لەبەر ئەوە ڕۆژنامەکە بە شێوەیەکی سروشتی بایەخی بە کێشەکانی خێڵەکانیش داوە. بەگوێرەی پێڕەو، کۆمەڵە هەوڵی چارەسەری کێشەی نێوان خێڵەکانی دەداو زەمینەی هاوکاریو یەکگرتوویی لەنێوانیاندا دروست دەکرد. هەروەها لە پێڕەودا ئەوەش دیاری کرابوو کە کۆمەڵە ئامۆژگـاریی خێڵـەکان دەکـات بـۆ پێکـەوە گونجانیـان، لـەو بارەیـەوە سـوود لـە کاریگـەریی شـێخو زانایـانو سـەرۆك خـێڵو بەرپرسـانی دەوڵەت لە هەرێمەکە وەردەگرێ.

لـە ڕۆژنامـەی تـەعاونو تـەرەقیی کـورددا باسـی هەنـدێك کێـشەی خێڵـەکان کـراوە. لـە زۆربـەی نووسـراو و بابەتـەکانی نێـو ڕۆژنامـەی تـەعاونو تـەرەقیدا باسـی تایبەتمەندیـە باشـەکانی مەشـرووتییەتو پێداویستەکانی کراوە.

---

[116] ژین، ژ٩٨١ (١٩٤٩). ئومێد ئاشنا لێی وەرگرتووەو لە (چەند لایەنێکی شاردراوە لە ژیانی ڕۆژنامەگەری پیرەمێردی نەمر، "کاروان"، هەولێر، ژ٣٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٥، ل٣٦)دا باسی کردووە. بۆ زانیاریی زیاتریش سەبارەت بە حەیدەری زادە ئیبراهیم ئەفەندیو داودی کوڕی، بڕوانە: مالمیسانژ، نەتەخوازیی کورد لە سەرەتاکانی سەدەکەمانداو عەبدوڵڵا جەودەت، ل٧٧-٧٨، ١٢٢.

هەندێك لە سەرۆك خێڵە كوردەكان لەڕێی نامەو تەلگرافەكانی خۆیانەوە لە "ڕۆژنامەی تەعاون و تەرەقی"دا پشتگیریی مەشرووتییەت و ئازادیی و عەدالەتیان كردووە. جێی باسە، لێبوردنی دوای مەشرووتییەتیش ئەو كەسانەی خۆشحاڵ كردبوو كە لەكاتی حكوومەتی پێشوودا سزایان درابوو. ئەو سەرۆك خێڵانەش كە هەر لەوكاتانەدا خۆیان تەسلیمی هێزەكانی دەوڵەت نەكردبوو، لەم بڕیارەی دوای مەشرووتییەت ڕەزامەند بوون. ئەمەی خوارەوە ناوی دەستەیەكی سەرۆك خێڵ و پیاوماقووڵان و زانایانی دینی و سەرۆكی شارەوانیەكانە كە نامەو تەلگرافەكانیان بەهۆی جۆراوجۆرەوە لە ڕۆژنامەی تەعاون و تەرەقیی كورددا بڵاوبووەتەوە:

- سەرۆكی خێڵی ئالیكان (عەلیكان)– حەسەن.
- سەرۆكی عەشیرەتی جاف– مەحموود.
- سەرۆكی شارەوانیی دێرسیم– ئەحمەد.
- موتەسەڕیفی شاری دێرسیم– خەیری.
- لە میرەكانی گارزان– دەروێش.
- ئەندامی ئەرمەنی– كۆریون.
- سەرۆكی خێڵی هاروونان– ئەحمەد فەقێ.
- سەرۆكی خێڵی هاروونان– سولەیمان .
- نوێنەری مەترانی كەلدان– هورمز.
- لە سەركردەكانی هەڤێركی قەزای میدیات– مزیزەخلی حاجۆ.
- لە سەركردەكانی خێڵەكانی پەنجینار– محەمەد بشار.

## • سەرۆك خێڵی پەنجینار– بشاری چەتۆ[117].

---

117 بشاری چەتۆو هەندێ سەرخێڵی تری کوردکە دژ بە ئیدارەی پێشوو ڕاپەڕیبوون، لە برووسکەیەکدا بۆ جەمعییەتی تەعاونو تەرەقیی کورد، باسی خراپییەکانی ئیدارەی پێشوویان کردبوو. سەرخێڵەکان لەو برووسکەیەدا ئاماژەیان بە لایەنە باشەکانی ئیدارەی نوێی عوسمانی دابوو. هەروەها لەوەیش دووابوون کە خۆیان بە چەکەکانیانەوە تەسلیم بە موتەسەڕیفی سێرت کرووە. ئەوەیشیان وتبوو، کە ((ئامادەن لەگەڵ هەموو خێڵەکانی تردا گیان لەڕێی حکوومەتی دادپەروەرو نیشتمانی پیرۆزدا بەخت بکەن )). ئەمانە به وشەی فەرمان کۆتاییان بە برووسکەکەیان هێنابوو.

شاعیری ناوداری کورد "جگەرخوین"یش شیعرێکی لەبارەی بشاری چەتۆوە نووسیوە، کە لەباریدایە گوزارشت لە بیرو بۆچوونەکانی بشار بکات؛ ((دەڵێن بشاری چەتۆ لەسەر چیا بوو؛ لە دەوڵەت ڕاپەڕیبوو، لە چیاکاندا دەگەڕا. ڕۆژێك لە ڕۆژان چاوی کەوتبوو بە یەکێکی ئەرمەن (مەسیحی) کە لە شاری فارقین (سیلوان)ـەوە هاتبوو. بە چەکدارێکی خۆی دەڵێ: بڕۆن ئەو مەسیحییەم بۆ بهێنن، با بزانین هیچی لەبارەی لێبوردنەوە بیستووە. کاتێ کابرای مەسیحی دەهێننە لای، بشاری چەتۆ لێی دەپرسێ: بڵێ بزانم دەنگوباسی شار چییە ؟ کابرا دەڵێ: بە سەری باوکمو بە سەری باوکی تۆش، تەنیا باسی ئازادی دەکرێو هیچی تر لەئارادا نییە. خەڵك هەر لە ئازادی، دادپەروەری، برایەتیو لێبوردەیی دەدێ. بشار پێی دەڵێ: پێشتر باسی ئەو شتانەم بیستووە، تۆ بڵێ بزانم هیچی ترت نەبیستووە ؟ کابرای بێچارە کەوتبوە ناو باسوخواسی ئازادیو دادپەروەری، دووبارە دەڵێ: نەوەڵڵا، بە سەری باوکی تۆو باوکی خۆم تەنیا دەم لە ئازادی دەژەنرێ. لە درێژەی قسەدا دەڵێ: بە سەری باوکمو سەری باوکی تۆ، یەسانی لەنێوان منو تۆو شوانێکدا دروست بووە، ئیتر کەس زوڵم لە کەس ناکات.

دەڵێن: بشار زۆر لەو کابرایە تووڕە بووە، بە چەکدارێکیی وتووە: چەکەکەم بەرێ. کە چەچەکەیی داوەتێ، خستوویەتیە سەر سنگی کابرای مەسیحیو پێی وتووە: کێری ئەسپەکەم بە قوزی دایکی ئەوانەی وا منو تۆو ئەوانی تر وەکوو یەك لەقەڵەم دەدەن. دواتریش کابرای کوشتووەو وتوویە: با ئەوانە بێن خەفەت بۆ تۆ بخۆن، چۆن منو تۆو

- له سەرکردەکانی پەنجینار- عەبدوڵلا.
- له سەرکردەکانی پەنجینار- دەروێش.
- سەرۆك خێڵی ڕەشقۆتان- حاجی محەمەد مستەفا.
- سەرۆکی شارەوانیی سێرت- حەمید حەمدی.
- موفتیی شاری سێرت- خەلیل.
- نوێنەری پاتریکی سوریانی- ئیبراهیم.
- سەرۆکی خێڵی حەیدەران‌و لیوای حەمیدییە- حوسێن.

له هەموو ئەمانه بەدەر، ڕۆژنامەی تەعاون‌و تەرەقیی کورد چەندین هەواڵی هەمەجۆری سەبارەت بە ڕووداوەکانی کوردستان تێدا بڵاو کراوەتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی کەمبوونی ئامرازەکانی پێوەندی‌و ڕاگەیاندن لەوسەردەمەدا، دەتوانرێ بگوترێ: ئەم ڕۆژنامەیە لەڕووی هەواڵەوە ڕۆژنامەیەکی دەوڵەمەند بووە.

هەرچەندە هەندێك له لێکۆڵەرەکان پێیان وابێ ئەم ڕۆژنامەیە ماوەی نۆ مانگ دەرچووە[118]، بەڵام وەك دەبینرێ ئەو نۆ ژمارەیەی کە لەبەر دەستدایە تێکڕا لەماوەی ١١ی زەیلقەعدە تا ٨ی موحەڕڕەمدا دەرچووە، ئەمەش سەروبەر تەنیا ٢ مانگ دەکات (تەنانەت کەمتریش). سەرەڕای هەموو ئەمانە،

---

ئەوانی تر یەکسن دەبین‌و وەکوو یەك تەماشا دەکرێن ! ئەمجا جنێوی به کابراو بەرپرسانی حکوومەت داوە. پاشان له بشاری چەتۆ بووردرا. له شەڕی بەرامبەر قەیسەری ڕووسیادا، لەگەڵ سەربازانی ناوچەی (گارزان)دا چووە مەیدانی شەڕ. دواتریش نێردرایە مەیدانی شەڕی دژ بە ئێران، له ڕۆژهەڵاتی کوردستان کوژرا. بەڵام نازانم له چ ساڵێکدا کوژراوە (جگەرخوین، فۆلکلۆرا کوردی، دەزگای چاپ‌و پەخشی ڕۆژا نوو، ستۆکهۆڵم، ١٩٨٨، ل١٨٣-١٨٤).

[118] د. جەلیلی جەلیل، هەمان سەرچاوە، ل٧٦. له "شاهبازیان"ی وەرگرتووە.

هەندێك لـە سەرچـاوەكان پێیـان وایـە ڕۆژنامـەی تـەعاون و تـەرەقی‌ی كـورد گەیشتوەتە دووردەستترین شوێنی كوردستان[119].

زانـــراوە، دوای ڕووداوی ٣١ی مـــارت، ڕۆژنامـــەی "كوردســـتان" كـــە دوابەدوای ڕاگەیاندنی مەشرووتییەت دەرچووبوو، داخرا. زۆر ڕێی تێدەچێ ڕۆژنامەی تەعاون و تەرەقی‌ی كوردیش هەر لەم سەردەمەدا داخرابێ.

دەستەی نووسـەرانی كوردسـتان لـە قاهیرە،سـەبارەت بـە بـارودۆخی ئـــەو ڕۆژانـــە زانیـــاری‌ی بەرچـــاومان پـــێ‌دەدەن: دوای ڕاگەیانـــدنی مەشرووتییەت، هەموو بەدرخانەكان لە زیندان ئازاد كران، دووبارە دەستیان بە كار كردەوە بۆ چاكی و بەختیاری‌ی وڵاتی كرمانجەكان. سورەییا بەگی نـەوەی بـەدرخان بـەگ لـە ئەسـتەنبووڵ ڕۆژنامـەی "كوردسـتان"ی دەركرد. ٣١ی مـارتی ١٣٢٥ (١٩٠٩) لەكاتێكـدا سـەربازەكانی مـەحموود شـەوكەت پاشـا دەسـتیان بەسـەر ئەسـتەنبووڵدا گـرت، ئیـدی جەمعییـەتی ئیتحـادو تـــەرەقی ڕووی شـــاراوەی خـــۆی ئاشـــكرا كـــرد، ژمارەیـــەكی زۆری لـــە پیاومـــاقووڵان و ســـەرگەورەكانی وڵات دوورخـــستنەوەو ژمارەیەكیـــشی زیندانی كرد. سووریا بەگیش بە تاوانی كۆنەپەرستی لە (بلووكی بەكر ئاغـا) زینـدانی كـراو، ڕۆژنامـەی"كوردسـتان" داخـرا. لـەو ڕۆژەوە ئیـدی كرمانجەكان خراپـەی زۆریـان لـە جەمعییـەتی ئیتحـادو تـەرەقی بینـی، بـەڵام سـەرباری ئـەوە نەیانویـست خراپەیـەك بەرامبـەر بـە دەوڵـەتی عوسمـانیی بكەن))[120].

---

[119] م. س. لازاریڤ، هەمان سەرچاوە، ل٧٨.

[120] ڕۆژنامەی كوردستان، دەورەی سێیەم ١٩١٧–١٩١٨، "چریكەی كوردستان"، ژ٣، ل٥٩–٦١.

زۆر پێدەچێ زیندانیکرانی تەوفیقی سولەیمانیەیی خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی تەعاون و تەرەقی لە (بلووکی بەکر ئاغا)[121]، هەر لەبەر ئەم هۆیە بووبێ.

## ٢. ١. نووسەرانی "ڕۆژنامەی تەعاون و تەرەقی‌ی کورد"

بەشێکی بابەتەکانی نێو ڕۆژنامەی تەعاون و تەرەقی‌ی کورد بە کوردی‌و بەشێکی تر بە تورکی نووسراون. ئەو کەسانەی کە بابەتی تورکی یاخود هی وەرگێڕدراوی تورکییان لەنێو ڕۆژنامەکەدا بڵاو دەکردەوە، ئەمانەی خوارەوە بوون: ئیسماعیل حەقی بابان‌زادە، ئەحمەد جەمیل دیاربەکری (ئامەدی)، مەزهەری مەزهەرزادە دیاربەکری،.A .E، حەمید سولەیمانی ئەرزنجانی، ئیبراهیم ئەفەندی حەیدەری‌زادە، حوسەین پاشا سولەیمان[122]، مەحموود موعین، بەدری مەلاتیەیی، مەلا سەعیدی کوردی، سەید عەبدولقادر، سولەیمان نەزیف، فەتحی سلێمانیەیی، م. تۆفیقی سولەیمانیەیی، سەیفوڵڵای سولەیمانیەیی.

ئەوانەش کە بە کوردی بابەتیان بڵاودەکردەوە: بەدیعوززەمان مەلا سەعیدی کوردی، ئەحمەد شەوقی سەییاح-ئەرجیشی، خەلیل خەیالی، محەمەد تاهیری جزیری، تۆفیقی سولەیمانیەیی.

---

[121] ئەو بینایانەن کە حاڵی حازر لەنێوان بینای ناوەندی‌ی زانکۆی ئەستەنبوڵ‌و (مزگەوتی سلیمانیە)دا ماونەتەوەو ماوەیەکی درێژیش وەك بەندیخانە بەکارهێنراون (حوسەین جاهید یالچین، بیرەوەریە سیاسیەکان، ئەستەنبوڵ، ١٩٧٦، ل٣٠٧).

[122] فایق بلوت، ڕاپەڕینەکانی کورد لە تورکیا لە ڕوانگەی دەوڵەتەوە، ئەستەنبوڵ، بڵاوکراوەکانی یۆن، ١٩٩١، ل٣٠٧؛ م. شوکری بەیسان ئوغلوو، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٨؛ م. شوکری هانی‌ئۆغلوو، سەردەمی دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت وەك بیرمەندێکی سیاسی، ل٣١٨.

شایانی وتنه، لەنێو ئەم نووسەرانەدا م. تۆفیقی سولەیمانیەیی بە کوردیی باشوور بابەتی دەنووسی و، ئەوانی تر (هەموویان کوردیی باکوور (کرمانجی)یان بەکاردەهێنا.

ئەم نووسینانەی خوارەوەی نێو ڕۆژنامەی تەعاون و تەرەقیی کورد سەبارەت بە م. تەفیقی سولەیمانیەیی "پیرەمێرد"، میری کاتبزادە ئەحمەد جەمیل، بەدری مەلاتیەیی و ئیسماعیل حەقی بابانزادە، زانیاریی زیاتر بەدەستەوە دەدەن.

نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین.
(پیرەمێرد)

دەشتم هێندە لا گرانە، ڕاستی پێی سەختم تەواو
ناری عاشق، نوێژی فاسق، کیبرو خۆبادانی پیاو
دەردەی بەرتیل، ڕووی بەخیل، گاڵتەی ڕەزیل، ئەرکی دەلیل
دەنگی ناسازی موئەززین، برسێتی و هەورازی بەدیل
دەردیسەر، ئەم نۆیە دەردی سەرە بۆ ئەم عالەمە
لێرە نازی نازیکەر، پێیان بڵێی هیتلەر کەمە.
(پیرەمێرد)

## ٢. ١. ١. پیرەمێرد
## (م . تۆفیقی سولەیمانیەیی/١٨٦٧-١٩٥٠)
### ٢. ١. ١. ١. کورتەباسی ژیان[123]

[123] بۆ زانیاری وەرگرتن لەبارەی پیرەمێردەوە، ئەم سەرچاوانەم بەکار هێناوە:

- بابا مردوخ روحانی "شیوا"، مشاهیر کرد، جلد ٢، تهران، ١٣٦٦/١٩٨٧، ل٣٠١-٣٠٦.
- عبدالجبار محمد جباری، مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، سلێمانی، ١٩٧٠، ل١٦٣-١٦٨.
- علاءالدین سجادی، مێژوی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٥٢، ل٤١٨-٤٣٥.
- علاءالدین سجادی، ئەدیبی بەناوبانگی کورد پیرەمێرد، "گەلاوێژ"، ژ٨، ئابی ١٩٤٣، ل١-٨.
- ئەسعەد عەدۆ، پێناسی بەشێکی شاعیرانی کورد، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨٠، ل٤٣.
- حسن صلاح سۆران، شوێنەوارەکانی پیرەمێرد، "سروە" (گۆڤاری فەرهەنگی- ئەدەبی)، ورمێ، ژ٥٠، ل٥٩-٦٠.
- حسێن عارف، بیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی (١٩٢٥-١٩٨٣)، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری کاروان، ١٩٨٧، ل١٨٤.
- ژین (گۆڤاری کوردی- تورکی)، جلد ١-٥، گۆڕینی لە ئەلفبێی عەرەبییەوە بۆ ئەلفبێی کوردی م. ئەمین بۆزئەرسلان، لە بڵاوکراوەکانی دەنگ، ئۆپسالا.
- Joyce Blau,Memoire du Kurdistan, Edition Findakly, Paris,1984, p. 171.
- د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، مێژوو- کورتەباسێکی زانستی مێژوو و کوردو مێژوو، بەغدا، ١٩٨٣، ل٢٦٩-٢٧٠.
- کەمال ڕەئووف محەمد، چەپکێ نامەی مێژوونووسێکی کورد، "کاروان"، هەولێر، ژ٣٥، ئابی ١٩٨٥، ل٩٦-٩٧.
- مەلا عەبدوڵڵای زێوەر، گەنجینەی مەردان و یادگاری ڕۆژانی دەربەدەری، محمدی مەلا کریم ساغی کردوونەوەو پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیون و هێناونیەوە سەر ڕێنووسی نوێ، بەغدا، ١٩٨٥، ل١٤٧-١٥٠.
- مەولانا خالید، (دیوانی شیعر) ڕۆحی مەولانا خالید، ئامادەکردنی محەمەد ئەحمەد محەمەد، پیرەمێرد لەفارسییەوە کردوویە بە کوردی، بەغدا، ١٩٨٧، ل٦.
- محمد امین زکی، بۆ پیرەمێرد، "گەلاوێژ"، ساڵی ٤، ژ٢، ل١.
- محمد ڕسوڵ هاوار، پیرەمێردی نەمر، بەغدا، ١٩٧٠، ٤٥٥ل.
- محمد صالح ابرهیمی محمدی "شەپۆل"، ژیناوەری زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامەتی یا گەنجینەی فەرهەنگ و زانست، تهران، ١٣٦٤/ ١٩٨٥، ل٣٧٧-٣٧٨.

www.zheen.org

پیرەمێـرد "م. تـۆفیقی سـولەیمانیەیی"، ماوەیـەکی درێـژ خزمـەتی کـەلتووری نووسـراوی کـوردیی کـردووەو ناوبـانگێکی باشـی لـەنێو خـەڵکی باشـووری کوردسـتاندا هەیـە. بـەدەر لـە شـیعرەکانی، بەرهـەمی جۆراوجۆریشی لەسەر داستانی کوردیو نمایش نووسـیووە، بەرهەمە فۆکلۆریەکانی کوردی کۆکردوەتەوەو کاری وەرگێڕانیشی ئەنجام داوە. سـەرەڕای هـەموو ئەمانـە، وەك کەسـێکی ڕۆژنامـەوانو چـاپخانەدار دەناسـرێ. بـەر لـەوەی باسـی ئـەم کـارە فرەڕەنگانـەی پیرەمێـرد بکـەین، بەپێویستی دەزانم کورتە باسێکی ژیانی ناوبراوتان وەبیر بهێنمەوە:

– سـاڵی ١٨٦٧ (بـەپێی هەنـدێك سەرچـاوەش سـاڵی ١٨٧١) لـە شـاری سلێمانی لەدایك بوو.

---

– مستەفا نەریمان، بیبلیۆگرافیای دووسەد ساڵەی کتێبی کوردی (١٧٨٧–١٩٨٧)، بەغدا، ١٩٨٨.

– مستەفا نەریمان، فەرهەنگی ئەدیبو نووسەرانی کورد، ١٩٨٤، ل٢٩.

– صدیق بۆرەکەیی "صەفی زادە"، مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی ٢، بانە، ١٣٧٠/ ١٩٩١، ل٦٢٦–٦٣١.

– سەعید ناکام، چەند بیرەوەرییەك لە ڕۆرژانی ئیشکردنم لەگەڵ پیرەمێردی نەمردا، "برایەتی"، ساڵی ١، خولی دووەم، ژ٢، تەمووزی ١٩٧٠، ل١١–١٣.

– پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ، تاریخا ئەدەبیاتا کوردی، وەشانخانەی ڕۆژا نو، ستۆکهۆڵم، ١٩٨٥، جلد ٢، ل١٠٩–١١٠.

– ئومێد ئاشنا، چەند لایەنێکی شاراوە لە ژیانی ڕۆژنامەگەری پیرەمێردی نەمر، "کاروان"، هەولێر، ژ٣٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٥، ل٣٢–٣٩.

– Wedat Kaymak, Les Eternels Exiles, Paris,1990, p.173.

– خالد خاکی، نظری به کردستان و شعرای کرد، انتشارات شرق، ١٩٧٨، ل١٩٧.

نیکەی ژین www.zheen.org

– لـه قوتابخانـه جیاجیاکـانی نێـو کوردسـتان پـەروەردەی بینـی و فێـری زمانی عەرەبی و فارسی بوو.

– ساڵی ١٨٨٢ لە شاری سلێمانی بوو بە (کاتبی نوفووس).

– ماوەیەکیش وەك (کاتبی زابیتە) کاری کرد.

– لە شاری هەڵەبجەش وەك (کاتبی خانوو و زەوی) کاری کرد.

– ساڵی ١٨٨٦ بوو بە سەرکاتبی شارباژێڕ.

– ماویەك دواتر بوو بە کاتبی تایبەتی نەقیب شێخ مستەفا.

– ساڵی ١٨٩٥ پۆستی جێگری بەڕێوەبەری کەربەلا (هەندێك سەرچاوە دەڵێن جێگری دادوەری گشتیی کەربەلا)ی پێ درا، بەڵام قبووڵی نەکرد.

– ساڵی ١٨٩٩ (هەندێك سەرچاوە پێیان وایە ساڵی ١٨٩٨ە) لەگەڵ شێخ سەعیدی باوکی "شێخ مەحموود"ی بەرزنجیدا ڕۆیشتە ئەستەنبووڵ. لەوێ بوون بە میوانی (کۆشك و مابەین). ساڵی ١٨٩٩ لەگەڵ شێخ سەعیددا چوو بۆ حەج. دوای حەج، دووبارە گەڕایەوە بۆ ئەستەنبووڵ و، ماوەی ٢٥ساڵ لەوێ مایـەوە. (بـەگوێرەی نووسـینەکانی زێـوەر، لەگـەڵ نـەقیب شـێخ مـستەفادا دەچێتە ئەستەنبووڵ و، لەوێشەوە پێکەوە دەچنە حەج. بەڵام لە حەج نەقیب شێخ مستەفا دەمرێ، دوای ئەوە پیرەمێرد لەگەڵ شێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحموودی بەرزنجیدا دەچێتەوە بۆ ئەستەمبووڵ)[١٢٤].

– عیزەت پاشای کاتبی شەهریاری، وەڵامی نامەی نەسرەدین شا ئێران بۆ سوڵتان عەبدولحەمید، لە ئەستەنبووڵ بە پیرەمێرد دەنووسێتەوە. ساڵی ١٨٩٩ پیرەمێـرد بـە فـەرمانی سـوڵتان بـوو بـە ئەنـدامی مەجلیـسی عـالی لـە ئەستەنبووڵ.

---

[124] مەلا عەبدوڵڵای زێوەر، گەنجینەی مەردان و یادگاری ڕۆژانی دەربەدەری، ل١٤٨.

– دواتر ڕۆیشته (کۆلیژی حوقووق)ی ئەستەنبووڵ, دوای تەواوکردنی، دەستی بە کاری پارێزەری کرد.

– لەگەڵ ژنێکی تورکدا ژیانی هاوسەرییان پێکەوەنا.

– له (بەیتو شەباب)و (ئادا پازار) وەزیفەی قایمقامیی وەرگرت[١٢٥].

– ساڵی ١٩١٨ بوو به موتەسەڕیفی سنجاغی ئاماسیا.

– لە ٣٠ی کانوونی دووەمی ١٩٢٥دا بە شێوەیەکی هەمیشەیی دەگەڕێتەوە بۆ باشووری کوردستان، دوو کوڕی خۆی بە ناوی ویدادو نەژاد لەوێ بەجێدەهێڵێ، تا مردنیش هەر لەوێ دەمێنێتەوە (هەڵبەت لە هەندێک سەرچاوەدا ئەم ڕێکەوتە بە ساڵی ١٩٢٤ لەقەڵەم دەدرێ).

– بەپێی وەسیەتی خۆی، لەپاش مەرگ لە (گردی مامەیارە)ی نزیک سلێمانی دەینێژن.

مەلا عەبدوڵڵای زێوەر دەڵێ: پیرەمێرد جەژنی نەورۆزی لە سلێمانی زیندوو کردوەتەوە. هەر لەبەر ئەوەش کارێکی کردووە کە پاشاکانیش نەیانتوانیوە ئەنجامی بدەن. بەگوێرەی ئەو، پیرەمێرد هەموو ساڵێ لەکاتی نەورۆزدا نزیکەی سەد بار داری دەکڕی، لە دەوروبەری گردی سەیوان دەیسووتاند، پاشان چادری هەڵدەداو جەماوەرێکی زۆری فەرمانبەرو خوێندەوارو بازرگانو گەورەپیاوانی دەکرد بە میوانی خۆی. شایانی باسە، هەر لەگەڵ ئەمەشدا هەندێک چادری بەجیا بۆ ژنان هەڵدەداو، ئەوانیشی دەعوەتی ئەم شاییە دەکرد[١٢٦].

---

[125] عبدالجبار محمد جباری، هەمان سەرچاوە، ل١٦٤.

[126] مەلا عەبدوڵڵای زێوەر، هەمان سەرچاوە، ل١٤٩.

## ٢. ١. ١. ٢. ئەو ناسناوانەی وا لە نووسینو شیعرەکانیدا بەکاری هێناون

پیرەمێرد چەندین ناسناوی جۆراوجۆری لە نووسراوەکانی خۆیدا بەکارهێناوە. تا ئەو جێیەی کە ئێمە توانیومانە دەستنیشانی بکەین، ئەم ناوانەی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بەکارهێناوە:

١- م. تۆفیق سولەیمانیەیی (لە ڕۆژنامەی تەعاونو تەرەقی‌ی کوردی‌دا کە لە ئەستەنبووڵ دەردەچوو).

٢- م. تۆفیق (لە ڕۆژنامەی تەعاونو تەرەقی‌ی کورد).

٣- تۆفیق سولەیمانیەیی (لە ڕۆژنامەی تەعاونو تەرەقی‌ی کوردو لە گۆڤاری "ژین" کە ئەویش لە ئەستەنبووڵ دەردەچوو).

٤- س. ت (لە گۆڤاری "ژین").

٥- تۆفیق (لە گۆڤاری "ژین").

٦- تۆفیقی پیرەکورد (لە گۆڤاری "ژین").

٧- حاجی تۆفیق/ حاجی تۆفیق بەگ.

٨- پیرەمێرد.

www.zheen.org

محەمەد ڕەسووڵ (هاوار) شیعرەکانی پیرەمێردی لە کتێبێکدا بەناوی (پیرەمێردی نەمر)ەوە کۆکردوەتەوە، هەندێك ناسناوی تێدایە. هەڵبەت ئەو ناسناوانە هەندێکیان ناوی شاعیر یاخود سۆفییەکی تری ڕاستەقینەی کوردن (وەك: بێسارانی-ئەبولوەفا[١٢٧] یا ئەبولوەفای کوردی-وەلی دێوانە).

[127] سێ کەسی ناودار لەنێو کورددا بەناوی "ئەبولوەفا"وە هەیە: یەکەمیان سۆفییەکی تاجول عارفین ناوە کە لە سەدەی یازدەهەمدا ژیاوە؛ دوەمیان ئەبول وەف حاجی شێخ عەبدوڕڕەحمانی

ئـەو ناسـناوانەی وا پیرەمێـرد لـەخوار شـیعرەکانیەوە نووسـیونی، ئەمانەی خوارەوەن:

٩- بێ‌ناو.

١٠- بێسارانی.

١١- جێشانەیی.

١٢- دەباشانی.

١٣- ئەبولوەفا.

١٤- ئەبولفوەفای کوردی.

١٥- گورگەدەری.

١٦- کەسنەزانی.

١٧- کونەماسی.

١٨- کوێخا ڕەمەزانی ورمزیاری[١٢٨].

١٩- مەجذووب.

٢٠- مەلای هەیاسی.

٢١- پیروەیسی خلك.

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

نەقشبەندییە کە لە سەدەی نۆزدەدا ژیاوە؛ ئەوی تریشیان کەسێکی تەها ئەبولوەفا موعتەمەدی کوردستانی ناوە کە خەڵکی شاری سنەیەو تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم ژیاوەو چەندین بەرهەمی دەربارەی دینی ئیسلام بە زمانی فارسیو عەرەبی هەیە (بابا مەردوخ، مێژوی ناودارانی کورد، تاران، بەرگی یەکەم، ل٣٥-٣٦، ٤٢٧-٤٢٨؛ بەرگی ٢، ل٣٩٤-٣٩٥).

[128] هورمزیاری، بە ئیمزای کەسێکی "عەزیز باپیر" ناو بە بابەتی (بۆ سەرۆکی وەفدی لێکۆڵینەوەی ئەمریکا میستەر کراین)ـەوە لە ژمارە ١٣ی ١ی ئابی ١٣٣٥/١٩١٩ی ڕۆژنامەی "کردستان"ی ئەستەنبووڵدا بڵاو بووەتەوە. وا دەردەکەوێ بەشێکی ئەو بابەتە سانسۆر کرابێ. وشەی هورمز لەکوریدا بە "ورمز" دەبێژرێ.

٢٢- قەمبەر عەلی.

٢٣- قەرەتۆغانی.

٢٤- شێخ ئەبولوەفا.

٢٥- شیری عەزیزی.

٢٦- تازە دێوانە.

٢٧- وەلی دێوانە.

٢٨- خاكوخۆڵی.

٢٩- زەرگەتەیی.

### ٢. ١. ١. ٣. ئەو ڕێكخراوە كوردیانەی وا كاری تێدا كردوون:

### ٢. ١. ١. ٣. ١. لە جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی‌ی كورددا

پیرەمێرد "تەوفیقی سولەیمانیەیی" كە لەلایەن كۆمەڵەوە كرابوو بە خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی تەعاون و تەرەقی‌ی كورد، بەگوێرەی هەندێك سەرچاوە، لە هەمان كاتدا یەكێكی (١٠) ئەندامە سەرەكیەكەی كۆمەڵە بووە[129]. هەر لە نووسینەكانی خودی پیرەمێردەوە ئەوە دەردەكەوێ كە كاتێ لە ئەستەنبووڵ بووە، جێی خۆی لەنێو هەندێك كاری سەبارەت بە پرسی كورددا گرتووە، لەوەش زیاتر ماوەیەك لە (بلووكی بەكر ئاغا) زیندانی كراوە. پیرەمێرد خۆی وەها دەڵێ: ((دوای سالأنێك كاتێ مرۆڤ باسی هەندێك بەسەرهاتی پڕ

[129] علاءالدین سجادی، هەمان سەرچاوە، ل٤١٩.

زێوەرو پیرەمێرد لە نووسینەكانیاندا وتوویانە: كوردەكان دوای ڕاگەیاندنی مەشووتییەت جەمعییەتیان دروست كردووە.

لـه تـرس و گومـان و خەتـەر دەگێڕێتـەوە، وەكـوو ئـەوە وایـە دووبـارە بكەوێتەوە گەشت و گوزار. شتی وا بەسەر منیشدا هاتووە. لە زینـدانی ژێرزەمینی بلووكی بەكر ئاغا لە ئەستەنبووڵ گیرابووم، بیمی خنكاندنم بـوو. ئێـستا كـە ئەیگێڕمـەوە ئەمەنـدە بەلەزەتـە، وەك لـە ڕاووشـكارو دۆشەكی نەرمی یارا بووبم وایە)) [130].

لە شیعرێكیدا بەناوی (نەڕەی دێوانە)ـوە، ئەوەمان بۆ دەردەكەوێ كـە ماوەیـەك لەگـەڵ "بـەدیعوززەمان سـەعیدی كـوردی"دا پێكـەوە لـە زینداندا بوون. هـەروەها دەزانـرێ كـە بەدیعوززەمان سـەعیدی كوردی دوای ڕووداوەكەی ٣١ی مارتی ١٩٠٩ كەوتوەتە زیندان. پێرەمێرد لـەو شیعرەدا ڕووی قسە لە كاك ئەحمەد دەكات،

كە لە زیندانیان تێك خـزاندبووین
سـ ـــێدارەیان بۆ داچەقاندبووین
تۆ چـوبوویتە لای بەدیعووززەمان
مـــژدەت دابـوویـە بە ژیان و مان
فەرمووبووت، ئێوە نامرن، ئەمێنن،
هەتا ئازادیی گەلتان ئەســـێنن.

لە دێڕەكانی داهاتوودا، باسی وەسیەتنامەكەی پیرەمێرد دەكەین كە تێیدا گوتوویە:

((بـە سـەربەرزیی ئـەزانم كـە لـەڕێی بـاوەڕی خۆمـا حەپـسی و زیندانێكی زۆرم دیوە)).

بەم جۆرە بۆمان ڕوون دەبێتەوە كە چۆن لە ڕابردوودا دەركەوتووە.

---

[130] ئومێد ئاشنا، هەمان سەرچاوە، ل٣٨. لە "ژین"، ژ٨٨٣، ٢٤ی ئابی ١٩٤١وە.

### ٢. ١. ١. ٣. ٢. پێوەندیەکانی لەگەڵ جەمعییەتی "هێڤی"دا

ساڵانێك دواترو هەندێك نووسراوی پیرەمێرد ئەوەیان نیشان دا کە کاتێ (١٩١٤/١٩١٣-١٣٢٩) قایمقامی جۆڵەمێرگ بووە، نامەی بۆ جەمعییەتی هێڤی لە ئەستەنبووڵ نووسیوەو هەندێك پێشنیاری پێکردوون[١٣١].

### ٢. ١. ١. ٣. ٣. لە کۆمیتەی ئیستقلالی کورددا

بەپێی نووسینەکانی خودی پیرەمێرد، ئەوەشمان بۆ دەردەکەوێ کە لەنێو کۆمیتەی ئازادی یا کۆمیتەی ئەرزڕۆم یان کۆمیتەی ئیستقلالی کوردیشدا کاری کردووە؛ ((لە ثەورەو قۆمیتەی ئەرزڕۆمی کوردانـدا لەگەڵ خالید بەگو یووسف ضیاء و دکتۆر کەمالدا لە خزمەت مەلا سەعیدی بەدیعوززەماندا ڕەنجم ئەداو ئیدارەی عورفی لە ئەستەنبووڵ بە ئیعدام مەحکوومی کردم))[١٣٢].

### ٢. ١. ١. ٣. ٤. لە "جەمعییەتی کوردستان"دا

هەندێك سەرچاوە پێیان وایە پیرەمێرد ئەندامی جەمعییەتی کوردستان بووە[١٣٣]. جەمعییەتی کوردستان لە ٢١ی تەمووزی ١٩٢٢ لە سلێمانی بە سەرۆکایەتیی مستەفا پاشای یامولکی دامەزرابوو. جێی وەبیرهێنانەوەیە کە مستەفا پاشای یامولکی لە سوپای عوسمانیدا

---

[131] ئومێد ئاشنا، هەمان سەرچاوە، ل٣٦. لە "ژین"، ژ٦٧٩، ١٩٤٢ وەرگیراوە.

[132] ئومێد ئاشنا، هەمان سەرچاوە، ل٣٦. لە "ژین"، ژ٩٥٣، ٣ی شوباتی ١٩٤٩ وەرگیراوە.

[133] هۆشمەند عوسمان، کەلتوورو سیاسەتو بڵاوکراوەکانی کورد لە عیراقدا (١٩١٨-١٩٤٩)، studia kurdica، پاریس، ژ٢-٦، ل٥٤.

فەریق بووەو، ماوەیەکیش لە ئەستەنبووڵ سەرۆکایەتیی (دیوانی حەرب)ی کردووە (ناوی مستەفا پاشای یامولکی لە هەندێك سەرچاوەی تورکیدا بە مستەفا هاتووە).

دۆسیەی ئەندامانی (جەمعییەتی تەعالی کوردستان) لە دادگای (ئیستیقلالی شەرق)دا، ناوی تەوفیقی سلێمانیەییی تێدا دەبینرێ کە کۆنە قایمقامی شاری پالۆ بوو[١٣٤].

گومانی ئەوە دەکرێ کە لێرەدا مەبەست هەمان پیرەمێرد بێ، بەڵام لە سەرچاوەکانی تردا زانیاری زیاتر سەبارەت بەوەی کە پیرەمێرد قایمقامی شاری پالۆی کردووە، بەرچاو ناکەوێ.

### ٢. ١. ١. ٣. ٥. لە "جەمعییەتی زانستی"دا

پیرەمێرد ساڵی ١٩٢٦ لە سلێمانی بوو بە ئەندامی جەمعییەتی زانستی[١٣٥]. جەمعییەتی زانستی کوردان ٦ی نیسانی ١٩٢٦[١٣٦] لە سلێمانی لەلایەن کۆمەڵێك کوردی ناودارو ڕۆشنبیرەوە دامەزرا (هەندێك سەرچاوە پێیان وایە شوباتی ١٩٢٦ یاخود سەرەتای بەهاری ١٩٢٦ دامەزراوە)[*].

www.zheen.org

[134] محەمەد بایرق، کوردەکانو تێکۆشانە نەتەوەیی دیموکراتیەکانیان، بڵاوکراوەکانی ئوزگە، ئەنقەرە، ١٩٩٣، ل٩٢.

[135] کەمال ڕەئوف محەمەد، "چەپکێ نامەی مێژوونوسێکی کورد"، کاروان، هەولێر، ژ٣٥، ئابی ١٩٨٥، ل٩٦-٩٧.

[136] محمد رسول هاوار، پیرەمێردی نەمر، ل٤٤.

[*] جەمعییەتی زانستی کوردان، پشت بەستوو بە ڕۆژنامەی ("ژیان، ژ١١، ١ نیسان ١٩٢٦، ل١-٣؛ ژ١٢، ١٢ نیسان ١٩٢٦، ل١-٤؛ ژ١٣، ٢٢ نیسان ١٩٢٦، ١-٢، ٣)، ڕاست لە

سەرۆکی جەمعییەتی زانستی کوردان ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ بوو کە کاتی خۆی موتەسەڕیفی شاری سلێمانی بووە. یاریدەدەری سەرۆکیش کەسێکی "جەمال بەگی بابان"ناو بووە. لە بەرنامەی کۆمەڵەکەدا، بەم جۆرەی خوارەوە باسی ئامانجەکانی دەکرێ:

((٢- مەقصەدی جەمعییەت: تەعمیمی عیلمو مەعریفەتە لە کوردستان بەپێی ئەم وەسائیطە:

ئا. بە نەشری غەزەتەو ڕەسائیلی مووەقەتە.

ب. تەرجەمەو تەئلیفی کتێبی تەدریسییەو سائیرە.

ج. مەکتەب کردنەوەو ئیجرای تەدریسات بە ڕۆژو بە شەو.

ح. بە صوورەتی موحاضەرە ئەهالی تەنویرکردن.

د. کتێبخانە کردنەوە.

ھ. بۆ ئیکمالی تەحصیل بۆ مەمالیکی موتەرەقییە قوتابی ناردن)).

((٣- جەمعییەت ئەحواڵی تەئریخییە، جوغرافییە، ئەتنۆغرافییەی کوردان بە صوورەتی مەخصووصە تەدقیق و مەحصوولی مەساعیی نەشر دەکات....

٥- جەمعییەت بە هیچ صوورەتێك لەگەڵ سیاسەتدا خەریك نابێ)).

ئەم کۆمەڵە زیاتر کاری ئەدەبی، کەلتووریی کردووەو کۆمیتەیەکی تایبەتیشی بۆ سادەکردنەوەی زمانی کوردی دامەزراندووە. کاری ئەم کۆمەڵەیە دوای ساڵی ١٩٢٦، بۆ ماوەیەك

---

١٩٢٦/٢/٢٤دا مۆڵەتی وەزارەتی داخلییەی عیراقی بۆ دامەزران وەرگرتووەو شەوی ١٩٢٦/٤/٢ کراوەتەوەو ٤/١٣یش هەیئەتی ئیدارەی خۆی هەڵبژاردووە (بۆ درێژەی ئەو هەواڵانە، بڕوانە: ڕەفیق ساڵح، ڕۆژنامەی ژیان: ژمارە ١-٨١، ب١، لێکۆڵینەوەی سدیق ساڵح، دەزگای سەردەم- سلێمانی، ٢٠٠٢). (سدیق ساڵح)

وەستا. بەڵام ساڵی ١٩٣٢ بە شێوەیەکی چاپووکانە دەستی بە کارو چالاکیەکانی خۆی کردەوە[١٣٧].

٢٥ی شوباتی ساڵی ١٩٣٢ لە سلێمانی یەکەم ژمارەی گۆڤاری "زانستی" بە لێپرسراوێتیی ساڵح قەفتان دەرچوو، بەڵام تەمەنێکی درێژی نەبوو. بەگوێرەی هەندێك سەرچاوە، ئەم گۆڤارە لەلایەن قوتابخانەی جەمعییەتی زانستی کوردانەوە دەرکراوە.

شایانی باسە، ٢١ی حوزەیرانی ١٩٢٦ لە شاری کەرکووکیش کۆمەڵەیەك بەناوی جەمعییەتی زانستی کوردەوە دامەزرا. پرۆگرامو پێڕەوی جەمعییەتی زانستی کوردان لە سلێمانی، ساڵی ١٩٢٦ لەلایەن چاپخانەی شارەوانیی سلێمانیەوە چاپ کراوە[١٣٨].

---

[137] محەمەد ئەحمەد محەمەد، ڕۆحی مەولانا خالید (دیوانی شیعر)، ل٦.

[138] بۆ وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە جەمعییەتی زانستی کوردان، کەڵکم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:

- Amir Hassanpour, The Language Factor in National Development: The standardization of the Kurdish Language, 1918-1986, thesis, Urbana, Illionis, 1989, p. 431.

– علاءالدین سجادی، هەمان سەرچاوە، ل٤٣٤.

– بزووتنەوەی کورد، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: نەزەند بەگی خانی، "هێڤی"، پاریس، ژ٧، پایزی ١٩٩٠، ل١٧١-١٧٢، ١٧٢-١٧٣.

– پێڕەوو پرۆگرامی (جەمعییەتی زانستی کوردان) کە ساڵی ١٩٢٦ بە کوردی لە سلێمانی بڵاو بووەتەوە. "ژیان"، ژ٢٥، ١٩٢٥/١٢/٩، وەك هۆشمەند عوسمان لە سەرچاوەی پێشوودا (ل٤٤، ٤٥، ٥١) باسی کردووە.

– د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، "تێگەیشتنی ڕاستی"و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨، ل٢٣٦.

## ٢. ١. ١. ٤. کاتێ لە ئەستەنبووڵ بوو

((لە ئەستەنبووڵ بە ڕوتبەو نیشانو ئەعضایەتی مەجلیسی عالیەوە، لە ئەطە کە مەڵبەندی پرنسەکانی کۆنی ڕۆم بوو، لە قەسرێکی مومتازدا دائەنیشتم. کە شەو ئەنوستم، لە خەوما لە گورگەدەر لە باخەکەی شێخ ئەحمەدی بازلیخا هەنارم ئەدزی))[١٣٩].

لەو ڕستانەی پیرەمێرد کە هێناومانتەوە، وەها دەردەکەوێ کە کاتێ لە ئەستەمبووڵ بووە، لە دوورگەیەکدا ژیاوەو، ڕۆژانی منداڵیشی لە گورگەدەر (کە هاتوەتە خەوی) بەسەر بردووە. وەك ئاماژەمان پێکرد، پیرەمێرد لە دامێنی هەندێك لە شیعرەکانی خۆیەوە ناوی "گورگەدەری"ی دانابوو. ئەگەر وای دابنێین حوسەین ڕەحمی گورپنار[١٤٠] کە پیرەمێرد دەڵێ دراوسێی بووم، لە (هەگبەلی ئادا- هگبلی اطە) ژیابێ، وا دەردەکەوێ کاتێ باسی دوورگە دەکات، مەبەستەکەی هەگبەلی ئادایە. دواتریش چاومان بەوە دەکەوێ کە پیرەمێرد لە شیعرێکی خۆیدا باسی هەگبەلی ئادا دەکات.

پیرەمێرد ئەو ساڵانەی کە لە ئەستەنبووڵ بووە، پێوەندیی لەگەڵ زۆربەی ڕۆشنبیرو ناودارانی کورددا گرتووە. بەپێی نووسینەکانی خودی پیرەمێرد، ئەم کەسانە ئەمانەی خوارەوە بوون:

---

[139] ئومێد ئاشنا، هەمان سەرچاوە، ل٣٨: لە "ژین"، ژ٨٩٤، حوزەیرانی ١٩٤٧ [٢٠ کانون ثانی دەرچووە، سدیق] وەریگرتووە.

[140] لە ڕۆماننووسێکی تورکی "دەمیر ئوزلوو" ناوەوە.

ئـەمین فـەیزی، تۆفیـق وەهبـی، ئـەمین زەکـی بـەگ، مـستەفا پاشـای یـامولکی، ئەشـرەف حمـزە، سـاڵح زەکـی بـەگ، مـەعرووف جیـاووك، دکتـۆر عەبـدوڵڵا جـەودەت، شـەریف سـەهل پاشـا، کامـەران بـەدرخان، جەلادەت بەدرخان، شێخ مـستەفای نـەقیب، شێخ محەمـەد جەلالـەدینی کوڕی.

ئەحمـەد پاشـای دوا بـەگی بابـان، شـێخ محەمـەدی مـوفتی، دکتـۆر فوئـاد، دکتـۆر کـەمال، یووسـف زیـا، شـێخول ئیـسلامی عوسمـانی ئیــبراهیم ئەفەنــدی (حەیــدەری زادە)، خــەلیل بــەگ، بــەدیعوززەمان سەعیدی کوردی (سەعیدی نورسی)و مەمدووح سەلیم [141].

هەروەها ئەوەش دەزانرێ کە هەوڵی کاری هاوبەشی لەگەڵ هەندێك لەمانـەدا داوە سـەبارەت بـە زمـانو ئـەدەبیاتی کـوردی. بـۆ نموونـە، بەگوێرەی نووسینەکانی پیرەمێرد خۆی، لە ئەستەنبووڵ لەگەڵ ئەمین فـەیزی بڕیـاری دروسـتکردنی ئـەنتۆلۆژیی کـوردی دەدەن، بـەڵام ئـەم کارەیان لەبەر جیاوازیی هەستی شیعریو بۆچوونەکانیان سەبارەت بە شیعر، سـەرناگرێ (ئـەوەش دەزانـرێ کـە دواتـر ئـەمین فـەیزی بـەو ناوەڕۆکەوە کتێبێك بەناوی "ئەنجومەنی ئەدبیان"ـەوە بڵاو دەکاتەوە).

پیرەمێرد سەرباری ئەمانە هەر لەوکاتانەی کە لە ئەستەنبووڵ بووە، پەیوەندیی لەگەڵ ڕۆشنبیرو شاعیرە ناودارەکانی تورکیشدا گرتووە. لە نووسینێکی خۆیدا بەم جۆرە باسی ئەو ڕۆژانە دەکات:

((لە (ئەطە) دراوسێی ڕەجائی زادە ئەکرەم بەگو عوشـشاقی زادە خالیـد ضیـاءو حسێن ڕەحمـی بووم، ڕەضـا تۆفیقیـشیان پـێ ناسـیم.

---

[141] ئومێد ئاشنا، هەمان سەرچاوە، ل٣٤.

کەوتمە بەهەشتی ثەروەتی فونوونەوە. کە ئێواران لە ئەستەنبووڵەوە بە واپۆڕ ئەگەڕامەوە بۆ لانەی سەعادەتی خۆم کە لە ئەطە بوو، ثەروەتی فونوونم لە گۆگرتەی ئەو واپۆڕی سەر دەریای مەرمەڕەیەدا ئەخوێندەوە، تەئثیری ئەو شیعرو ئەدەبییاتە لە سیندبادی بەحری زیاتر ئەیخستمە دەریای خولیاوە))[142].

بەم چەشنە ئەوە دیار دەبێ کە پێوەندیی لەگەڵ ئەکرەم بەگی ڕەجائی زادە (١٩١٤-١٨٤٧)، خالید زیای عوشـشاقیزادە (١٩٤٥-١٨٦٦)و حوسێن ڕەحمی گورپنار (١٩٤٤-١٨٦٤)و ڕەزا تەوفیقی بلووك باشی (١٩٤٩-١٨٦٩)دا هەبوە. پیرەمێرد لێرەدا باسی ئەو دەکات کە بە خۆشیو پەرۆشییەوە گۆڤاری سەروەتی فونوونی خوێندوەتەوە. جێی وەبیرهێنانەوەیە کە گۆڤاری سەروەتی فونوون لەلایەن کەسانی سەر بە ڕەوتێك بەناوی (ئەدەبیاتی جەدید)ەوە دەرکراوەو پێوەندیی بە زمانو ئەدەبیاتی تورکییەوە هەبوەو بەگشتی (٢٤٦٤) ژمارەی لەنێوان ساڵەکانی (١٩٤٤-١٨٩١)دا لێ دەرچووە (شایانی باسە، لەوساڵانەدا هەر بە هەمان ناو ڕۆژنامەیەکیش دەرچووە).

www.zheen.org

لەنێو ئەو ڕۆشنبیرە تورکانەدا کە پیرەمێرد پێوەندیی لەگەڵیاندا هەبوو، کەسانی وەك ئەحمەد ڕاسیم (١٩٣٢-١٨٦٤)و "عەبدولحەق حامید تارهان"یش (١٩٣٧-١٨٥٢) بەرچاو دەکەون[143]. کاتی خۆی،

---

[142] ئومێد ئاشنا، هەمان سەرچاوە، ل٣٨: لە "ژین"، ژ٩٦٧، ٢ی حوزەیرانی ١٩٤٩ وەرگیراوە.

[143] ئومێد ئاشنا، هەمان سەرچاوە، ل٣٤.

پیرەمێرد نووسینێکی عەبدولحەق حامید (تارهان)ی لە ڕۆژنامەیەکدا بەدڵ بووەو هەر ئەوەشی کردووە بە شیعر. دواتر هەر هەمان بابەتی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، لە ساڵی ١٩٣٤دا بەناوی (ئاواتخوان)ەوە لە ڕۆژنامەی "ژیان"داو ساڵی ١٩٤٩ بەناوی (کای کۆن)ەوە لە ڕۆژنامەی"ژین"دا بڵاوی کردوەتەوە[١٤٤] ئەو کاتەی کە لە ئەستەنبووڵ بووە، بەشێوەیەکی بەردەوام هاتووچۆی کتێبخانەی بایەزیدی کردووە[١٤٥].

ئەوکاتەی کە لە ئەستەنبووڵ بووە، بە شێوەیەکی بەردەوام هاتوچۆی کتێبخانەی بایەزیدی کردووە. دەتوانین هەندێك شت لەنێو هەندێك شیعرو نووسینیدا سەبارەت بەو ڕۆژنەی لە ئەستەنبوڵ بخوێنینەوە. شیعری (شەوێك لە هەگبەلی ئەطە) نموونەیەکی ئەمانەیە.

لە شیعرێکی تری کوردیدا، لە جۆرە شیرینییەکی (خانم گوبەگی) ناو و کفتەیەکی (قادن بۆدو) ناو دەدوێ، بەم جۆرە باسی بەتامی خانم گوبەگی لەلای خۆی دەکات:

ئەمەند لام خۆش بوو خانم گوبەگی، ئێستاش بە تامی ئەو
بە خولیای پیرە زاوایەك خەوی شیرین ئەبینم شەو[١٤٦]

پیرەمێرد لە هەندێك بابەتی تریشدا کەوتبوە بەر کاریگەری کەلتووری تورك. بۆ نموونە، لە سەردێڕی شیعرێکی تریدا بە کوردی، ڕستەی (لەسەر کێشی چەناقەلعە ئیچندە)ی بەکارهێناوە[١٤٧].

---

[144] ئومێد ئاشنا، هەمان سەرچاوە، ل٣٧.

[145] ئومێد ئاشنا، هەمان سەرچاوە، ل٣٧.

[146] محمد رسول هاوار، پیرەمێردی نەمر، ل٢٩٣.

ئـەو سـاڵانەی لـە ئەسـتەنبووڵ بـووە، لـەنێو ڕۆژنامـەو گۆڤـاری جۆراوجۆری وەك "ژیـن" كـە لـە ئەسـتەنبووڵ و تـاران دەرچـوو، بابـەتی دەنوسـی. نموونـەی ئـەو گۆڤـارو ڕۆژنامانـەی كـە بـە زمـانی تـوركی یـا كوردی یان فارسی دەرچوون و پیرەمێرد بابەتی بۆ دەنووسین، ئەمانەی خـوراەوە بـوون: ژیـن، ئیجتیهـاد، سەربەسـتی، ڕەسملـی كتـاب، موصەروەر موحیط، ئیقدام، شەفەقی سورخ، شەمس.

هـەر لـەو سـەردەمانەدا غـەزەلێكی "نـالی"ی شـاعیری ناردووە بـۆ ڕۆژنامەیـەكی فەڕەنسی. بـەگوێرەی ئومێـد ئاشـنا، ئـەم غەزەلـە كـە بـە سـەردێڕی "لــە دوگمــەی ســینە، دوێنــێ نوێــژی شــێوان" دەســت پێدەكات، ساڵی ١٣١٩ (١٩٠٣- ١٩٠٤) نێردراوە بۆ ڕۆژنامـەی (Tan [دەبـێ Temps بـێ: مالمیـسانژ] و لەلایـەن داود حەیـدەرییـەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فەڕەنسی[١٤٨].

## ٢. ١. ١. ٥. بەرهەمەكانی

زمـانی زگمـاكی كـوردی (زاراوەی سـۆرانی یـا كـوردی باشـووری) بـووە؛ جگـە لـەوە، شـارەزاییی لـە زاراوەی گـۆران و زمـانی فارسـی- عەرەبی و توركیدا هەبوە. تایبەتمەندیی گرنگی پیرەمێرد ئەوەیە كە بە شـێوەی نووسـراو لـە بەشـی هەمـەجۆردا خزمـەتی كـەلتووری كـوردیی كـردووە. یـەكێك لـەو جۆرانـەی وا زیـاتر كـاری تێـدا كـردووە، شـیعرە.

---

[147] هەمان سەرچاوە، ل٣٥٣.

[148] ئومێد ئاشنا، هەمان سەرچاوە، ل٣٥-٣٦: لە "ژین"، ژ٨٦٠، شوباتی ١٩٤٧ی وەرگرتووە.

بــەگوێرەی دکتــۆر کوردســتان موکریــانی، پیرەمێــرد شــیعرەکانی مەولەویی تاوەگۆزی بە قووڵی کاریان تێکردووە[١٤٩].

لەگەڵ ئەوەی کە بەشێکی زۆری شیعرەکانیی بە زمانی کوردی نووسیوە، شیعری تورکی و فارسیشی داناوە. جگە لەوانە، شیعری زۆری وەرگێڕاوەتە سەر زاراوەی گۆرانی و زمانی فارسی[١٥٠]. یانی بەم پێیە مرۆڤ دەتوانێ بڵێ: پیرەمێرد وەرگێڕیش بووە. ناوبراو بابەتی لە کوردییەوە بۆ تورکی و لە تورکیشەوە بۆ کوردی وەرگێڕاوە. بۆ نموونە، داستانێکی ئەڵمانی بە ناوی "کەمانچە ژەن"ەوە کە وەرگێڕدرابوە سەر زمانی تورکی، لەلایەن پیرەمێردەوە کرا بە کوردی[١٥١].

پیرەمێرد خۆی بۆ خۆی داستانیشی دەنووسی و، لە هەمان کاتدا سەبارەت بە نمایشی کوردی یەکێکە لە یەکەم نووسەرانی ئەم بابەتە. ئاماژە بەوە دەکرێ کە نوێنەرایەتیی شیعری "نیو-کلاسیکی"ی لەنێو شیعری کوردیدا کردووە، یەکەم داستاننووسی کورد بووە کە بنەما فۆلکلۆرییەکانی لە بەرهەمەکانیدا بەکارهێناوە[١٥٢]. پیرەمێرد چەندین داســتانی فۆلکلــۆریی لــە ڕۆژنامــەکانی "ژیــان"و "ژیــن"دا بڵاوکردوەتەوە[١٥٣] و دەروبەری (٦٤٠٠) پەندی پێشنیانی کوردیی کردووە بە هۆنراوە.

---

[149] سۆران سنەیی، رسالەی عیشق لە مەولەوی‌ناسیدا، ناوەندی بڵاوکردنەوی فەرهەنگی کورد، ١٩٩١، ل٥٨٢.

[150] محەمەد ڕەسووڵ هاوار، هەمان سەرچاوە، ل١٠، ٢٤.

[151] عبدالجبار محمد جباری، هەمان سەرچاوە، ل١٦٨.

[152] هۆشمەند عوسمان، هەمان سەرچاوە، ل٥٤.

[153] محەمەد ڕەسووڵ هاوار، هەمان سەرچاوە، ل٤١.

بنکەی ژین www.zheen.org

جێگەیەکی تایبەتی لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردیشدا، هەیە. ئەمەش لە ئاستێکدایە کە نووسەرێکی ناوداری وەکوو هێمن، بە گەورەترین ڕۆژنامەنووسی کورد لەقەڵەم دەدات[154]. سەبارەت بە کارەکانی پیرەمێرد لە بواری ڕۆژنامەوانیی کوردیدا، بە شێوەیەکی کورت باسی کارو چالاکیەکانی دەکەین. بەپێی بۆچوونەکانی محەمەد ڕەسووڵ (هاوار)، هەرچەندە پیرەمێرد هەوڵی بەکارهێنانی ئەلفبای لاتینیی لە ڕۆژنامەی "ژیان"دا کە لە سلێمانی دەردەچوو، دابێ، بەڵام کارەکەی سەری نەگرتووە. بە هەمان شێوە، هەوڵی ئەوەشی داوە لەنێو ئەو ڕۆژنامانەی وا دەریکردوون، لەپاڵ زاراوەی کوردیی باشووری (سۆرانی)دا، زاراوەی (کرمانجی)ش بەکاربهێنێ، بەڵام سەرکەوتوو نەبوە درێژە بەمەش بدات[155].

دیسان هەر بە پشتبەستن بە قسەکانی (هاوار)، زمانی نووسینی پیرەمێرد لە یەکەم بەرهەمەکانی خۆیدا کەوتبوە بەر کاریگەریی قورسی زمانە بیانیەکان، بەڵام لە دواین بەرهەماکانیدا زمانێکی سادەو ڕوونی کوردیی بەکارهێناوە[156]. لەمەشەوە ئەوە دەردەکەوێ کە زۆر خۆی بە کێشەی زمانەوە ماندوو کردووە. ئەم ڕستانەی خوارەوە ئەمە پشتڕاست دەکەنەوە؛ (( ساڵی ١٣٢٩ی ڕۆمی (١٩١٤-١٩١٣) لە ئەستەمووڵ ڕۆژنامەی کوردی دەرچوو[157]،

---

[154] هێمن، ئەرکی "بەیان" لە هەلومەرجی ئێستادا چییە ؟، گۆڤاری "سروە"، ورمێ، ژ٥٨، ل٣٤.

[155] محمد رسول هاوار، هەمان سەرچاوە، ل٣٦.

[156] محمد رسول هاوار، هەمان سەرچاوە، ل٤١.

[157] گۆڤارە کوردییەکانی "یەکبوون"، "هەتاوی کورد"، "ڕۆژی کورد" لە ئەستەنبووڵ دەرچوون.

منیش ئەوکاتە لە جوڵەمێرگەوە بابەتێکم بۆ ناردن و پێشنیازی ئەوەم پێ‌کردن کە لە هەموو شوێنێکی کوردستانەوە زمانزان کۆبکرێنەوەو پێکەوە هەوڵی دیاریکردنی ڕێزمان و فەرهەنگێکی هاوبەش بدەن، بۆ ئەوەی زمانێکی گشتیی کوردی دروست بکرێ، تەنانەت بە کۆمەڵەی کوردیشم [مەبەستی جەمعییەتی هێڤی‌یە: مالمیسانژ] گوتبوو خۆم خەرجیی چاپەکەشی ئەدەم. بەڵام کەسێ گوێی لێ نەگرتم. ئێستا هەر کەس بە کەیفی خۆی زاراوەیەك یاخود شێوەیەك بەکاردێنێ. بەم جۆرەش زمانەکەیان خراپ کرد. بۆچی؟ ئایا کوردستان تەنیا هۆمەرە کوێرە[158] ؟ بۆچی کوردستانی گەورە لە زمانەکەمان تێ‌نەگات ؟))[159] .

سەرەڕای ئەم هەموو تایبەتمەندیانە، پێویستە ئەوەش لەبیر نەکرێ کە پیرەمێرد چاپخانەدارێکی باش بووە. ساڵی ١٩٣٧ لە سلێمانی چاپخانەیەکی بەناوی (چاپخانەی ژین)ەوە دامەزراندووەو، بۆ خۆشی ماوەیەکی درێژ کاری تێدا کردووە. شایانی باسە، چەندین کتێبی کوردیی هەر لەم چاپخانەیەدا چاپ کردووە[160] .

گرنگترین بەرهەمە نووسراوەکانی پیرەمێرد، بەم چەشنەی خوارەوەن:

### ٢. ١. ١. ٥. ١. کتێبەکانی

١– دوانزە سوارەی مەریوان، چاپخانەی ژیان، سلێمانی، ١٩٣٥–٢٧ل.

---

[158] هۆمەرە کوێر، شوێنێکی بەشی ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی‌یە.

[159] ئومێد ئاشنا، هەمان سەرچاوە، ل٣٦. لە "ژین"، ژ٦٧٩، ١٣ اغستوس ١٩٤٢ی وەرگرتووە.

[160] محمد رسول هاوار، هەمان سەرچاوە، ل١٩.

-دوانزه سوارەی مەریوان، چ٢- چاپخانەی ژیان، سلێمانی، ١٩٥٩-٢٧ل.

-دوانزه سوارەی مەریوان، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئازادی (١٩٦٠)١٦١.

٢- مەم‌وزین، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٣٤-٢٢ل.

٣- لە پەندەکانی پیرەمێرد، کتێبفرۆشی سەلمان ئەعزەم، بەغداد، ١٩٦٨، چاپی یەکەم، ١٦٨ لاپەڕە (لە ژمارەکانی ٦٣٠-٥٤٢ی ژین‌و ژیان کۆکراوەتەوە).

- لە پەندەکانی پیرەمێرد، چاپی دووەم، کۆکردنەوەو لەسەرنووسین‌و پێشەکی کاکەی فەلاح، بەغداد، ١٩٦٩، ١٦٠ لاپەڕە (لە ژمارەکانی ٧٣٩- ٤٥٢ی ژیان کە لە ٨/٢٤/ ١٩٣٥ تا ١٩٤٤/٤/١٨ بڵاوبوونەتەوە، کۆکراوەتەوە).

- لە پەندەکانی پیرەمێرد، چاپی سێیەم، کۆکردنەوەو لەسەر نووسین‌و پێشەکی کاکەی فەلاح، بەغداد، ١٩٧٢، ١٦٠ لاپەڕە (لە ژمارەکانی ٤٤٧ تا ٨٢٠ی ژین کۆکراوەتەوە).

- لە پەندەکانی پیرەمێرد، چاپی چوارەم، کۆکردنەوەو لەسەر نووسین‌و پێشەکی کاکەی فەلاح، بەغداد ، ١٩٨٠، ٢٣٥ل.

٤- مەم‌و زین، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٤٣.

٥- گاڵتەو گەپ، چاپخانەی ژیان، سلێمانی، ٦٢ل[١٦٢].

---

[161] محمد رسول هاوار، هەمان سەرچاوە، ل٥٢.

[162] حسن صلاح سۆران، شوێنەوارەکانی پیرەمێرد، "سروە"، ژ٥٠، ل٦٠.

www.zheen.org

* گاڵتەو گەپ، چاپی دووەم، سلێمانی، ١٩٧٢، ١١٤ل.

٦- مەحموود ئاغای شێوەکەڵ، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٤٢، ٣٨ل.

* مەحموود ئاغای شێوەکەڵ، ١٩٨٥، ٤٤ل.

٧- دیوانی پیرەمێرد، چاپی یەکەم، بەغداد، ١٩٩١.

٨- شەریف هەمەوەند.

## ٢. ١. ١. ٥. ٢. ئەو کتێبانەی کە وەریگێڕاون

١- دیوانی مەولەوی، لە هەوارمییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زاراوەی سۆرانی. شایانی باسە، ئەم دیوانە چەند جارێك لەچاپ درایەوە.

- دیوانی مەولەوی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ژیان، سلێمانی، ١٩٣٥، ٢٣١ل.
- دیوانی مەولەوی، چاپی دووەم، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٤٠، ١٨٢ل.
- دیوانی مەولەوی، چاپی سێیەم، بەغداد، ١٩٦٥، ٢٠٦ل.
- دیوانی مەولەوی، بڵاوکردنەوەی کاکەی فەلاح، ١٩٦٨.

٢- کەمانچە ژەن (ئالفرەد مولەر ئەفەندی)، وەرگێڕانی لە تورکییەوە بۆ کوردی پیرەمێرد، بەرگی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی ژین، ١٩٤٢، ١٢٧ لاپەڕە.

- کەمانچە ژەن، بەرگی دووەم، وەرگێڕانی لە توورکییەوە بۆ کوردی پیرەمێرد، بەغداد، ١٩٧٦، ١٦٠ل.

٣- مەولانا خالید، (دیوانی شیعر) ڕۆحی مەولانا خالید، ئامادەکردنی محەمەد ئەحمەد محەمەد، وەرگێڕانی لە فارسییەوە بۆ کوردی پیرەمێرد، بەغداد، ١٩٨٧ (لە ژمارەکانی ٨٨٨-٧٧٤ی "ژین"ەوە کۆکراوەتەوە).

بنکەی ژین www.zheen.org

### ٢. ١. ١. ٥. ٣. ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی وا دەریکردوون

١- **ڕۆژنامەی تەعاون و تەرەقی کورد**، ئەستەنبووڵ، ١٩٠٨، پیرەمێرد لەلایەن جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی کوردەوە وەکوو خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری ئەم ڕۆژنامەیە هەڵبژێردراوە.

**٢- ژیان**

ڕۆژنامەی ژیان لە ساڵی ١٩٢٦وە لە سلێمانی دەرچوو. پیرەمێرد بووە بە بەڕێوەبەری ئەم ڕۆژنامەیەو ساڵی ١٩٣٤یش بوو بە خاوەن ئیمتیازی دوای دەرچوونی ٥٥٣ ژمارە، ئەم ڕۆژنامەیە لە ١٠ی مارتی ١٩٣٨دا لەلایەن بەرپرسانی حکوومەتەوە داخرا[١٦٣].

**٣- ژین**

دوای داخرانی ژیان، پیرەمێرد وەك ئەوەی بەردەوامی بداتە ژمارەکانی، ڕۆژنامەی "ژین"ی تا ژمارەی ١٠١٥ دەرکرد (١٥ی حوزەیرانی ١٩٥٠). دوای مەرگی پیرەمێردیش، ئەم ڕۆژنامەیە دەرکرا (گۆران یەکێك لەوکەسانە بووە کە ئەم ڕۆژنامەیەیان بە بەردەوامی دەرکردووە).

ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە، دوای ئەوەی گەیشتە ١٧٠٠، ئیدی وەستاو ڕۆژنامەکە داخرا.

---

[163] علاءالدين سجادی، هەمان سەرچاوە، ل٤٢٠؛ محمد رسول هاوار، هەمان سەرچاوە، ل٣٢، ٤٠؛ کەمال ڕەئووف محەمەد، هەمان سەرچاوە، ل٩٦-٩٧.

## ٢. ١. ١. ٥. ٤. هەندێك لەو گۆڤارو ڕۆژنامانەی كە بابەتی بۆ نووسیون

١- ڕۆژنامەی تەعاون و تەرەقیی كورد، ئەستەنبووڵ، ١٩٠٨.

بەدەر لەو بابەتانەی كە ناوی خۆی لە سەر نەنووسیون، بەناوی تەوفیق، م. تۆفیق سولەیمانیەیی شیعرو پەخشانی لەم ڕۆژنامەیەدا بڵاوكردوەتەوە. بۆ نموونە، لە یەكەم ژمارەدا بە زمانی كوردی شیعری نووسیوەو لە هەشتەمین ژمارەشدا بە توركی.

٢- لە نووسینەكانی خودی پیرەمێردەوە، ئەوەمان بۆ دەردەكەوێ كە كاتێ قایمقامی جۆڵەمێرگ بووە (١٣٢٩) (١٩١٣-١٩١٤)، بابەتی بۆ "گۆڤاری كورد"یان خۆی واتەنی"ڕۆژنامەی كورد" لە ئەستەنبووڵ نووسیوە[١٦٤]. هەرچەندە پیرەمێرد ناوی ئەم گۆڤارە ئاشكرا ناكات، بەڵام وەكوو ئاگادارین، ساڵی ١٩١٣ لە ئەستەنبووڵ سێ گۆڤاری كوردی بە ناوەكانی "هەتاوی كورد"، "یەكبوون"، "ڕۆژی كورد"ەوە دەردەچوون.

٣- ژین (گۆڤارێكی كوردی-توركی) ئەستەنبووڵ (١٩١٨-١٩١٩)

شیعرو بابەتەكانی لە گۆڤاری "ژین"دا:

١. تۆفیقی سولەیمانیەیی، لەڕێگەی گۆڤاری "ژین"ـەوە بۆ برام كوردی بتلیسی، بەرگی یەكەم، ژمارە ٤، لاپەڕە ٢٨٨/٢٨٦.

٢. تۆفیقی سولەیمانیەیی، "كاروانی خەم"، بەرگی یەكەم، ژمارە ٥، لاپەڕە ٣٢٠-٣١٨/ ٣٠٤-٣٠٢.

---

[164] ئومێد ئاشنا، هەمان سەرچاوە، ل٣٦: لە "ژین"، ژ٦٧٩، ١٩٤٢ی وەرگرتووە [ئەو زانیارییە لەو ژمارەیە وەرنەگیراوە. دەرفەتم نەبوو بچمەوە سەری، سدیق].

www.zheen.org

٣. تـۆفیقی سـولەیمانیەیی، "مـەکتوبی مـەنزووم"، بـەرگی دووەم، ژمارە ٦، لاپەڕە ٣٤١.

٤. تـۆفیقی سـولەیمانیەیی، "لەڕێگـەی گۆڤـاری ژینــەوە بـۆ بـرام کوردی بتلیسی (٢)"، بەرگی دووەم، ژمارە ٧، لاپەڕە ٣٨٦-٣٨٤.

٥. تۆفیقی پیرە کورد، "هـەر لەدایکبوونـەوە ژێـری کـورد"، بـەرگی سێیەم، ژمارە ١٢، لاپەڕە ٥٦١-٥٥٨.

٤. گەلاوێژ، بەغداد .

تـەنیا سـەردێڕی چـوار بابـەت لـە بابەتـەکانی پیرەمێـرد لـە گۆڤـاری "گەلاوێژ"دا دەهێنمە سەر زمان:

١. ئـەنجامی پیـاوێکی بـەنگکێش، ژمـارە ١٢-٩، (ئـەیلوول-کـانوونی یەکەمی ١٩١٤).

٢. زۆرەملێ ملشکانی لەدواوەیە، ژمارە ٤-٣، ( مارتو نیسانی ١٩٢٤) .

٣. نەورۆز، ژمارە ٣ (مارت ١٩٤٣)، لاپەڕە ١١-١٠.

٤. شیوەنی ئەمین زەکی، ژمارە ٧ (مارت ١٩٤٨)، لاپەڕە ٣٤ .

٥. ژیان، سلێمانی، کانوونی دووەم- ١٩٢٦/ ئابی ١٩٣٦[165] .

لەم گۆڤارە کە ماوەیەك بە لێپرسراوێتی ئەو دەردەچوو، چەندین بابەتو شیعری هەیە.

٦. ژین، سلێمانی

لـەم گۆڤارەشدا کـە ماوەیـەك بـە لێپرسـراوێتی خـۆی دەردەچـوو، بابەتی جۆراوجۆری چاپ کراوە.

---

[165] هۆشمەند عوسمان، هەمان سەرچاوە، ل٥٠.

## ٢. ١. ١. ٥. ٥. ئەو گۆڤارو ڕۆژنامە فارسی و تورکیانەی کە بابەتی بۆ دەنووسین

بەگوێرەی ئەو زانیارانەی کە لە سەرچاوە نووسراوەکانەوە دەستم کەوتوون، پیرەمێرد لە چەندین ڕۆژنامەو گۆڤاری تورکی و فارسیدا بابەتی نووسیوە، لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەکەم.

بەلاّم بەر لەوە پێویستە ئەوەش بهێنمە سەر زمان کە ئەگەر لێکۆڵەرەوەکان ئەم جۆرە ڕۆژنامەو گۆڤارانە بخەنە بەر توێژینەوە، دەتوانرێ چەند شتێکی بەنرخ سەبارەت بە کەلتووری نووسراوی کوردو مێژووەکەی بەر دەست بخرێ.

### ١. سەربەستی، ئەستەنبووڵ

باسی ئەوە دەکرێ کە پیرەمێرد بابەتی لەم ڕۆژنامەیەدا نووسیوە[١٦٦]. سەربەستی "لە خزمەتی بەڕێوەرێتیی مەشرووتەو مافی هەموو عوسمانیەکاندایە بەبێ جیاوازیی ڕەگەزو مەزهەب"[١٦٧]. ئەم ڕۆژنامەیە بە بەڕێوەبەرێتیی مەولان زادە ڕفعەت لەنێوان ساڵەکانی ١٩١٣-١٩٠٨دا

---

[166] علاءالدین سجادی، هەمان سەرچاوە، ل٤١٩.

[167] بۆ زانیاریی تایبەت بە "سەربەستی"، سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:

- مولانزادە رفعت، حق وطن و طریق مجادلەدە حقیقت قاتمەدلمز، سربستی مطبعەسی، اسطنبول، ١٣٢٩ [١٩١٢-١٩١٣].
- دەزگای چاپو پەخشی کاتیی "تۆپلوو کەتەلۆگوو" کە بە پیتی عوسمانی نووسراوە، ب١، ل٢٢٧.
- حوسەین جاهید یالچین، بیرەوەریە سیاسیەکان، ل٦٩، ٣٠١.

دەرچـــووە. بـــەگوێرەی هەنـــدێك سەرچـــاوە، لـــە ١٩ی شـــوباتی ١٩١٣دا داخراوەو، ژمارەکانی ١٩٧-١٩٢ی بەناوی"ئەهالی" بڵاوبووتەوە.

حەسەن فەهمی سەرنووسەری ئەم ڕۆژنامەیە بووەو، لەبەر ئەوەی دژایەتـی جەمعییـەتی ئیتحـادو تـەرەقیی لـە نووسـینەکانی خۆیـدا دەکرد، چەند ڕۆژێـك بـەر لـە ڕووداوەکـەی ٣١ی مـارت کـوژرا. جـێی وتنە، سەربەستی ١٠ ژمارەشی لە پاریس دەرچووە.

هەندێك ژمارەی سەربەستی لە کتیبخانەی نەتەوەیی ئەنقەرە، کتێبخانـەی شـارەوانی ئەسـتەنبووڵ، کتێبخانـەی کۆلیـژی ئـەدەبیاتی ئەستەنبووڵو کتێبخانەی ئەنستیتووی ئینقلابی تورك دەست دەکەون. ساڵی ١٩١٨و دوای شەڕی مۆندرۆس، ئەم ڕۆژنامەیە بە خاوەن ئیمتیازیی مەولان زادە ڕفعەتو، جارێکی تر وەك ((ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ئێواران)) دەرچوو. هەندێك ژمارەی ئەم قۆناغەی سەربەستی، ئێستا لە کتێبخانەی نەتەوەیی ئەنقەرەو کتێبخانەی پارلەمانی گەورەی تورکیا پەیدا دەبن. جێی وەبیرهێنانەوەیە، بابەتێکی کامەران بەدرخان بەناوی (کوردستان-٣)ـــەوە لـــە ژمـــارە ٢٣٢٧ی ٢ی کـــانوونی دووەمـــی ســـاڵی ١٩١٩ ئـــەم ڕۆژنامەیەدا بڵاوکراوەتەوە.

## ٢. ئیجتیهاد، ئەستەنبووڵ

پیرەمێـــرد وەهـــا دەڵـــێ: ((دوای مەشـــرووتییەت کاتـــێ عەبـــدوڵڵا جـەودەت هاتـە ئەسـتەمووڵ، زیـاتر لـە هـەر کەسێك، مـن لـە خزمەتیـدا

بووم. من‌و نەژادی کوڕم بە هۆنراوەو پەخشانەکانی خۆمان خزمەتێکی باشمان لە گۆڤارەکەیدا پێ کردووە))[١٦٨].

ئەو گۆڤارە کە لێرە باسی لێوە دەکرێ، هەمان گۆڤاری "ئیجتیهاد"ە کە لەلایەن دکتۆر عەبدوڵلا جەودەتەوە دەرکراوەو، ساڵی ١٩٠٤ لە ژنێڤ دەستی بە پەخش کردووەو، دواتر بڵاوبوونەوەکەی لە قاهیرە (هەتا کۆتاییەکانی ساڵی ١٩١٠)و ئەستەنبووڵیش بەردەوام بووە.

هەرچەندە جاربەجار پەخشەکەی وەستاوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی هەتا ساڵی ١٩٣٢ بەردەوام بووە. بابەتی نووسەرانی کوردی وەکوو عەبدوڕڕەحمان بەدرخان‌و کامەران بەردخان لەم گۆڤارەدا بڵاوکراوەتەوە. کۆلەکسیۆنی ئەم گۆڤارە لەگەڵ هەندێك کەموکوڕیدا لە کتێبخانەی نەتەوەیی ئەنقەرەو کتێبخانەی گشتیی شاری بورساو کتێبخانە ژیری حەقی تارق دەست دەکەوێ. بەگوێرەی ئەو قسانەی کە بەڕێز وەدات گونیوڵ بە ئێمەی گوتووە، هەندێك ژمارەی هەمان گۆڤار لەلای ئەویش پەیدا دەبن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

### ٣. ڕەسملی کتاب، ئەستەنبووڵ

بەگوێرەی هەندێك سەرچاوەی کوردی، پیرەمێرد بە ناوەکەی ئەوکاتەی خۆی، یانی "حاجی تەوفیق"ـەوە بووە بە خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری ڕەسملی کتاب کە لە ئەستەنبووڵ دەرچووە[١٦٩]. شایانی باسە، هەندێك پێیان وایە پیرەمێرد بۆ ماوەی چوار ساڵ ئەم ئەرکەی ڕاپەڕندووە[١٧٠]. بەڵام

---

[168] ئومێد ئاشنا، هەمان سەرچاوە، ل٣٦: لە "ژین"، ژ٦٧٩، ١٩٤٢ی وەرگرتووە.

[169] علاءالدین سجادی، هەمان سەرچاوە، ل٤١٩؛ محمد رسول هاوار، هەمان سەرچاوە، ل١٤.

[170] عبدالجبار محمد جباری، هەمان سەرچاوە، ل١٦٣.

لەو چەند ژمارەیەی ئەم گۆڤارەدا کە کەوتە دەستم، هیچ جۆرە شتێکم بەرچاو نەکەوت ئەم زانیارییە پشتڕاست بکاتەوە[171].

ڕەسملی کتاب گۆڤارێکی "ئەدەبی، زانستی و کۆمەڵایەتی" بووە و لە ئەستەنبووڵ دەرچووە. تەمەنی ئەم گۆڤارە ماوەی نێوان ئەیلوولی ١٣٢٤ (١٩٠٩-١٩٠٨) تا شوباتی ١٣٢٩ (١٩١٤-١٩١٣) بووە. جێی باسە، ٥١ ژمارەی ئەم گۆڤارە لە کتێبخانەی نەتەوەیی ئەنقەرەو هەندێك ژمارەی تریشی لە کتێبخانەی گشتیی شاری بورسا دەست دەکەون.

شیاوی ئاماژە پێکردنە کە چوارەمین ژمارەی ڕۆژی کوردو یەکەمین ژمارەی هەتاوی کورد کە لە گۆڤارە کوردیەکانن و ساڵەکانی ١٩١٤-١٩١٣ لە ئەستەنبووڵ دەرچوون، لە چاپخانەی ڕەسملی کتاب چاپ کراون.

## ٤. موسەووەر موحیت (مصور محیط)، ئەستەنبووڵ

هەرچەندە ئومێد ئاشنا پێی وایە پیرەمێرد بابەتی لە ڕۆژنامەی "موحیتی موسەووەر"دا کە لە میسر دەرچووە، نووسیوە[172]، بەڵام ناوی ڕاستەقینەی ئەو گۆڤارە "موحیتی مووسەوەر" نییە، بەڵکوو موصەووەر موحیتەو لە ئەستەنبووڵیش دەرچووە. عەلائەدین سەجادیش پێی وایە پیرەمێردو فایەق سەبری پێکەوە گۆڤاری موسەووەر موحیتیان

[171] ئەو ژمارانە کە توانیومە تەماشایان بکەم: ب١، ژ٤؛ ب٥، ژ٢٩؛ ب، ژ٣٨، ٣٩؛ ب، ژ٤٣.

[172] ئومێد ئاشنا، هەمان سەرچاوە، ل٣٤: لە "ژین"، ژ٩٥٣، شوباتی ١٩٤٩ی وەرگرتووە.

دەرکردووە[173]. بەڵام لە چەند ژمارەی ئەم گۆڤارەدا کە کەوتە دەستم، هیچ شتێکی تۆمار کراوم بەرچاو نەکەوت ئەم زانیارییە بەڕاست لەقەڵەم بدات[174] بۆ دڵنیابوون لە زانیاریی سەرچاوە کوردیەکان سەبارەت بە پێوەندیی پیرەمێردو ئەم گۆڤارە، پێویستە ژمارەکانی تری بخرێنە بەر توێژینەوە.

"موسەووەر موحیت، گۆڤارێکی سیاسی، ئەدەبی، فەلسەفی، کۆمەڵایەتییە" ٣٩ ژمارەی کە لەنێوان ٢٣ی تشرینی یەکەمی ١٣٢٤ تا ٣٠ تەموزی ١٣٢٥ دا بڵاوبوونەتەوە، لە کتێبخانەی نەتەوەیی ئەنقەرەو کتێبخانەی شارەوانیی ئەستەنبوڵ پەیدا دەبن. هەندێك ژمارەشی لە کتێبخانەی عاتف ئەفەندیو کتێبخانەی گشتیی شاری بورساش دەست دەکەون. سەرنووسەرو بەڕێوەبەری ئەم گۆڤارە فایەق سەبرییە.

## ٥. ئیقدام، ئەستەنبووڵ

باسی ئەوە دەکرێ کە پیرەمێرد بابەتێکی لەسەر شارەزوورو نیشتەجێکردنی خێڵەکان لەم ڕۆژنامەیەدا نووسیوە[175].

ئیقدام "ڕۆژنامەیەکی سیاسی-زانستی" بووەو نێوان ٢٣ی حوزەیرانی ١٣١٠ (١٨٩٤) تا ٣٠ی تشرینی دووەمی ١٩٢٨ بە شێوەیەکی ڕۆژانە (١١٣٥٣) ژمارەی لێ دەرکراوە. کۆلەکسیۆنی ئەم ڕۆژنامەیە لە کتێبخانەی نەتەوەییی ئەنقەرەو کتێبخانەی میللەتی ئەستەنبووڵ بەرچاو دەکەوێ. خاوەن ئیمتیازی ئیقدام: ئەحمەد جەودەتو ئەتهەم عیزەت (بەنیجە) بوون.

---

173 علاءالدین سجادی، هەمان سەرچاوە، ل٤١٩.

174 ئەو ژمارەیە کە تەماشام کردووە: ب١، ژ١، ١٠، ١٧.

175 ئومێد ئاشنا، هەمان سەرچاوە، ل٣٤: لە "ژیان"، ژ٥٣٥، ١٩٣٧ی وەرگرتووە.

### ٦. شەفەقی سورخ "شفق سرخ"، تاران

باسی ئەوە دەکرێ کە پیرەمێرد لە ڕۆژنامەی " شەفەقی سورخ"دا کەلە تاران دەرچووە ، بابەتی بڵاوکردوەتەوە [١٧٦].

### ٧. شەمس، ئەستەنبووڵ

بەگوێرەی ئومێد ئاشنا، پیرەمێرد لە ڕۆژنامەی "شەمس"دا کە لەلایەن سەید حوسەینی ئێرانییەوە بە فارسی لە ئەستەنبووڵ دەرکراوە، بابەتی نووسیوە [١٧٧].

گۆڤاری شەمس بابەتی "مێژوویی، سیاسی، ئەدەبی"ی بڵاوکردوەتەوەو لە ٣٠ تەمووزی ١٣٢٥ (١٩٠٩)– ٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٣٢٦ (١٩١٠)، ٤٨ ژمارەی دەرچووە.

سەید حەسەنی تەبریزی خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری ئەم گۆڤارە بووە، کە بە شێوەیەکی هەفتانەو بە زمانی فارسی دەرچووە. کولەکسیۆنی ئەم گۆڤارەش لە کتێبخانەی نەتەوەیی ئەنقەرەدایە.

www.zheen.org

### ٨. حورریيەت، ئەستەنبووڵ

هەندێك سەرچاوە پێیان وایە پیرەمێرد لە ڕۆژنامەی "حوڕییەت"دا کە لە ئەستەنبووڵ دەرچووە، بابەتی نووسیوە [١٧٨].

---

176 ئومێد ئاشنا، هەمان سەرچاوە، ل٣٤: لە "ژین"، ژ٩٥٣، شوباتی ١٩٤٩ی وەرگرتووە.

177 ژین، ژ٧٦٨: ئومێد ئاشنا بۆ هەمان سەرچاوە لێی وەرگرتووە، ل٣٤.

178 عبدالجبار محمد جباری، هەمان سەرچاوە، ل١٦٤.

هەروەها ئەوەش دەزانرێ کە ساڵی ١٩٠٨ هەر بەم ناوە چەند ڕۆژنامەیەك لە ئەستەنبووڵ دەرچوون.

### ٩. فەرهەنگ، تاران

بەپێی نووسینەکانی ئومێد ئاشنا، پیرەمێرد بابەتی بۆ ڕۆژنامەی "فەرهەنگ" لە تاران ناردووە[١٧٩].

### ٢. ١. ١. ٥. ٦. داستانەکانی

١. دوانزە سوارەی مەریوان، چاپخانەی ژیان، سلێمانی ١٩٣٥، ٢٧ل.

* دوانزە سوارەی مەریوان، چاپی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی ژیان، ١٩٥٩، ٢٧ل.

* دوانزە سوارەی مەریوان، لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی ئازادی، ١٩٦٠.

٢. "ئاواتی دڵ"، ژیان، ژمارەکانی ٣٥٧-٣٥٥، ساڵی ١٩٣٣.

٣. "ئەنجامی پیاوێکی بەنگکێش"، گەلاوێژ، ژمارەکانی (١٢-٩)، ئەیلوول-کانوونی یەکەمی ١٩٤١.

٤. "زۆرەملێ ملشکانی لەدواوەیە"، گەلاوێژ، ژمارەکانی ٣-٤، (مارت-نیسانی ١٩٤٢).

### ٢. ١. ١. ٦. چەند نموونەیەك لە شیعرەکانی

شیعرەکانی پیرەمێرد بابەتی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرن، بەڵام بەشێکی زۆریان پێوەندییان بە جووڵانەوەو تێکۆشانی نەتەوەیی

---

[179] ئومێد ئاشنا، هەمان سەرچاوە، ل٣٤: لە "ژین"، ژ٧٦٨ (١٩٤٤)و ژ٩٥٣، شوباتی ١٩٤٩ی وەرگرتووە.

بنکەی ژین www.zheen.org

کوردەوە هەیە. بۆ لێکۆڵینەوە لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی، پێویستی بە کارێکی فراوانتر هەیە. من لێرەدا تەنیا چەند نموونەیەك لە شیعرەکانیان بۆ دەهێنینمەوە:

پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە بەشێك لە شیعرەکانی بەپێی ئاهەنگی سروودو گۆرانییەو، لەوانەش بەپێی مەقامی تورکییە. بۆ نموونە، لە دامێنی شیعرێکدا بەناوی گۆرانی ئەمەی نووسیوە: لەسەر کێشی "چەناقەلعە ئیچند"ە؛ لەخوار شیعرێکی تریشەوە ئەمەی نووسیوە: لەسەر ئاوازی گۆرانیی قەدەرم وار، قارا گوزلەر".

هەندێك لە شیعرەکانی پیرەمێرد، ئاوازیان بۆ دانراوەو لەلایەن دەنگبێژەکانەوە گوتراونەتەوە. بۆ نموونە، شیعری "گۆرانیی بەهار" ٤٦ ساڵ بەر لە ئێستا لە گرامافۆندا تۆمار کراوە[١٨٠].

**بۆ گیانی قارەمانانی کورد**

ئەم ئاسمانە شینە کەوا بەرگی ماتەمە
تەحلیلی وا کراوە کە قوببەی غەمە، تەمە
چەرخێکی کۆنە، ماکینەکەی ژەنگی گرتووە
چەوری نەکا بە خوێن، پەکی سووڕانی کەوتووە
پیرەژنێکە، هەر شەوەی شوویەك ئەکا بە خەڵق
سووراو بە خوێنی مێردی ئەکا، پێی ئەڵێن شەفەق
گوڵگون بە خوێنی عاشقە دێوجامەی فەلەك
چنگی پڵنگی ناوێ ژێر قاقمی بەلەك
گاهێ بە خوێنی ئالی نەبی سوور ئەبێ فورات

---

[180] محمد رسول هاوار، هەمان سەرچاوە، ل٣٧، ٣٥٣، ٣٥٥، ٣٦٠.

گاهـ خوێنی کوردی تێکەڵ ئەبێ، دیجلە زیاد ئەکات
ســـەرداری ئێمە بوو کە لەسەر دار بە پێکەنین
بانگی ئەکرد، "بە کوشتنی من میللەتم ئەژین"
ئەم خوێنی کوردە کە وەکوو خوێنی سیاوەحشە
خوێنی نەســـێنرێ هەڵدەقوڵێ، دائیما گەشـــــە
بۆ ئێمە لازمە هەموو ســاڵێك هەتا دەژین
ئەم ڕۆژی ٢٤ی ئایارە بکەین بە شـــــین
١٩٢٥/٥/٢٤

## هاتن شەهیدەکان

هاتن شەهیدەکان بە جلی سووری خوێنەوە
دایکی وەتەن دە هەســـتە سلاویان بسێنەوە
شــــێخ قادرە لەپێشـــەوە ســــــەرقافڵەی ئەوان
چەند جوانە خوێنو ڕیشی سپی، پیرو نەوجەوان
سەیری ئەمانە بکە، هەمووی کوردی سەفشکەن
گیانیان فـــــیدا ئەکردو ئەیانوت "بژی وەتەن !"
قــوربانی تۆن بە ڕیزە، کە غەملەبەر نەبی
بۆ ئێمە مردنە ئەگەر ئازادەســـــەر نەبی
مەگری، مەناڵە با بە خەفەت دڵشکەست نەبن
نەختێ لەلات ئەمێننەوەو بۆ بەهەشــت ئەچن
من وام ئەوێ کە حەشر ئەکرێم، خوێن بە بەرگەوە
بەم عەشـــقی میللییەوە، بە کزەو سۆزی جەرگەوە
ئەو ئاگرەی لە دڵـــــەوە بەربێتە کــفنەکەم
تا دوژمنم نەکا بە زوحاڵ، شەرتە پف نەکەم

## "نەوروز"

ئەم ڕۆژی ســـــاڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشیو بەهاتەوە
چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمە پێپەست بوو تاکوو پار
هــەر خـــــوێنی لاوەکان بــــوو گوڵی ئاڵی نەوبەهار
ئەو ڕەنگە سوورە بوو کە لە ئاسۆی بڵندی کورد
مـــــژدەی بـەیانی بۆ گەلی دوورو نزیك ئـــــەبرد
نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە
لاوان بە عەشق ئەچوون بەرەو پیری مەرگەوە
وا ڕۆژهەلات لە بـــەندەنی بـــەرزی ولاتەوە
خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە
تائێستا ڕوی نەداوە لە تاریخی میللەتا
قەڵغانی گوللە سینگی کچان بێ لە هەڵمەتا
پێی ناوێ بۆ شەهیدی وڵات شیوەنو گرین
نامـرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین

هەنـدێك لـە نووسـەرە کوردەکـان شـیعری نـەورۆزی پیرەمێردیـان وەکوو (La Macseillaise)ی کوردی ناوزەد کردووە[١٨١].

## نەڕەی دێوانە

کاك ئەحمەدەکەی خۆشەویستی خوا
زۆر کەس بە سایەی تۆوە نان ئەخوا
لـــــــەوانە زیاتر من تۆم خۆش ئەوێ
هەر تۆی سەربەرزیی قەومەکەت ئەوێ

[181] هەمان سەرچاوە، ل٥٠.

که له زیندانیان تێکخزاندبووین
ســـێدارەیان بۆ داچەقاندبووین
تۆ چووبوویتە لای بۆ بەدیعوززەمان[١٨٢]
مـــــــژدەت دابوویە بە ژیانو مان
فەرمووبووت ئێوە نامرن، ئەمێنن
تاســەر ئازادیی گەلتان ئەسێنن
خـــــۆ من باوەڕم بەوە کردووە
بە وەسیەت ناوی ئێوەم بردووە
بـەڵام وا ئەمرم بەو ئاواتەوە
بشمرم گۆڕم دەنگ ئەداتەوە

شـیعری شـەوێك لـە هەگبـەڵی ئـەوە نیـشان دەدات کـە پیرەمێـرد هـەتا ماوەیەکی درێژکاریگەریی ئەو ڕۆژانەی ئەستەنبووڵی بەسەرەوە ماوەتەوە.

**شەوێ لە هەگبەڵی ئەتە**

شەوێ مانگەشەوی چواردە، دەم دەمی نیسان
بەهاری تازە کە زستانی خستە ناو نەیسان
لە هەر دڵێکەوە جۆشێك بە بانگی دەنگخۆشی
لەلازارەوە شەونم، شەرابی مەی نۆشی
خەریکی جونبوشو زاخاوی ژەنگی زستان بوون
کچو کوڕ، ژنو مێرد، پێکەوە لە سەیران بوون
منیش لە خوارەوە چووبوومە گوێ لەبی دەریا

[182] مەبەست سەعید نوورسی (کوردی)یە.

به دەردی خۆمەوە گیرۆدە، بێکەس و تەنیا
لەپاڵ داری سنەوبەر کە داری (چام)ـە لەوێ
ئەوەی نەخۆش بێ هەوای دارچامی پێئەکەوێ
لە ئەستەنبووڵ، لە هەگبەلی ئەتە، بە بێدەنگی
خزامە بندەستی جوانان بە لاپلەرسەنگی
لەپێشەوە جووتێکی باڵا عـەرعەرو لاولاو
کە تیشکی کوڵمی ئەوان مانگی خستبوە ناو ئاو
بە یەکدڵی تەکیان دابووە یەکتر بە سـەوداوە
بە خۆشەویستییەکی پاک و بێگەردو ساواوە
بە میهرەبانی پەریی شۆخی شەو کە لە ژوور سەریان
بە تیشکی خۆی جلی زەرباڤتی کردبوە بەریان
بە سۆزەوە کوڕە پرسیی لە هامسەری گیانی
"کە ڕۆژ هەڵدێ و ون ئەبێ، کامیان خۆشە ئەیزانی ؟"
کچ وتی: "کە بە ڕووی تۆوە ڕۆژ هەڵێ خۆشـە
بە مەستیی چاوتەوە دڵ نەشئەدارە، سەرخۆشە
بەڵام کاتێك لەپێش چاو نەبی و دوور بی لەلام
بینایی لێڵــە ! لە زەردەدایە ڕۆژی هیوام"
بەو خۆشەویستییەوە کوڕ دەستی کردە ملی یار
سڕی لە ئاوێنەی ڕووی، بە لێوی ژەنگی غوبار
وتی: "کە تۆ ئەمە بی، کێ گەواهی عەشقم بێ
هەتا بژیم نەیەڵم عەشقی تۆم لەلا کەم بێ
کچ وتی: "ئەوە ئەستێرەی تازەیە هەڵات
بە کوردی ناوی گەلاوێژە، شەوقی دایە وڵات

وەرە با پێکەوە، سوێند بخۆین کە یەکدڵ بین
لە خزمەتی وەتانا هەوڵ بدەین هەتاکوو دەژین"
لە "ژین"ـەوە ئەمە شاباشی ڕێی گەلاوێژە
لە پایەی ئەدەبا نوکتەبێژو هەم گوڵڕێژە

ئەم شیعرەی خوارەوەش بۆ جاری یەکەم لە ڕۆژنامەی "ژیانەوە"دا چاپ کراوە، کە لەلایەن بەڕێوەبەرە ئینگلیزەکانەوە دەرکراوە. م. ڕ. هاوار پێی وایە هەرچەندە ئەم شیعرە بەبێ ناو لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوبووەتەوە، بەڵام دواتر دەرکەوتووە کە شیعری پیرەمێردە.

شاعیر لەم شیعرەدا ڕەخنەی لە شێخ مەحموود بەرزنجی گرتووە، بەڵام دواتر کە زانیویە دڵگران بووە، شیعرێکی تری بە باڵای شێخ مەحمووددا نووسیوە[١٨٣].

## لە گوێم دێ دەنگی لایەلایەی وەتەن[١٨٤]

لە گوێم دێ دەنگی لایلایەی وەتەن، دایک جگەرسووتاو
دەڕژێنێ بەسەر وێرانەکەی خوێناوییا خوێناو
دەلاوێنێتەوەو دەگری، سەری شینە لە ماتەمدا
شەوو ڕۆژ کۆتەڵی منداڵەکانی وا لە بەردەمدا
دەڵێ: لەو فیتنەیەی کوردا کوڕی چاکم نەما، کوژران
ئەویش مابوو، هەموو مردن لە برسا، بێکفن نێژران
خوا پاداشی ئەم تەنگانەیەی وا دایەوەو وام دی

[183] م. ڕ. هاوار، شێخ مەحموودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب ٢، لەندەن، ١٩٩١، ل٥٩٤، ٨٤٣–٨٤٦.

[184] من سەردێڕی شیعرەکەم داناوە.

به پێی خۆی هاته بەر پێم تاجی گەوهەردارەکەی کوردی
سەلاحەدین، جەلالی وای نەبوو، تاریخ لە بەرچاوە
هەموو پاشای بەبان مردن بە حەسرەت ڕۆژێکی واوە
شەوێ دەست ئەهریمەن کەوت خاتەمی موڵکی سلێمانی
کەچی میرو گزیری پێئەکرد، قەدری وەها زانی
بە سەرمەستی مەی سەرشار، خوێنی میللەتی نۆشی
لە جێی جوببەی سیادەت، ڕانکی سووری پیاوکوژیی پۆشی
لەباتی پرچ وەکوو ورچ، پایتەختی شوومی ئەشکەوت بوو
سیواك و زەرگ و خەنجەر ... کەمەندی تەوقی لەعنەت بوو
بەدەم ئەم ناڵەوە دەستی درێژ کرد، خستیە سەر شانم
وتی: تۆفیق، هاتیتەوە بۆ باری میحنەت ئەیزانم
بەڵێ حاڵم پەشێوە، فڕندە باڵی سووتانووم
نەما غەیری کەلاوە، شەو بناڵێنە لەوێ وەك بووم
وتم: دایە، کە دایکم مرد، نەگریام چونکە تۆمابی
ئەگەر ئەولادەکانیشت بکوژرێن، تۆ دەبێ چابی
قەسەم بەو عەزمی کوردەی شانی ڕیچاردی بە شیر ڕووشان
کڵاوی کورد ئەبێ قووچ بێ، کە هات و شانی خۆی جووڵان
شەوێك پیاوێك لەبەفرا ما، نەمرد ئاگرێکی دووری دی
لەلای من نائومێدی کفرە، ئەم ئاگرەی دڵم بوو دی ؟*

---

* "ژیانەوە"، سلێمانی، ژ٣٤، ئابی ١٩٢٥؛ م. ڕ. هاوار، شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان، ب٢، لەندەن، ل٨٤٣-٨٤٤.

### ٢. ١. ١. ٧. کوڕەکانی

پیرەمێرد ژیانی هاوسەریی لە ئەستەنبووڵ پێك هێناوەو دوو کوڕی بوو: نەژاد، ویداد. کاتێ گەڕایەوە بۆ باشووری کوردستان، لەوێ بەجێی هێشتن.

نەژاد شاعیرو نووسەر بوو[١٨٥]. زۆر ڕێی تێدەچێ زۆر بابەتی "حەزرەتی مەولانا خالید یەکێك لە گەورە پیاوانی کورد" کە بەناوی م. نەژاد تەوفیقی سلێمانییەوە لە دەیەمین ژمارەی گۆڤاری "ژین"دا بڵاوبووەتەوە، هی ئەو بێ.

وەك پێشتر باسمان کردبوو، پیرەمێرد لە نووسینێکدا بەمجۆرە باسی نەژادی کوڕیی کردووە: ((لەدوای مەشرووتییەت، کاتێ عەبدوڵڵا جەودەت هاتە ئەستەنبووڵ. زیاتر لە هەموو کەسێك من لە خزمەتیدا بووم، لە گۆڤارەکەشیدا منو نەژادی کوڕم بە هۆنراوەو پەخشانەکانی خۆمانەوە یارمەتی زۆرمان داوە))[١٨٦].

هەروەها باسی دەکرێ کە"ویداد" شارەزای زمانی سانسکریتی بووە١٨٧. پیرەمێرد، باسی ئەوەشی کردووە کە ویدادی کوڕی لە ئامادەکردنی ئەنسیکلۆپیدیایەکدا لە تورکیا بەشدار بووە: ((جەمعییەتێکی (ئەنسکلۆپیدی) لە تورکیە ڕێك خرابوو لە دانشمەندانی گشت میللەتێكو پرۆفیسۆرێکی ئەڵمانییان هەڵبژاردبوو

---

[185] ئومێد ئاشنا، هەمان سەرچاوە، ل٣٦.

[186] ئومێد ئاشنا، هەمان سەرچاوە، ل٣٦: لە "ژین"، ژ٦٧٩، ١٩٤٢ی وەرگرتووە.

[187] ئومێد ئاشنا، هەمان سەرچاوە، ل٣٦.

سەرۆك بێ ویدادی كوڕی منیش هەروا لاپلەرسەنگی خۆی تێهەڵقورتاند))[188].

وا دەردەكەوێ ئەم دوو بابەتەی خوارەوە كە لە ئەستەنبووڵو لە گۆڤاری"ژین"دا بڵاوبووەتەوە، هی ویدای كوڕی پیرەمێرد بێ،

– ئیسماعیل ویدادی سلێمانیەیی–"یەكێتیی كوردو تورك"، ژین، ئەستەنبووڵ، بەرگی دووەم، ژمارە ٨، ل٤١٤–٤١٥.

– ئیسماعیلو ویدادی سلێمانیەیی لە كوردە لاوەكان، " زمانی كوردیمان"، ژین، ئەستەنبووڵ، بەرگی دووەم، ژمارە ٩، ل٤٥٠–٤٥١.

یەكێك لە كوڕەكانی پیرەمێرد لە كۆتاییی دووەم جەنگی جیهانیدا بۆ سەردانی باوكی چووەتە سلێمانیو چەند ڕۆژێك لەوێ ماوەتەوە[189].

ئەگەر هێشتا لە ژیاندا بنو منداڵشیان هەبێ، دەبێ هەر لە توركیا بن، بەلام لەبەر ئەوەی پاشناوەكانیان نازانین، نەمانتوانی هیچ زانیارییەك لەبارەی ئێستای ئەوانەوە پەیدا بكەین.

## ٢. ١. ١. ٨. وەسیەتنامەكەی

وەسیەتنامەكەی پیرەمێرد كە بەر لە مەرگی خۆی نووسیویە، بەڵگەیەكی گرنگە سەبارەت بە بیرو بۆچوونەكانی لە دوارۆژەكانی تەمەنیدا. ئەم وەسیەتنامەیە بە كوردیی باشوور نووسراوە:

((ئەمجارە ئەمرم. لە مردن ناترسم. ژیانێكی باشو عومرێكی درێژم ڕابواردووە. گەلێ شارانو وڵاتان گەڕاوم، گەورەو پادشاهانم دیوە.

[188] ئومێد ئاشنا، هەمان سەرچاوە، ل٣٦: لە "ژین"، ژ٩٣٩، ٢١ی تشرینی یەكەمی ١٩٤٨ی وەرگرتووە.

[189] محمد رسول هاوار، پیرەمێردی نەمر، ل١٧.

تاڵی و سوێری‌ی زۆرم چەشتووە. بە نیوە خوێندەواری لە سلێمانی دەرچووم‌و خوێندنێکی بەرزم هێنایەوە. بە سەربەرزیی ئەزانم کە لەڕێی باوەڕی خۆما حەپس‌و زیندانێکی زۆرم دیوە. لەم ولاتەدا دوو چاوم هەبوو: یەکێ (زانستی)و یەکێ (ژین). ئێستە کە ئیتر لەوانەیە کەڵکی خزمەتم پێوە نەمێنێ‌و ببم بە بار بەسەر خەڵکەوە، ڕوو ئەکەمە قاپی‌ی ئەبەدی، بەبێ ئەوەی کە ماڵی کەسم خواردبێ، موحتاجی کەس بووبێتم، هیچم پاشەکەوت نەکردووە، هیچیشم لەدوا بەجێ نەماوە. چاوم لەدوای خۆم نییە. خۆم بە ئاخرخێر دەزانم. هەرچەندە یەکانە هیوام ئەوە بوو کە ببینم قەوم‌و میللەتەکەم پلەیەك لەمە بەرزترو خوێندەوارترو پێگەیشتووتر بن. بوو بە گرێ لە دڵما و نەمدی. لەگەڵ ئەوەشا بەختیارم، چونکە بۆم دەرکەوت کە قەوم‌و میللەتەکەم لەپێشکەوتنان‌و هەموو جۆرە توانا و قابلییەتێکیان تێدایە.

ئامۆژگاریم ئەوەیە بخوێنن، کوڕو کچ تا خوێنەوار نەبن بێسوودە، هەموو شتێك بە عیلم‌و فەننەوەیە، وەکوو وتوومە:

لای من بە خوێندەوارییە، ئاه خوێندەوارییە
هەر میللەتێ کە فەننی نەبێ، دەردی کارییە
ئاخ خۆزگە خوێندنیش وەکوو من ئارەزوو ئەکەم
ببینم‌و نەبێتە گرێی قورسی کفنەکەم

ئامۆژگاریمئەوەیە شوێن مادده مەکەون، دنیا زۆر بە گران مەگرن، تا ئەتوانن خزمەتی ڕاست‌و بێموقابیلی قەوم‌و زمان‌و ولاتەکەتان

www.zheen.org

بکەنو دەستی داماوان بگرنو لە دین لامەدەن. خواو پێغەمبەری خۆتان بناسنو ڕەوشتتان پاكو خاوێن بێ.

ئامۆژگاریم ئەوەیە چاپخانەکە مەفەوتێنن[١٩٠]. ئەم قەلەندەرخانەیە تێك مەدەن[١٩١]. ئەو یەکدوو کەسانەی ئەم بەینە لەم قەلەندەرخانەیەدا خۆیان داوەتە پەنای من، بێنازیان مەکەن، حەقیان بەسەرمەوەیە. ڕۆژنامەکەش لەدەست مەدەن. چاپخانەکە ئیش پێ بکەن، چونکە لەلایەکەوە ناکوژێتەوەو خزمەتێکی پێئەکرێ" لەلایەکی تریشەوە ئەو جیهەتانەی من یارمەتیم داون، بەڵکوو بەهۆی ئیشکردنی چاپخانەکەوە ئەو یارمەتیەیان نەبڕێ.

(مزگەوتی هەمزاغا)ش فەرامۆش مەکەن، یادگاری باپیرمە، مزگەوتی ئەو گەڕەکەیە، مەڵبەندی خوێندنی ئایینە، ماڵی خوایە. خوا شاهیدە لەوەتی هاتوومەتەوە فەرامۆشم نەکردووە.

ئامۆژگاریم ئەوەیە شیعرو نووسینەکانم کۆکراوەیە، مەیفەوتێنن،ی ئیستیفادەی لێ دەکرێ. ئامۆژگاریم ئەوەیە لە (گردی یارە) بمنێژن، بۆم مەگرین. ئەگەر زۆر بیرتان کردم، جار جار سەرم لێ بدەن. فایەق[١٩٢] ئەم ئامۆژگاریانەم بۆ تۆیەو بۆ ئەو کەسانەیە کە بەتەنگمەوەن))[١٩٣].

قوتابخانەی زانستی کە گرنگییەکی زۆری هەبوە لەلای پیرەمێرد، لە وەسیەتنامەکەشیدا باسی کردووە؛ قوتابخانەیەکی

[١٩٠] مەبەست (چاپخانەی ژین)ە کە پیرەمێرد خاوەنی بووە.

191 پیرەمێرد چاپخانەکەیی بە (قەلەندەرخانە) ناو بردووە.

[١٩٢] فایەق هۆشیاری کچەزای پیرەمێردە.

[١٩٣] محمد رسول هاوار، هەمان سەرچاوە، ل٢٠-٢١.

www.zheen.org

میللی‌ی شەوانە بووە، کۆمەڵەی زانستی کوردان سەرپەرشتیی کردووە. کەسانی وەك (هەژاران، کرێکار، دووکاندارو دەستفرۆشەکان) کە بە ڕۆژ سەرقاڵی نانپەیداکردن دەبوون، هەر لەبەرئەمەش دەرفەتی خوێندنیان نەدەبوو، شەوانە لەم قوتابخانەیەدا دەرسیان دەخوێند[١٩٤].

پیرەمێرد، ساڵی١٩٣٣ بەڕێوەبەری ئەم قوتابخانەیە بوو. شایانی باسە، ساڵی ١٩٣٨بە شێوەیەکی ڕەسمی داخرا[١٩٥].

### ٢. ١. ١. ٩. ئەوەی لەسەری نووسراوە

### ٢. ١. ١. ٩. ١. ئەو کتێبانەی وا لەسەری نووسراون

١) محمد رسول (هاوار)، پیرەمێردی نەمر، بەغداد، ١٩٧٠، ٤٥٥ل. چاپی دووەم، مەهاباد، ١٩٧٩، ٤٥٥ل.

٢) فەریدوون عەلی ئەمین، چەند سەرنجێك دەربارەی پیرەمێردی نەمر، بەغداد ،١٩٧١، ٥٦ل.

٣) یادی پیرەمێرد، لە چاپکراوەکانی یانەی سەرکەوتن، بەغداد، ١٩٥١، ١١٨ل.

شاعیری ناوداری کورد، "عەبدوڵلا پەشێو"یش تێزی دکتۆراکەی لەسەر پیرەمێرد ئامادەکردووە.

ئەو وتارو شیعرانەی وا لە ١٩٥٠/٨/٢٥دا لە سلێمانی بۆ یادی پیرەمێرد لە کۆبوونەوەیەکدا خوێندرانەوە، دواتر بە چاودێریی

---

194 هەمان سەرچاوە، ل٤٣، ٤٤.

195 علاءالدین سجادی، هەمان سەرچاوە، ل٤٣٤.

www.zheen.org

عەلائەدین سەجادی لەلایەن (یانەی سەرکەوتن)ـەوە بە کتێبێك چاپ کرا (یادی پیرەمێرد).

شاعیران و نووسەرانی ناوداری وەك بێخود، تۆفیق وەهبی، گۆران، قانع، عەبدولخالق "ئەسیری" لەم کۆبوونەوەیەدا قسەیان کردووە یا شیعریان خوێندوەتەوە. جێی باسە، شاعیری ناودار "هیجری دەدەی کەرکووکی"ش لە هەمان کۆبوونەوەدا قسەی کردووە؛ لەوەش زیاتر، بە تورکی، فارسی و کوردی (بە بنلەهجەکانی موکری و هەورامی) شیعری خوێندوەتەوە[196].

بالی خان و ڕۆهات پێیان وایە دوای مەرگی پیرەمێرد هەموو شیعرو نووسینەکانی لەنێو کتێبی بیرەوەریەکانی پیرەمێردا لە باشووری کوردستاندا لەچاپ دراون. بەڵام لەڕاستیدا کتێبی وەها هەرگیز لەچاپ نەدراوە. زۆر پێ دەچێ زۆر ئەوان مەبەستیان هەمان کتێبی (یادی پرەمێرد) بێ و هەڵەتێگەیشتنێك لەئارادا بێ. ئەوەش لەکاتێکدایە کە کۆکردنەوەی ئەو بابەتانەی وا لەسەر یادی نووسەرێك دەنووسرێن، جیاوازیی هەیە لە گەڵ کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی خودی نووسەرەکەدا. بالی خان و ڕۆهات لە شوێنێکی تردا بە هەڵە ساڵی لەدایکبوونی پیرەمێردیان بە ١٨٠٧ نووسیوە. هەر هەمان جووتە نووسەرو چەند نووسەری تریش پێیان وایە پیرەمێردو هاوڕێکانی ساڵی ١٩٠٧ لە ئەستەنبووڵ کۆمەڵەیەکیان[197] بەناوی

---

[196] محمد رسول هاوار، هەمان سەرچاوە، ل٣٣٩-٣٤٠.

[197] محەمەد ئوزون، ئەنتۆلۆژیای ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی یەکەم، خانەی بڵاوکردنەوەی توم زەمانلەر، ئەستەنبووڵ، ١٩٩٥، ل١٣٠-١٣١.

"کوردستان"ـەوە دامەزراندووە، ئەمەش نادروستەو ساڵی ١٩٠٧ کۆمەڵەیەکی وا لە ئەستەنبووڵ دانەمەزراوە.

ڕۆهات لە کتێبی (ئەتنۆلۆژیای ئەدەبیاتی کوردی)داو بالی خان لە کتێبی (ئەتنۆلۆژیای هەڵبەستڤانانی کورد)دا ئەم هەڵانەیان دووبارە کردوەتەوە[١٩٨].

## ٢. ١. ١. ٩. ٢. هەندێك لەو سەرچاوانەی کە زانیارییان لەبارەوە داوە

– ئا، بالی، ئەتنۆلۆژیای هەڵبەستڤانانی کورد، بڵاوکراوەکانی پێلاسۆر، ئەستەنبووڵ، ١٩٩٢، ل٣٢٧-٣٢٨.

– عەودەڵ عەلی، شاعیرێکی پرئالی [فرەلایەن]: پیرەمێرد، ژیانانو، ئەستەنبووڵ، ساڵی یەکەم، ژمارە ١، (١-٧/١٠/١٩٩٤)، ل١٠.

– بابا مەردۆخی ڕۆحانی "شیوا"، مەحشەری کورد، تاران، ١٩٨٧/ ١٣٦٦، ل٣٠١-٣٠٦.

– بالی خانو ڕۆهات، بەرەڤۆکا هەڵبەستڤانین کورد، چاپو پەخشی کۆمکار، فرانکۆرت، ١٩٨٢، ل٨٤-٨٣.

– بۆتان ئامەدی، مێژووی کوردەکانو کوردستان-١، بڵاوکراوەکانی فرات- دیجلە، ئەستەنبووڵ، ١٩٩١،ل١٦٥-١٦٤.

[198] ئا. بالی، ئەنتۆلۆژیای هەڵبەستڤانێن کورد، بڵاوکراوەکانی پێلا سۆر، ئەستەنبووڵ، ١٩٩٢.

تا ئەو جێگەیەی دیار دەبێ، بۆتان ئامەدی زانیاریەکانی خۆی لەسەر پیرەمێرد لە کتێبەکەی پرۆفیسۆر قاناتێ کوردۆ وەرگرتووە، لە خوارەوە باسی دەکەین.

– عبدالجبار محمد جباری، مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، سلێمانی، ١٩٧٠، ل١٦٨-١٦٣.

– علاءالدین سجادی، مێژوی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد، ١٩٥٢، ل٤٣٥-٤١٨.

– ئەسعەد عەدۆ، پێناسی بەشێکی شاعیرانی کورد، چاپخانەی ئەلحەوادیث، بەغداد، ١٩٨٠، ل٤٣.

– علاءالدین سجادی، "ئەدیبی بەناوباگی کورد پیرەمێرد"، "گەلاوێژ"، ژ ٨، ئابی ١٩٤٣، ل١-٨.

– فەرهاد پیربال، پیرەمێرد (محەمەد ئوزون- ئەتنۆلۆژیا ئەدەبیاتا کوردی، بەرگی یەکەم، پەخش و بلاوکردنەوەی توم زەمانلەر، ئەستەنبووڵ، ١٩٩٥، ل١٣٠-١٣١).

– حسن صلاح سۆران، شوێنەوارەکانی پیرەمێرد، "سروە" (گۆڤاری فەرهەنگی- ئەدەبی)، ورمێ، ژمارە ٥٠، ل٥٩-٦٠.

–Joyce Balu, Mémoire du Kurdistan, Editions Findakly, Paris, 1984, 171p.

– لەتیف ئەپۆزدەمیر، شاعیرێکی کورد کە جۆش و خرۆشی نەورۆزی لەدڵدا بووە: پیرەمێرد. "ئازادی"، ئەستەنبووڵ، ساڵی یەکەم، ژ ٩ (١٨/١٢ی تەمووزی ١٩٩٢).

www.zheen.org

- مەلا عەبدوڵڵای زێوەر، گەنجینەی مەردان و یادداشتی ڕۆژانەی دەربەدەری، بەغداد، ١٩٨٥، ل١٤٧-١٥٠.
- محمد امین زکی، "بۆ پیرەمێرد"، "گەلاوێژ"، ساڵی چوارەم، ژ٢، ل١.
- محمد رسول "هاوار"، پیرەمیرد والصحافة، "التآخي" (جريدة)، بغداد، ١٧ حزيران ١٩٧٠.
- محمد صاڵح ابراهیمی محمدی "شەپۆل"، ژیناوەری زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامەتی یا گەنجینەی فەرهەنگ و زانست، تاران، ١٣٦٤ (١٩٨٥)، ل٣٧٧-٣٧٨.
- مستەفا نەریمان، بیبلۆگرافیای دووسەد ساڵەی کتێبی کوردی (١٧٨٧-١٩٨٧)، بەغدا، ١٩٨٨.
- مستەفا نەریمان، فەرهەنگی ئەدەب و نووسەرانی کورد، ١٩٨٤، ل٢٩.
- (سەعید) ناکام، چەند بیرەوەرییەك لە ڕۆژانی ئیشکردنم لەگەڵ پیرەمێردی نەمردا، "برایەتی"، ساڵی یەکەم، خولی دووەم، ژ٢، تەمووزی ١٩٧٠، ل١١-١٣.
- پرۆفیسۆر ڤاناتێ کوردۆ، تاریخا ئەدەبیاتا کوردی، بلاوکراوەکانی ڕۆژانو، ستۆکهۆڵم، ١٩٨٥، بەرگی دووەم، ل١٠٩-١١٠.
- صدیق بۆرەکەیی "صفی زادە"، مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی دووەم، بانە، ١٣٧٠ (١٩٩١)، ل٦٢٦-٦٣١.
- صلاح عرفان، پیرەمیرد شاعر الحکمة والجمال وعاشق الطبیعة والوطن، "التآخي" (جريدة)، بغداد، ١٧ كانون الاول ١٩٧٣و ٢١ كانون الثاني ١٩٧٤.

– ئومێد ئاشنا، چەند لایەنێکی شاراوە لە ژیانی ڕۆژنامەگەری پیرمێردی نەمر، "کاروان" (گۆڤار)، هەولێر، ژ ٣٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٥، ل٣٩-٣٢.

– وەدات قایماق، Les Étecnels Exiles، پاریس، ١٩٩٠، ل١٧٣.

– خالد خاکی، نظری بە کردستان و دیداری باشعرای کرد، انتشارات شرق، ١٩٧٨، ل١٩٧.

## ٢. ١. ٢. بەدری مەلاتیەیی

یەکێکی تر لەو نووسەرانەی کە بابەتەکانی لە "ڕۆژنامەی تەعاون و تەرەقی‌ی کورد"دا بڵاوکراوەتەوە، بەدری مەلاتیەیی‌یە. بابەتی "کوردەکان و ئازایەتی‌ی گەلان"ی ئەو لە یەکەم ژمارەدا دەستی پێ کردووە، دواتر لە ژمارەکانی تریشدا بەردەوام بووە. لە ژمارەی شەش بەدواوە، ئیدی بابەتی ئەو لە ڕۆژنامەکەدا نابینرێ.

سەبارەت بە خودی بەدری مەلاتیەیی زانیارییەکی ئەوتۆمان لەبەردەستدا نییە، بەڵام ئەوە دەزانین کە سەرنووسەرو یەکێك لە بەرپرسارانی ڕۆژنامەی" شەرق و کوردستان" بووە[١٩٩] کە ساڵی ١٩٠٨ لە ئەستەنبووڵ دەرچووە.

دوو بابەتی تری لە یەکەم ژمارەی هەمان ڕۆژنامەدا بەناوی" کردلر و کردستان"و" ملکده تفریقه طرفدارننه"وە هەیە. یەکەمین بابەتیانم بە پیتی لاتینی نووسیوەتەوەو لێرەدا دەیهێنمەوە

---

[199] بۆ زانیاری‌ی زیاتر لەبارەی ڕۆژنامەی "شرق و کردستان"ـەوە، بڕوانە: مالمیسانژو مەحموود لەوەندی، هەمان سەرچاوە، ل٢٤-٣٢.

## "کوردەکان و کوردستان"

لەکاتێکدا ئازادی ڕووی عەدالەتی خۆی لە هەموو شوێنە دوورەدەستەکانی وڵاتدا نیشان داوە، لە کوردستاندا بەم جۆرە نییەو هەوڵی پێشخستن و بەرزکردنەوەی نەدراوە، بەڵکوو ئەوەی لەوێ دەرکەوتووە، تەنیا ئەنجامی هەندێك بۆچوونی جیاوازە کە دڵێکی ڕەشیان هەیە. ئەم دڵە بێچارانە[200]، ئەم دیدە کوێرانە، چۆن دەتوانن لە بەسەرهاتی خەڵکی کوردستان و قووڵاییەکانی دەروونیان تێ بگەن، لەکوێوە دەیبینن ؟ هەموو تاوانەکانی حکوومەتی داڕزاویان لە پەیماننامەی بەرلین و کۆنفراسی لاهای (Lahey)دا خستە ئەستۆی کوردەکان.

ڕۆژئاواییەکان و ئەو هاووڵاتیانەی کە ڕۆژئاوا کاری تێکردوون، هەمیشە بە چاویلکەیەك و بەپێچەوانەوە ڕاستیەکان دەبینن و هەر ئەوانەش وەزعی کوردەکانیان لە ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوادا وەکوو بەسەرهاتی دێوەکە بڵاوکردوەتەوە.

جیهانی مرۆڤایەتی وەك ستەمکارو دز چاو لە ئێمە دەکات، ڕۆژگاریش تەواوکەری ئەمەبوو. قەیناکە با باسی ڕابردوو نەکەین، ئەو کاتانە سەردەمی زوڵم و ستەم و تۆمەتبارکردن بوون. زەبری دەیان فووی بەهێز هەوڵی کوژاندنەوەی تیشکێکی بچووکیان دەدا کە بۆ نیشاندانی ڕووی پاکی ڕاستی هەڵکرابوو، یان وەك چی بڵێم ! ئەو ئازادییەی کە تا دوێنێ دروشمە بریقەدارەکانی نیگای چاوەکانمانی بەرەو خۆی ڕادەکێشا، ئەمڕۆ خەریکە

---

[200] لە دەقەکەدا تەنیا سێ نوختە دانراوە.

بەناوی تێنەگەیشتوویی‌یەوە بە هیچمان لەقەڵەم دەدات. دەیانگوت گرووپێك هانی خەڵك دەدەن لە کوردستان دەستدرێژی بکەنە سەر هاووڵاتیەکانیان. ئایا لەم قۆناغە تازەیەی عەدالەتدا دیسان دەبێ خۆمان بە شایستەی خراپەی نێو دەوڵەت و نیشتمان و دین بزانین ؟ نا ! ئێمەی کورد خۆی لە خۆیدا هیچ کاتێك شایستەی ئەم هەموو زللە بەردەوامەو ئەم مامەڵانە نین. هۆیە دیارەکانی ئەم خراپە بەردەوامە، دژی یاسای پێشکەوتنی وڵات و یەکێتی خەڵکە، شتانێکن هەمیشە مرۆڤایەتی بەرەو خراپە دەبەن، ئێمەی کورد، بە موسڵمان و ناموسڵمانەکانەوە، بەش بەحاڵی خۆمان هەمیشە تامەزۆری گرتنی ئەو قەڵای ئازادییە بووین کە ئەمڕۆ گیراوە. بە هەموو کارو چالاکییەکی خۆمانەوە ئەوە دەسەلمێنین کە فیداکاری دەکەین لە ڕێگەی مەشرووتییەت و ئەو کەعبەیەدا کە نەتەوەکانی عوسمانی سەدان ساڵە چاوەڕێی دەکەن. ڕابردوو ئێمەی بەرپرس لەقەڵەم دا، بەڵام هەوڵی ئەوە دەدەین لە داهاتوودا خۆشحاڵ بین !

بەدری مەلاتیەیی*

## ٢. ١. ٣. ئەحمەد جەمیل (ASENA) (١٨٧٢-١٩٤١)

بە میری کاتب زادە ئەحمەد جەمیل ناسراوەو دوای دەرچوونی یاسا پاشناوی (ئاسەنا)ی هەڵبژاردووە. ناوبراو ساڵی ١٨٧٢ لە شاری دیاربەکر (ئامەد) لەدایك بوو. دوای ڕوشدیەی عەسکەری و مەکتەبی عەشایر،خوێندنی لە بەشی تایبەتی مەکتەبی موڵکیەی شاهانەدا تەواو کرد.

جێگەی ئاماژەپێکردنە، هەرچەندە هەندێك مێژوونووسی کوردی وەك دکتۆر جەبار قادر ناوی"ئەحمەد جەمیل"یان بە ئەحمەد جەمیل

* "شرق و کردستان" (شرقن وضعیت سیاسیله و غربن انسانیته قارش شائبەلرینه مصور غزتەدر)، اسطنبول، نومرو ١، ١٩ تشرین ثانی ١٩٠٨/ ٢٥ شوال ١٣٢٦ [١٩٠٨]، ص١.

پاشا هێناوەو وایان داناوە برای قەدریو ئەکرەم جەمیل پاشایە، بەڵام شتی وا لەئارادا نییەو ئەمە هەڵەیە[٢٠١].

ناوبراو هاوڕێی کاتی منداڵیو خزمی زیا گوک ئالپ و یەکێك بووە لە ئەندامانی یەکەمین لقی جەمعییەتی ئیتحادو تەرەقیی عوسمانی لە دیاربەکر کە بەر لە ڕاگەیاندنی مەشرووتییەتی دووەم لەلایەن زیا گوک ئالپو هاوڕێکانیەوە بە شێوەیەکی نهێنی دامەزرابوو. ئەم کۆمەڵەیە، یەکدوو ڕۆژ دوای ڕاگەیاندنی مەشرووتییەت وەك لقی دیاربەکری جەمعییەتی ئیتحادو تەرەقی دەرکەوتە مەیدان.

زنار سلۆپی لەبارەی "میری کاتب زادە ئەحمەد جەمیل"ـەوە کە سەرنووسەری "ڕۆژنامەی تەعاونو تەرەقیی کورد" بووە، وەها نووسیویە:

((.... لەمیانەی ئەمانەدا، خەلیل خەیاڵی لە خێڵی مۆدانی شارۆچکەی مۆتکیو کەسێکی پاكو کوردێکی وڵاتپارێز، لە هەمان کاتیشدا یەکێك لە بەبایەخترین ئەندامانی دامەزرێنی کۆمەڵە بووە، لەگەڵ خوالێخۆشبوو میری کاتب زادەی دیاربەکریو ئەحمەد ڕامیزی کوردیزادەدا کە هاوڕێی نیشتمانپەروەری ئەو بوون، قوتابخانەیەکیان بۆ منداڵانی کورد و خانەیەکی چاپو بڵاوکردنەوەی سەر بە کۆمەڵەشیان دامەزراند. هەر ئەم کەسانە ڕۆژنامەیەکیشیان بەناوی"کوردستان"ـەوە دەرکردووە.

((میری کاتبی زادە جەمیل بەگ منداڵی بنەماڵەیەکی ناسراوو بەڕێزی ئامەدە. لەگەڵ ئەوەی کەسێکی بەڕەوشت بووەو ئازایەتیو بوێرییەکی مەدەنیی زۆری هەبوە، قەڵەمبەدەستێکی ناوداریش بووە، نەترسانە زۆر شتی هێناوەتە سەر زمان. لە ڕووی بیرو هەستی کوردایەتییەوە، شارەزا

---

[201] د. بلەچ شێرکۆ، کێشەی کورد (مێژینەو ئێستای کورد)، ل٦٠.

www.zheen.org

بـووەو هەمیـشە پـڕ بـەها بـەڕێزەوە یـادی دەکرێتـەوە. سـاڵی ١٩٠٨ لـە ئەسـتەنبووڵ بووە بـە ئەنـدامی جەمعییـەتی تـەعاون و تـەرەقی ی کـوردو لـە ڕۆژنامـەی "کوردسـتان"دا کـە کۆمەڵـە دەری کـرد، وەك سەرنووسـەرو بەڕێوەبـەری بـەرپرس ئـەرکی بـەجێ گەیانـدووە. شـایانی وتنـە، ئەمانـەی هەموو بەناوی (م. جەمیل)ـەوە کردووە. هەندێك نوسینی پڕ بایـەخی هـەن کە باسی بێبەشی و هەژاریی خەڵکی کوردو گرنگی نـەدان بـە کوردستانی تێدا کردوون. ناوبراو دوای مەرگ، هەر لە شوێنی لەدایکبوونی خۆی، یانی لە ئامەد، ئەسپەردە کراوە.

((... سـاڵی ١٩٠٨ دوای ڕاگەیانـدنی ئـازادی یەکـەم گۆڤـارو ڕۆژنامەی کوردەکان هەمان گۆڤارو ڕۆژنامـەی "کوردستان" بوو کـە بـە هاوکـاریی و سەرپەرشتیی جەمعییـەتی تـەعاون و تـەرەقیی کـوردو بـە لێپرسراوێتیی میری کاتب زادە جەمیل بەگ و بە هاوکاریی جـەمیل خەلیل خەیاڵیی مۆتکی و ئەحمەد ڕامیزی لیجەیی دەرچووە)) [٢٠٢].

وەك دەبینـرێ، سلۆپی لێرەدا ئاماژە بـەوە دەکات کـە جـەمیل بـەگ، سـەر بـە جەمعییـەتی تەعاون و تـەرەقیی کـورد بـووە. تا ئـەو جێگەیـەی کـە ئێمـە ئاگـادارین، ئـەوەی وا لێـرەدا ئـەو بـە ڕۆژنامـەی "کوردسـتان" نـاوی دەهێنـێ، هـەمان ڕۆژنامـەی تـەعاون و تـەرەقیی کـوردە. وەکـوو لـە بەشـی خۆیدا باسم کرد بوو، لە یەکەم ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیەدا، وا دیاری کراوە کە بەڕێوەبـەر م. تۆفیقی سلێمانیەیی یـە. سـاڵی ١٩٠٩ش ڕۆژنامەیـەك بـەناوی "کوردسـتان"ـەوە لـە ئەسـتەنبووڵ لەلایـەن سـورەییا بەدرخانـەوە (بـە ناسناوی؛ عەزیزی ئەحمەد) دەرکراوە.

---

[202] زنار سلۆپی، هەمان سەرچاوە، ل٢٣، ٢٥، ١٦٤.

لەو ڕۆژنامانەی "ڕۆژنامەی تەعاونو تەرەقیی کورد"دا کە بەدەستمان هێناون، ناوی ئەحمەد جەمیل بە شێوەی دیاربەکرلی ئەحمەد جەمیل یاخود"ئەحمەد جەمیل"ـەوە دەردەکەوێ. ئەحمەد جەمیل لە ڕۆژنامەی" گازی" (بانگەوان)یشدا کە ساڵی ١٩١٨ لەلایەن ئەکرەم جەمیل پاشاو هاوڕێکانیەوە لە شاری ئامەد دەردەکرا، بابەتی بڵاوکردوەتەوە[203]، بەڵام دواتر لە جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد دوور کەوتوەتەوە.

ئەحمەد جەمیل نێوان ساڵەکانی ١٨٩٩-١٩٢٠ قایمقامی شارەکانی سیوەرەك، عەوینە، میدیات، جزیرە، نوسەیبین، دێرك، مۆتکی، بەشیری، ئاتینا (پازاڕ-ڕیزە)، ڕەسوولیانو ڕەشیدیەو ماوەیەکیش وەکوو جێگری سەرۆکی شارەوانیی ئامەد کاری کردووە.

چەند بەرهەمێکی میری کاتب زادە ئەحمەد جەمیل بەم شێوەیەی خوارەوەن؛

١- هاوڕێم زیا گوك ئالپ، بەشێکی ئەم بەرهەمە لە ژمارەی ڕۆژی ١٩٤٨/١٢/٢٤ بەدواوەی ڕۆژنامەی "ئاتائیزی"دا کە لە زونگولداغ دەردەکرا، بە زنجیرە بڵاوکراوەتەوە.

٢- خێڵەکان: بەرهەمێکی ٢٩٣ لاپەڕەیییە، لە ئەرشیڤی ئەنستیتووی شۆڕشی تورکدا دەست دەکەوێ (ژمارەی دۆسیە، ٢٨- ئەرشیڤی نیهاد گوك ئالپ).

٣- بەدرخانیە کوردەکان، ئەم بەرهەمەش بە شێوەی ڕەشنووس لە هەمان ئەرشیڤ پەیدا دەبێ.

[203] ئەکرەم جەمیل پاشا، کورتەی ژیانم، برووکسل، ١٩٨٩، ل٣٣.

بنکەی ژین www.zheen.org

٤- یاداشته مێژووییەکانی دیاربەکر، ئەمەش وەك ڕەشنووس لە هەمان ئەرشیڤدایە. هەندێك یاداشته باسی ڕووداوی لکاندنی دیاربەکر بە وڵاتی عوسمانییەوە دەکات[٢٠٤].

شەوکەت بەیسان ئوغڵوو لە کتێبێکی خۆیدا باسی بەرهەمێکی ئەحمەد جەمیل دەکاو دەڵێ: "مێژووی ناودارانی دیاربەکر" لە کتێبخانەی تایبەتی خۆمدایە[٢٠٥].

بابەتەکانی ئەحمەد جەمیل لە ڕۆژنامەکانی دیجلە (١٩١٠) و دیاربەکریشدا (بۆ نموونە، بابەتێکی لە ژمارە ٣٣٤ی ڕۆژی ٢٥ی مارتی ١٩٢٨دا لەسەر زیا گوك ئالپ) بڵاوبوتەوە. شایانی وتنە، ناوبراو ساڵی ١٩٢٨ ماوەیەك کاتبی یەکەمی ژووری بازرگانیی ئامەد بووە[٢٠٦].

- بابەتەکانی لە "ڕۆژنامەی تەعاونو تەرەقیی کورد"دا

١) " ئەمریکای عوسمانیو خۆشبەختیی ئایندەی خێڵەکان"، ئەحمەد جەمیلی دیاربەکری- ژ ١

٢) "میوانانی دوورگە"، ئەحمەد جەمیل- ژ ٨

www.zheen.org

---

[204] بۆ زانیاری لەبارەی میری کاتبزادە ئەحمەد جەمیلەوە، سوود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:

- شەوکەت بەیسان ئوغڵوو، ناودارەکانی بواری ئەدەبو فیکر لە دیاربەکر، ب٢، ١٩٦٠، ئەستەنبووڵ، ل١٩٠-١٩٨؛ ب٣، ئەنقەرە، ١٩٧٨، ل١١٤-١١٥.

- زەفەر کارس، هەمان سەرچاوە، ل٤٧.

[205] شەوکەت بەیسان ئوغڵوو، ئەو پیاوە ناودارانەی کە لە دیاربەکر نێژراون، ئەنقەرە، ١٩٣٥، ل١٠٠.

[206] گۆڤاری "قەرە ئامید"، ژ٦-٧، ل٩.

### ٢. ١. ٤. بابانزاده ئیسماعیل حەقی

### (بەغداد؛ ١٨٧٦- ئەستەنبووڵ؛ ١٩١٣)

بابانزاده ئیسماعیل حەقی یاخود ئیسماعیل حەقی بابان زاده کوڕی مستەفا زهنی پاشای نووسەرە کە لە بنەماڵەی بەگەکانی بابانە. ناوبراو، برای ئەحمەد نەعیم بابانو پرۆفیسۆر حسێن شوکری بابانە، ساڵی ١٨٧٦ لە شاری بەغدا لەدایك بووە.

خوێندنی سەرەتایی لە بەغداو هی ناوەندیشی لە ئەستەنبووڵ بڕی، دواتر ڕۆیشتە مەکتەبی موڵکییە. لەبەر ئەوەی دژایەتی بەڕێوەبەرایەتیی حکوومەتی دەکرد، لەوێ وەدەریان نا. دواتر چووە مەکتەبی یاساو خوێندنی لەوێ تەواو کرد. ماوەیەك لە قەڵەمی ڕاگەیاندنی دەرەوە (مەطبووعاتی خارجییە)دا کاری کرد.

لە ڕۆژنامەی "ئیقدام"ـەوە دەستی بە ڕۆژنامەنووسی کرد، پاشان بوو بە خاوەنی ڕۆژنامەی "طەنین" کە بابەتی بۆ دەنووسی[٢٠٧]. ناوبراو لە مەکتەبی موڵکییەدا وانەی یاسای دەگوتەوە.

ساڵانی ١٩٠٨و ١٩١٢ نوێنەرایەتیی شارەکانی بەغداو دیوانیەی کرد، لە ساڵی ١٩١٠شدا ماوەیەکی کورت لە کابینەکەی حەقی پاشادا بوو بە وزیری مەعاریف (مەعاریف ناظرلغی). ئیسماعیل حەقی یەکێك بوو لە دامەزرێنەکانی کۆمەڵەی ڕاگەیاندنی عوسمانی (عوثمانلی باسن درنغی) کە ساڵی ١٩٠٨ دامەزرابوو.

---

[207] بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت نووسینەکانی بە بابان زادە ئیسماعیل حەقی لە ڕۆژنامەکانی "تەنین"و "یەنی"دا، بڕوانە: تارق زەفەر تونایا، هەمان سەرچاوە، ل٦٢٤.

بابان زاده که لەگەڵ عەلی ڕەشاددا "ژیانی سیاسی‌ی بیسمارك"ی نووسیبوو، چەند بەرهەمێکی تری هەیە، بەم جۆرەی خوارەوەن:

١- مافی بەڕێوەبەرێتی "حقوق اداره"، ١٣٢٨، ١٣٣٠

٢- نامەکانی عیراق "عراق مکتوبلری"، ١٣٢٩

٣- کێشەی دریفۆس "دريفوس مسألەسی"

٤- یاسای بنچینەیی "حقوق أساسيه"

ئیسماعیل حەقی بابان زادە زیاتر لەوەی کە خزمەتی کوردەکان بکات، خزمەتی جەمعییەتی ئیتحادو تەرەقیی کردووەو ڕۆڵێکی گرنگی لەو ڕێکخراوەدا هەبوە. بەگوێرەی حوسەین جاهید یالچین، ئیسماعیل حەقی بابان زادەش وەك خۆی کەسێکی ماسۆنی بووە[٢٠٨].

کاتێ دەمرێ، گۆڤاری "هەتاوی کورد" وێنەکەی دەکات بە بەرگی سێیەمین ژمارەی خۆی، بەڕێزەوە یادی دەکاتەوەو ژیاننامەکەشی

---

[208] بۆ زانیاری لەبابەت بابان زادە ئیسماعیل حەقی‌یەوە، کەڵکم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:

- هاووڵاتی کورد، ئەستەنبووڵ، ژ٣، ل٦-٧.

- ئەنسکلۆپیدیای تورك، ب ٢٠، ل٣٠٦.

- فەرۆز ئەحمەد، ئیتتحادو تەرەقی (١٩٠٨-١٩١٤)، وەرگێڕانی نوران یاووز، لە بڵاوکراوەکانی کایناك، ئەستەنبووڵ، ١٩٨٤، ل٢٧٧.

- تارق زەفەر تونایا، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨٣، ٤٨٦.

- حسین جاهد، بیرەوەریەکانی ئەدەبیات، ئەستەنبووڵ، ١٩٧٥، ل١٦٥، ١٧١.

- حسنن جاهد، بیرەوەریە سیاسیەکان، ل١١، ١٦، ٦٧، ٧١، ٨٢، ١١٥، ١١٧، ١٥٤، ١٦٤.

- مستەفا شاهین، نامەکانی عراق، کوەیتو موحەمەرە، لە گۆڤاری "ئەنسکلۆپیدیای مانگانە "مێژوو و کۆمەڵگا"، ژ٨٦، شوباتی ١٩٩١، ل٩-١٥دا بڵاو بووەتەوە.

- محمد طاهر بورصلی، عثمانلی مؤلفری، جلد ٢، ص٦٤-٦٥.

بڵاودەکاتــەوە. لــە هــەمان ژمــارەدا هۆنراوەیــەك بــەناوی ئیــسماعیل حــەقی سلێمانیەیی‌یەوە بڵاوکراوەتەوە، نازانین هی ئەوە یان نا*. ساڵانێك دواتر محەمــەد میهــری "هــیلاڤ" شــیوەنێکی کــوردیی لــە ڕۆژنامــەی "دیجلــەو فرات"دا بڵاوکردوەتەوە کە بۆ ئیسماعیل حەقی بابان زادە بووە[209].

هەنــدێك لــە بابەتــەکانی ئیــسماعیل حــەقی بابــان زادە کــە لــە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکاندا بڵاو بوونەتەوە

لە هەندێك ژمارەی ڕۆژنامەی تەعاون‌و تەرەقی‌ی کورددا چاومان بە هەنــدێك نووســینی نــاوبراو دەکــەوێ. بابــەتێکی بــەناوی "کوردەکــان‌و کوردســتان"ــەوە لــە یەکــەم ژمــارەدا بڵاوبوەتــەوە، دواتــر لــە "هــەتاوی کورد"یشدا چاپ کراوەتەوە.

لە گۆڤاری "ڕۆژی کورد"یشدا کە لە ئەستەنبووڵ دەردەچوو، ئەم دوو بابەتەی بڵاوبووەتەوە:

١- "کوردایــەتی‌و موســڵمانەتی"، ئیــسماعیل حــەقی بابــان زادە "ڕۆژی کورد"، ژمارە ٢، (٦ی تەمووزی ١٣٢٩-١٩١٣)، ل٥-٧.

٢- "پێشکەوتنی کوردەکان"، ئیسماعیل حەقی بابان زادە، "ڕۆژی کورد"، ژمارە ٣، (١ی ئابی ١٣٢٩-١٩١٣)، ل٢-٤.

* ئەوە بەدڵنیایی‌یەوە "ئیسماعیل حەقی شاویس"ی خەڵکی سلێمانی‌یە؛ خۆیشی لە چاوپێکەوتنێکدا وتوویە: نووسینی لە "هەتاوی کورد"دا بڵاوکردوەتەوە. (سدیق ساڵح)

209 دجلە- فرات، ژ٤، ١٩٦٣، ل٥.

## ٣. نیزامنامە ( پێڕەوو پرۆگرام )ی
## جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی‌ی کورد

پێڕەوو پرۆگرامی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی‌ی کورد[٢١٠]

ڕۆژی دامەزراندن، ١٩ی ئەیلوولی ساڵی ٣٢٤

ناوەندی گشتی‌ی کۆمەڵە لە بینایەکی تایبەتدایە لە وەزنەجیلەر. دەرسەعادەت (ئەستەنبووڵ)، چاپخانەی کاسبار، جادەی بابی عالی، ژمارەی ٢٥، ١٣٢٤.

* * *

ڕۆژی دامەزراندان، ١٩ی ئەیلوولی/١٣٢٤ [١٩٠٨] ناوەندی گشتی‌ی کۆمەڵە لە بینایەکی تایبەتدایە لە وەزنەجیلەر.

### - ئامانجی دامەزراندن

ماددەی ١) بە ڕێککەوتن لەسەر ئەم ئامانجە بنەڕەتانەی خوارەوە، "تێگەیاندنی دەستەیەك لەو کوردانەی کە لە باشیەکانی دەستوور ئاگادار نین و نازانن دەستوور بەپێی یاسا و ڕێساکانی دینی ئیسلامە بۆ خۆشبەختی‌ی خەڵك و ئاسایشی نیشتمان" مسۆگەر دەکات، لەگەڵ ئەوەی کە بنەماکانی مەشرووتییەت و ڕاوێژکاری دەپارێزێ کە تاقە ڕێگەی پێشکەوتنی دین و دەوڵەتە، لە هەمان کاتیشدا هەوڵ بۆ پاراستنی تایبەتمەندییە باشەکانی عوسمانی دەدات، تێدەکۆشێ بۆ ئەوەی پێوەندیی‌ی کوردو خەلیفەی گەورەو پێگەی سەڵتەنەتی

---

[210] بۆ زانیاری‌ی زیاتر، بڕوانە: محەمەد بایراق، بەڵگەکانی نهێنی و ئاشکرا، ڕەسمی و ناڕەسمی‌ی تایبەت بە کوردۆلۆجی، ئەنقەرە، ١٩٩٤، ل٥٩٨.

پایەبەرز بكرێتە ڕەسمیو بەڵگەیەنامەیی. لەلایەكی تریشەوە، لە كۆششدا دەبێ بۆ باشتركردنو بەهێزكردنی پێوەندیەكانی كوردەكانو هاوولاتیانی تری عوسمانیی وەك ئەرمەنو نەستووریو... هتد، هەوڵی چارەسەری كێشەی نێوان خێڵەكان دەداتو زەمینەی هاوكارییان لە ناوەندێكی ڕەوادا لەگەڵ یەكدا فەراهەم دەكات، هەروەها تێكۆشان بۆ بڵاوكردنەوەی كەلتوورو زانستو پەرەپێدانی پیشەسازیو بازرگانیو كشتوكاڵیش بە كارێكی گرنگ دەزانێ". كۆمەڵەیەكی خێرخوازی بەناوی جەمعییەتی تەعاونو تەرەقیی كورد دامەزراوە.

ماددەی ٢) كۆمەڵە لە دوو دەستەی" ڕاوێژكاری"و "بەڕێوەبەرێتی" پێك دێ، كە لانی زۆر لە چل كەس پێك دێن، كەسانی تریش وەك جێگرو هاوكاری ئەوان كار دەكەن. هەردوو دەستەی "ڕاوێژكاری" و "بەڕێوەبەرێتی" پێكەوە ئەنجومەنی گشتی پێك دێنن.

- دەستەی ڕاوێژكاری

ماددەی ٣) دەستەی ڕاوێژكاری لە ٢٥ كەس زیاتر نییەو لە شێخو ئەریستۆكراتو قەڵەمبەدەستانو كەسێتیە ناودارەكانی كورد پێك هاتووە. بۆ ئەوەی كەسێك ببێ بە ئەندامی ئەم دەستەیە، دەبێ بەر لە هەموو شتێك: دانیشتووی شاری ئەستەنبووڵ بێ، تەمەنی لە ٢٥ساڵ كەمتر نەبێ، هیچ جۆرە ڕابردوویەكی ڕەشی نەبێ، هەموو كاتێك پابەندی پێوەرە ئەخلاقیەكان بێ، لەبەر تاوانو بكوژی سزا نەدرابێو لە دەستەی شێخو ئەریستۆكراتو قەڵەمبەدەستو ناودارانی كورد بێ.

- **دەستەی بەڕێوەبەرێتی**

**ماددەی ٤) دەستەی بەڕێوەبەرایەتی لە ١٥کەس پێك هاتووەو لە کۆبونەوەی ئەنجوومەنی گشتیدا لە مزگەوتی ئەیاسۆفیا دەنگدانی نهێنی هەڵبژێردراون و زۆرینەی دەنگەکانیان بەدەست هێناوە. جێی وتنە، ئەمانە هەمووی لەنێو زانایان و شێخ ئەریستۆکرات و بیرمەندانی کورددا هەڵبژێردراون.**

**مادەی ٥) دەستەی بەڕێوەبەرێتی کاروباری کۆمەڵە ڕادەپەڕێنێ و لەکاتی پێویستدا بڕیاری گونجاو دەدات و پێوەندی بە لقەکانی کۆمەڵەوە دەکات. ئەو خاڵانەی کە دەستەی بەڕێوەبەرێتی لەسەریان ڕێك نەکەوت، لە کۆبوونەوەیەکدا بە بەشداریی دەستەی ڕاوێژکاری دەخرێنە بەر باس و بڕیاریان لێ دەدرێ. بۆ ئەوەی کەسێك بتوانێ ببێ بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرێتی، پێویستە بەر لە هەموو شتێك دانیشتووی ئەستەنبووڵ بێ و تەمەنی لە ٢٥ساڵ کەمتر نەبێ و پابەندی پێوانەکانی ئەخلاق بێ و ڕابردوویەکی ڕەشی نەبێ و لەسەر بکوژی و تاوان سزا نەدرابێ، هەروەها دەبێ بتوانێ بە زمانی کوردی و تورکی قسە بکات و بخوێنێ و بنووسێ، لەکاتێکدا کەسی کوردی نەزان پێویستە شارەزایی لە زمانێکی تری باودا هەبێ.**

**ماددەی ٦) بۆ ئەوەی کەسێك بتوانێ ببێ بە ئەندامی هاوکار، پێویستە سێ کەس لە دەستەی بەڕێوەبەرێتی یا دەستەی ڕاوێژکاری یان وەك ئەندامانی هاوکار شایەتی لەسەر پیاوچاکی و ناسراویی بدەن. هەروەها دەبێ بتوانێ لەڕێگەی قەڵەم، بیر یا کەسێتیی خۆیەوە خزمەت بکات و تەمەنی ٢٥ ساڵی تەواو کردبێ و لەسەر تاوانێك یا پیاوکوژی سزا نەدرابێ. ئەو کەسەی**

www.zheen.org

ئەم تایبەتمەندیانەی تێدا هەبێ، دوای هەڵبژاردنی بە زۆرینەی دەنگ لەلایەن ئەنجومەنی گشتییەوە، دەتوانێ ببێ بە ئەندامی هاوکار. ئەمانە بۆ هەمیشە دەبن بە ئەندام، بەبێ هۆیەکی ڕەواو بەبێ زۆرینەی دەنگی ئەنجومەنی گشتی دەرناکرێن.

## کۆبوونەوەکان

ماددەی٧) ئەنجومەنی گشتی لانی کەم مانگی یەك جار کۆدەبێتەوە، بە شێوەیەکی گشتی و بە زۆرینەی دەنگ گفتوگۆ لەسەر ئەو شتانە دەکات و بڕیاریان لێ دەدات کە دەستەی بەڕێوەبەرێتی توانای چارەسەریانی نەبوە.

سەرۆکایەتی ی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی گشتی، بەپێی ڕیزی ئەلفبێ، هەرجارەو بۆ کەسێکی نێو ئەندامانی دەستەی ڕاوێژکاری دەبێ. لەکاتێکدا دەنگەکان وەك یەك دەربچن، دەنگی کەسێك کە سەرۆکایەتی ی کۆبوونەوەکە دەکات، بە دوو دەنگ حسێب دەکرێ. لەکاتێکیشدا لانی کەم ٢٠ ئەندامی ئەنجومەنی گشتی لە کۆبوونەوەدا ئامادە نەبن، دەنگدان ئەنجام نادرێ. بۆ ئەوەی دەنگدان بە شێوەی نهێنی بکرێ، پێویستە سێیەکی ئەندامانی ئەو کۆبوونەوەیە ئەوەیان پێشنیار کردبێ.

ماددەی ٨) دەستەی بەڕێوەبەرێتی لانی کەم حەفتەیەك دووجار کۆبوونەوەی خۆی دەگرێ، هەرجارەش یەك کەس لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرێتی بەپێی ڕیزی ئەلفبێ سەرۆکایەتی ی کۆبوونەوەکە دەکات. لەکاتێکدا لانی کەم سێیەکی ئەندامان ئامادە نەبن، دەنگدان ئەنجام نادرێ. هەروەها بۆ شتی جیاوازی تر، دەبێ لە داهاتوودا سەبارەت بە هەر ماددەیەك زۆرینەی دەنگی ئامادەبوانی کۆبوونەوە وەربگیردرێ. پێشنیاری سێیەکی ئامادەبوانی کۆبوونەوە بۆ دەنگدانی نهێنی، مەرجە.

www.zheen.org

مـاددەی ٩) ئەنجومــەنی گــشتی لــە دەســتەی ڕاوێــژکاری، دەســتەی بەڕێوەبەرێتیو ئەندامانی هاوکار پێك دێ. ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی بۆ ماوەی دوو ساڵ هەڵدەبـژێردرێن، دوای تـەواوبوونی ماوەکەیان، دووبارە بـە شـێوەیەکی نهێنــی دەنگــدان دەکـرێو کەســانی گونجـاو لــەنێو ئەنـدامانی ئەنجومەنی گشتیدا بۆ هەر دەستەیەك هەڵدەبژێردرێن.

ئەو کەسانەی کە ماوەی دوو ساڵەکەیان تەواو دەبێ، مافی ئەوەیان هەیە دووبارە خۆیان کاندید بکەنەوە.

تا ئەو جێگەیەی کە شیاو بێ، دەبێ ژمارە ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی (مەرجی ئەندامێتی) لە دووسەد کەس کەمتر نەبێ.

ئەو کەسانەی کە بەپێی فەرمانو بە مۆری فەرمیی کۆمەڵە دەنێردرێنە شـوینە جیاجیاکـان بـۆ کـارو خـەباتو ئامۆژگـاریی خـەڵك، تـا دەکـرێ لـەم کەســانە دەبــن. ئەندامــەکان ســەبارەت بــەو شــتانەی کــە پێوەنــدییان بــە بەرژەوەندی گشتییەوە هەیە، گفتوگۆ لەگەڵ کۆمەڵەدا بکەنو لە پێوەندیدا بن.

مـاددەی ١٠) کۆمەڵـە حـاڵی حـازر حەفتەنامەیـەکی کـوردی–تـورکی لـە ئەستەنبووڵ چاپو پەخش دەکات.

www.zheen.org

مـاددەی ١١) کۆمەڵـە بـۆ خوێنـدنی سـەرەتایی بـە زمـانی کـوردی هەوڵی نووسینو چاپکردنی ڕێزمانی کوردی، سەرفو نەحوی کوردی، فەرهــەنگی کــوردی، کتێبــی دینــیی کــوردی دەدات، لەبارەیــەوەو نووسەرانیش هان دەداتو هاوکارییان دەکات.

ئەوانەی کە باشترین بەرهەمی کوردی بنووسن، بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی گشتی، ڕێزیان لێ دەگیرێو پاداشتیان پێ دەبەخشرێ.

ماددەی ١٢) کۆمەڵە سەردانی وەزارەتی مەعاریف دەکات‌و هەوڵی وەرگرتنی مۆڵەت دەدات بۆ دامەزراندنی قوتابخانەی سەرەتایی، ناوەندی، کۆتایی‌و خوێندنی بەرز بە زمانی کوردی لە شوێنە جیاوازەکان. ئەو شوێنانەی کە وەزارەتی مەعاریف پێی نەکرا، کۆمەڵە بە هیممەت‌و کۆششی خۆی هاوکاری دەکات بۆ ئەوەی قوتابخانەیان تێدا دابمەزرێنێ.

ماددەی ١٣) کۆمەڵە تاسەر هەوڵی ئەوە دەدات زمانی تورکی کە زمانی ڕەسمییە، کوردەکانیش فێری ببن.

مادەی ١٤) هەوڵی کۆکردنەوەو چاپکردنەوەی هەموو بەرهەمە بەسوودە کوردیەکان دەدات (چ ئەوانەی چاپ کراون، چ ئەوانەش کە پێشتر چاپ نەکراون)و بایەخ دەدات بە بڵاوکردنەوەی ئەمانەو نووسینی مێژوویەکی ئەدەبیاتی کوردی.

ماددەی ١٥) کۆمەڵە، بە مەبەستی لەناوبردنی ناکۆکی‌ی نێوان هەم کوردو ئەرمەن‌و نەتەوەکانی ترو هەم خێڵە کوردیەکان خۆیان، کەسانی گونجاو ڕەوانەی هەرێمەکە دەکات‌و لەوبارەیەوەشەوە سوود لە کاریگەری‌و دەستڕۆیی‌ی زانایانی دینی، سەرخێڵەکان‌و بەرپرسانی دەوڵەت لە هەرێمەکە وەردەگرێ. هەر لەوبارەیەوەشەوە سوود لە کۆمەڵەی ئەرمەنەکان وەردەگرێ‌و پێکەوەنانی دەستەیەکی هاوبەش بۆ هاوکاری لەوبارانەوە لەنێوان کوردو ئەرمەنەکاندا لە ئەستەنبووڵ، دەخاتە ڕیزی کارە پەلەکانەوە .

ماددەی ١٦) لەبەر پێشکەوتنی فیکری‌و کۆمەڵایەتی‌ی کوردەکان، کۆمەڵە بۆ هەڵبژێردرانی کەسانی هۆشیار لە ئەنجومەنی نوێنەراندا،

www.zheen.org

ئەوانەی وا مافەکانی نێو دەستوور بپارێزن و ئاگاداری وەزعی خەڵکی هەرێمەکە بن و پارێزگاری لە بەرژەوەندەکانی بکەن.

هەر لەم بارەیەشەوە، تێ دەکۆشێ بۆ هەڵبژێردرانیان لەم ئەنجومەنە و ئەنجومەنی داهاتوودا.

## لقەکان

مادەی ١٧) لەو پارێزگاو قەزاو ناحیانەدا کە کوردیان تێدا نیشتەجێن، کۆمەڵە لقی خۆی دەکاتەوە. هەریەك لەم لقانە بە شێوەیەکی تایبەت دەستەی ڕاوێژکاری، دەستەی بەڕێوەبەرێتی و ئەندامانی هاوکاری خۆیان دەبێ. ئەم لقانە هەموویان پێوەندییان بە ناوەندی گشتیی کۆمەڵەوە دەبێ لە دەرسەعادەت (ئەستەنبووڵ) و کاروبارەکانیان لە چوارچێوەی ڕێنوێنییەکانی ئەوێدا ڕادەپەڕێنن. ئەم لقانە ناوەند لە ئەندازەی خەرجی و پێداویستییەکانی خۆیان ئاگادار دەکەنەوە، بەپێی بڕیاری ناوەندی گشتی جێبەجێیان دەکەن. هەڵبژاردنەکانی لقەکان بەگوێرەی هەڵبژاردنەکانی ناوەندی گشتی ئەنجام دەدرێن. ژمارەی ئەندامانی هەر لقێکیش پێوەندیی بە پێداویستی و هەلومەرجەکانی ئەو شوێنەوە هەیە.

www.zheen.org

## داهات

مادەی ١٨) داهاتی کۆمەڵە، مانگانەی ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی و ئەندامانی هاوکارو فرۆشی ڕۆژنامەو یارمەتییەکانی کەسانی پیاوماقووڵە.

## ماددەی هەمەجۆر

ماددەی ١٩) کۆمەڵە پێویستی بە کاتبێکی وەك فەرمانبەر هەیە، دەبێ ئەمینداریکی سنووق ( مالیەچی) و ژمێریارێکی متمانەپێکراویشی بە هەمان شێوە هەبێ. پێویستە بینایەکی تایبەت و مۆری ڕەسمیشی هەبێ.

دەبێ کاتبو مالیەچیو ژمێریار هەموو ڕۆژێك دەوامی ڕەسمیی خۆیان بکەن. پێویستە ٥٠ لیرە زیاتر لە دارایی کۆمەڵە لە ناوەندی گشتیدا نەبێ، ئەو بەشەکەی تری لە بانکدا زامن بکرێ.

ماددەی ٢٠) ئەگەر ئەندامێکی ئەنجومەنی گشتی بە پێچەوانەی دەستووری ئیسلامو پێوانەکانی ئەخلاقەوە هەڵسوکەوت بکات، یا لەوبارەیەوە سکاڵای لەسەر بکرێ، سێ کەس لە ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی ئەنجام دەدەن. ئەگەر ڕاست دەرچوو، بەپێی بڕیاری زیاتر لە سێیەکی ئەندامان، مافی ئەندامێتیی لێ وەردەگیرێ. تەنانەت ئەگەر کەسێکیش بەبێ هۆیەکی ڕەوا لە مانگێکدا لە چوار کۆبوونەوەدا ئامادە نەبێ، ئەوا لە ئەندامێتی دەردەکرێو کەسێکی تر لەباتی ئەو هەڵدەبژێردرێ.

ماددەی ٢١) دوو کەس لە ئەندامان بە مۆری ژمێریارەوە پارەکانی کۆمەڵە وەردەگرنو دەیبەن بۆ بانك. ئەو کەسانەی کە پارەی "ئاقچە" [پارەی عوسمانی] بە کۆمەڵە دەدەن، بەڵگەیەکیان بە مۆری دەستەی بەڕێوەبەرێتی پێ دەدرێ.

www.zheen.org

سێ کەس لە ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی هەر مانگە لە کۆتایی مانگ چاودێریی حیساباتی کۆمەڵە دەکەن.

هەر شەش مانگ جارێکیش حیسابی داهاتو خەرجی دیاری دەکرێو لە ڕۆژنامەدا بڵاودەکرێتەوە.

ماددەی ٢٢) ئەو کەسانەی کە خاوەنی مووچەن، لە سەدا دوو، کەسانی تریش مانگی ١٠ قوروش مانگانە دەدەن.

ماددەی ٢٣) لەکاتێکدا پێویستیی باسکردنی بابەتێکی سەبارەت بە کۆمەڵە لە شوێنێکدا هاتە پێشەوە، ئەو کەسەی کە ناوبانگی زیاتری لەو هەیەو (ئەندامی دەستەی ڕاوێژکارییە)، ئەو کارە دەکات.

ماددەی ٢٤) لەو شوێنەدا کە کورد نیشتەجێن و نەتەوەی تریش لەوێ دەژین، ئەگەر بەپێی دەستوور کەسێك لەلایەن کوردێك یا کوردەکانەوە ناهەقیی لێ کرابێ و سەر لە کۆمەڵە بدات، ئەوا کۆمەڵە کۆشش دەکات بۆ وەرگرتنەوەی مافەکانی لەلای حکوومەت و پشتیوانیی لێ دەکات.

کۆمەڵە بەرپرسیی ڕەفتارو کرداری ئەو کەسانە ناگرێتە ئەستۆ کە ئەندامی کۆمەڵە نین و لەملاولەولا بەناوی کۆمەڵەوە قسە دەکەن. ئەگەر کەسێکیش ئەندامی کۆمەڵە بێ و لە دەرەوەی مەیدانی کاری خۆی، خۆی لە شتی تر هەڵقورتێنێ، ئەو کەسە لە ئەندامێتی دەردەکرێ.

ماددەی ٢٤) لە داهاتوودا، بەپێی پێویستی و بە پێشنیاری چوار ئەندام و دەنگی سێیەکی ئەندامان، گۆڕانکاری لە ماددەکانی پێڕەودا دەکرێ.

ماددەی ٢٦) لەکاتی دەست لەکار کێشانەوە، ئامادەنەبوونی ناچاری، یا جودابوونەوەو مەرگی ئەندامێکدا، هەر یەك لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرێتی ناوی ١٠ کەس بە ناسنامەیەکیانەوە دەداتە ئەنجومەنی گشتی، دوای ئەوە دەنگدانی لەسەر دەکرێ. ئەوەی وا زۆرینەی دەنگی بەدەست هێنا مافی ئەندامێتی وەردەگرێ.

ماددەی ٢٧) کۆمەڵە بەگوێرەی ئەو یاسایانە هەڵسوکەوت دەکات کە لە حکوومەتی مەشرووتەدا بۆ ئەم جۆرە کۆمەڵانە دانراوە.

تێبینی بۆ ماددەی ٧ی پێڕەو:

کۆمەڵەکەمان حەزرەتی سەید عەبدولقادر ئەفەندی کوڕی شێخ عەبدوڵڵا [هەرچەندە تارق زەفەر تونایا وەهای نووسیوە، بەڵام ناوەکە شێخ عوبەیدوڵڵایە، م]ی بە سەرۆك هەڵبژاردووەو موشیر ئەحمەد پاشای زاوا (داماد)شی کە کوڕی حەزرەتی شەهریاری خوالێخۆشبوو ئیسماعیل پاشایە، بە سەرۆکی دووەم دەستنیشان کردووە. مافی سەرۆکایەتی بە شێوەیەکی هاتاهەتایی تایبەتی حەزرەتی سەید عەبدولقادر ئەفەندییە، لەکاتی نەبوونی بەڕێزیاندا حەزرەتی موشیر ئەحمەد پاشا بەوەکالەت کارەکانی ڕادەپەڕێنێ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## ٤. هەڵبژاردەیەك
## لە بابەتەکانی نێو "ڕۆژنامەی تەعاون و تەرەقیی کورد"

### ٤. ١. بابەتە کوردیەکان

– زمانی کوردیمان، ئامۆژگاریەکانی بەدیعوززەمان مەلا سەعیدی کوردی
– ئەی گەلێ کوردان ! سەییاح ئەحمەد شەوقی
– کوردی بابانی، مەقصوودی گردبوونەوەی جەمعییەت
– زمانی کوردیمان، نامەی تایبەت، تەلغرافچی محەمەد تاهیری جزیری لە ئامەد
– گەلی براکان، عەزیزو گەلی کورمانجان ! محەمەد تاهیری جزیری
– گەلێ کوردان، سەییاح ئەحمەد شەوقی ئەرجیشی
– زمانی کوردیمان، وەطەن و ئیتیفاقا کورمانجان، خەلیل خەیاڵی لە خێڵی مۆتکی

بنکەی ژین
www.zheen.org

### زمانی کوردیمان،
### شیرەتێن بەدیعوززەمان مەلا سەعیدی کوردی

ئەی گەلێ کوردان، ئیتتیفاق دە قووەت، ئیتتحاد دە حەیات، د براتیێ دە سەعادەت، حکوومەتێ دە سەلامەت هەیە. کابکا ئیتتیحادێ و شەریطا موحەببەتێ قەوەت بگرن دا بەلایێ خەلاص کە. قەنج گوهێ خوە بدنێ؛ ئەزێ تشتەکی ژ وە را ببێژم: هون بزانن کو سێ، سێ سەوحەرێن مە هەنە، حیفظا خوە ژی مە دخوەزن. یەك ئیسلامییەت، کو هەزار خوونا شەهیدان و بوهایێ وێ دانە. ئێ

دودوا[ن] ئینسانییەت، کو لازمە ئەم خوە نەظەرا خەلقێ دە ب خدمەتا عەقلی، جوامێرانی و ئینسانییەتێ خوە نیشانێ دونێ بدن. ئێ سسیان، مللییەتا مەیە کو مەزییەتێ دا مە؛ ئێ بەرێ کو ب قنجییا خوە ساخن، ئەم ب کارێ خوە ب حیفظا مێللییەتا خوە، ڕوحێ وان قەبرا وان دە شاد بکین. پشتی وێ، سێ دوژمنێ مە هەنە، مە خراب دکن. یەك فەقیرتییە. چهل هەزار حەماڵێ ئیستەنبوڵێ دەلیلێ وێیە. ئێ دودو[ی]یان؛ جەهالەت و بێخوەندنی کو هەزار ژ مە دا یەك "قازەتە" نکارن بەخوانن، دەلیلا وێیە. ئێ سسیان؛ دوژمنی ئو ئیختلافە کو ئەڤ، عەداوەت قووەتا مە وندا دکە، مە ژی موستەحەقێ تەربیە دکە ئو حکوومەت[ێ] ژی ژ بێئینسافییا خوە ظلم ل مە دکر. کو وە ئەو سەح کر، بزانن چارا مە ئەوە کو ئەم سێ شوورێ ئەلماس ب دەستێ خوە بگرن، تا کو ئەم هەرسێ جەوهەرێن خوە ژ دەستێن خوە نەکین ! هەرسێ دوژمنێ خوە، سەر خوە ڕاکین. ئو شوورێ عەدل[ێ]، مەعریفەت و خوەندنە. ئێ دودویان ئیتتفاق و مەحەببەتا مللییە، ئێ سسیان ئینسانێ ب نەفسا خوە شوغلا خوە بکەو مینا سەفیلان ژ قودرەتا خەلقێ هێڤی نەکە و پشتا خوە نەدەتێ. وەصییەتا پاشی خوەندن، خوەندن، خوەندن و دەستێ هەڤ گرتن، دەستێ هەڤ گرتن، دەستێ هەڤ گرتن*.

ئەی گەلی کوردان !

* کرد تعاون و ترقی غزتەسی، اسطنبول، نومرو ١، ٢٢ تشرین ثانی ١٣٢٤/ ١١ ذي القعدة ١٣٢٦ [١٩٠٨]، ص٧.

هشیار بن، ئەڤێ فرصەتا هایێ تەرەقییە وندا نەکن. تەرەقی دبێژنە زانینا صەنعەت، مەعریفەت، خوەندن و خوش دەربازکردنا ولایەتا.

ئیتتحاد دبێژنا ئیتتفاقا بۆ ولایەتا خوە ڕا، برا فللە بە. لاکن دین ژ هەموو تشتی موشەڕڕەفترە. لازمە شەریعەت چ ئەمر کرییە، پ وێ ڕێ هەرین. شەریعەتا محەمەدی ظلم، غەدر، دزی، تالان، خەرابی بێنفاقیێ مەنع کرییە. هەتا نوها وان ظالمێ مەئموورا هەموو شوغل ب مە کرن، ب مە دانە کرنێ ژی. خودێ کەرەم کر حوڕڕییەت دەرکەت. حوڕڕییەت مینا چیایێ قاف کەتیە پێشییا هەموو خرابییا[ن] ب وی شەرطی ئەم دینێ موبینێ ئەحمەدی موحافەظە بکن؛ دائیرا دین دا هەموو شوولێ قەنج ولاتیێ خوەیێ فللە ڕا خوشدەربازکرن خودێ ل مە ئەمر کرییە، لەوڕا خەراج ددنا [ددنە] حکوومەتێ. هەر چ کەسێ ئەمرێ حکوومەتێ نەگرە دینێ وی ضەعیفە. خودێ ئەمر کرییە "أطیع الله وأطیع الرسول وأولي الامر منكم". دینداریا کوردستانێ ل هەموو جییا تونە.

دزی، تالان، بێئیتتفاقی شەریعەتێدا حەرامە. حکوومەتێ ژی مەنع کرییە. مسلمانێ [کو] دائیما ل حەرامیێ بخەبتە، ئیصلاح نابە. ئیستیبداد ژ وە ڕا نیشانەیەکە. زەمانێ ئیستبدادێ چقاس خرابی دبوو. لەوڕا مەئموورێد مە عەسکەر دینێ وان ضەعیف بوو.

ژ ئیرۆ پاش ئەگەر ظلم، غەدر ب وە کرن، وە تالان کرن، جەمعییەتا کوردستانێ لەوڕا ئەگەر مەئمووراکە [مەئموورەکی] خراب، خائین ژوە ڕا شاندن یان کەسەکی ل وە ظلم کر، هوون حالێ خوە عەرضی حکوومەتێ بکن. ئەگەر ل حالێ وە نەپرسین، وێ وەقتێ بنڤیسنە ئیستانبولێ ب ناڤێ جەمعییەتا کوردان، ئەوێ ل حالێ وە بپرسن.

جەمعییەت ژی ل سەر فکرا حکوومەتێیە ؟ ها خرابی قەبوول ناکە.
لازمە هوون ئیطاعەتا ئەمرێ حکوومەتێ [بکن و] ب وەلاتیێ خوە ڕا [ژ بۆ] قەنج دەربازکرنێ بخەبتن. حکوومەت غەیری قەنجییێ تشتەك نابێ ژ وە ئەمانەت[ێ] وە ئیتتفاق، ئیتتفاق، ئیتتفاق.

ئەی گەلی کوردان،

هوون قەنج بزانن کو وەلاتێ مە ب ئیتتحادێ و خوشدەربازکرنێ ئەوێ زێدە بکە. ڕییا ڕەحەتیێ دائیما ئیتتحادە. لەوڕا هەیا نها عالەمێ دگۆ "کورمانج ژ مەدەنییەتێ دوورن". سەبەبا ئەوێ ژی بێئیتتفاقی[یا] بەرێ بوو. ئەڤە چار ماه [مەه]ـە خودێ کەرەم ب مە کرییە. ئیرۆ نە ئەو ڕۆژە کو ب [ه]ـەڤ ڕا خوش نەبێ دەربازکرن. خەلقێ ب ئیتتحادێ ولاتێ خوە ئاڤا کرن. ژ ئیرۆ پاش لازمە ب صەنعەت و عەمەلێ قەنج هوون ناڤ بدنە عالەمێ. ئەو ئەخلاقێ قەنجیێ کو لێ نك کوردانە، ل جەم تو قەومی تونە. ئەو ژی دیانەت، صەداقەت، ذەکاوەت، عیففەت کو ناموسە. ئەو ئەخلاقانە دییا هەموو تەرەققییەتە، دییا هەموو قەنجییانە. زەمانێ بەرێ کو ظلم، غەدر دبوون ژی قەوەتێ ئەو مەئموورێ خائین ب مە وانە کرن. ئەڤ، چار ماه [مەه]ـە دینێ محەمەدی شوعلە دایە هەموو دەران. هەموو خەلق ب حالێ مە ئیرۆ بەغیلی دکا [دکە]. لازمە هوون ژی بۆی تەرەققییا وەلاتێ خوە خرابی[یا] خائینێ د بەرێ ب جارکێ ژ بیر ببن [بکن]، ب هەڤڕا وەکی برا دەرباز بکن. ئیتتحاد سەبەبێ زێدەکرنێ کوردستانێیە. هوون بنێڕن وەلاتێ مە، فللە صەنعەتێ قەنجا [قەنج] دزانن، چێ دکن. ئەم ژ وی صنعەتێ بێپارن. سەبەبا ئەو بێپارییێ ما [مە]، بێئیتتفاقییە.

لازمه هوون [ل] وەلاتێ خوه فلله ڕا قەنج دەرباز بکن. هوون ژی وەکی وان صفەت و عەمەلێ باش هین بن. چ ژی دکن هوون تەمامەن بکن. ل وانێ زێرکەری چقاس ناڤ دایە عالەمێ، توجاری چقاس ناڤ دایە عالەمێ. گەلۆ ژ کوردا[ن] کەسەك هەیە کو وان عەمەلا[ن] وەکوو وان بینی مەیدانێ. خرابییا بەرێ بیرکرن لازمە. ب وڵاتیێ خوەڕا قەنج- دەرباز کرن لازمە کو ناڤێ وەحشەتێ سەر کوردا[ن] ڕابە. مللییەتەکی موتەدەیین، ساغڵەم چ ڕا ب بێئیتتفاقی خوە ل نك عالەمێ بکە وەحشی ! قەنجی ب خوشدەربازکرنێ دبە. ئەمانەتی وە قەنجی، قەنجی، قەنجی *.

سەبیاح ئەحمەد شەوقی

## - کوردی بابانی
## مەقصوودی گردبوونەوەی[٢٠٧] جەمعییەت

جەمعییەتی ئێمە نیظامەنامەی بۆ هەموو طەرەفێ ناردووە. وەکوو لەوێدا نووسیویە، مەقصوودمان ئەمەیە: حوکمی قانوونی ئەساسی کە لەگەڵ شەریعەتدا ڕێ دەکەوێ، موحافەظە بکەین! ئێوە لازمە بۆ تەرەقیی قەومی نەجیبی کورد، هەمووی ڕێك بخەین! مەعاریفیان، حاڵخۆشییان، ڕێککەوتنی ناوخۆیان، ئاشتبوونەوەی لەگەڵ

---

* کرد تعاون وترقی غزتەسی، اسطنبول، نومرو ١، ٢٢ تشرین ثانی ١٣٢٤/ ١١ ذي القعدة ١٣٢٦ [١٩٠٨]، ص٧-٨.

(٢٠٧) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: محەمەد بایراق، بەڵگە نهێنیو ئاشکرا، ڕەسمیو غەیرە ڕەسمیەکانی سەبارەت بە کۆردۆلۆجی، ئەنقەرە، ١٩٩٤، ل٥٩٨.

هاووەطەنیان، باخصووص لەگەڵ ئەرمەنییان بێنینە جێ. لە ڕێی موحافەظەی دەوڵەتو میللەتی عوثمانیدا بە عەزمێکی مەحکەمی دینیی بە یەك وجوودی میللی رۆح ببەخشین، ئەگەر لەپاش گردبوونەوەی مەجلیسی مەبعووثان ؟ بە فیرقەی سیاسی گۆڕینی قانوونی ئەساسی بە ڕەنگێ قەبووڵ دەکەین ئەو حەقی مەقامی گەورەی خەلیفەی موسڵمانان و سەڵطەنەتی عوسمانییان نەگۆڕێ، هیچ میللەتێ خۆی لە میللەتێکی تر زیاتر نەگرێ.

جەمعییەتی ئیتتیحادو تەرەقیی عوسمانی ئەو دەستووروڵ عەمەلە کە نووسیویە، بۆ سەلامەتیی وەطەن، بۆ تەرەقیی هەمووومان زۆر چاکە، ئێمەیش وا دەچین بەر بەوێ*.

## مەکتووبی مەخصووص

صەد هەزار سلاڤ و مەرحەبا ل جەمعییەتا تەعاونو تەرەقییا کورمانج[ا]

ئەی مەردێن عالی هیممەت، تاج[ا] سەرێ مە کوردان
دێ هوون بوونە سەبەبا دەفعا جەهلێ ژ عالەمێ،
وێ هوون بوونە دەلیلا نەشرا علمێ د عالەمێ،
دا هوون بن تەبیب و دەرمانێ کوللی دەردان
ئیرۆ گەلەك پڕ نەشئەمە؛ ژ فەیضا عیزەتا هەوە
هێڤییا مری دلێ مە دا، لەورا کە [کو] ئیرۆ ڕابی

---

* کرد تعاون وترقی غزتەسی، اسطنبول، نومرو ١، ٢٢ تشرین ثانی ١٣٢٤/ ١١ ذي القعدة ١٣٢٦ [١٩٠٨]، ص٨.

دەرکەد ناڤێ مەیێ قەنج ژ وان دەفتەرێت خرابی
مانە هەمی ولایەتێ مە ژی ل مننەتا هیممەتا هەوە
ب ڤان هێستر[ن] شادی کو ژ چاڤێ من دباری
ئەگەر قەلەم بکارە نەقش کت حساندنا دلێ من
بۆ پیرۆزییا تفاق و جەریدا ولایەتێ من
دێ صەد هەزار کتابا[ن] بنڤیسم و بکم دیاری.

ئەی جەمعییەتا بلندهیممەت، شەرطێ مەزناهییێ دلنزمییە! سەر ڕووپەڕا ڤێ کاغذێ وەکی سێ پچ بەیتەك، ل پیرۆزییا جەمعییەتێ و تەبعا غەزەتا کوردا[ن] ڕە شاندنە من، ژبۆ خاطرا قەصتا سلێمان و موریێ قەبوول بکن.

ئەگەر مناسبە ژبۆ مەقصەدا شیرەتەکێ ژ ولایەتێ مە ڕا، وان چار خەبەرێن ها ژی ب قەزەتا جەمعییەتێ نەشر بکن. زاڕووك، کو ئیذنا شتغالیێ ژ نوو بستینێ [بستینە]، ئەنجەق ئەڤقاز ل هەڤ بینێ [بینە] ئینشائەڵڵا ڕۆژ ب سایا حیمایە و تەربیا وە مەزنا [ن] ئەمێ بعەلمین و قەنج ببین مرۆڤ.*.

تەلغرافچی محەمەد تاهیری جزیری لە دیاربەکر

* کرد تعاون وترقی غزتەسی، اسطنبول، نومرو ٦، ٢٧ کانون اول ١٣٢٤/ ١٧ ذي الحجة ١٣٢٦ [١٩٠٩]، ص٤٧-٤٨.

## گەلی برایێن عەزیزو گەلی کورما نجا[ن] !(٢٠٩)

هوون هەمی زانن، حکوومەتا مە بەری نهوو حکوومەتەکێ موستەبید بوو! ژ پێنج هەیڤا ب هر دا حکوومەتەك مەشرووع و مەشرووطەیە.

لاکین تەحقیق هندەك ژ وە، چونکی حکوومەتا کەڤن، وەکە مال و جانێ وە، عەقل و چاڤ و گوهێ وە ژی تالان کربی. هوون نزانن د مابەینا ڤا هەر دوو حکوومەتا فەرق چییە و مەعنا ئیستیبداد و حوڕڕییەت چییە ؟

هندکێ دی قەنج وەکە شەیطانا دزانن وەلاکین ئەو ئیدارا موستەبید چێتر موافقێ ئیش و مەنفەعەتا وا[ن] بی. چونکی هەروەکی ژ وان ب شوورەتەك بێئینصافی قەتەك ژ لاشێ دیا مە- کو وەتەنە - و قسمەك ژ یەتیمێن وی وەتەنی- کو خوەه و برایێن مەنە- ناڤ پەنچەیە خوە دا ضەبط کربین و وەکە گورێن هار، بەر درانێ خوە دە دگەمراندن.

قسمێ سسیان، ژ ئەتباع و موعینێ وان قاتلا، وان ظالمانە؛ عەینی مینا طاژی و توولا[ن]، ب خدمەتا وان نەخچیرڤانێ [نێچیرڤانێ] بێئینصاف کەیفا وان دهات.

ئەڤ هەردوو قسم، نەیارێ دین و عەقل و عیلم و چاڤ و مال و جانێ مەنە! ئەو ب خوە کەد و کەسبەکێ نەکن، کەد و کەسبا مە ژ مە دستینن. سالێ دوازدە ماه[مەه] مە دکر، وان دخوارن. دژی حوڕڕییە ئەم ژ خوەندنا علمی مەنع دکرن دا [کو] ئەم ئەفعالێ وا نەزانین. ئەم ژ عیبادەتا خودێ منع دکرن دا [کو] ئەم هەر ژ وان تنێ بترسین، ئیطاعەتا وان بکین. چونکە دزانن مسلمانکی خاص و موخلص حوڕڕە،

---

(٢٠٩) ڕۆژنامەی تەعاون و تەرەقی، ژ١، ل٧.

موتەوەکیلیێ خودێیە، ژ توو عەبدا[ن] ناکت، نابت ئەسیریێ تو کەس! مە ژ گەریێ، ژ دیتنا دنیێ مەنع دکرن دا [کو] ئەم وەلاتیێ خەلقێ نەبینن و وەلاتیێ خوە وەکە وا[ن] ئاڤا نەکین. حاصڵی مە ژ هەمی تشتا[ن] مەنع دکرن. دا [کو] ئەم ژ غەیریێ وا[ن] کەسەکی، شەیئەکی ناس نەکین، نەزانین؛ ئەسیریێ وا[ن] بین. ل دائیرە [یـ]ـێن حکوومەتیێ ژ بۆنا جینایەتەکێ صەد ژمە ب جارەکێ مەحکووم دکرن دا [کو] ئەم نەکارین بچین بازاریێ خوە ژی. هەرچی حکوومەت بوو ئەو ژی ژ مەنفەعەتا خوە ڕا معینیێ وان ظالما[ن]، وان مورتەکیبان بی! ئەز نەحیەیەکێ عیبارەت ژ نەه دەه گوندا[ن] ناز دکم، ژ قالوبەلاییێ دە نەبوونە خودی هێنج پێنج صەد پەزا[ن]؛ ئەو هەر سال دەه، پازدە هەزار پەز ل سەر وان دنڤیسین و قامچورا وا[ن] باقی دهشتین و مقابلیێ وا[ن] پەزا[ن] چار صەد ئەو قەدەر ژ ئەغنامێ قەضاییێ کەتم و ژ سەریێ مالێ وا[ن] ئیختیلاس دکرن. ب ڤی شوورەتی هەر سال ئەوقاس هەقێ بەیتولمال و مللەت تەلەف دبی. ئەگەر ژبۆ تەحصیلاتیێ مەئموورێ حکوومەتیێ بچوونا ویێ ناحیەییێ، ئەگەر ب وا[ن] ڕە عەسکەریێ زەهف هەبوویا، گوندی هەمی دڕەڤیان سەریێ چیا[ن]. ئەگەر هندك بوونا، نەدهیشتن بکەڤن ناڤ گوند؛ شەڕ دکرن، دەردخستن. ئەگەر نە پڕ نە هندك بوونا، یەعنی مقابلیێ هەڤ بوونا، ئاغاییێ نەحیەییێ غولامێ خوە و تەحصیلدارا ب هەڤ ڕا بەرا ناڤ گوند بدا، ژ حل و حەرام خەلاص بکراد[ا]. هەر چقاس، مەسەلە صەد زێڕ تەحصیل، پێنجی ئاغێ ژ خوە ڕە لانییە، سە لیرە ل تەحصیلدار و عەسکەرا[ن] بەلاڤ بکرا، بیست لیرە ئانجاق دهات صندۆقا حکوومەتیێ. ژ ئاغا هەتا گاڤان هەمی مەحکووم کربین، دا[کو] کەس نەییێ پرسا ...

خوه ل حکوومەتێ نەکت. ئەعشار و تەکالیفێ وێ ژی ل ڤێ قیاس بکن. ئەلحاصڵ، ب ناڤێ تەکالیفاتێ بەیتولمالێ هەرچەند پەرەیێن بهاتا تەحصیلکرن، هەرچەندی ددان مەصرەف و مەعاشێ عەسکەر و مەئموور و جەندرما وەلاکین ئەو عەسکەر [و] مەئموور ژ دێل ئیدارا ملك، موحافەظا وەطەن و تەئمینا ئاسایش و موحافەظا حقووقێ فەقیرا[ن] ئانجاق د خرابییا وەلات، کوشتن و شێلاندنا فەقیر و ئەهالییا ئیستخدام دکرن. هەچ وەکی مللەت باشقە، حکوومەت باشقە، هەردوو نەیارێ هەڤ بین. گەرەك ژ ڤێ سەبەبێ و گەرەك ژ سەبەبا فەساد و بێئیتتفاقییا عەشیرا[ن] و بێعەقلییا مە ئەهالییا، حکوومەت[ێ] ژ ئالیکی ئەم خراپ کرن، مە خوە ب خوە ژ طەرەفەکی هەڤ خراب کر. ئیرۆ د وەلاتدا هوون ژ خربا ئاڤاهیکێ، ژ هەزار فەقیرا[ن] دەولەتلیکی، ژ دەه هەزار جاهلا[ن] عاقلەکی نابینن! ئەڤ قانوون[ا] ئەساسی- کو چار ڕوکنێ وێ حوڕڕییەت، عەدالەت، ئخووەت، موساواتە و موافقێ ئەمرێ خودێ و شەریعەتا پێغەمبەرە- صەد هەزار ڕەحمەت ل ئەڕواحێ وان و تەوفیقا خودێ تەعالا هەر ئالیکارێ وان بت! جەمعییەتا ئیتتحاد وە تەرەققییا عوسمانلییا بوونا سەبەبا ئیستردادێ حوڕڕییەتا مە. خودێ وان ژ سەری کێم نەکە. ئیجار حکوومەت و مللەت هەمی بین یەك، حەقێ کچك و مەزنا[ن] مقابل قانوونێ، ب مووجبێ ئەمرێ خودێ موحافەظە بی. ئەمما گارانەك ژ وان ظالمێت مستەبید و مەئموورێن مورتەکیب دیتن [کو] مقابلێ ڕۆناهییا عەدالەتێ ڕا هێدی نکارن دزی، فسق و فوجوورا خوە بکن و بسترینن. ب ڤان تەخلید، دەست ب حیلا[ن] و شەیتانییا[ن] کرن؛ ژ سەرێ ئەولی گۆتن

www.zheen.org

ئـەمێ هـۆ بکـن و هـۆ بکـن، ب زرد و پرتـا[ن] ئـەهلێ حورڕییـەتا[ن] ترسـاندن، نەچـوو سـەری. پاشـێ ئـیفترا و بێبـەختی ل پادیـشا کـرن، گۆتن: سوڵطان عبدولحەمید حوڕڕیـەتێ قبـوول ناکا هـەمان فرصـەتەك ب دەستێ وی بکەڤی، وێ جار دی قانوونا ئەساسـی هلینـە. ئـەو دەرەوان [دەرەوێن] وا[ن] ژی ژ غەیرێ ڕووڕەشییا وا[ن] تشتەك حاصلێ نەکر *.

(ماویەتی)

محەمەد تـاهیر جزیری

## گەلی براکێن عزیز و گەلی کورما نجا[ن] !

### -پاشماوە-

ڕۆژێ هەزار تەخلیت فەسادی و نیفاق ئیجاد کرن. هـەر مقابلێ هـەق و ڕاستی[ێ] دا مەغلووب مان، فەدی نـەکرن. حـەتا ئیرۆ ژی ل گەلـەك جها[ن] هنـدەك ئەبلەهـ[یـ]ـا دکـن. تـەخلیتێ مـەلا وەکـە ئیـستانبولی کـۆر ؟ عـەلی دەرتێخن [دا کو] فکرا ویلایەتا[ن] خراب بکن. دبێژن ئەم قانوون[ا] ئەساسی ناس ناکن، مە شەریعەت دڤێ.

ژ وا[ن] دپرسـن ببێـژن: ئـەی گـەلی جوهـەلا، د ملکـێ وەطـەنـێ مـە دا، مـەقامێ شـەریعەتا محەمـەد دە سـە و دو سـالا[ن] ئـەحکامێ طـاغـووتی، حوکمێ قەرەقووشی، ئیستبدادێ دەوام کر. ئەم هەمی سە میلیۆن نفووسێ عوسمانییا[ن] مەحو بوون، ژ مسلمانی ناڤ ما، ناموس و حەیثییـەتا مللـەتا مـە دبن لنگێ نـەیارا[ن] دە کـەفیلی ؟ هـوون، ئـێ ئیرۆ طـالبێن شـەریعەتێ،

---

* کرد تعاون وترقی غزتەسی، اسطنبول، نومرو ٦، ٢٧ كانون اول ١٣٢٤/ ١٧ ذي الحجة ١٣٢٦ [١٩٠٩]، ص٤٨.



www.zheen.org

هوون ل کێدەرێ بوون ؟ ژ وان منافقا[ن] بپرسن؛ کیژان ماددا قانوونـ[ـا] ئەساسی مخالفێ شەریعەتێیە ؟ قانوون[ا] ئەساسی کیژان ئەحکامێ دین و شەریعەتێ مەنع کرییە ؟ ئیرۆ ئەلحەمدولیللا عەقلێ [مە] حەمووا ل سەرێ مەیە، دین و شەریعەتا مە ژ غەدر و ظلمێ مونەززەه. بێبەختییا[ن] ل شەریعەتێ مەکن ! خوونا مە هەمییا ژبۆ مەحافەظا حکمێ حەرفەکێ ژ شەریعەتی دێ ڕژینن ! وەکە بەرێ هوون نکارن هەر چ تشتا ب کەیفا هەوە ژ بەر خوە ببێژن شەریعەت[ێ] خۆ گۆتییە و خۆ گۆتییە.

ئینشائەڵڵا، ب سایا حوڕڕییەتێ، علم و مەعاریف نێزیك دە وێ ل هەمی جها[ن] بەلاڤ بن و هەر زارووکێ ئیرۆ وێ سبێ دەرسا بیست موتەعەللمێن وەکە هەوە دێ بدت. شەش ماه [مەه] نەبوویە کە [کو] وەلاتێ مە د بنێ مذاکەرا تەقسیما فرەنکا[ن] بی. سە و دو سال ئەم ما ئەسیرێ هەوە، نە بەسە هەوە ؟ [هەوە] دڤێ ژبۆ چار ڕۆژ دەواما ئیستبدادێ خوە، مە ژی، خوە ژی بکن ئەسیرێ ئەجنەبییا.

فەرضا ظولمەتێ ئیستبدادێ چاڤێ هەوە تاری کرییە، ئەلحەمدولیللا چاڤێ مە ب نوورا حوڕڕییەتێ ڕۆناهییە! ل سەر دووڤێ خوە ڕاحەت ڕوونن. هوون ژی وەکە خودان حەیثییەت و ناموسا[ن] ل کەد و کەسبەك حلال بکن، نەفسا خوە ئیصلاح بکن. ئەگەر هوون مرۆڤ بن ئەمێ هەوە فهێل ژی بکین. ئەگەر نە، قەنج بزان هەرچی وەطەنێ مە دە فەسادی بکت، خراپکرنا ئیتتفاق و ئیتتحاد[ا] مە بکت، ئەو نەیارێ دیانەت و مللییەت و حوڕڕییەتا مەیە! ئوو عاشقێ دین و مللەت و حوڕڕییەتێ کو هەمی کەفەنێ خوە د بنێ چەنگێ خوە [دە] دگەڕینن، ژ وان نەیارا[ن] ڕا ب قاسێ سەرێ دەرزی

مەرحەمــەت نــاكن! هــوون كــەیفخوەش بــن، ڕاحــەت بــن ئــەی زومرەیــێ حوڕڕییەتخواز!

جەمعییـەتا ئیتتحـاد و تـەرەققییا عوسمانلییا[ن] نـاتۆر و نۆبـەدارێ سەعادەت و سەلامەتا هەوەنە! جەمعییەتا تەرەقی و تەعاونا كوردا[ن] و هەمی جەمعییەتێن خودیحەمییەت ساعیێن تەرەققییا علم و فەزل و قـەنجییا هەوەنـە. ئـەم هـەمی هێڤییا تـشتەكی ژ هـەوە دكـن: ئاڤاكرنـە قەسرا ئیتتفاف و ئیتتحادێ و خراپكرنا دزدانێ نیفاق و ئیستبدادێ*.

له دیاربەكرەوە

تەلگرافچی محەمەد تاهیر جزیری

## گەلی كوردا[ن]!

ژ ساداتێ كیرام ئەولادێ ئەحمەد كاك ئەحمەد، شێخێ مەڕحووم شێخ سەعید ئەفەندی، وقووعا وەفاتا وی جەمعییەتا مە بهیست! ژ دلێ وان ئاگر بـەربوو. تـەمامێ جەمعییـەتێ ژبۆ ڤـی حـالی تەئسووفەكە مـەزن دكـن. لـەڕا ژ ڕوویێ غەرەضــێ، خانەدانەكە وها ب جارەكی مەحو بوو. ئەلبـەد كەسـێ موسلمان بە، باخصووص ئەهلێ طەریق بە، چاوا موتەئەثر و مەحزوون نابە جەمعییەتا مە ژبۆ مەڕحووم شێخ سەعید ئەفەندی حوزنا خوە ئیظهار دكە. ئـەز وە دزانم كوردسـتان تـەمام ب ڤـی حـالی دلتـەنگ بوونـە [بوویـە] تـەنێ خودێ ئەو[ی] مەڕحووم، مەغفوور موستەغرەقێ بەهرا[ا] ڕەحمەتا خوە بكە. ئـامین. حكوومـەت ژبـۆی سـەبەبا وەفاتـا شـێخ سـەعید ئەفەنـدی ئیظهـارا

---

* كرد تعاون وترقی غزتەسی، اسطنبول، نومرو ٧، ٣ كانون ثانی ١٣٢٤/ ٢٤ ذي الحجة ١٣٢٦ [١٩٠٩]، ص٥٦.

حەقیقەتێ دکە، وێ حەقیێ ئیجرا ژی بکە. کورد لازم[ـە] خوە تەڤ نەدد. حاکمێ حەقیقی خودێیە*.

**سەبیاح ئەحمەد شەوقی ئەرجیشی**

## زمانی کورد یمان، وەطەنو ئیتتفاقا کورما نجا[ن] [(٢١٠)]

وەطەن، تو چقا عەزیزی، تو چقا لەطیفی. لالەزارێ تە ژ خوونا شەهیدانە، سنبل و ڕیحانێ تە ژ ڕندیا چاڤێ عەگیدانە. وەختەکی هەر طەرەفێ تە ئاڤا بوو هەر کۆشەیە تە مەجمەعێ سواران بوو، دار و بەرێ تە مەنزلێ خۆتان و لاوان بوو، دەستێ[د] تە ب جۆتیاران، زۆزانێد تە ب کۆنان نەوالێد تە بکر ب کەرییێد پەزان، مێرگێت تە ب ڕەفی حەسپان، گوهەر و مەخەلێد تە ب بێریڤانان خەملی بوو[ن]. هەر ئالیێ تە وەکی جەننەتا دەرەوی[ـن] بوو. نە د دلێ مە دا گرییەك، نە د تەرشێ مە دا کێماسییەك هەبوو. ناگاه تۆفان[ـا] زلم و ئیستبدادێ موسەللەطێ تە بوو، ئەولادێ تە کوشت، هەر طەرەفێ تە خەرا کر تێ دائەثەرێ شاهی و بەختیاری نەهیشت.

وەطەن تو ئیرۆ ژ دەستێ ظلمێ وێرانی. مەسکەنێ بوومان و مارانی. ئەولادێ تە سەفیل و پەریشانە. ژین و زاڕوویێ وان تازی و برچییە.

وەطەن، فەلاکەتا ها ژ نەزانییا مە کورما[نـ]ـجان بوو. حکوومەتا ظالم مە کورما[نـ]ـجان موسەللەطێ هەڤ کر، دەرسێ کوشتن و تالانکردنێ دا [مە]. مە ژی ژبۆ خاطرێ وان ظالمان، ژبۆ دلخواستێ وان فیرعەون و شەددادان خان و مانێ خوە شەوطاند.

---

* کرد تعاون وترقی غزتەسی، اسطنبول، نومرو ٧، ٣ کانون ثانی ١٣٢٤/ ٢٤ ذي الحجة ١٣٢٦ [١٩٠٩]، ل٥٦.

(٢١٠) مەبەست جەمعییەتی تەعاونو تەرەقیی کوردە.

ئیرۆ ژن و زارووییَ وان ظالمان د کۆشکان دا ب ڕەحەتیَ و ب دلخوەشی عمریَ خوە دبۆرینن، ژن و زاڕوویە مە ژ تازیتی و برچیتی ل سەر عەردیَ صار، ل بنیَ بەرف و بارنیَ دنالن.

ئەگەر مەئموورێد ظالم ب ظلمیَ فیرعەونییا خوە، ب خرابکرنا وەطەنی، ب پەریشانکردنا ئەولادیَ وەطەنی قەناعەت بکران[ـا]، ژبۆ مە کورما[نـ]ـجان سەعادەتەك مەزن، مرۆڤانییەك بلند د بوویا[بوایا]. حال ئەو کو ژ ئالییەك ئوورت و ئۆجاغیَ مە دقەلاندن، ژنێ[ـد]ـ مە ژنەبی، زارووێد مە سێوی دهیشتن، ژ ئالی دی مە د نەزەرا عالەمیَ دا ئەشقیا و بیَقابلییەت نیشان ددان.

ئاخ وان ظالما[ن] ئەوول مە کورما[نـ]ـجان ژ خوەندنێی و نڤیساندنیَ، پاشیَ ژ تێجیری و ژ جۆتیاریێ مەحرووم هیشتن، پاشیَ هەر چ خوەستن دەرهەقیَ مە دا ئیجرا کرن و گۆتن، خودیَ و پێغەمبەر بیرا خوە نەئانین.

ب هیممەتا جەمعییەتا ئیتتحادیَ، ب موعاوەنەتا عەسکەری، قانوونا ئەساسی دەرکەت بەلاییَ ظولمیَ ژ سەر مە ڕابوو. مەبعووثا موحتەرەما جڤیان و مەجلسیَ مەبعووثان دا حالێ وەطەنی دیَ بێژن. خودیَ هەمان تەوفیقا خوان بدە، چاڤیَ خائینان کۆر بکە.

کورمانج، دناڤ قەومیَ عوسمانیدا عونصورەك مەزنە، دیندارە، جوامێرە، ژهاتییە. کیژان ڤیرین بوویە کو سواریێ وان، عەگیدیێ وان د سەرحەدا وەطەن دا خوویا نەبوویە ؟ ژبۆ حفظا وەطەنی، ژبۆ شەرەفا مللەتی، ژبۆ بلندییا دیانەتیَ خوونا خوە نەرێتییە، ژ مەیدانا ڤیرینیَ ڕووییێ خوە زڤڕاندییە؛ حەمییەتا خوە، غیرەتا خوە، دینداریا خوە نیشان نەدایە، ژبۆ تاریخان ناڤەك قیمەتدار نەهیشتییە ؟ فەقەد حکوومەتا موستەبدا[ن] مێرانییا مە، ذەکاوەتا مە دائیما ئینکار کر. نەفعا خوە د ئختلافا مە دا دی[ـت]. مە ژی ژ نەزانییا خوە خەبەرێ[ـن] وان کرن، خان و مانیَ خوە خرا کر، ڕووحیَ باب و باپیریَ خوە مەحزوون کر، دلێ ظالمان شا کر.

ژ ڤی حالی عیبرەت بستینن، وەکی عەرەبان، وەکی ترکان، وەکی ئەرنائوودان، وەکی ڕووم و فللان بخەبتن، جەوهەرێ خوە بدنە نازکرن. قەومێ نەجیبێ ئەرنائوود چاوان دەعوایا خوونا صەد سالە[یا] خوە تەرك کرن، دەستێ هەڤگرتن قیمەتا خوە، مێرانییا خوە دانە زانین ئەم ژی وەکی وان دەعوا خوونێ، دەعوا نەیاری هلینن، برایێ هەڤ بن، شەرەفا کورمانجی موحافەڤە بکن، ب مال و ب جان بخەبتن، وەگهنێ خرابێ خوە ئاڤا بکن!

گەلی کورما[نـ]ـجان ! [ژ] وەتەنێ خوە حەڤ بکن، چونکوو مەحەببەتا وەگهنی ژ ئیمانێیە. گەلی برا! دژمنی و نەیاری ژ دلێ خوە دەرخن، ئاشت بن، ب حوکمێ "إنما المؤمنون إخوە" عەمەل بکن. گەلی هەڤالان! مەکتەبان ڤەکن، ئەولادێ خوە بدنە خوەندن، عارێ نەزانی ل ئەولادێ خوە لایق مەبینن، چونکوو ئەمرێ "أگلب العلم من المهد الی اللحد" ل مە فەڕضە.

ئەی عولەمایێ ناڤدار، ئەی مەشایخێ خودان ئیقتدار ئەی ڕوئەسایێ صاحب نفووژێ کورما[نـ]ـجان ؟ هوون قەنج بزانن کو حەیاتا قەومێ مە، سەلامەتا وەگهنێ مە د ئیتتفاقا، د غیرەتا وە دایە. عادەتێ بەرێ تەرك بکن، کورما[نـ]ـجان بە هەڤ بخن، ژ وان ڕا ژ قەنجیـ[ـێ] و خرابیـ[ـێ] بێژن. چونکوو هوون زانانە، ئەو نەزانن. دەلالەت بکن و دەلالەتا وە [بلا] ژبۆ نەفعا وەگهنی، ژبۆ تەرەقییا میللەتی بە، ژبۆ نەفسا وە نەبە. ڕۆژا حەشرێ بیرا خوە بینن. دنیایێ فانیدا ناڤێ خوە ب قەنجی باقی بکن، حوکمێ "أحسِن کما أحًسن الله الیك" ژ عەقلێ خوە دەرمەخن !*

خەلیل خەیاڵی لە خێڵی مۆتکی

* کرد تعاون وترقی غزتەسی، اسطنبول، نومرو ٨، ١٠ کانون ثانی ١٣٢٤/ ٢٤ ذي الحجة ١٣٢٧ [١٩٠٩]، ص٦٩-٧١.

## ٤. ٢. بابەتە تورکیەکان

### لە ژمارەی یەکەم،

- سەرەتا م. تۆفیق، سلێمانیەیی
- بەیاننامەی کۆمەڵە
- کوردەکان و کوردستان، بابان زادە ئیسماعیل حەقی
- ئەمریکای عوسمانی و خۆشبەختی ئایندەی خێڵەکان، ئەحمەد جەمیل
- کێشەیەکی گرنگ، سەید عەبدولقادری کوڕی خوالێخۆشبوو شێخ عوبەیدوڵڵا
- کوردەکان و خۆشبەختی گەلان، مەلاتیەلی بەدری (بەدری مەلاتیەتی)
- بایکۆت
- داواکاری لە بیرمەندو قەڵەمبەدەستانی کورد
- داوای لێبوردن
- هەواڵەکان

www.zheen.org

### سەرەتا[٢١١]

ئەوکاتەی کە گەلی کورد بە ویست و ئارەزووی خۆی ناوی شکۆداری عوسمانیی لەسەر خۆی دانا، سەردەمی داگیرکاری بوو ! زانست و کەلتوور بە خەتی سووری شمشێرەکان دەخوێنرانەوە، باسە

[211] ئەم سەردێڕە لە یەکەم لاپەڕەدا نییە، بەڵکوو لە بەشی ناوەڕۆک (پێڕست)دا هەیە. بۆیە هەر ئەوم داناوەتەوە.

زانستیەکان لەنێو دەنگی دەهۆڵو زوڕنادا لەبەر دەکران. هونەر[212] لە ئازایەتیو ناوداری لە خۆڕاگریدا دەبینران. کوردەکان لە دەمی کۆتاییی ئەم دەورەیەی ژیانی عوسمانیدا لەدایك بوون، بەڵام هەموو قۆناغەکانی ژیانی خۆیان هەر لەنێو بارودۆخێکی وەهادا بردوەتە سەر، هەر لەبەر ئەوەش لە دینداربیەکی بەهێزو پەرۆشییەکی دەروونی زیاتر نەیانتوانیوە هیچی تر قازانج بکەن. قۆناغی شەڕو ئاژاوە کۆتایی پێ هات، بەرەکەتی شارستانیو کاتبی ژیان لاپەڕەیەکی تری ڕەنگینیان لەبەردەممانـدا کـردەوە. بەڵام دەڵێن بێبەختی ڕووی تێکردووین، چونکە چاوی کوردەکان داپۆشرا بوو، تەنانەت زمانەکەشیان گیری خواردبوو.

لە شوێنی غەریبدا، بە تەمەڵیو لە حاڵەتێکی خراپدا لەنێو بیابانەکاندا سەرگەردان بوون، نەفرەتیان لێ دەکراو مەحکوومی چەوسانەوەو تێکچوون کرابوون. بەڵام ئەمڕۆ لە ئاستێکی باشی پێشکەوتندان، تەنانەت هەموو گەلانی تریش لە حاڵی پێشکەوتندان، ئەمەش نیگای دیدەکانی عوسمانی پرشنگدارتر دەکاتەوە.

ئەوە چەندین ساڵە ئێمە بە چاوگرتوویيو ئازارەکانی خۆمانەوەو بە شێوەیەکی نیوەگیان نەمانـدەتوانی سەرەتای ڕێگەیەك بۆ دەستپێکردن بدۆزینەوە. ئەو کوردستانەی وا پێشتر دەستبژاردەکانی بواری زانستو پەروەردەی پێ دەگەیاند، ئەمڕۆ کتێبێکی دینی لە هیندستانەوە دەهێنێو هەر چەند پاراگرافێکی لە وانەیەکی قوتابخانەکاندا دەڵێتەوە، ئەوەش وەك میراتی لەدوای خۆی بۆ ڕۆڵەکانی دەهێڵێتەوە.

---

[212] هەڵەیەکی چاپ لە دەقەکەدا هەیە.

ئەمڕۆ زۆربەی ئێمە کاتێ دەمانەوێ بۆ کارێکی گرنگ پێوەندی لەگەڵ یەکدا بگرین، بە دووکەڵ یا سووتوە جگەرە مۆرێك لەسەر لاپەڕەیەکی سپی دەدەینو دەنووسین (المعنی في بطن الحامل) و بەم چەشنە چارەی ئەو کارەو وردەکاریەکانی دەخەینە بەر دەستی ئەو کەسە کە لاپەڕەکە دەبات. هەر لەبەر ئەمە کاتێ جەمعییەتی تەعاونو تەرەقیی کورد تێگەیشت گەلەکەمان لە تاریکاییەکی بەم جۆرەدایە، بە گریان بۆ ڕابردووی تاریكو پێکەنین بۆ ئایندەیەکی گەش، پەیمانو بەڵێنی ئەوەی داوە کە هەوڵی پێشخشتنی کوردان بدات.

لەڕووی زانستیو پەروەردەییو پیشەسازییەوە، بە کورتی، بە مەبەستی پێشخستنی کوردان وەك یەکێك لە گرنگترینو پڕبەهاترین پێکهاتەکانی عوسمانیو یەکەمین هاوپەیمانی عوسمانیو هەروەها بۆ خۆشبەختیی عوسمانی بەگوێرەی ناوە پیرۆزەکەی، پەیمانی داوەو خۆی بە بەرپرس دەزانێ.

نەغمەو دەنگی پڕ خرۆشی ئەم ئیرادەو نیازەی ئێمەش لە کوردستانەکەماندا ئەم ڕۆژنامەیەمانە. خوا سەرکەوتنمان پێ ببەخشێ.

(م) تۆفیق (سلێمانیەیی)

## بەیاننامەی جەمعییەت

وەك ئەوەی لە پێڕەوی ناوخۆی جەمعییەتی تەعاونو تەرەقیی کورددا دیاری کراوە، مەبەستی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە پاراستنی یاساکانی دەستووری بنچینەیییە کە بەپێی یاساو ڕێسا دینیەکان دارێژراونو پاراستنی ماڵو مۆڵكو خۆشبەختیی گەلیان تێدا

دەستەبەر کراون؛ هەروەها لەڕێگەی ئەوەشەوە بەدەستهێنانی زەمینەی گونجاو بۆ پێشکەوتنی گەلی نەجیبی کورد بەتایبەت لەڕوی زانستو کەلتوورەوەو پەرەپێدانی هاوپەیمانیو هاوکاریی شارستانی لەگەڵ گەلانی تردا، بەتایبەت ئەرمەنەکان، لە ڕیزی مەبەستەکانیدایە.

هەروەها تێدەکۆشێ بۆ پاراستنی دەستووری بنچینەییو بایەخیش دەدات بە پتەوکردنی یەکێتیو یەکڕیزیی ئیرادەی نەتەوەییو دینیی ئەو خەڵکەی کە ماڵی خۆیان فیدا دەکەن. لەلایەکی تریشەوە، لەگەڵ کرانەوەو دەست بەکاربوونی مەجلیسی مەبعووساندا، ئەگەر ڕێگە بە کارو چالاکیی ئەم جۆرە کۆمەڵانە درا، یا کارو پیشەی سیاسیی لەم جۆرە گیرایە بەر، ئەوا مافە ڕەواکانی خەلیفەی ئیسلامیو سەڵتەنەتی پایەبەرزی عوسمانی کە لە دەستووری بنچینەییدا دەستنیشان کراون، پێشێل ناکاتو هەوڵ دەدات بەبێ جیاوازی هیچ گەلێك ئیمتیازێکی لەوی تر زیاتری نەبێ.

مەجلیسی مەبعووسان، بە مەبەستی پێکهاتنی بەڕێوەبەرێتییەکی گونجاو بەپێی پێویستیە شارستانیەکانو بۆ فراوانکردنی پارێزگاکان، دەتوانێ هەر جۆرە گۆڕانکارییەکی پێویست لە دەستووری بنچینەییدا بکات. هەروەها پشتگیریی هەرجۆرە بۆچوونو کارێك دەکات کە لەپێناوی پێشکەوتنو بەرزبوونەوەی شانوشکۆی عوسمانیدا بێ، ماددەکانی نێو پرۆگرامی سیاسیی بڵاوکراوەی جەمعییەتی ئیتحادو تەرەقی بە زامنی پێشکەوتنو نیشتمان دەزانێ.

## کوردەکان و کوردستان

شانازی بە کوردبوونی خۆمەوە دەکەم. گەلی کورد ئەمڕۆ نیشانەکانی نوێبوونەوەو ژیان لە خۆی نیشان دەدات و لەسایەی پرشنگی خۆری ئازادیدا وەك پێکهاتەیەکی گرنگی عوسمانی گەشە دەکات و بۆ مانەوەی خۆی تێدەکۆشێ. ئەم گەلە پاکە کە پایەدارترین و گرنگترین دەستەی دنیای ئیسلامەتی و عوسمانییە، بەر لە هەموو شتێك گەلێکی موسڵمانە، دوابەدوای ئەوەش لە چوارچێوەی مەشرووتییەتدا کە هۆی ژیانی گەلان و ڕێگەی خۆشبەختی ئەوانە، عوسمانییەکی پاك و بێگەردە، لە پلەی سێیەمیشدا کوردەو بەوپێیە وەك بەشێکی سەرەکی دنیای پڕ شکۆو پیرۆزی ئیسلامەتی و پێکهاتەیەکی گرنگی دەستەی بەهەیبەتی عوسمانی کە کەڵکێکی زۆری هەیە، بەبێ دابڕان لەم گەشتە، بۆ بەدەستهێنانی ئارەزوە نەتەوەییەکان و دابینکردنی خۆشبەختی خۆی لەسەر پێیەو لە هەوڵ و تەقەلادایە؛ لەوکاتەوەی کورد لەنێو بازنەی ڕزگاریی ئیسلامیدا جێگەی خۆی گرتووە، یانی لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ئیسلامەوە تائێستا، هیچ کاتێك بەرامبەر بەم دینە پیرۆزە ڕانەپەڕیوەو دژایەتیی نەکردووەو نایکات.

هەروەها لەوکاتەوە کە کورد بەبێ هیچ گوشارو زۆرێك شەرەفی بەشداربوونی لە شان وشکۆو هەیبەتی عوسمانیدا بەدەست هێناوە، هیچ جۆرە خیانەتێکی لە عوسمانی نەکردووەو لە داهاتووشدا ئەو کارە ناکات. کورد هێشتا کوردەو نەتەوایەتی و ڕواڵەتی دەرەکیی خۆی لەدەست نەداوە، شوناسە ماددیی و مەعنەویەکەشی هیچ جۆرە گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە. بەڵام سەرباری ئەمە پێوەندیی و یەکێتییەکی بەهێزی لەگەڵ عوسمانیدا هەیە. لە دنیادا هیچ هێزێك بۆ ئەوە ناچێ کە ئەم پێکەوەبوونەی کوردو عوسمانی

ڕۆژێك لە ڕۆژان تووشی کێشە ببێ و بەرەو جودابوونەوە بچێ. عوسمانێتی کوردایەتی و پێبەپێ کوردایەتیش عوسمانێتیی لە خۆدا کۆکردوەتەوە. ئەگەر خوانەکردە عوسمانی لەناوبچێ، کوردایەتیش بێ ناونیشان دەبێ؛ خوانەکردە ئەگەر کوردایەتیش بێ ناو بێ و باسی نەکرێ، ئەوا عوسمانی بێهێزو پەریشان دەبێ.

سەرەڕای ئەوە، لەو ڕابردووەدا کە نامانەوێ دووبارە تێی بکەوینەوە، دەسەلاتی ملهوڕی دەوری پێشوو، ئەم پێکهاتە گرنگو سەرەکیەی چەوساندبووەوەو بە شێوەیەکی ئازاردەرانە لەژێر نیری ستەمدا بوو.

حکوومەتی پێشوو لەکاتێکدا دژایەتی بیرو بۆچوونی دەکرد، بۆ نەتەوەی کورد هەم دوژمنی بیرو بۆچوون هەم وەك دوژمنی زمانیش بوو" لەکاتێکدا سەبارەت بە نەتەوەکانی تر تەنیا هەوڵی سەربڕین و لەناوبردنی دەدا، دەرهەق بە نەتەوەی کورد بەر لە هەموو شتێك هەوڵی بڕینی زمان و دواتر سەربڕین و کوشتنی دەدا[213]. ستەمو زۆرێکی بەردەوام مێشك گێژو وڕ دەکات، بەلام بڕینی زمان نەتەوەیەکی بێبەهرەو کاس و حۆل دروست دەکات. بەڕای ئێمە پڕئازارترین جۆری ستەم، کە برینەکەی سارێژ نابێتەوە، هەر ئەمەیە.

کوردەکان، بەم بێزامنیەی خۆیانەوە، نەك تەنیا خەریك بوو نەتەوایەتیەکەی خۆیان لەدەست بدەن، بەڵکوو دینەکەشیان ڕووبەڕووی مەترسی لەناوچوون بووبوەوە.

نەزانییەکی کوێر زۆربەی شوێنەکانی داگیرکردبوو، زۆربەی کوردەکانیش وەك بڵێی لە مرۆڤایەتی دەرچوون، ئاوایان لێ هاتبوو.

---

[213] ئەم بابەتە دواتر لە "هەتاوی کورد"دا بلاو بووەتەوە، بەلام بەشێکی کورتیی تێدا نییە.

ئـەم مەترسـی و نەزانییـە، نـەك تـەنها بنـەمای دینـی و بـیرو بۆچـوونی کوردەکـانی خـستبوە بـەر کاریگـەریی خـۆیو بوونیـانی ڕووبـەڕووی نــابووتی کردبــوەوە، بگــرە ئــابڕوو و شــەرەف و کەســێتیی نەتەوەییـشیانی خـستبوە بـەر پـرسو گومـان، کـە لـەلای ئـەوان لـە مانەوەشـیان بەبـەهاترە، چـونکە حکوومـەتی پێـشوو خـۆی بـۆ خـۆی مەملەکـەتی دەخـستە بـەر مەترسـیی شـەڕو ئـاژاوەو هـەموو جـۆرە هەڕەشەیەکی دەکردو هەندێك کەسی بۆ تالآنو چەپاوکردن هان دەداو قاتوقڕیو نەداریی دروست دەکرد؛ دوای هەموو شتێکیش هـەوڵی دەدا خـۆی بێتـاوانو پـاكو کوردەکـان وەکـوو هـۆی ئـەم هـەموو تـاوانو خراپــەو تالآنــە نیــشان بــدات، دوا جــار ئەمانــەش ببەســتێتەوە بــە خوێنخۆریو دەمار گرژیی کوردانەوە.

ڕاگەیاندنەکانی جیهانیش، حکوومەتو خەڵكو ئەو بێچارانەی وا ناڵـەیان لـە دەسـتی جـەردەو ڕێگرەکـان بـەرز دەبـوەوە، هـەموویانی دەوروژاند" کە باسی حکوومەتی عوسمانییان دەکرد دەیانگوت: کاتێ تورکەکان باسی پارێزگا کوردنشینەکان دەکەن، گلەییو گازەندەکانیان دەگاتـە ئاسمـانو کەسـانی بێتـاوان لـەنێو گـەردەلوولی خراپـەکاریی ئەمانەدا لەناو دەچن، حکوومەتیش بەرامبـەر بەمە بێدەنگ دەمایـەوە، هۆکەشی ئەوە بوو کە ئەم جۆرە شتانە بەکەڵکی دەهاتن. باشە دەبێ سەرەنجامی ڕەعیەتێك چۆن بێ کە شوانەکەی گورگێکی بێدەنگ بێ؟

یـەکێکی تـر لـەو تۆمەتـە پیسانەی وا خرابـوە پـاڵ کوردەکـان، ئـەوە بوو کـە گوایـە ئـەوان هـەر لـە مێـژەوە بەربەرەکانییـەکی قووڵیـان لەگـەڵ ئەرمەنەکانـدا هەیـەو دوژمنـی گیانـیبـەگیانیی یـەکن. تەنانـەت ئەگـەر

بتوانرێ مێژووی مرۆڤایەتیش لەناو ببرێ، دیسان هەر نموونەیەکی وا کە نەتەوەیەك چەندە بەباشی لەگەڵ دراوسێ و هاوڕێکەی خۆیدا ڕەفتار دەکات، لە دنیادا نابینرێ. پێویست بە چی دەکات ؟ هەتا بەر لە هاتنی حکوومەتی پێشوو چ کاتێك ئەرمەنەکان گلەیی و گازەندەیەکیان لە کوردەکان هەبوە ؟! ئایا ئەگەر بەڕاستی، بەو جۆرەی کە باس دەکرێ، کوردەکان دوژمنی ئەرمەنەکان بوون، پێشترو لەکاتێکدا باسی ماددەی ٦١ی پەیماننامەی بەرلین دەکرا، نەیاندەتوانی لەم تاوان و دوژمنایەتیە بدوێن کە ئەمڕۆ خستوویانەتە پاڵیان؟ ئایا نەیاندەتوانی ئەوکاتە ئەرمەنەکان لەناو بەرن، کە وا ئەمڕۆ هەر بەقسە کردوونیان بە دوژمنی یەکتر ؟ کوردیش وەك پێکهاتەکانی تری عوسمانی بارودۆخی هاوولاتیە ناموسڵمانەکانی عوسمانی ڕەچاو دەکات و ڕێز لە گیان و ماڵ و ناموسیان دەگرێ. لە هەموو کەسێك زیاترو بە حیسابی موسڵمانێکی پاکەوە بایەخی بە فەرموودەی ((لهم مالنا وعليهم ما علينا))ی پێغەمبەر داوەو ئێستاش بەگوێرەی ئەوە دەجووڵێتەوە.

بە هەر حاڵ، با ئێستا واز لەو بیرەوەرییە تاڵانە بهێنن. با شەرمەزاری بۆ حکوومەتی پێشوو بهێڵینەوەو بە هەموو هێزو توانایەکەوە کار بۆ داهاتوو بکەین و بڵێین ((داهاتوو هی ئێمەیە)).

بەڵێ، تێکۆشان، شەوو ڕۆژ کارو تێکۆشانێکی بێدابڕان و بەردەوام ئێمە ڕزگار دەکات لە دواکەوتوویی کە لەنێو ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتیەکاندا بووە بە تایبەتمەندیی ئێمەی کورد. یەکەمین و دواهەمین شتێك کە کوردەکان ئەنجامی بدەن، هەر ئەمەیە.

سەبارەت بە سەرەتای کارو تێکۆشانیش، پێویستە بڵێم دەبێ لە زانستو پەروەردەوە دەست پێبکەین. دواتریش هەر لەسەر ئەوە بەردەوام بین. دواتر ؟ ... دواتریش هەر زانستو پەروەردە، هەر زانستو پەروەردە، هەر زانستو پەروەردە ! جەنابی حەق لەم ڕێگەیەدا هەموو خاوەن هیممەتو ئیرادەیەك سەرکەوتوو بکاتو خێر بێنێتە ڕێی.

بابان زادە ئیسماعیل حەقی

## ئەمریکای عوسمانیو
## خۆشبەختیی داهاتووی خێڵەکان

هەرێمی میزۆپۆتامیای نێوان کوردستانو شامو عیراق، یاخود ئەو خاکە پیرۆزەی کە درێژاییەکەی لە دیاربەکرەوە تا بەغدا لە دەوری (٧٠٠کم٢)دایەو پانایییەکەشی لە مووسڵەوە تا خابوور دەگاتە (٢٠٠کم٢)و بە شێوەیەکی گشتی ڕووپێوەکەشی (١٤٠٠٠٠کم٢)یە، بە خێرو بەرەکەتە سروشتیەکانیو توناکانی پێشکەوتینەوە شایانی ئەوەیە وەك ئەمریکای عوسمانی ناوزەد بکرێ. چرۆی تازەی شارستانیی گەردوونی لەنێو کەلتووری ئەم هەرێمە مۆرە پڕ خێرو بەرەکەتەوە دەرکەوتووە، ئەمڕۆ ئێرە بووە بە قوتابخانەی یەکەم فەلسەفەی پرشنگداری پێشکەوتنی شارستانیی جیهان. میزوپۆتامیا لە قۆناغی ڕابردوودا، لانکی پەروەردەی مرۆڤایەتیو شوێنی ئاوەدانی بووە، نموونەی هاوشێوەشی لە دنیادا پەیدا نەبوە.

هەر لەبەر ئەم هۆیە، ئەم هەرێمە ماوەیەکی درێژ مەیدانی شەڕی خوێناویی ئاشووری، فیرعەونەکانی میسر، کەیخوسرەو، ئەسکەندەری

مەقـدۆنی و ئەشـکانی و ساسـانیەکان بـووە، هـاتنی ئیـسلامیش شـوێنی پێکدادانی خوێناوی ئێرانی و ڕۆماییەکان بووە، دواتر لەلایەن حەزرەتی عومەر (خوای لێ ڕازی بێ)ەوە دەگیرێ و لەکاتی دەسەڵاتی عەباسیەکاندا لە ڕووی ئاوەدانییەوە تا ئاستێکی بەرز پێش دەکەوێ.

بـەڵام دوابـەدوای ئەمانـە، چـەنگیزی خوێنڕێـژو تـەیمووری لەعنەتی ئەم شوێنی ئاوەدانییە لەگەڵ خاکدا یەکسان و وێرانی دەکەن، دوا جاریش بە زەبری شمشێرە لارەکەو جوانمێری سوڵتان سەلیمی یەکـەم دەبـێ بـە بەشـێك لـە خـاکی عوسمـانی و لـە داهاتووشـدا وەك بەهەشت ئاوەدان دەبێتەوە.

کاتی خۆی دیاربەکر، مووسڵ، میافارقین [٢١٤]، حەسەن کێف، ڕوحا، ئورفـا، مـاردین و جزیـرەی ئـیبن عومـەر [٢١٥]، هەریەکـەو پایتـەختێکی بەدەسـەڵاتی ئـەم هەرێمـە بـوون. ئـەم هەرێمـە هـەموو کاتێـك توانـای بـەخێوکردنی دانیـشتوانێکی ٢٠ ملیـۆنیی هەیـە، بـەڵام لـەباتی ڕووی خۆشی ئاوەدانی و بەرەکەتەکەی جاران، ئێستا ئازارو مەینەتی خەڵك لە ئەنجامی ستەم و زۆرداری و وێرانکارییەوە بەرچاو دەکەون.

خـاکی میزۆپۆتامیـا لـەڕووی کـشتوکاڵەوە بـەخێرو بەرەکەتـە، ئاوی چۆمەکانی خابوور، جەلاب، چاغ چاغ، بەلیح، زرکان، جەرجیب، سنجار، جەراحی، وادی ئەحمەر لەم هەرێمەدا دەڕژێنە ناو ئاوەکانی دیجلەو فرات.

---

214 میافارقین، ناوی کۆنی شارۆچکەی (سیلوان)ە لە دیاربەکر.

215 جزیرەو بۆتان کە ئێستا بەستراونەتەوە بە شارۆچکەی (جزیرە)وە، ناوە کۆنەکەیشی (جزیرەی ئیبن عومەر)ە.

لەبەرئــەوەی زەویەکــەی ناهەمواریــیــەکی زۆری نییــە، بــە ئاســانی دەتوانرێ زۆربەی شوێنەکان بەم ئاوە ئاودێری بکرێ. لە زەمانی کۆندا ئـەو چۆمانەی وا باسـیان کـرا، لـە ڕێگـەی کـەناڵو جۆگـەی تایبەتـەوە بەسترابوونەوە بەیەکەوە. بۆیـە ئەگـەر ئـەو کەناڵانـە تۆزێك بکوڵرێنـەوە، بە ئاسانی ئەو پێوەندییە دروست دەبێتەوە.

ساڵی١٣٢١[٢١٦] (١٩٠٥) کاتێ بۆ سەفەر ڕۆشتبوومە ئەو دەوروبەرە، بەشی یەك کیلەی ئامەدی[٢١٧] جۆیان لە زەوییەکدا وەشاندبوو، وشتری خێڵەکان ڕۆیـشتبوە نـاوی‌و زیـانی پـێ گەیانـدبوو. هـەر لەبـەر ئـەوەش هەنـدێك تـۆوی جـۆ کـەوتبوە سـەر زەوی. سـاڵی دواتـر بـەبێ ئـەوەی تۆویـان وەشـاندبێ، زیـاتر لـە ٢٥ کیلـەیان وەك بەرهـەم لـەو زەوییـە کۆکردەوە ( کیلـەی ئامـەدی= ١٦ پێوانـە، هـەر پێوانەیـەکیش ٢٠ کـم). کـەوابوو ئەگـەر لـە کـشتوکاڵدا تـەکنیك‌و میتـۆد بـەکارببرێن، ئەوکاتـە بــەگوێرەی شــوێنەکان ٥٠-٤٠ یــا ٩٠-٨٠ قــات بەرهــەم بەدەســت دەهێنــرێ. شــایانی وتنــە، چــۆمی خــابوور بــۆ هێنــان‌و بردنــی شتومەکەکانیش گونجاوە.

ئــەم هەرێمــە ئێــستا شــوێنی خێڵــە کوردیــەکانی وەك مللــی، دوقوری، کیکی، هاڵجان، کاراکەچی، ئازناڤور، بەرازی، چوبورو... و جــێی هاتوچــۆی خێڵــە عەرەبــەکانی وەك شــەمەر، عــەنزە، تــەی، ئاهیسەو...ە. لە خێڵی ئانزەڤور بەدەر، ئەوانی تر هەموو کوچەرن‌و لە چادرەکاندا ژیان دەبەنە سەر. هەرچەندە وا دادەنرێ کە خێڵی شەمەر

---

[216] بەرامبەر بە ١٩٠٥-١٩٠٦ی زاینە.

[217] ئامەد، ناوی کۆنی دیاربەکرە.

www.zheen.org

١٤ هەزار چادری هەیەو کۆی ژمارەکەی نزیکەی ٨٠ هەزار کەسە، ژمارەی دانیشتوانی هەرێمەکەش ٢٠٠ هەزار کەسە. بەڵام لەبەر ئەوەی کە هێشتا سەرژمێرییەکی دروست لە هەرێمەکەدا ئەنجام نەدراوە، گومان ئەکرێ ژمارەی دانیشتوانی لەوە زیاتر بێ کە باسی لێ دەکرێ.

شەڕو ئاژاوەیەکی زۆر لە ئەنجامی بەڕێوەبردنی خراپ و خیانەتی بەڕێوەبەرێتیی دەوری پێشووەوە قەومان. ماوەیەک بەهائەدین پاشای فەرماندەی ماردین کە سەر بە فەرماندەیی گشتی بوو، بە مەبەستی توندکردنەوەی ناکۆکیو ئاژاوەی نێوان خێڵەکان، خەریك بوو چەکی دەوڵەتیش لە ناویاندا بڵاوبکاتەوە. بەڵام خەڵکی دیاربەکرو ماردین بە شێوەیەکی هاوبەش دەستیان بە سکاڵانووسین کردو سەرنجی ڕای گشتییان کێشایە سەر ئەم مەسەلەیە. هەر لەبەر ئەوە ئەو پیلانە پووچەڵ بووەوە. لەگەڵ ئەمەشدا، تەنیا ژمارەی کوژراوەکانی پێکدادانێکی دوولایەنەی نێوان ئەمانە خۆی لە ٧٠٠ تا ٨٠٠ کەس دەدات. دوو ئەفسەری وڵاتپارێز کە چاویان بەم وەزعە ئازاراوییە دەکەوێ، لە ٢٠ی مایسی ١٣١٧[٢١٨]دا نامەیەك بۆ سەرەوە بەرز دەکەنەوە، نەك هەر بە لەوە گەڕێن کە گوێیان لێ نەگرتبوون، تەنانەت ئەوە کەمێکیش کاری تێنەکردبوون.

بەم جۆرە ئەو ویژدانەی کە بیر لە ژمارەی کوژراوانی پێکدادانێکی ١٥ ساڵە بکاتەوە، پڕ دەبێ لە خەفەت و ئازار. گوندێکی (لەیلان) ناو تا دە ساڵ بەر لە ئێستا زیاتر لە ١٠٠ هەزار قورووش داهاتی بۆ حکوومەتی هەبوو، لەبەر نەبوونی ئاسایش چۆڵ کراو خاکەکەی بوو بە

---

[218] بەرامبەر بە ٢ی حوزەیرانی ١٩٠١ە.

هــی دەوڵــەت، ئــەویش تاپۆکــەی بــە ٢٧٠٠ قــوروش دا بــە کەســێك. بێگومان ئەم ڕاستییە ئاستی ئەو وێرانکارییە نیشان دەدات کە ئەمڕۆ پێی گەیشتووین. بە هەزاران نموونەی وەك ئەمە بەرچاو دەکەون کە لە ماوەیەکی نزیکدا ڕووبەڕووی وێرانی بوونەتەوە، دانیشتوانەکەشیان لە ئەنجامی پێکدادانەکاندا لەناو چوونو ژیانیان لەدەست داوە.

کــەوابوو بــۆ قەرەبووکردنــەوەی ئــەو زیانانــە، دەبــێ پێویــستیەکانی ئاوەدانکردنەوە لەوێ تەواو بکرێن، لەبەر خۆشبەختی‌ی خێڵەکان هەوڵی نیشتەجێکردنیان بدرێ. لەکاتی دەسەڵاتی ملهوڕو سەرەڕۆدا هەندێك شتم سەبارەت بەم بابەتە پێشنیار کردبوو، لێرەدا بەکورتی باسی دەکەم:

((وەك دەزانـرێ هێـشتا پرەنـسیپی تۆڵـەی هاوبـەش"و بەرپرسـی‌ی هاوبەش" لەنێو خێڵەکاندا لەئارادایە. ئەم میتۆدە یاسای پێکەوەژیانی خێڵەکانە. بەگوێرەی ئەم یاسایە، ئەگەر تاکێکی ناو خێڵ تاوانێکی لێ بوەشێتەوە، ئەوا هەموو تاکەکانی ئەو خێڵە بەرامبەر بەو شتە کە لەوە دەچێ نەزانن چ شتێکە، تاوانبارن. تاکەکانی تری خێڵی ئەو تاکەی وا زیـانی لێ کـەوتووە، بـە هەسـتی تۆڵەسـەندنەوەی هاوبەشـی بـەر لـە ئیـسلامەوە خۆیـان بەناچـاری تۆڵەسـەندنەوە دەزانـن. لــەو شــوێنە دوورەدەسـتانەی وا هێـزی ئاسایـشی حکوومـەتیان تێدا کەمـە یـاخود نییـە، دەبێ بـەگوێرەی ئـەم یاسایە ڕەفتـار بکرێ. بـەڵام نەخۆشییەکی کۆمەڵایـەتی‌ی بـەم جـۆرە لـەنێو حکوومـەتێکی شارسـتانی‌و سـایەی دەسەڵاتەکەیدا، لەگەڵ یەکتردا ناخوێنرێنەوەو شتێکی خراپە.

هــەر لەبــەر ئەمــە پێویــستە ئــەم جــۆرە پێوەندیــەی خێڵــەکان نەهێڵرێن، لەنێو پێوەندیە گشتیە کۆمەڵاتیەکاندا بتوێنرێنەوە. تەنانەت

دینی پیرۆزی ئیسلامیش کاتێ ویستوویە پێوەندەی دینی جێگیر بکات، ئەم جۆرە پێوەندیە دەمارگرژیە خێڵەکیانەی بە ئاستەنگ لەقەڵەم داوەو بە پێوەندیی نەزانانەی زانیون و بۆچوونی "مرۆڤەکان برای یەکترن"ی بڵاوکردوەتەوە.

بۆیە پێویستە خێڵە کۆچەرەکانی کوردو عەرەبی میزۆپۆتامیا نیشتەجێ بکرێن و بوونێکی کۆمەڵایەتییان پێ ببەخشرێ و یەکێتیی ئەمانە بەشێوەیەکی شارستانیانە پێك بهێنرێ و شوێنی نیشتەجێبوونەکە بەرەو دەشت و گوندەکان فراوانتر بکرێ و شارۆچکەیەك لە شوێنێکی گونجاوی بیابانەکەو جێگەی بەیەك گەیشتنی هەردوو چیای عەبدولعەزیزو سنجاردا بەناوی (کەوکەب)ـەوە دروست بکرێ و شارۆچکەی ڕەسوولیان بکرێ بە قەزاو ببەسترێتەوە بەم شارۆچکە تازەیەوە. جگە لەوە، پێویستە کەناڵ و جۆگە لەنێوان چۆمەکاندا دروست بکرێن و گوند لەو بەینانەدا ئاوەدان بکرێنەوەو خێڵە کوچەرەکان نیشتەجێ بکرێن. هەروەها پێویستە، دوای لێکۆڵینەوەی پێویست، قەزاو ناحیەی جیاجیا لە شوێنە گونجاوەکاندا بنیات بنرێن.

لەلایەکی ترەوە، پێویستە هێزێکی گەڕۆکی تایبەت بە کاروباری پاراستن و ئاوەدانکردنەوە، بۆ ڕێگرتن لە تەشەنەکردنی هەستی دژایەتیکردنی یەکتر لەناو خەڵکەکەدا، دابمەزرێ. دەبێ کاربەدەستەکانی ئەو دەروبەرانەش ئاگایان لە چۆنیەتی سروشت و خووی خەڵکەکەی ئەوێ هەبێ، ئەمە پێویستییەکی سیاسیی گرنگە.

بێگومان ئەو ئاستەنگانەی کە پێشتر لەبەر نەزانی یاخود خیانەت لەبەردەم ئەم هەموو کارانەدا هەبوون، ئێستا لەئارادا نین. پێویست بە

www.zheen.org

کاتێکی زۆریش ناکا. ئەگەر ئەو شتانە جێبەجی بکرێن، مرۆڤەکان لە ماوەیەکی کورتدا ڕزگاریان دەبێ و ئارام دەبن، هەر لەبەر ئەوە دەروبەر پڕ دەبێ لە نیگای خۆشحاڵی‌ی سوپاسگوزاری‌و نیشانەکانی ئاوەدانی هەموولایەك دەگرنەوە. وەزعەکە پێویستی بە کاری پەلە هەیە، منیش ئەم بۆچوونەی خۆم بەم چەشنە دەگەیەنمە خزمەتی وەزیرە پایەبەرزەکانی دەوڵەت.

ئەحمەد جەمیل

## کێشەیەکی گرنگ[219]

نموویەکە کە لە بۆچوونەکان‌و زانایییەکانی سەید عەبدولقادر ئەفەندی سەرۆکی کۆمەڵەکەمان کە کوڕی شێخ عوبەیدوڵلا ئەفەندییە.

دەزانرێ کە پێکهاتەی کورد پێگەیەکی باشی بەدەست هێناوە. مرۆڤە هەستیارەکان دان بەوەدا دەنێن کە کورد هەر لە سەرەتای لەدایکبوونییەوە توانایی‌و لێهاتوویی‌ی پێشکەوتنی هەیە. بەڕێوەبەرێتی‌ی دەوری پێشوو، کێ دەزانێ لەبەر کام سیاسەتی هەڵە بووە کە تێکۆشاوە ناکۆکی‌و ئاژاوە لەنێو خێڵەکانی‌و نەتەوە ناموسڵمانەکان‌و کورددا دروست بکات‌و هەوڵ بدات خۆشەویستی‌و هەستی پێکەوەژیانی خەڵك لە کوردستاندا تووشی گرفت بێ.

هەر لەبەر ئەمە، دەبێ حکوومەتی پایەبەرز گرنگی بە کوردستان بدات‌و بە چاوێکی باشترەوە تێی بڕوانێ، بۆ ئەوەی ئەمانە لەگەڵ

---

[219] سەردێرەکەم لە بەشی ناوەڕۆك وەرگرتووە.

بنـەماكانی پێوەنـدیی نەتـەوەییی عوسمانیـدا یـەك بگـرن، دەبـێ پرەنسیپی پێكەوەژیان بەهێز بكرێ.

ئەم هیوایە پیرۆزەش، تەنیا بە ڕێگەی ناساندنو تێگەیاندنی خەڵك لە دەستوورو مەشرووتییەت، شیاو دەبێ. هەر جۆرە ڕەفتارێكی ناهەق لەگـەڵ نـەریتو خـووی جۆراوجـۆری هەرێمەكـەدا نـەگونجێ، دەبـێ بـە هۆی ئەوەی كە شیكردنەوەی جیاجیا لەسـەر ئازادی بكرێو ئەمەش شـتێكی زیانبەخـشە. ئـەم جـۆرە شـتانە جاروبـار لـە پایتـەختیش دەردەكـەون، بۆیـە پێویـستە بیر لـە كاریگەرییـە خراپـەكانی لـە دەرەوە بكرێتـەوە. لـە میانـەی ئەمانـەداو دوای ڕاگەیانـدنی ئـازادی، ئـەوەمان بەرچاو دەكەوێ كە هەندێك پێكهاتەی ناموسڵمانی عوسمانی لەڕێگەی ڕاگەیانـدنی دەرەوە باسـی سـتەمەكانی حكوومـەتی پێـشوو دەكـەن، وەهـای نیـشان دەدەن كـە گوایـە ئەمـە هێـشتا بەردەوامـەو ئەمانـە لـە دەنگوبـاسو ڕاگەیاندنەكانـدا بەشـێوەیەكی بەرچـاو دیـار دەبـن. حكوومەت هەر لەژێر ئەم تەنگ پێهەڵچنینو گوشارەدا گەورەپیاوانو سەركردە كوردەكان دەستگیر دەكاتو دەیانخاتـە زیندانو دەنگوباسـی وەرگرتنی زەویو موڵكەكانیش هەرچی دەچێ زیاتر بڵاو دەبێتەوە.

لەباتی ئەوەی باسی گۆڕانكاریكردن لە سوپای حەمیدیەدا بكرێ، هەر لەئێستاوە باسی لابردنی ئەم سوپایە هاتوەتە گۆڕێ. ئـەمڕۆ ئـەم جـۆرە شـتانە نـاكۆكیی نێـوان پێكهاتـەكان چارەسـەر ناكـات، بـەڵكوو زیـاتری دەكـات. بێگومـان بێمتمانەییـەكی لـەم بابەتـەش هۆیـەكانی پێكەوەژیان لەناو دەبات.

ئێمە ناتوانین لافی ئەوە لێ بدەین کە ئەو هاوولاتیانە کاتی خۆی تووشی زەرەرو زیان نەبوون، ئەم زیانە تەنیا شتێکی تایبەت بە پێکهاتەیەك نییە، بەڵکوو هەموو پێکهاتەکانو تەنانەت خودی ئیسلامیش لەوە بێبەش نەبوون.

لێکۆڵینەوە لە مێژووی ڕووداوەکانی دەورانی ملهوڕیو سەرەڕۆیی، بە شێوەیەکی ئاشکرا ئەم ڕاستیانەمان بۆ دەردەخەن. لە حاڵێکی وەهادا ئەگەر تەنیا پێکهاتەیەك بە زەرمەند بزانینو سەرجەمی ئەوانی تر بە دەستەی ستەمکاران لەقەڵەم بدەینو شتە بەکەڵکەکانیان بە هیچ دابنێین، ئەوە شتێکی دروست نابێ. باشترین کارێك کە حکوومەتی عوسمانی لە میانەی ئەم شتانەدا بیکات، ئەوەیە کە هەموو تاوانەکانی حکوومەتی پێشوو لەبیر بەرێتەوەو تەنیا بەپێی ئازادیو مافەکانی تاكو یاساکانی عەدالەت هەڵسوکەوت بکاتو ئەگەر کەسانێك لەسەر تاوانەکانی دەوری پێشوو بەردەوام بن، سەر بەم کام پێکهاتە دەبن، با ببن، بەبێ جیاوازی بەپەلە بیانداتە دادگاو سزایان بدات.

هەروەها دەبێ بۆ نەهێشتنی ناکۆکیو ئاژاوەی نێوان پێکهاتەکان، چەندین دەستە بە بەشداریی گەورەپیاوانو سەرکردەکانی هەر پێکهاتەیەكو چەند بەرپرسێکی حکوومی پێك بهێنرێنو هەوڵی چارەسەری ڕیشەیی ئاژاوەکان بدەن.

لەلایەکی ترەوە، بیرو بۆچوونی زانایانو شارەزایان وەربگیردرێ بۆ ڕیفۆرمکردن لە سوپای خێڵەکاندا، لەم بوارەشدا وردە وردەو بە هێواشی بەپێی زانیاریەکان گۆڕانکاری بکرێ. هەموو ئەمانەشم بە هەستێکی بەرپرسانەو ولاتپارێزانەوە هێنایە سەر زمان.

٧ی تـــشرینی دووەمـــی ١٣٢٤ [١٩٠٨] عەبـــدولقادری کـــوڕی خوالێخۆشبوو شێخ عوبەیدوڵڵا ئەفەندی

## کوردەکان و قارەمانیی گەلان

گـەلان بـە شـێوەیەکی گـشتی بـە دوو جـۆر توانیویانـە ناوبـانگی خۆیان دەرکەن و گەورەیی خۆیان بسەپێنن"

یەکـەمینی ئەمانـە، ئـەو خـوو و سروشـتەیە کـە هـەر لـە ئافرانـدن و پەیدابوونیانـــەوە لـــە دەروونیانـــدا شـــاراوەن. ئەمانـــە هـــەمووکاتێك پێشەنگایەتی بۆ مرۆڤ دەکەن و لەگەڵ ئەودا پەیدا دەبن. ئەمیش لەگـەڵ خوو و نەریتە کۆنەکاندا لە لانکەوە تا گۆڕ لە گەوهـەری مرۆڤدا دەبێ و لـە کەسێتیەکەیدا دەپارێزرێ. ئـەوی تریـشیان یاساکانی شارستانییە کە ڕۆڵی ڕێنشیاندەری بۆ ئەخلاقی بەدەستهاتوو هەیـە، ئەمانـەش لـە ڕێگـەی زانست و هونـەرو فێربوونـەوە بەدەسـت دێـن. وەرگرتنـی داب و نەریتی باش هـەر لەکۆنـەوە لـەنێو مرۆڤەکانـدا بـاو بووەو هـەوڵیان داوە خۆیان بەوانە برازێننەوە. مانەوەی ئەو ڕەوشتانە، بە گۆڕانی سـەردەم و تێپەڕبوونی ساڵەکان، بەرامبەر بە هێرش و پـەلامارەکان نیشانی دەدات کە تاکەکانی نێو کۆمەڵگە بە شـێوەیەکی زنجیرەیـی بـەوەوە بەسـتراون و ژێرخانێکی پتەوی فیکری و باوی نەتەوەیی یان هەیە.

گـۆڕان و پـەلامارەکانی سـەر سروشـتە ماددیەکـەی دنیـا لـە چـەند سەد ساڵ بەر لەئێستاوە بـەردەوام بوون، بـەڵام ئـەو سروشـتە گەورەیـە تووشی هیچ گۆڕانێك نەبوەو تێك نەچوەو نەیهێشتووە ڕووبەڕووی هیچ جۆرە کێشەیەکی کات ببێتەوە .

بەڵێ، ئەخلاقی سروشتیی پیرۆز لە ژیانی مرۆڤایەتیدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیەو پارچەیەکی وازلێنەهێنراوە. ئەمەش بە جۆرێکە کە زیرەکیو ژیریو ڕاستگۆیی، پایەداریی سروشتی، ڕەوشتی جوان، ئازایەتیو هەموو پێکهاتەکانی ئەمانە، ئەم بە شێوەیەکی جیاواز کاری تێکردوون.

لەبەر ئەوەی ئەم شتە هەڵبژێردراوانەو ئەم خوو و نەریتانە کە مرۆڤەکان لە لایەنی جیاوازەوە پێش دەخەن، بەگوێرەی هەر خەڵكو نەتەوەیەكو هەر هەرێمێك جیاوازییان هەیەو وەك یەك نین، لەم نووسراوەمدا سیمای ئەو خەڵکانەتان پێ نیشان دەدەم کە مۆرکی جیاوازم تێدا بینیون، هەروەها لافی ئەوە لێ دەدەم کە ئەم ناوەڕۆکە بەدەستهاتوانەو ئەم جۆرە گەورەییانەی وا لەکاتی لەدایکبوونەوە لەگەڵ مرۆڤدان، ناگۆڕێنو ناگۆڕدرێن.

ئەگەر بڵێم کارکردن لەسەر شیکردنەوەی ئەو گەورەییە سروشتیانە، کە دەمەوێ بە شێوەیەکی فراوان بێو ببێ بە موڵکی هەموو ئادەمیزاد، لەسەر پێکهاتەو گەلانی عوسمانیو وڵاتی خۆمانو دەوروبەری خۆمان بێ، سەرنج ڕاکێشترە، ئەوا شتێکی ڕاستم هێناوەتە سەر زمان.

(ماویەتی)

بەدری

## ستوونە کراوەکان

## بایکۆت

لە ئەنجامی غیرەتی پابەندبوونی نەتەوەیی‌یەوە شەڕێکی ئابووری لەگەڵ نەمسادا قەوما، لەم شەڕەدا "بایکۆت" چەکێکی زۆر

گرنگــه. لەبــەر ئــەوەی کــوردە قەناعــەتکارو دروســتەکانیش ئــەم شمشێرەیان بە شێوەیەکی باش بەکارهێناوە، جێگەی خۆیەتی لێرەدا پیرۆزبایی‌یان لێ بکەین.

## بۆ بیرمەندو قەڵەمبەدەستانی کورد

ڕۆژنامەی کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی‌ی کورد دەستی بە پەخش و بڵاوبوونەوە کرد. پێمان وایە ئەم یەکەم بانگەوازی زانایی‌یەی کوردستان لە کەسانی زانای وەک ئێوەی پێ‌گەیاندووە، هەستەکانی وڵاتپارێزیتان دەهێنێتە خرۆش، ئێوەش بە بەرهەمە بەنرخەکانی ئەم جۆش و خرۆشە درێغــی لــە ڕۆژنامەکــەمان ناکــەن. ڕۆژنامەکــەمان دیــاریی شــیعرو پەخــــشان و نووســـــراوەکانتان وەک خـــــەڵاتێک دەگەیەنێتــــــە کوردســـتانەکەمان، کۆمەڵەکـــەشمان وەک خـــەڵات و پاداشـــت ڕێـــزو سوپاســی خۆیتــان پێــشکەش دەکــات. لەبــەر ئــەوەی ڕۆژنامەکــەمان، ڕۆژنامەیــەکی دینــی، سیاســی، زانستی و ئەدەبییــە، بــۆ هــەموو جــۆرە بەرهــەم و بۆچــوونێک کراوەیــە، تــەنیا بــە مــەرجێک نەرمەبایــەکی بــۆنی خۆشی کوردایەتیی لێ بێ.

## داوای لێبوردن

لەبــەر ئــەوەی یەکــەم ژمــارەی ڕۆژنامەکــەمان بەپەلــە دەرچــووەو هەندێک لە بابەت و نووسراوەکانی کەسێتیە ناودارو دەستبژاردەکانی کوردیــشمان دواتــر گەیــشتە دەســت، نــەمانتوانی ئەمانــە بڵاوبکەینــەوە. بۆیــە داوای لێبــوردن دەکــەین و بــەڵێنی ئــەوە دەدەیــن کــە لــە ژمــارەی دووەمدا بڵاویان دەکەینەوە.

به تەلگراف لە لقی دیاربەکری کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقیـیەوە، ئەوەمان پێ گەیشتووە کە پرنجچی ئۆغلوو عاریف ئەفەندی ئەندامی کۆمەڵەو تێکۆشەری ناودار بووە بە نوێنەری شاری دیاربەکر (ئامەد).

مەحموود نەدیم ئەفەندیو شێخ سەفوەت[220] ئەفەندی کە بە نوێنەرایەتیی شاری ئورفا هەڵبـژێردراون، دوێنێ‌شەو گەیشتنە ئەستەنبووڵ.

## لە ژمارەی شەشەمەوە

ڕووداوەکان؛ ئازاری گەورە

گفتوگۆ؛ ئەنجامی قسەکانی پێشوو

زانستی؛ تێگەیاندنی ئارمانج

بابەتەکانی شارستانی؛ کتێبخانەکان– مەزهەر زادە مەزهەری دیاربەکری

هەمەڕەنگ؛

نوێنەری دیاربەکرو ئەوانەی وا شکاتیان لێ کردووە

تەلگرافە تایبەتەکان

ستوونە کراوەکان؛ هەواڵگیری کراوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

220 شێخ سەفوەتی باوکی نووسەری بەناوبانگ پرۆفیسۆر سوئوت کەمال یەتکین، لایەنگری کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان بووە؛ تەنانەت لەکاتی موحاکەمەکردنی سەید عەبدولقادردا ساڵی ١٩٢٥ لە دادگای شەرق لە دیاربەکر، لێی دەپرسرێ کە ئایا شێخ سەفوەت ئەفەندیی نوێنەری ئورفا لە پارلەمان کوردە یان نا ؟

## ڕووداوەکان

## ئازاری گەورە

کێ دەزانێ سەید سەعید ئەفەندی[٢٢١] کە پشتاوپشت دەگاتەوە بە ڕەچەڵەکی پاکی پێغەمبەرو سەر بەو ئەهلی بەیتەیە کەوا بەتحا[٢٢٢] بە دیاری داویەتی بە شاری کەربەلای عیراق، لەبەر کام کاری هەڵە بوو وا بوو بە قوربانی قەدەری خۆی.

سەید سەعید ئەفەندی بۆ خۆی کەسێتییەکی پاکو دوور بوو لەو تۆمەتانە کە دەخرانە پاڵی. ئێمە هەر سەبارەت بەم بابەتەش زامنی باشمان لەبەردەستدایە، بۆیە دەتوانین ئاوەها لافی پاکی کەسێتیەکەی لێ بدەین. دیارە حەزرەتی سەید عەبدولقادر ئەفەندی سەرۆکی کۆمەڵەکەمان بەهەقەوە بە باشی ناوبراوی پاراستووەو ئێمەش گومان ناکەین کە شتێك هەبێ و بتوانێ ئەوە بخاتە بەر پرسیار.

بەڵام ئەم دەمانەی دوایی لەبەر بێهێزیی ڕاستەقینەی حکوومەت و بەڕێوەبەرێتیی خراپی ئەوێ، دەتوانین بڵێین خزمو کەس وکارەکانی و تەنانەت براو کوڕەکەشی بە چەشنێك ڕەفتاریان کردووە کە شایانی گلەیی و گازندەو بە هیچ جۆرێك باش نەبوە، هەروەها لەم بارەیەشەوە ڕاستیەکان قبووڵ دەکەین.

ئەوە بۆ حەوتسەد ساڵ دەچێ ئەو بنەماڵەیە کۆچی کردووەو لە بەرزنجە نیشتەجێ بووە، ئەم ماوەیە چەندین ئەولیاو سەرگەورەی تێدا پەیدا بووەو

---

[221] مەبەست سەید سەعید ئەفەندی باوکی شێخ مەحموودی بەرزنجییە.

[222] شاری مەککە.

کەس ناتوانیٚ حاشا لەم ڕاستییە بکات. هەر لەبەر ئەمە ئەگەر دواهەمین کەس لە ڕەگەزی پاکی گەورەی شەهیدان دەوروبەر کاری تیٚکردبیٚ و تووشی خراپە بووبیٚ و ئاستی داخوازیەکانیشی زۆر چووبێتە پێشەوە، دیسان ئەمە بە واتای ئەوە نەدەهات کە دەبیٚ بیکوژن.

دوای ڕاگەیاندنی هەواڵی مەرگیان لەلایەن ڕۆژنامەکانەوە، بڵاوکردنەوەی هەندێك شتی ڕواڵەتی باش نییە، بە ڕای ئێمە سیاسەتێکی بەجێش نابیٚ. ئێمە تەنیا لەم بارەیەوە، بە ناوی ئیسلامەتییەوە سوپاسگوزاریی خۆمان ئاڕاستەی هاوڕێی بەڕێزمان "یەنی غەزەتە" دەکەین. بەگوێرەی ئێمە، تەگبیرەکانی حکوومەت پێوانەی گونجاون. خوا یار بیٚ ئەم هەڵچوونە کۆنترۆڵ دەکریٚ. بەڵام بە زمانێکی مەعنەوییەوە بە هاووڵاتیە مووسڵیەکانمان دەڵێین: ((ڕشتنی خوێنی بنەماڵەی ئەحمەدو خۆڵی خەم کردن بەسەر منداڵی محەمەددا، کارێکی ئاسان نین))[۲۲۳].

---

[223] بەپیٚی نووسینەکانی ڕەفیق حیلمی، لە ئەنجامی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی شێخ سەعیدو شێخ مەحموودی بەرزنجیو ژمارەیەکی تر لە کوڕو خزمەکانی لە ئەنجامی گوشاری کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقییەوە دوورخراونەتەوە بۆ شاری مووسڵو لەوێش چاودێری کراون. کاتی جەژنی قوربان، شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ سەعیدو کەسێك بەناوی بەها ئەفەندی چوونەتە ناو مەیدانێك کە ژمارەیەکی زۆر خەڵکی مووسڵی لیٚ بووە. بەها ئەفەندی، لەبەر ئەوەی سەرخۆش بووە، پەلاماری ژنێکی داوە. خەڵکی شارەکەش تووڕە بوونو ویستوویانە بیکوژن. شێخ ئەحمەدو پیاوەکانیشی بەشداری شەڕەکە بوونو چەند کەسێك کوژراوو بریندار بوون. لەوکاتەدا کە شەڕەکە تەنیوەتەوە، هەندێك ژەندرمەی کوردیش بەشدار بوونو پشتی شێخ ئەحمەدیان گرتووە. دواتر چوونەتە ناو بینای پارێزگاو خۆیان حەشار داوە..ڕۆژی دواتر ژمارەیەکی زۆری خەکی مووسڵ بەچەکەوە

## گفتوگۆ

## ئەنجامی قسەکانی پێشوو

من بیرو بۆچوونو تێزێکی چوارگۆشەم هەیە؛

یەکەم: ئێمە نیازمەندی لایەنە باشەکانی شارستانی‌ی ئەوروپایین.

بەڵام ئەمەش لەکاتێکدایە کە لایەنە خراپەکانی شارستانیش لەگەڵ لایەنە باشەکاندا پێش دەکەون، بە شێوەیەکی سەیرو هەڵخەتێنەر تێکەڵی یەکتر دەبن. خراپترینو ڕووخێنەرترینی ئەمانە کە بارن بەسەر شانی شارستانییەوە، نەداری‌و زیادەڕۆیی‌ی ناپێویست بەکارهێنانو نایەکسانی‌ی سەیروسەمەرەی نێوان شێوازی ژیانەکانە. هەر لەبەر ئەمە بۆ ئەوەی شتە خراپەکانیش لەگەڵ شتە باشەکاندا نەیەنە ناو شارستانی‌ی ئێمەوە، پێویستە یاسایەکی دەسەڵاتدارو کاریگەرمان هەبێ کە بتوانێ زەوقو ئارەزوو بەرەو شکست ببات. بێگومان هۆی ئەمەش ئەوەیە کە ئێمە خووی منداڵیمان هەیە.

---

چوونەتە بەردەم بینای پارێزگارو داوایان کردووە شێخ ئەحمەدو ژەندرمەکانیان تەسلیم بکەن. بەڵام پارێزگار ملکەچ نەبوە، بۆیە جەماوەرەکە چوونەتە بەر ماڵی شێخ سەعید. پارێزگار سێ کەسی ناردوەتە لای شێخ سەعیدو پێی وتووە دەتپارێزینو داوای لێ کردووە بچێتە بینای پارێزگاری. بەڵام کاتێ شێخ سەعید چووە، دەرگاکەی لێ داخراوەو نەهێڵراوە بچێتە ژورەوە. لەوکاتانەدا کەسێکی ناو جەماوەرەکە بەردێکی گەورەی داوە بە سەری شێخ سەعیداو دواتر بە زەبری خەنجەر کوشتوویانەو شێخ ئەحمەدیشیان کوشتووەو چوونەتە ناو ماڵی شێخو هەمووکەسێکی ئەوێیان کوشتووە. بەها ئەفەندیش، لەبەر ئەوەی خۆی شاردوەتەوە، ڕزگاری بووە (رفیق حلمی، یادداشت، بەرگی یەکەم، بغداد، ١٩٥٦، ل٣٨-٤٢).

دووەم: هەروەك چۆن، ئەگەر کوردەکان کە پابەندی نەریتەکانی خۆیانن، چاویان بە سەرکردەیەك بکەوێ بچێتە ڕۆژئاواو جلوبەرگی ئەوێ لەبەر بکات، لەباتی ئەوەی گوێی لێ بگرن و ملکەچی بن، دەیشکێنن و سووکایەتیی پێ دەکەن. خۆ ئەگەر بزانن کوردیشە، ئەوا دەڵێن: ((لەبەرئەوەی جلوبەرگی نەتەوەیی ی گۆڕیوە، سووکایەتیی بە نەتەوە کردووە)).

ئەگەر کەسێکیش لەم سەردەمی مەشرووتییەتەدا بیەوێ لەباتی یاسا، بەزۆر دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێ، ئەوا کەس گوێی لێ ناگرێ. پێویستە ئەم یاسایەش تایبەتمەندییەکی نەتەوەیی ی هەبێ، ئەگینا پابەندبوونە مەعنەویەکان دژایەتی ی ئەو پێوانەو بەهایانە دەکەن.

سێیەم: پێکهاتە ناموسڵمانەکان هەرگیز لەدڵەوە بڕوا بە بەردەوامی ی یەکسانی و ئازادی ناکەن، مەگەر ئەم یەکسانی و ئازادییە بنەمایەکی بەهێزو پتەویان هەبێ.

ئەو بنەمایەش تەنیاو تەنیا دەسەڵاتی دینی و شەریعەتییە کە ویژدانێکی نەگۆڕی هەیە. کەواتە ئەگەر دینداری ی ئەم دەسەڵاتە ڕابگەیەنین، ئیدی متمانە دەکەن و بە پێچەوانەی بۆچوونی هەندێك لایەن و کەسی خوێڕییەوە بە هیچ جۆرێك سڵ ناکەنەوەو ناترسن. هۆی ئەمە لەبەر ئەوەیە کە هاوپەیمانی لەڕێگەی ڕاستیدایە، لە ویست و ئارەزووەوە پەیدا نابێ، ئەگەر پەیداش ببێ، شتێکی کاتی دەبێ. لەبیرتان نەچێ ویست و ئارەزوو وەك بەچکەی دەمارە کوڵ وان و سەرچاوەی کینە و نەفرەت و خۆپەرستین.

چوارەم: زانایەك کە زوو تووڕە ببێ و لەوەشەوە شتی خراپ بوەشێتەوە، لەبەر ئەوەی ڕێی تێدەچێ چاودێری بکرێ، دەتوانێ بە

ئاسانی لەکە بخاتە سەر زانست. ئەم زانایە تەنیا بە مەرجێك دەتوانێ لەکە نەخاتە سەر زانست کە بسەلمێندرێ مرۆڤی چاکەو کردەوەکانی لە ئەنجامی تووڕەییەوە بوون.

لەبەر هەموو ئەمانە، بۆ ئەوەی خراپەکانی حکوومەتی ملهوڕی پێشوو نەخرێنە پاڵ دین‌و شەریعەت، دەبێ نیشانی بدەین مەشرووتییەت بەگوێرەی یاساکانی دین‌و شەریعەتەو بەپێی ئەوانەش ڕەفتار بکەین.

بۆ نموونە، دەتوانین لاسایی سەردەمی عومەری کوڕی عەبدولعەزیزو ئەو خەلیفانە بکەینەوە کە لەسەر ڕێگەی ڕاست بوون. ئەگەر بگوترێ ئێمە بەقەدەر ئەوان پاك‌و ڕەوشت باش نین تا بتوانین وەك ئەوان بین، ئەوا منیش دەڵێم، ئەگەر بۆچوونەکانی ئێمە پێشکەوتنخوازانە بن، دەتوانین لە ئەنجامی کرداری پێویست‌و گونجاوەوە لەگەڵ ئەوانەدا هەندێك پرەنیسپ دروست بکەین کە جێی ئەو پاکی‌و ڕەوشت بەرزییە بگرێتەوە. ئەو عەدالەتەی کە ئێستا لە وڵاتە بیانیەکاندا هەیە، نموونەیەکی ئاشکرای ئەم شتەیە.

جیاوازیی شارستانیی ئیسلامی لەگەڵ ئەوانی تردا، تەنیا لە شتە حەرامەکان‌و خۆپاراستندایە لەو جۆرە ڕەفتارانە کە مرۆڤ دەکاتە دیلی نەفسی خۆی‌و شەرمەزاری دەکات. لەلایەکی ترەوە، پۆشینی جلوبەرگی ڕازێنراوەی وەك هی ژنان بە مەبەستی خۆشگوزەرانی‌و ڕابواردن، شتێك نییە شایستەی نەریت نەتەوەیی ئێمە بێ، چونکە ئەگەر پیاوێك وەك ژن جلوبەرگ بپۆشێ، ڕەزیل‌و ریسوا دەبێ. پێچەوانەکەشی هەر وایە.

بە کورتی، لەڕێگەی شمشێری شەریعەتەوە لق‌وپۆپە گەنیوەکانی شارستانی دەبڕین‌و ناهێڵین بێنە ناو سنووری مەشرووتیەتەکەمان.

بێگومان ئەمەش بۆ ئەوەیە کە شارستانیەکەمان بتوانێ لە ئاوی ژیانی شەریعەت بنۆشێ و بخواتەوە.

ئەگەر شارستانیی ئیسلامەتی بوونەوەرێك بێ، ئەوا شەریعەت خوێنی نێو دەمارەکانیەو دینداریش گەرمای گەرمکردنەوەیەتی. لەپاڵ ئەوەدا، دەبێ ئەو بزانرێ کە شەریعەتی پرشنگدار لە قسەی ئەزەلی (قورئان)ـەوە هاتووەو بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە.

دەرکەوتنی هەموو ئەو پێغەمبەرانەی وا ئاگاییمان لەسەریان هەیە، لەناو ئیمپراتۆریای عوسمانییەوە بووە، ئەمەش نیشانەو ئاماژەی ئەوەیە کە تەنیا ڕێگەی گەورەبوون و بەرزبوونەوە هەمان دینداریيە. گومان لەوەدا نییە کە گوڵەکانی ئاسیاو ڕۆم ئێلیش لەبەر پرشنگی دینداریدا سەر هەڵدێنن و گەورە دەبن. لەبەر ئەمە هەر ئیمانداریێك ناچارە قسەی خودا پیرۆزو بەرز بکاتەوە. گرنگترین شت لەم سەردەمەی ئێستادا پێشکەوتنی ماددییە، بۆ ئەمەش پێویستە خەبات بکرێ بەرامبەر بە دوژمنانی پێشکەوتن. گەورەترین دوژمنیش ئەو جۆرە دوژمنانەن کە دیار نین و لەناو خۆدان. ئەمانەش بەسەر سێ گرووپدا دابەش دەبن، یەکەمیان نەداری، دووەمیان نەزانی و بێئاگایی و سێیەمیشیان ئاژاوەو پێکدادانە. ئێمە لەڕووی دینییەوە ناچارین شەڕو تێکۆشان بکەین. هەر بۆیە پێویستە سێ شمشێری ئەڵماسی بەدەست بهێنین" یەکەمیان خۆشەویستیی نەتەوەیی، دووەم یەکگرتنەوەو سێیەمیش پەروەردەو فێرکردنە. شەڕی دەرەوە ئەهێڵینەوە بۆ شمشێری ئەڵماسینی ڕاستیەکانی ئیسلام. شەڕی ئەم زەمانەیەش لە ڕێگەی خۆشەویستی و حەزپێکردنەوەیە، نەوەك ترساندن.

بە پێچەوانەی وتەی ڕوونی ((کەس سیخوڕی نەکات))ـەوە، نابێ کـەس دەسـەڵاتو بەڕێوەبـەرێتیی خـۆی لەسـەر تـرس دابمـەزرێنێ. هەندێك لە ڕۆژنامەکان بە پێچەوانەی ئەو بەشەکەی تری ئایەتەکەوە ((هەندێك لـە ئێـوە بـەدوای ئـەوانی ترتانـدا مەیـەنو مەچـن))، وەکـوو سیخوڕە نهێنیـەکان مێشکی هـەموو کەسیان تێکەڵوپێکـەڵ کـردووە. بەڵام مخابن ئەوانەی وا زیادەڕۆیی دەکەن، دوا دەکەون.

ئەی زانایان ! ڕووی قسەم لەئێوە دەکەم؛

زاناکـانیش هـەموو کاتێـك لاسـاییی فـەرمانڕەوا ملـهوڕەکانیان کردوەتـەوەو ویـستوویانە بـە سـەپاندنی بـیرو بۆچـوونەکانی خۆیـان بەسەر کەسانی تردا، وەك ئەوان ڕەفتار بکەن.

ئێـستا قۆنـاغی مەشـرووتییەتە، ئـەوی دەسـەڵاتی هـەبێ، بـەزۆر فەرمانڕەوایی ناکات، بە ڕاوێژکاری دەبێو ڕۆحی بەڕێوەبەرێتی هەمان جەماوەرو ڕای گشتییە. ملهوڕیو زۆرەملێ ڕێگەی پێشکەوتن دەگرنو مرۆڤەکان بەرەو ڕابردوو دەبەنەوە.

ملهوڕی پشت دەکاتە داهاتوو. ئەگەر دڵۆپەکانی ئاو بە شێوەیەکی جیـاواز لەیـەك کۆبکرێنـەوە، دەبـن بـە هـەڵمو وشك دەبـن، بـەڵام ئەگـەر هەمووی پێکەوە کۆبکرێتەوە، دەبێ بە ئاوی ژیان. هـەروەها پێویستە ئەوەشـی لێ زیـاد بکـەم کـە خـەرجکردنی سـەرمایە مەعنەویـەکان وەك بـەفیڕۆدانیان وەهایـە. هاوکـاریی هێزەکـان بێواتایـە. یـەكو هـەزار هەردوو یەك شتن، بەڵام لەبەر ئەوەی بنەماکانی بەها مەعنەویەکان لە بـەها ماددییەکانـەوەن، ئەمـە وەك هـەڵگرتنی بـەردی گـەورە وایـە. پێویستە هاوکاری پێش بخرێو دانوستاندن لەگەڵ هەژارەکاندا زیاتر

بکرێ. ئەوروپا بە پشتبەستن بەم نهێنیانە ئاوها پێش کەوتووەو بنەمای پەروەردەو فێربوونی داناوە.

ئەگەر بەڕێوەبەریێتی جەماوەری بێ و لەسەر بناغەی ڕاوێژکاری کاربکات، بیرو بۆچوونە خراپەکان کە وەك درکی سەر ڕێی ئیسلامەتین، لەناو دەچن و ڕاستیە پاك و بریقەدارەکانی ئیسلام دیار دەبن.

ئیدی دەمێنێتەوە بڵێین سڵاو لەو کەسە بێ وا ڕێگەی ڕاست دەدۆزێتەوە.

لە قسەکانی پێشوومدا ئەم هەڵەیە نووسراو بوو، ((بەخشین بە پیریت))، بەڵام دروستەکەی ئەمەیە: ((بەخشین بە پیرنەبوونەکەت)).

**مەلا سەعیدی کوردی**

## زانستی
## تێگەیاندنی مەبەست

بۆ ڕوونکردنەوەو ژیاندنەوەی شارستانیی ژاپۆن کە لە ئێستای ڕۆژهەڵاتدا یەکێکە لە دامەزرێنەکانی شارستانی، هەندێك توێژینەوەی دینی دەکەن، لەبەر ئەوەی چەند پرسیارێکیان لەمن کرد، منیش لە خۆمەوە هەندێك وەڵامم دانەوە. بۆ تاقیکردنەوەی هێزی ئەم وەڵامە، کە ئایا ئەمە دەتوانێ لە دۆڵی نێوان ڕابردوو و داهاتووەوە بپەڕێتەوە، یاخود بێداروبارو بێهێز دەبێ و وەك فیکرو نەریتە کۆن و پیربووەکان کە لەنێو بازنەیەکدا دەخولێنەوەو بێهێزن، لە ڕابردوودا دەمێننەوە ؟ ئەم بۆچوونانەی خۆم پێشکەشی ڕای گشتیی ئێستا دەکەم. هەروەها بەم کارەی خۆمەوە دەمەوێ سەرنجەکان ڕابکێشم و بەو پێیەش تامێك بە کردەوەی کەسانی تازە پێگەیشتووی وەك خۆم ببەخشم.

هەرچەندە ئەم بەشەی بۆچوونەکەم یا ناوەڕۆکەکەی یان نیازی دڵم، بەگوێرەی هەلومەرجی ئازادانەی ئێستا شایستەی داخوازییە پڕشکۆکانی ڕای گشتی نەبن، بەڵام لەبەر ئەوەی بۆچوونەکانم کۆمەڵێك شتی نایابن، هیوادارم جێگەیەکی نایابیان هەبێ و لانی کەم نرخاندنەکانم شوێنی خۆیان بگرن.

یەکەم لایەنی نایابی، هەمان میوەی چیاییە، چونکە ئەو قسانەی کە ئێستا لەنێو چیاکانی کوردستانەوە دەکرێن، لە قسەکانی سەردەمە سەرەتاییەکان دەچن؛ وەك ئەوە وایە ئێمە لەدوای ئەو سەردەمە سەرەتاییانەوە هیچ جووڵەمان نەکردبێ، چونکە نەمانویستووە ئازادییە بێسنوورەکانی خۆمان بکەین بە قوربانی ئەم ئازادییە سنووردارە سووکایەتی پێکەرو ناڕەوایەی ئێستا.

دووەم شتیش هەمان سروشتی بوونە، یانی ئەمە لەگەڵ سروشتی مندا دەگونجێ. لەبەر ئەوەی فیکری کەسێکی وەحشیی وەك من زیاتر بەرەو لای ئەفراندن دەچێ، لێکۆڵینەوە بۆ گەیشتن بە بڕیار هەم شتێکی سروشتی، هەم وەك تازە بێ وایە. شتی دەستکرد هەرچەندە تەواوو ڕێکوپێك بێ، هیچ کاتێك ناتوانێ جێی شتی سروشتی بگرێتەوە. لەبەر ئەوەی ئاخاوتن شتێکی سروشتییە گوزارشت لە خودی قسەکەریش دەکات، بۆیە کاتێ دەخوێنرێتەوە، خەیاڵی کوردێکی مەدەنیی وەك من لەپێش چاوان دروست دەکات و وێنەی بەها مەعنەوییەکان لەنێو زەیندا بە شێوەیەکی دروست نیشان دەدات.

سێهەمیشیان شێوازی سەیرە، کە بە خێرایی و دەوڵەمەندی بە هاتنێکی خۆبەخۆ سەرنجی زەینە سەرپێییەکان ڕادەکێشێ. جلەکانم

www.zheen.org

وەك بیرو بۆچوونەكانم سەیرو سەمەرەن، واتای قسەكانی منیان پەسند كرد، بەڵام داوای شێوازێكی هاوشێوەی جلەكانیان لێ كردم، منیش نەمتوانی دڵیان بشكێنم، بەڵام خۆ من بەرگدروونی توركی باش نازانم.

چوارەمیشیان ئەوەیە كە ئەم وەڵامە، گەنجە، پیرە، وەحشییە، شارستانییە، ئازادیی بێ سنوورە، ئازادیی سنووردارە، تەمەنیشی دوو مانگ لە ئازادی گەورەترە. كاتێ ئێمە ڕۆژنامەی "تەرجومانی ئەفكار" لەگەڵ ڕۆژنامەیەكی تری ئێستادا بەراورد بكەین، مرۆڤ وا دەزانێ سەدان ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە. ئەم ڕۆژنامەیە لە ئەنجامی تێكەڵی ئازادیی بێسنووری ژیانی وەحشیو ئازادیی سنوورداری ژیانی شارستانییەوە پەیدا بووبوو، وەك كەڵەشێرێك، بە دەنگی خۆی زەینە خەوتوەكانی لە بەیانی بەرپابوونی ئەم شۆڕشەدا لە خەو هەڵدەستاند. هیوادارم سەرەتاو ئەنجامی ئەم بابەتە، یانی ناوەڕۆكی بابەتەكە، باسی پیرۆزیو بایەخی ئامرەزاكانو كەموكوڕیەكانی تر فێر بكات.

جەهیزی كچی بیرەكانم، ئەم شێوازە سەیرەیەو شیرباییی مارەبڕینەكەشی كاتە. لەلایەكی ترەوە، لەبەر ئەوەی یەكەم ئەزموونی نووسینو یەكەم بابەتو یەكەم كتێبی نووسراومە، دەبێ كەموكوڕیی تێدا بێو شتێكی ئەخلاقی بێ، كە بێگومان ئەمەش سروشتییە.

من ئەوانەم لە ڕێی هەندێك ڕستەی درێژەوە هێنابوە سەر زمان، مەبەستیشم لەمە ئەوە بوو بتوانم باشتر ڕاستیەكان بگەیەنم. دروستكردنی چەمبەرێك بەدەوری ڕاستیەكاندا، واتای سنووردانان بۆ ئەوانە دەدات ئەگەر نەمتوانی بیگرمو بیدەم بەدەستتانەوە ئێوە بەدیقەتەوە بیگرن.

له كۆندا هەندێك لە شاعیران جوانیی نێو شیعرەكانیانو هەندێك لە نووسەرە زاناكانیش لە پێشەكیی كتێبەكانیاندا بە باڵای كەسێكی دەسەڵاتداردا شتیان دەگوت كە بەڕێگەی خەلیفە باشەكاندا نەدەڕۆیشت، بەم جۆرەش باشیەكانی خەڵكیان وەردەگرتو پێشكەشی ئەویان دەكرد، وایان نیشان دەدا گوایە ئەمانە هەمووی لەوەوە دەست پێ كردووەوە، بەو شێوەیەش خزمەتی ملهوڕیو سەرەڕۆییان دەكرد. هەروەها لەبەر ئەوەی وایاندەزانی لەناوبردنی خراپیەكانی ملهوڕیو سەرەڕۆیی شتێكی نامومكینە، ڕەخنەكانی خۆیان لەژێر پەردەی قسەی واتادارو بەماندا ئاڕاستەی دەسەڵاتێكی ملهوڕی نادیار دەكرد.

ئەوان دەیانتوانی تەنیا چاوەڕوانی نموونەی بەرچاوی باشیەكانی شارستانی بن لە شاری ڕەوشت بەرزیو یۆتۆپیی ئەفلاتوونی، كە دادی تێدا بەپێی یاساكانی شەریعەت جێبەجێ دەكرێ. كەچی من وەك كەسێكی هاوچەرخ كە هەوڵی هەم ڕووخاندنی ئەو ملهوڕیە كە ئەوان بە تاسەریان دەزانیو هەم دانانی بناغەی ئەو شارە یۆتۆپییە دەدات كە ئەوان پێكهاتنیان بە مەحاڵ دەزانی، بە پێچەوانەی ئەوانەوە هەڵسوكەوتم كرد.

یەكەم پرسیارو وەڵامەكەی بە شێوەیەكی كورتو وەك تێزێك دەخەمە بەردەست. وردەكاریەكانی تر وەك ئەو ڕستەو لێكچواندنانەی كە ڕێگەیان بۆ دەركەوتنی ئەو تێزە كردوەتەوە، ئەمەش بەم جۆرەیە، ئەم پرسیارەیان كرد: ((بەڵگەی بەرچاو بۆ بوونێكی خوڵقێنەر چییە ؟)). وەڵام: ((بەڵگەی نوورانی، هەمان ژیانی پڕ لە گڕو تینو زمانەكەیە كە چاوی دنیایە)).

((ئەو کەسەی وا شتی ڕاستەقینەو ساختە لەیەك جودا دەکاتەوە، خاوەنی نیگایەکە ناخەڵەتێنرێ، ئەو کەسەی کە ڕێگەی ڕاستی هەڵبژاردووە، پێویستیی بە هەڵخەڵەتاندنی کەسانی تر نییە)). واتای ئەم قسەیە ئەمەیە، خەیاڵ ناتوانێ بەری ئەو چاوە بگرێ کە ڕووناکی دەبارێنێ. ئەوەش کە ڕاست بێ، پێویستیی بە فریودان نییە. ئەم وتەیە نیشانەی ڕەتکرانەوەی ئەو دوو کۆمەڵگایەیە کە لە ڕێگەی ڕاست لایان داوە. ئێستا دەست بە وەڵامەکە دەکەم.

(ماویەتی)

سەعیدی کوردی

## بابەتەکانی شارستانی

### کتێبخانەکان

گەشەسەندن و بەهێزبوونی وڵاتێك پێوەندیی بە ئاستی کەلتوورو هێزو کاریگەریی و ژێرخانی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و فیکریی ئەو کۆمەڵگایەوە هەیە کە بنەماکانی پەروەردەو فێرکردنی تێدا پێك دێنن. ئینگلیزەکان کە ئەمڕۆ بە گەورەیی و کاریگەریی خۆیانەوە دنیا بە مەیدانی گەمەی خۆیان لەقەڵەم دەدەن، نموونەیەکی بەرچاوی ئەم بەهێزبوونی فیکری و پتەوبوونی ئیرادەیەن. لەم بارەیەشەوە ئەوەیان سەلماند کە شایستەی ئەمەن و هەموو کاتێکیش هەروەها دەبن.

ئێمە، سەرەڕای ئەو توانایییە نائاساییەی کە هەر لەکاتی لەدایکبوونەوە لەگەڵماندایە، لە ژیانی جیهان و شارستانی و کۆمەڵایەتی بەجێ ماوین. بۆ ئەوەی بگەینە ئاستی پێگەی خەڵکەکانی ترو دراوسێکانمان و پێبەپێی شارستانی پێش بکەوین و وەزعی

جارانی خۆمان لەنێو دەوڵەتانی دنیادا پەیدا بکەینەوە، پێویستە لە ڕێگەی گەشەسەندن و کاریگەربووندا هەنگاوەکانمان سووکتر هەڵبگرین و بەو جۆرەش ئەوە بسەلمێنین کە ڕۆڵە پڕکۆشش و فیداکارەکانی عوسمانیی کۆنی پڕ شان و شکۆین. بۆ گەشەسەندن و پێشکەوتنیش پێویستە لەپێشدا قوتابخانە سەرەتاییەکان و ئەوانی تر ڕێك بخەینەوەو کەموکوڕیەکانیان نەهێڵین. هەروەها دەبێ بۆ پتەوکردنی ژێرخانی فیکری–کۆمەڵایەتیمان و باشتربوونی وەزعی زانکۆکانمان لە هەوڵ و تەقەلادا بین. دوای ئەوانەش چارەیەك بۆ قوتابخانەکانی خوێندنی بەرز بدۆزینەوە، چونکە ئەو بینایانەی وا لەسەر بناغەیەکی پتەو دروست دەکرێن، زووبەزوو لەناو ناچن و ناڕووخێن. بە پێچەوانەوە، ئەوانەی کە بناغەکەیان سستە، هەرچەندە بە ڕواڵەتیش جوان بن، بەلام دواجار هەر لەناو دەچن و دەڕووخێن.

تەنیا فیداکاریی و هەوڵدانەکانی دەوڵەت بۆ باشترکردنی وەزعی قوتابخانەکان بەس نین. حکوومەت هەرچەندە دەتوانێ بڕی پارەیەك لە دارایی بۆ دروستکردنی قوتابخانە دیاری بکات، بەلام تووشی زەحمەت دەبێ بۆ پەیداکردنی مامۆستای بەمۆڵەت بۆ ماوەی سێ تا پێنج ساڵ. هەر لەبەر ئەمەش و بۆ ئەوەی بە ئاسانی بگەینە مەبەستەکانمان، دەبێ هەر لەسەرەتاوەو لەکاتی دروستکردنی قوتابخانەکاندا کتێبخانەش دروست بکەین، دەبا هەوڵی بۆ بدەین.

گومان لەوەدا نییە کە کتێبخانەش بەقەدەر قوتابخانە سوودی بۆ تورکیای خۆشەویستمان هەیە. زیاتر لە ٨٠٪ی ئەو کەسانەی کە بیر لە ئاسوودەیی خەڵك و ئاسایشی وڵات دەکەنەوەو زۆربەی کاتە

بەنرخەکانی خۆیان لەسەر کورسیەکانی قوتابخانە بەسەر دەبەن، کەسانی هەژارن و لەبەر نەداری دوچاری گرفت دەبن.

بەڵێ، ڕەنگدانەوەی خوێناوی چەپۆکی داماوی و نەداری کە زوڵم و ستەمی ملهوڕان لە ڕووی ئەم خەڵکە بێ تاوانەی خستووە، هەموو ئازارەکانی ڕابردوو و ئەنجامە دڵتەزێنەکانیمان پێ نیشان دەدات. ئەمانە لەبەر ئەوەی ناتوانن بە تەنیایی کتێب و ئامرازەکانی فێربوون دابین بکەن، پێویستییان بە هەوڵ و کۆششێکی زۆرتر هەیە بۆ ئەوەی پێش بکەون و بگەنە پلەی ڕەوشت بەرزی و زانایی. ئەو ئاستەنگەی بەردەم ئەمانە، لەبەرئەوەی ڕێ لە کارو چالاکی و ئارەزووەکانیان دەگرێ، زەبرێکیش لە خۆشبەختی و بەختیاری و سەلامەتی ی کۆمەڵگا دەدات.

ئەمەش بە جۆرێك دەبێ کە ئەمانەی وا تازە وەك نەمامێکی ڕێگەی زانایی گوڵ دەدەن، ببن بە بارێك بەسەر شانی کۆمەڵگاکەی خۆیانەوە. لە شوێنێکدا داماوی و نەداری ڕووەو زیادبوون بچێ، خراپەکاری و تاوان و ...یش بەرەو زیادبوون دەچن، کەواتە ئەگەر وەزع وابێ، بۆچی هەندێك کاری مومکین بۆ پشتگیری لەمانە ئەنجام نەدەین ؟ قەت شتی وانابێ !

پاراستنی ئەم منداڵانەی عوسمانیە ستەملێکراوەکان کارێکی ئاسانە. تاکە ئامرازی ئەمەش، دروستکردنی کتێبخانەیە لەگەڵ قوتابخانەکاندا. کەوابوو پێویستە گەورەپیاوان و پیاوماقووڵانی هەر شوێنێك، کۆمەڵەیەکی خێرخوازی بۆ پەروەردەو فێرکردن دابمەزرێنن. ئەندامانی ئەم کۆمەڵانە کێ دەبن با ببن، پێویستە کۆمەڵێك کەسی بەناموس و وڵاتپارێز بن کە گوێیان دابێتە دەنگ و ویژدانی خۆیان. ئەمانە دەبێ جاروبار باسی کارو چالاکی و

حیسابەکانی خۆیان بۆ خەڵك بکەن، تەنانەت ئەگەر پێویستیش بکات بچنە بەر پارێزگاریی دەوڵەتو بەو جۆرانە متمانەی خەڵك بەدەست بهێنن. هەرروەها دەبێ دوو یان سێ کەسی بەڕێوەبەری سەر بەم کۆمەڵە کەسەش هەبنو چاودێریی کاروباری ناوخۆی کتێبخانەو کتێبدارەکان بکەن. ئەو گرووپەش کە بە کاری تەکنیکییەوە خەریك دەبێ، پێویستە جاروبار کۆبوونەوەو گفتوگۆبکەن سەبارەت بە چۆنیەتی پێشخستنی کتێبخانە. ئەو کتێبانەی کە دەبێ بخرێنە کتێبخانەوە، پێویستە کتێبی بەسوودو لەسەر وڵاتپارێزی بن. هەروەها دەبێ جگە لەو کتێبانەی کە لە سەردەمی دەسەڵاتی ملهوڕیدا بۆ پەسندانی ئەمو ئەو نووسراون، هەموو بابەتێکی تریان تێدا هەبێ.

ئەگەر کتێبخانەی بەم جۆرە دروست بکرێ، ئەو کەسانەی وا حەز لە خوێندن دەکەنو لەبەر نەداریی باوكو دایکەکانیان ناتوانن لەسەر خوێندنی بەرز بەردەوام بنو ئەوانەش کە تازە لە خوێندنی سەرەتاییدانو وەزعی دارایییان باش نییە، دەتوانن سوودی لێ وەربگرنو لەکاتی گونجاوی خۆیاندا بێنو لێرە کتێب بخوێننەوە، بەم پێیەش پەروەردەی فیکرییان پێش دەکەوێو بەهێز دەبن. پێویستە ئەوە بزانرێ کە ئەو کتێبخانە فەرمیو نافەرمییانەی وا لەتەنیشت قوتابخانەکانو هەر شارێکدا دەکرێنەوە، ڕۆڵێکی بەرچاویان لە کەمکردنەوەی ئاستی تاوانو داماویو نەداریدا هەیە.

مەزهەرزادە مەزهەری دیاربەکری

## هەمەڕەنگ

## دەستەی لێکۆڵینەوەی ئەنادۆڵ

دانیش بەگی سەلانیکی کرا بە سەرۆکی دەستەی لێکۆڵینەوە، بڕیار درابوو سەر لە هەندێك لە شارەکانی ئەنادۆڵ بدات و ئەم بابەتەش بە ناوبراو خۆی ڕاگەیاندرابوو. ناوبراو ئەمجارە لە وەڵامەکەی خۆیدا باسی ئەوەی کردبوو کە هۆیەکانی ڕووداوە خەماوییە دڵتەزێنەکانی ئەنادۆڵ نەداری و داماوییەو تائێستا ئەو دەستەو گرووپە هەمەجۆرانەی کە بۆ لێکۆڵینەوە نێردراون بۆ هەرێمەکە، هیچ سوودێکیان نەبوە، باشتر وایە ئەو هەموو خەرجییەی کە بۆ سەردانی دەستەو گرووپەکان دیاری دەکرێ، بۆ ئاوەدانکردنەوەو دروستکردنی ڕێگەوبانی شارێك تەرخان بکرێ و ئەمەش کەڵکی زیاتر دەبێ.

سەرۆکایەتی هەرێمی شارەوانی لەڕێی تەلگرافەوە ئەوەی ڕاگەیاند کە نوورەدین بەگی یاریدەدەری دەستەی بەرزی دادوەران (Danistng) بووە بە نوێنەری خەڵکی قەزای سیوەرەك.

* * *

تۆفیق پاشای فەرماندەی سوپا لە شاری ئامەد کرا بە فەرماندەی سوپا لە فەرماندەیی سوپا لە ئاکا (Tümen Kumandanligi).

* * *

بەپێی ڕێنمایی و فەرمانی ناوەندی گشتی کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی لە سەلانیك، ئەرکی دامەزراندنی لقی جەمعییەتی ئیتحادو تەرەقی لە دیاربەکر، ئەرزڕۆم، وان و بتلیس سپێردراوە بە زیا

ئەفەندی[٢٢٤] کوڕی تەوفیق ئەفەندی کە لە ئەدیبە ئازادیخوازەکانی شاری ئامەدە. جێی باسە، ناوبراو بە شێوەیەکی هەمیشەیی ئەرکی لێپرسینەوەی لەم لقانە هەیە.

سەرۆکی خێڵی مللیو کوڕەکانی بۆ ئەوەی لەنێوان خێڵەکانی شەمەرو عەنزەو خێڵەکانی ترو ئەو خەڵکانەی وا زیانیان بەرکەوتووە، ئاشتی بەرقەرار بێ، کۆنگرەیەك لە ویرانشەهیر دەبەستن. کەسانێکی زۆر لە دیاربەکر، حەڵەب، ئورفاو زۆر شوێنی تر بەشداری ئەم کۆنگرەیە دەبنو کۆمەڵەی ئیتحادیش وەفدێکی ٤٠ کەسی بە سەرۆکایەتی زیا ئەفەندی[٢٢٥] کوڕی تەوفیق ئەفەندی ڕەوانەی ئەم کۆنگرەیە دەکات. لە ژمارەکانی داهاتوودا سەبارەت بە بڕیارەکانی ئەم کۆنگرەیە زانیاری تریان پێدەدەین.

* * *

زانراوە کە سەعید بەگی ئالای بەگزادەی کاتبی ژەندرمە بە نوێنەری قەزای ماردین هەڵبژێردراوە.

**نوێنەرایەتی شاری ئامەد (دیاربەکر)و ئەوانەی وا گازندەی لێ دەکەن**

بەداخەوە هەندێك نووسراوی بەمەبەستمان لەسەر عارف ئەفەندی پیرنجچی زادە بەرچاو کەوت کە یەکێك لە ئەندامانی لقی ئامەدی کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقیی عوسمانیو ئێستا نوێنەری مەجلیسە لە ئەستەنبووڵ. هەر لەم بارەیەشەوە، تەلگرافێکی لقی

---

[224] ئەو تۆفیق ئەفەندیزادە زیا ئەفەندییەی وا لێرەدا باسی کراوە، دواتر بە زیا گوك ئالپ ناسراوە.

[225] مەبەست زیا گوك ئالپە.

ئامەدی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کوردمان لە ژمارەی ڕابردوودا بڵاو کردەوە.

هەموو کەس دەزانێ عارف ئەفەندی پیاوێکی بەناموسی ولاتپارێزەو ئەم گلەیی و گازەندانەش ڕاستیی خۆیان نییەو بەهۆی چەند شتێکی بەرچاوەوە ئەنجام دراون. بۆ ئەوەی کێشەکە ڕوونتر ببێتەوە، ئێمە لێرەدا هەر یەکەو بەشێك لە بابەتەکانی نێو ڕۆژنامەکانی هاوڕێمان "دیاربەکر"و"یەنی غەزەتە" بڵاو دەکەینەوە.

## لە "دیاربەکر"[226]دوە:

عارف ئەفەندی پیرنجچی زادە بۆ ئەوەی ببێ بە نوێنەری شاری ئامەد، لە کۆی (٥٨) دەنگ (٤٢) دەنگی بەدەست هێناو بوو بە نوێنەر. پێویست بەوە ناکات ئێمە باسی تایبەتمەندییە باشەکانی ئەم کەسە بکەین، هۆی ئەمەش ئەوەیە کە خەڵکی ئەم دەوروبەرە خۆی ئاگای لە زانایی و ولاتپارێزیی ئەو هەیە. نیشانەی ئاشکرای ئەو پێگە بەرزەی کە لە دڵی جەماوەردا بەدەستی هێناوە، هەمان ئەو ڕێوڕەسمەی بەڕێکردنیەتی کە بۆی گیرا. لە زانایانی دینییەوە بگرە تا سەربازو خوێندکارو خەڵکی ولاتپارێزو پیاوماقووڵ، زیاتر لە پێنج هەزار کەس لەوێ ئامادە بوون. لە ڕۆحی خۆشییەکانی جەماوەرەوە ئەوە دەردەکەوت کە هەر کەس ڕەزامەندە لەوەی وا هەست بە بایەخی مەجلیس و بەڕێوەبەرێتیی ڕاوێژکارانە دەکرێ.

---

[226] مەبەست ڕۆژنامەی "دیاربەکر"ە.

یوزباشی مەزهەر ئەفەندی ئەندامی کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی بەناوی کۆمەڵەوە لێدوانێکی سیاسیی ئەنجام دا، جەماوەریش بە رێزێکی تایبەتەوە چەپڵەیان بۆ لێ دا. یوزباشی شەهاب بەگیش بەناوی سوپاوە وتەیەکی عەسکەریی پێشکەش کرد، بە هەمان شێوە پێشوازیی لێ کرا. دوای دوعاکەی موفتیزادە حاجی ئیبراهیمی مودەریسی مەسعوودییە، نوێنەر دانیشتە سەر کورسیی قسەکردن‌و باسی هیواو ئاواتە ولاتپارێزانەکانی خۆی کردو متمانەیەکی زیاتری بە جەماوەرەکە بەخشی.

پاشان دوای خوداحافیزییەکی گەرم‌و لەدڵەوە، لەگەڵ نوێنەری شاری (بتلیس)دا کەوتنەڕێ. هەندێك کەس بە سواری ئەسپ‌و هەندێکیش بە ئوتومبیل تا ئەو جێگەیەی کە پێی دەگوترێ "ئاچق سو" ڕەوانەیان کردن.

لەوێ، دوای ئەوەی ڕێوڕەسمێکی تری ڕەوانەکردن بەرپاکرا، ولاتپارێزەکان گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان‌و لە نوێنەرەکان جودابوونەوەو گەیشتنەوە ئەو شارەی کە هەر کەس نەغمەی ئازادی، سەرکەوتن‌و شادیی تێدا دەخوێنێ.

## له "یەنی غەزەتە"ی هاوڕێمانەوە:

یەکێك لە ناسیاوەکانم کە شانازی بەوەوە دەکات کەوا بەدەر لە هەق‌و ڕاستی لایەنگری لە هیچی تر ناکات،

دوێنێ سەری لە چاپخانەکەمان داو باسی هەست‌و زانیاریەکانی خۆی سەبارەت بە هەندێك دانیشتنی مەجلیس کردو گوتی: لەو کاتەوەی خۆم دەناسمەوە، عارف ئەفەندی پیرنجچی زادە نوێنەری

شـاری ئامـــەدیش دەناســم. پیــاوێکی بیرکــراوەو ئاگــاداری نیــازو پێداویـستەکانی وڵاتــە. دیـارە هاوشـاریەکانی بـە هەڵبـژاردنی ئـەم کەســـێتیە، ئـــامرازێکی باشـــیان بـــۆ گەیـــشتن بـــە پێداویـــستە کۆمەڵایەتیـەکانیان هەڵبـژاردووە. یـەکێك لـە گـرنگترین کـارە باشـەکانی عــارف ئەفەنــدی (ســەرەڕای زۆرداریو ملــهوڕیی دەســەڵاتی دەوری پێـشوو) تێکۆشـانی بـەردەوام بـووە بەرانبـەر بـە ئیبراهیمـی سـەرۆکی خێڵی مللی. عارف ئەفەنـدی لـەم ڕێگەیـەدا تووشـی چەندین مەترسیو گرفتی جۆراوجۆر بووە.

لەگـەڵ ئەمەشـدا، خـۆی یـەکێکی ئـەو کەسـانە بـووە کـە کـەمترین سـوودی لـە ڕێگـرتن لـە خراپەکاریـەکانی ئیـبراهیم وەرگرتـووە. کەواتـە هیچ کاتێك خەمی ئـەوەی نـەدەخوارد کـە ببێ بە خزمەتکاری ویستو هیواکانی هاووڵاتیەکانی. ئەوانەی وا دەنگیان بە عارف ئەفەندی داوە، تـەنیا بـەو جـۆرە سوپاسـگوزاریی خۆیـان نیشان نـەداوە، بـەڵکوو زۆر بەدیقەتـەوە نوێنـەری خۆیـان هەڵبـژاردووە، هــەر لەبــەر ئـەوە دەبـێ سوپاسی ئەوانیش بکرێ.

www.zheen.org

ڕێزو سوپاسم بۆ کۆششو تەقەلای هاوڵاتیە ئەرمەنەکان لە هـەموو بوارێکـدا هەیـە، ئەگـەر لـە دەستیشم بێ لاسایـییان دەکەمـەوە. بـەڵام تـــەنیا ئامۆژگارییـــەکی برایانـــەم لەدڵـــەوە بۆیـــان هەیـــە، بـــا کینـــەو نەفرەتەکانی ڕابردوو نەخەنە سەر ئومێدو هیواکانی داهـاتوو، چونکە داهاتوویـــەکی گـــەورەو نیـــازو پێداویـــستو ئومێـــدێکی زۆریـــش چاوەڕوانمان دەکەن.

## تەلگرافە تایبەتەکان

**مووش، ٢٤ی کانوونی یەکەمی ١٣٢٤ [٦ی کانوونی دووەمی ١٩٠٩]**

لە سایەی سەری ئازادیەکانی دەستوورەوە کە بەپێی شەریعەتەو ڕێزێکی تایبەت لە دین دەگرێ، هەروەها بە پێشەنگیی کۆمەڵەکەتان، سوپاس بۆ خودا ئەمڕۆ "جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کورد" دامەزراوە، بۆ زانیاریتان و ئەمەش ئارەزووی دڵی ئێمە بوو.

- سیراج زادە نادر
- بەڕێوەبەری کۆنی نووسین و یەکێك لە ئەندامەکان، حیلمی
- کۆنە موفتی و ئەندام و زانای دینی عەرەب زادە محەمەد
- لە شێخەکان، عوسمان
- موفتی زادە فەتحوڵڵا لە گەورەپیاوان
- نیازی لە پیاوماقووڵان و ئاریستۆکراتەکان

**دێرسیم، ٥ی کانوونی یەکەمی١٣٢٤[ ١٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٠٨]**

دوێنێ کرانەوەی یەکەم دانیشتنی مەجلیس بوو بە موژدەی ئەوەی کە خەڵکی عوسمانی لەڕێگەی مەشرووتییەتی ڕەواوە پێی ناوەتە قۆناغی بەختیاری و خۆشبەختی، هەر لەبەر ئەوەش چینە جیاوازەکانی شاری دێرسیم دەستیان بە شایی و خۆشی کردو ستوونی نیزامی و خەڵکی شاری و فەرمانبەرە سەربازەکان و چینەکانی خەڵکی نیشتەجێ و خوێندکارانی نەتەوە جیاوازەکان و ... هەرکەسە بەپێی پلەی خۆی دوانیوەڕۆ لە دەوری دائیرەی حکوومەت یەکیان گرت و پیرۆزبایی یان لەیەکتر کرد، ئەم کەیف و خۆشییەش هەتا بەیانی

بەردەوام بوو. ئێمە لەمبارەیەوە پیرۆزبایی‌ی خۆمان ئاڕاستەی هەموو برا عوسمانیەکانمان لە هەر چین و توێژێکی جیاواز دەکەین.

سەرۆکی شارەوانی‌ی دێرسیم ئەحمەد/ موتەسەڕیفی دێرسیم خەیری

* * *

**دیار بەکر، ١٥ی کانوونی یەکەمی ١٣٢٤ [٢٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٠٨]**

خوا دەزانێ چەندە ئازارمان لە دەست حکوومەتی ملهووڕی پێشوو چێشتووە کە خێڵەکانی دەترساندو ڕق و تووڕەیی‌ی هەموویانی بزواندبوو. شوکر بۆ خوا کە ئیدی ئەوەمان بۆ دەرکەوت لەڕێگەی ئەم شۆڕشەوەی وا لە بەڕێوەبەرێتیدا بەرپابووە، عەدالەت شوێنی خۆی دەکاتەوە. هەر بۆیە ئێمە بە چەکەکانمانەوە خۆمان تەسلیمی موتەسەڕیفی سیرت کرد. بەم جۆرەش کەوتینە سەر ئەو ڕێگەیەی کە گوێ لە ئامۆژگاری‌ی کاریگەر بگرین و لەنێو شارستانێتیدا پێش بکەوین.

وازمان لە دوژمنایەتی و شەڕی سەردەمی زوڵم و ستەم هێناو دوای ئەوەش لەلای موتەسەڕیف وەك برا ئەملاوئەولای یەکترمان ماچ کردو سوێندمان بە قورئان خوارد. جێگەی باسکردنە کە بە شێوەیەکی دڵخوازانەش ئامادەیی‌ی ئەوەمان هەیە کە لەڕێی حکوومەتی مەشرووتەو نیشتمانی پیرۆزو هەموو خێڵەکانەوە گیانی خۆمان فیدا بکەین. فەرمان.

عەبدوڵڵا، لە سەرکردەکانی پن چنارە[٢٢٧]

حەسەن، سەرۆکی خێڵی ئالیکان[٢٢٨]

---

[227] بۆ زانیاری‌ی زیاتر لەبارەی خێڵی پەنجینارەوە، بڕوانە: جگەرخوین، فۆلکلۆرا کوردی، ل١٧٩-١٨٥.

[228] بۆ زانیاری‌ی زیاتر لەبارەی خێڵی "ئالیکان- عەلیکان"ەوە، بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل١٨٥.

بشارێ چەتۆ[229]، لە سەرۆکەکانی خێڵە ناوبراوەکان

محەمەد بشار، لە سەرۆکەکانی خێڵەکانی پنچنارە

محەمەد یوونس، لە سەرۆکەکانی باتون

دەروێش[230] لە سەرۆکەکانی پنچنارە

## ستوونە کراوەکان

## ڕاگەیاندن و پێوەندیە کراوەکان

## بۆ فەیزی بەگ ئەفەندی پیر نجچی زادە لە دیاربەکر

نامەکەتانمان پێ گەیشت، ئارەزوو و ویستەکانتان سەبارەت بە بەختیاریی کوردەکان و پێشەکەوتنی ئاستی کەلتوورو زانست و پەروەردەیان شتێکی جێگەی ڕێزو ستایشە.

زۆر سوپاسی مژدەکانتان دەکەین سەبارەت بەوەی کە عەبدوڕڕەحمان ئەفەندی ئاقتەپەلی یەکێك لە گەورەپیاوانی کورد ئێستا خەریکی نووسینی کتێبێکە لەسەر مێژووی زمانی کوردی. هەروەها سوپاس و پێزانینی خۆشمان سەبارەت بەو زانیارییە ڕادەگەیەنین کە

229

230 زۆر ڕێی تێدەچێ ئەو دەروێشەی وا ساڵی ١٩١٦ لەگەڵ جەمیلی چەتۆدا لە گارزان ڕێیان بە مستەفا کەمال گرتووە، هەر ئەم دەروێشە بێ (د. عەبدولخەلووق م. چای و یاشار کالافات، جموجووڵەکانی قووای میللییە لە باشوورو باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، بڵاوکراوەکانی ئەنستیتووی لێکۆڵینەوە لە کەلتووری تورك، ئەنقەرە، ١٩٩٠، ل٤٨).

لەبارەی ئامادەکرانی ڕەشنووسی کتێبێکی زیا ئەفەندی پێی گەیاندووین کەوا لەسەر ڕێزمانی زمانی کوردیو پەندی پێشینانەو ئەنجامی زەحمەتو تێکۆشانی ١٠ ساڵەیەتی. لەوە زیاتر، ئەوەشتان پێ ڕاگەیاندووین کە ساڵح بەگی خانەیی ناودارو پیاوماقووڵی هەرێمەکە ئێستا سەرقاڵی ئامادەکردنی فەرهەنگێکی کوردییە. بۆیە زۆر مەمنوونتانینو بەتایبەتیش پیرۆزبایی لەو خاوەن هەوڵو کۆششانە دەکەین.

لەبەر ئەوەی گومان لە وڵاتپارێزیو زانایی ئەو بەرێزانە ناکرێو کۆمەڵەی تەعاونو تەرەقیش دەیەوێ کەسانی وا لە شارەکاندا ببن بە ئەندامی کۆمەڵە، داوا لەو بەڕێزانە دەکەین ببن بە ئەندامی لقی دیاربەکری کۆمەڵەی تەعاونو تەرەقی. لەمەبەدواش ڕۆژنامەکەمان بایەخ بەوە دەدات کە هەفتانە بەرهەمی قەڵەمی ئەم زانایانە لەنێو ڕشتەکانی خۆیدا ببینێ.

* * *

مەعموورەتول عەزیز (ئەلازیغ)، عومەر عەونی ئەفەندی مامۆستای یاساکانی عوسمانی لە مەکتەبی ناوەندیی عەسکەری ! تەلگرافەکەتان وەرگیرا، بەڵام بەرهەمەکەتان بەناوی "قەواعیدی لیسانی کوردیو ئەدەبی تەتبیقات نمونەسی"یەوە هێشتا نەگەیشتوەتە دەستمان. داواتان لێ دەکەین بە زووترین کات بەرهەمەکانتان ڕەوانە بکەن، تاکوو سەرەتا بە زنجیرە لە ڕۆژنامەکەماندا بڵاوبکرێتەوەو دواتریش بە کتێب چاپ بکرێ.

دوا جار ڕێزو ستایشی خۆمان ئاڕاستەی هەوڵو هیممەتەکانتان لەم بوارەدا دەکەین.

**له ژمارەی حەوتەم**

* بابەتێکی تایبەت
* ئیزمیر کوردستان نییە، سولەیمان نەزیف
* ڕووداوەکان، کارەساتەکەی مووسڵ
* له لقی مووسکی کۆمەڵەی تەعاونو تەرەقی ی کوردەوە
* کوردەکان-ئەرمەنەکان
* بارودۆخی دێرسیم
* ڕووداوەکانی بوڵگارستان
* تەلگرافە تایبەتەکان

* * *

## بابەتێکی تایبەت

حکوومەتی مەشرووتەی خۆشەویست کە توانیویە هەموو پێکهاتەو نەتەوە جیاوەزەکانی ئەم وڵاتە لەژێر ناوی پیرۆزی عوسمانیدا کۆبکاتەوە، ئازادیی ڕاگەیاندو باشترین لایەنی ئەم مافو ئازادییەش هەمان مافی کۆبوونەوەیە لە دەوری یەکتر کە ئەمڕۆش سوودو لایەنە باشەکانی بۆ ماڵو موڵکو خەڵک لەبەر چاوماندانو ئاشکران.

ڕۆژنامەکەمان خوازیارە ئەمانە هەموو بخرێنە دووتوێی شەرەفی (عوسمانێتی)یەوەو لەباتی لەیەک تێنەگەیشتن، یەکێتی ی نەتەوەیی و یەکگرتنێکی بەهێز بەرامبەر بە دنیا نیشان بدرێ. وەک چۆن لە ژمارەی یەکەمو بەیاننامەکەدا ئاماژەمان پێ کردووە، ئارەزوومان ئەوەیە هەمووومان لەژێر چەتری ڕاستەقینەی عوسمانیدا هەبین، بۆیە

کۆمەڵەکەمان دەستی یەکێتیو یەکگرتن بۆ هەموو پێکهاتە جۆراوجۆرەکان درێژ دەکاتەوە.

* * *

ئەو بانکەی کە کۆمەڵەکەمان دەمێکە هەوڵی دامەزراندنی دەدات، بەرنامەکانی ئامادەکراوەو ئێمەش بەشانازییەوە لەم ستوونانەی ژمارەکانی داهاتوودا بڵاویان دەکەینەوە. لەبەر ئەوەی داخوازیو بۆچوونە باشەکانی کۆمەڵەکەمان بڵاودەکاتەوەو بە هێزە پاڵنەرەکەی خۆیەوە کاریگەرییەکی باشی لەسەر ڕەونەق پەیداکردنی زۆربەی کارە باشەکان هەیە، سوپاسی بێپایانی خۆمان ئاڕاستەی ڕۆژنامەی هاوڕێمان "یەنی غەزەتە" دەکەین.

* * *

## ئیزمیر کوردستان نییە

ئەم قسەیەی کە سەید بەگی نوێنەری ئیزمیر لە دانیشتنی ڕۆژی پێنجشەمەی مەجلیسدا هێنایە سەر زمان، ڕەنگدانەوەکەی وەك ناڵەیەك دەبێ بۆ برینەکەی جەستەی کوردستان.

بێگومان ئاگادارین کە نوێنەری بەڕێز هیچ جۆرە نیازێکی خراپی نییەو نایەوێ هیچ لایەك بە خراپ لەقەڵەم بدات. هەروەها بەداخیشەوە دەبێ بڵێم، ئاگامان لەوەش هەیە کە ئیزمیر بەو بەشەی وا لە سروشتی خۆیەوە وەری گرتووە، چارەنووسێکی زۆر جیاوازتری لە کوردستان هەیەو لە چارەنووسی ئەمڕۆشدا شتێکی نادیارمان بەرچاو ناکەوێ.

"ئیزمیر کوردستان نییە !"، بەڵام ئایا کوردستان چییە ؟ گومان لەوەدا نییە سوڵتان سەلیمی یەکەم کە وەك پادشایەك بیری

نەدەکردەوەو دەوروبەری نەدەبینی، کاتێ ئەم پارچەیەشی خستە سەر ئەو شوێنانەی کەوا شمشێرەکەی تێیاندا کاریگەر بوو، کوردستانیش زۆر ئاوەدان بوو. ئەم شوێنە چۆڵو ئاوەدانەکراوە کە نیشانەکانی چوارهەزار ساڵ وێرانەیی لە ڕوومەتی چوارسەد ساڵیدا دیار دەبن، کەی دەبێ بە جێی سەرنجی حکوومەتی عوسمانی ؟ کەی بە چاوێکی خاوەندارانەوە سەیری دەکەن ؟ لەو چیایانەدا کەی ڕێگاوبانێك دروست دەبێ و کەی پردێك لەنێوان دۆڵەکانیدا دروست دەکرێ ؟ ئایا ڕۆژێك دێ دەنگی شەمەندەفەرەکان ئەو وڵاتە لە خەو هەڵبسێنێ کە سەدان ساڵە نوستووە ؟ ئایا دەبێ بێهێزەکان هەتا ڕۆژی قیامەت هەر لەژێر دەسەڵاتی بەهێزەکاندا بن ؟

نوێنەری ئیزمیر تەنیا نوێنەری ئەو شارە نییە کە لەوێ لەدایك بووە، بەڵکوو نوێنەری بەڕێزی هەموو شارەکانی وڵاتی عوسمانییە. خۆ بەراوردکردنو پێوانەی "ئیزمیر کوردستان نییە" بۆ بەدیهێنانی داخوازیەکانی، کارێکی زەحمەت نییە. دەبوو داخوازیەکانی لەسەر بنەمایەکی گشتی بایە.

با دەنگدانەوەی هاوارەکانی تەنیا لە ئاسۆ تەنگەکانی شارەکەی خۆیەوە نەگەڕێنەوە. پێویست بوو پرسیاری "بۆچی ئەوەندە وێرانکاریو ستەم لە کوردستاندا هەیە ؟" ئەو بەراوردە دڵتەزێنەی هاوسەنگ بکردایە. بەڵێ، کوردستان هەر لەسەرەتاوە جێگەی وێرانکاری بووە، چی خراپەو وێرانکاریی دنیا هەیە، لەم شوێنەدا کۆدەبنەوە. ئەم حکوومەتە ڕزیوە با بگری بۆ حاڵی ئەم دەوڵەتە گەورەیە کە وەزعەکەی بووە بە "خێڵێك کە دەبێ بە هێزێکی داگیرکەر".

www.zheen.org

گوتمان با بگری، بەڵام نا، پێویست بەمەش ناکات. ئەو تەنیا کەس نەگرییێنێ بەسە !

**سولەیمان نەزیف**

## ڕووداوەکان

### کارەساتە جەرگبڕەکەی مووسڵ

لەگەڵ ئەوەدا کە هەواڵی دڵتەزێنی شەهیدبوونی شێخ سەعید ئەفەندی نەوەی کاك ئەحمەد ئەفەندی لە سەیدەکانی بەرزنجی گەیشتە دەستمان، کۆمەڵەکەمان سەری لە وەزارەتی ناوخۆ داو داوای کرد سەبەبکارانی ئەو ڕووداوە دەستگیر بکرێن‌و هاندەرەکانیشیان (ئەگەر هەبن) بە قورسترین شێوە سزا بدرێن. شایانی وتنە، لەوبارەیەوە حەزرەتی پاشا ئەفەندی وەزیری کاروباری ناوخۆ بەڵێنی پێ داوین‌و ئەو کارەی بە شتێکی خراپ لەقەڵەم داوە.

دیارە بەپێی ئەم وەزعە تاوانباران لە ماوەیەکی کورتدا دەستگیر دەکرێن‌و عەدالەت جێبەجێ دەبێ‌و مافەکانی تاك دەپارێزرێن. هەر لەبەر ئەمە کۆمەڵەکەمان ئامۆژگاریی داوەتە لایەنە پێویستەکان‌و باسی ئەوەی کردووە کە کار بە هەڵچوون‌و پەلە دروست نابێ، بۆیە دەبێ چاوەڕوانی عەدالەتی حکوومەت بکرێ‌و بەرامبەر بە تێکچوونی ئاسایش‌و ئارامیی وڵات هیچ جۆرە قەرەبوویەك نەکرێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا چاوەڕوانی ئەوە لە وەزیرێکی زاناو لێهاتووی وەها دەکرێ کە ڕێ لەبەردەم دەرکەوتنی بەپەلەی هەڵوێستی سیاسەت‌و عەدالەت بکاتەوەو کاری پێویست بە زوویی ئەنجام بدرێ.

**تەلگرافی لقی مووسڵی جەمعییەتی تەعاونو تەرەقیی کورد بۆ ناوەندی تەلگرافی سمێل**

**لە سمێل، ٣١ی ١ی١٣٢٤ [١٩٠٩]**

**بۆ جەمعییەتی تەعاونو تەرەقیی ئەستەنبووڵ**

**دەستەیەکی سوارە (قاتر)ی سەربازەکانی کەرکووك هاتوونەتە شاری مووسڵ، لەوێ لەگەڵ خەڵکی هەرێمەکەدا دەمەقرەیان بووە. لە ئەنجامدا شەڕ قەوماوەو ١٦ سەربازی سوارە کوژراوە. ڕۆژی دواتریش جەماوەرەکە پێکەوە بڕیاری شەڕیان لەدژی کوردەکان داوە، چوونەتە بەر شوێنی حەوانەوەی شێخو پەلاماریان داوە.**

**سەرەڕای ئەوەی کە شێخ بە قورئانێکەوە چووەتە پێشیانو لێیان لاڵاوەتەوە، بەڵام ئەمە کاریگەر نەبوەو جەماوەرەکە قورئانەکەیان خستوەتە ژێر پێیانو شێخیان لەبەر چاوی نوێنەرانی حکوومەتدا کوشتووە. دواتر چونەتە ماڵەکەیو ئەحمەدی کوڕیو زیاتر لە چل کەسی تریان بریندار کردووەو کوشتوویانو ماڵەکەییان تاڵان کردووە. بەداخیشەوە ئەوەتان پێ ڕادەگەیەنین کە نەقیبی برایو مەحموود[231] وعەبدولقادری کوڕیشی هێشتا لەلایەن حکوومەتەوە ئازاد نەکراونو لەژێر چاودێریدان.**

**لقی مووسڵی جەمعییەتی تەعاونو تەرەقیی کورد**

---

[231] مەبەست شێخ مەحموودی بەرزنجییە.

### ( ڕوونکردنەوەی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی کورد )

لەبەر کوژرانی شێخ سەعیدو هاوڕێکانی کە لە مندالێکی یەك ڕۆژەش پاك و بێگوناهتر بوو، دلگرانین و بەو بۆنەیەشەوە سەرەخۆشی ی خۆمان ئاڕاستەی هەموولایەك دەکەین.

هەر ئەوەی کە ئێمە ئەم تەلگرافەتان لە مووسلەوە بۆ ناردین و لە سمێلەوە ڕەوانەی لای ئێوەی دەکەین، خۆی نیشانەی ئەوەیە کە شارەکە هێشتا نائارامەو کاریگەریی شەهیدبوونی شێخ سەعید ئەفەندی چەند خراپ بووە. دوورخرانەوەی ئەو شێخە لە سلێمانی دژی پرەنسیپەکانی دەستوور بووە، هەر لەم بارەیەشەوە سکالانامەیەك پێشەکەشی سەرۆکایەتی ی مەجلیس کرابوو. سەرۆکایەتی ی مەجلیسیش لەم ڕووەوە داوای ڕوونکردنەوەی لە بابی عالی کردبوو.

* * *

## کوردەکان- ئەرمەنەکان

کۆمەڵەکەمان بە مەبەستی چارەسەرکردنی ناکۆکی ی نێوان کوردو ئەرمەن لەو پارێزگایانەدا کەوا پێکەوە دەژین، هەندێك پێشنیارو ڕێگەچارەی پێشکەشی وەزارەتی ناخۆ کردبوو،" بابی عالی"ش بایەخی پێ دەدات. هەر لەبەر ئەوە هیوادارین حەزرەتی پاشای وەزیری ناوخۆ کاری پێویست بکات بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی ئەو پێشنیارنامەیە.

هەروەها لەبەر ئەوەی بەندەکانی ئەو پێشنیارنامەیە بە مەبەستی خۆشی و بەختیاری ی هەردوو گەلی کوردو ئەرمەن ئامادەکراون، هیوادارین هاوولاتیە ئەرمەنەکانیشمان هەولی پێکهێنانیان بدەن.

* * *

لەمەبەدوا ئوتومبیل لەنێوان ڕێگەی بەغداو حەڵەبدا کار دەکەنو دیدارو گفتوگۆش بۆ گواستنەوەی نامە لە ڕێی

ئوتومبیلەوە دەست پێکراوە.

* * *

## بارودۆخی دێرسیم

دەنگوباسی ئەوەمان بیستووە کە حەزرەتی نوسرەت پاشای پارێزگاری ئەلازیغ (مەعموورەتول عەزیز) بە شێوەیەکی ڕیشەیی بیر لە چارەسەری کێشەکانی دێرسیمو بارودۆخەکەی دەکاتەوە. هەروەها لەبەر ئەوەی کە زۆر کەس پێیان وایە ناوبراو کەسێکی باشەو نیازێکی خراپی نییە، دەستەیەك لە سەرکردەکان لەلایەن کۆمەڵەکەمانەوە هان دراون بۆ ئەوەی بچنو دیداری لەگەڵدا بکەن.

بەگوێرەی قەناعەتی خۆمانو ئەو لێکۆڵینەوانەی کە ئەنجاممان داون، ئەوەمان بۆ دەرکەوتووە کە وردەکاریەکانیو کێشە لاوەکیەکان بەبێ خوێنڕشتن لەژێر سێبەری دادو ئازادیدا چارەسەر دەبنو ئەمەش کارێکی ئاسانە.

نیازی ئەفەندی دیاربەکری بووە بە نوێنەری قەزای (ئەرغەنی مەعدەن)و هەفتەی ڕابردوو لە شوێنی خۆیەوە بەرەو ئەستەنبووڵ بەڕێ کەوتووە.

* * *

گەرمترین پیرۆزبایی جەژنی ساڵی تازەی زاین ئاراستەی هاووڵاتیانی مەسیحیمان دەکەین.

* * *

سەبارەت بە کێشەی بۆسناو ئەو یەك ملیۆن و نیو لیرەیەی کە بڕیار بوو حکوومەتی نەمسا بەرامبەر بە موڵکی پاشایی بیدات بە دەوڵەتی عوسمانی، ڕاگەیاندرا کە چارەسەر کراون. بابەتی پۆستەکانیش بەپێی ڕێنماییەکانی کاروباری گومرگی خەریکە دەخرێنە مەیدانی جێبەجێکردنەوە.

*   *   *

## ڕووداوەکانی بولغارستان

بەپێی ئەو زانیاریانەی کە دەست کەوتوون، لە سەرەتای مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵەوە، بولغارستان ئامادەکاریەکانی دەست پێکردووە بۆ کۆکردنەوەی هێز.

*   *   *

ناکۆکیەکان لەگەڵ بولغارستاندا هێشتا بەردەوامن. داخوازیی بولغارستان سەبارەت بە ڕوونکردنەوەی کێشەکان هێشتا لە لایەن بابی عالیەوە وەڵام نەدراوەتەوە.

هەندێك لە ڕۆژنامەکانی بولغارستان باس لەوە دەکەن کە سەر کونسوڵی ڕووسیا لە سۆفیا داوای لە حکوومەتی بولغارستان کردووە کەلە هەڵوێستەکاندا نەرم بێ و هەوڵی ڕێککەوتن بدات.

## تەلگرافە تایبەتەکان

مەجلیسی مەبعووسان کە قیبلەی ئارەزوەکانی میللەتی نەجیبی عوسمانییە، ئەمڕۆ یەکەم کۆبونەوەی خۆی کرد. هەر لەبەر ئەمەش ئەم خۆشی و شاییە لە هەموو پێکهاتەکانی عوسمانی بەبێ جیاوازیی دین و ڕەگەز پیرۆز دەکەین.

گەلی کورد کە تا دوێنێ لەژێر نیری زوڵم و ستەمی حکوومەتی دەوری پێشوودا بوو، ئەمڕۆ ئیدی لەبەر ئەو بارودۆخەی کە پێش هاتووە، گەیشتوەتە ئازادیی و مەشرووتییەت و بانگی بژی ئازادیی گەلان، بژی مەجلیسی مەبعووسان دەدات.

هەر لەبەر پێکهاتنی شۆڕش لە بەڕێوەبەرێتیی و دامەزرانی حکوومەتی مەشرووتە، خێڵە کوردیەکانیش بە ڕەزامەندیی خۆیان ئامادەی گوێگرتن لە فەرمانەکانی موتەسەڕیف و نوێنەرانی حکوومەتی مەشرووتە بوون و دەنگی "بژی عوسمانیی قارەمان"ی کوردان ئێستا دەگاتە ئاسمان.

لەمڕۆژەدا گوتاری جۆراوجۆر لەلایەن کاربەدەستانی حکوومیی و دادوەران و زانایانی دینیی و کەسانی ترەوە خوێنرانەوە. دوای ئەوەی خەلیل ئەفەندیی موفتی شار بە زمانی تورکی گوتارێکی باشی پێشکەش کردو دوعایەکی خێرداری بە زمانی عەرەبی خوێندەوە، شەربەت و شیرینیی جۆراوجۆریش بەسەر خەڵکدا دابەش کران.

ئاهەنگ و بەزم و خۆشی هەموولایەکی گرتبوو، جاروباریش گۆرانیبێژەکان ئاهەنگەکەیان بە گۆرانیەکانی خۆیان زیاتر دەڕازاندەوە. خودای گەورە خۆی میللەتی عوسمانی سەربخات و ئایەتە ڕوونەکانی ببن بە چرای ڕووناکیی بەردەم پێشکەوتنی ئەم وڵاتە.

ئامین و سەرکەوتن لە خودا دەخوازرێ.

– محەمەد، لە بەگزادەکان
– ئیبراهیم، نوێنەری پاتریکی سوریانی
– هورمز، نوێنەری مەترانی کەلدانی
– کۆریۆنی ئەرمەن

- سەید عەلی نەقیب- خەلیل، موفتیی سیرت
- وجوهتەن نورولّلا لە خێڵی دەروێش
- محەمەد جان، سەرۆکی خێڵی پەنجینار
- عەلی، بازرگان
- حامی، سەرۆکی شارەوانی
- دەروێش لە میرەکانی گارزان
- بوهدی مەنسوور (؟)
- دەروێش، سەرۆکی خێڵی بایوس
- ئەندامی بەڕێوەبەرێتی (جبرائیل)
- (یەموس) ئەندامی دادگا
- عومەر
- جەمیل
- سولەیمان
- حاجی مووسای توجاڕ
- لە خێڵی پەنجینار، (عومەر)
- سەرۆك خێڵی هاروونیان (سولەیمان)
- سەرۆکی ئەروە (ئەبوزەر)
- عیسا، فەتاح، عومەر ئاغا
- بەشار ئاغا (سەرۆك)
- عەبدولّلا حاجی یاد
- محەمەد ڕەشید
- حیلمی
- حاجی ئیسماعیل

* * *

بنکەی ژین
www.zheen.org

سەلاحییە، ٢٢ی کانوونی یەکەمی ١٣٢٤ (١٩٠٩)

پێکهاتنی حکوومەتی تازەو بەڕێوەبەرێتیی قۆناغی تازەی ئازادی کە هاوکاتە لەگەڵ جەژنی سەعید (ڕەمەزان)ی دنیای ئیسلامەتی و مرۆڤایەتی، لە هەموولایەك پیرۆز بێ.

مەحموود سەرۆك خێڵی جاف

**لە ژمارەی هەشتەمەوە**

* لە ڕێگەی زیندووکردنەوەو سیستماتیزەکردنی پەروەردە لە کوردستاندا
* ڕووداوەکانی نەمسا
* لە شوورای ئوممەتەوە
* ڕووداوەکانی ئێران
* موتەسەڕیفی قەزای گەنج و سالح خولووسی پاشا
* بۆ بەردەم (نازری نەزارەتی مالییە) وەزیری دارایی
* لە هاوڕێی ئافرەتمانەوە، بۆ محەمەد عەلی شا
* لە سیرتەوە
* لە میدیاتەوە
* لە سیرتەوە
* بۆ کلووبی ئیتیحادو تەعاونی کورد، سەرۆك خێڵی حەیدەرانلی (حوسێن)

**ڕێگەی زیندوکردنەوەو سیستماتیزەکردنی پەروەردە لە کوردساندا**

www.zheen.org

لەبەر ئەوەی زمان کلیلی پەروەردەیە، پێویستە بەر لە هەموو شتێك باس لەوە بکەین کە کوردەکان بە چ زمانێك قسەیان کردووە. دوای ئەوە دەبێ لەوە بدوێین کە پەروەردە بە چ جۆرێك دەکرێ لە کوردستاندا سیستماتیزە بکرێ. بەشێك لە کوردانی موسڵمانی دانیشتووی ئەو خاکەی وا بە کوردستان ناو نراوە، بە کوردیو تورکیو بەشێکیش تەنیا بە کوردیو هەندێکی تریش بە تورکی قسە دەکەن.

ئەوانەی وا بە کوردیو تورکی یاخود تەنیا بە زمانی تورکی قسە دەکەن، لە ناوەندی شارو قەزاو شارۆچکەکاندا دەژین، ئەوانەش وا لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا تەنیا زمانی کوردی بەکاردێنن، بە شێوەیەکی بڵاو لە کەنارەکانو نێو گوندەکاندا دەژین.

هەرچەندە پانتایی شوێنی ئەم گرووپە لە کوردەکان زیاتر بێ، هێشتا لە ئاستێکی خوارەوەی ئەو بەشەدایە کە بە تورکیو کوردی قسە دەکەن. ئەم ناکۆکییەش لە ئەنجامی نەبوونی ئامرازەکانی پەروەردەوە لەو بەشەدا هاتوەتە مەیدانەوە. ئەم خەڵکە قارەمانە کە لە گوندەکاندا لەنێو نەزانیو هەژاریدا پەلەقاژەی ژیانو مانەوە دەکەن، بێبەشن لە پەروەردە کە دەتوانێ ڕێگەی هەموو جۆرە پێشکەوتنێك بکاتەوە. بەهێزترین گورزەکانی زوڵمو ستەمی دەسەڵاتی ملهووڕی دەوری پێشوو بەر جەستەی ئەم خەڵکە هەژارە دەکەوت. ئەم هەرێمە، بەگوێرەی پێگەو جوغرافیای سیاسیی، پێویست بوو لەڕووی پەروەردەوە پێش بخرێ، بەڵام بە پێچەوانەوە لەو ڕووەوە هیچ کارێکیان ئەنجام نەدا.

ئێستاش برا کوردەکانمان لە وەزعێکدان کە مرۆڤ بەزەیی پێیاندا دێتەوە. هەر لەبەر ئەمەو بۆ ئەوەی بەشیان لە نیعمەتی پەروەردەو فێربوون هەبێ، پێویستە سەرەتا چەند قوتابخانەیەك لە هەندێك شوێندا دروست بکرێن. بەڵام لەم شوێنانەدا لەبەر ئەوەی هیچ کتێبێکی کوردیمان لەبەردەستدا نییە کە دەرسیان لەبەر بڵێینەوە، یا ئامادەکردیان کارێکی سەختو دژوارە، بەڕای من دەبێ وانەکان بە زمانی تورکی بگوترێنەوە. دیارە بەم بۆچوونەی خۆمەوە، تێڕوانینەکانی ئیسماعیل حەقی بەگ کە لە ژمارەی چوارەمی ڕۆژنامەی تەعاونو تەرەقیی کورددا بڵاوکراوەتەوە ڕەت ناکەمەوە. من لایەنگری لە سڕینەوەی زمانی نەتەوەیەکی قارەمان ناکەم. بەڵام بە کەڵکوەرگرتن لەو کەشوهەوای ئازادییەی کە ئێستا لەئارادایە، دەمەوێ بۆچوونەکانی خۆم تۆزێك زیاتر ڕوون بکەمەوە.

بەڕای من دەست پێکردنی پەروەردە بە زمانی تورکی سوودی زۆرە، بەرامبەر بەمە پەروەردە بە زمانی کوردی دەرفەتی سەرکەوتنی کەمە. لەمە بەدەر لەسەر ئەم بابەتە قسە ناکەمو قسەی زیاتر دەهێڵمەوە بۆ بیرمەندە وردبینەکان.

زمانی گشتیی عوسمانی تورکییە، ئێمەش ناچار بۆ پاراستنی مافەکانمان دەبێ سەردانی دامودەزگاکانی حکوومەت بکەین کە هەموویان زمانی تورکی بەکار دێنن. دیارە ئەوی زمانی تورکی نەزانێو سەردانی بەڕێوەبەرێتییەکی حکوومەتی عوسمانی بکات، تووشی زەحمەتی زۆر دەبێو پێویستیی بە وەرگرێك دەبێ. بەم پێیە لەڕێی کەسێکی ترەوە کاری خۆی دەکات، کە بێگومان ئەمە وەك شتی خوازراو نابێ.

لەلایەکی ترەوە، کاتێ ئەرکێکی پیرۆزی نیشتمانیی وەك سەربازی دێتە پێشەوە، ئەوکاتە پێویستی بە زمانی تورکی هەیە. سەرەڕای هەموو ئەمانە، زمانی کوردی فەرهەنگو ڕێزمانێکی نییە، کاتێکی زۆرمان دەوێ بۆ دروستکردنی ئەمانە. با کەس وانەزانێ سووکایەتی بە زمانی کوردی دەکەم. بەڵام پێم وایە ئەوکاتە وا بۆ ئەوانەی تەرخان بکەین، بەفیڕۆ دەچێ. ئەمەش لە کەس ناشارمەوە، چونکە ڕۆحی من ئازار دەدات. ئەم ڕوونکردنەوانە ئەگەرچی تاڵیش بن، بەڵام ڕاستینو کەس ناتوانێ حاشایان لێ بکات.

هەرچەندە پەروەردە بە زمانی تورکی سوودی زۆرتری هەیە، بەڵام ئێمە ئەوەندەمان پێ بەسە. نەزانینی کەڵك وەرگرتن لە شتەکان، گەورەترین زیانە. ئێستا با وا دابنێین پەروەردە بە زمانی کوردی دەست پێکراوە. ئایا ئەمە بە ئەندازەی بیرەکەی ئاسانە ؟ ئەو زمانەی وا ئامرازی پەروەردەی خۆی نەبێ، زەحمەتە ببێ بە زمانی پەروەردە، تەنانەت لەوەدەچێ هەر نەبێ. ئامادەکردنی ئامرازەکانیش کاتێکی زۆرو فیداکاریو خۆبەخشینی دەوێ. ئایا زەحمەتو سوودەکانمان لەمەدا وەکوو یەکن ؟ بەڕای من ئەوکاتەی بۆ ئەمە تەرخانی بکەین، ئەگەر بۆ پەروەردە بە زمانی تورکیی بە خەرج بدەین، زۆر شت فێر دەبینو سوودمان زیاتر دەبێ. بۆیە دەبێ زمانی پەروەردە تورکی بێ. تەنانەت ئەگەر زمانی قسەکردنی هەموو عوسمانی تورکی بێ، دەسکەوتەکانمان دوو ئەوەندە دەبن.

پێویستە باس لەوەش بکەم کە دەبێ قوتابخانەی تایبەت بۆ پاراستنی زمانی کوردی لە کوردستان بکرێتەوە. دەبێ کۆمسیۆنێك لە شارەزایانی زمانی کوردی بۆ داڕشتنی فەرهەنگو ڕێزمانی کوردی پێك بهێنرێ. تەنانەت دەبێ مێژوویەکی تایبەت بە ڕووداوەکانی کوردستانیش ئامادە بکرێ.

پێویست بەوە ناکات باسی بایەخی کوردستان بۆ عوسمانیەکانو کوردەکان بکەم. کتێبە مێژووییەکان بایەخی زۆریان لەلای نەتەوەکان هەیە. بگرە دەبێ هاوولاتیانی تریش ئاگایان لەم کتێبە بێ کە لەسەر کوردستان ئامادە دەکرێ، بۆ ئەوەی ئاگاداری وەزعی بەشێکی گرنگی ولاتەکەیان، یانی کوردستان، بن. بۆیە دەبێ ئەو کتێبە وەربگێڕدرێتەوە سەر زمانی تورکیش. یەکێکی تر لە بەڵگەکانی سوودمەندیی پەروەردە بە زمانی تورکی، ئەوەیە کە تەنانەت ئەرمەنو ڕۆمیەکانی خاوەن قوتابخانەی تایبەتیش، دیسان گرنگی بە زمانی تورکی دەدەن.

کەوابوو دەبێ کوردەکان زیاتر بایەخ بەم بابەتە بدەن. بوون بە فەرمانبەرێك یاخود خوێندن لە ئاستێکی بەرزدا خۆی لە خۆیدا پێویستی بە زمانی تورکی هەیە. بۆیە فێربوونی زمانی تورکی دەبێتە مایەی شتێکی باشترو پێشکەوتنێکی ئاشکرا تر بۆ کوردەکان.

هەروەك بۆچوونەکەی بەدیعوززەمان مەلا سەعیدی کوردی، پێویستە هەموو کەسێك لە هەموو ڕوویەکەوە هەوڵی ڕوونکردنەوەی لایەنە باشەکانی پەروەردە بۆ دەوروبەری خۆی بدات، بەم شێوەیەش دەتوانێ خزمەتێك بە منداڵانی کورد بکات.

پێویستە ئەوە فەرامۆش نەکرێ کە ئەم بۆچوونانەی من تەنیا بۆ منداڵە هەژارەکانی خێڵەکانە، چونکە شوێنەکانی تر پێویستییان بەمە نییە. قوتابخانە لە شارو قەزاکاندا هەیە، لەو ڕووەوە کێشەیەکی گەورەمان نییە.

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە ئەو قوتابخانانە سەرلەنوێ ڕێك بخرێنەوە، بۆ ئەوەی سوودی زیاتریان بۆ منداڵانی ولاتەکەمان هەبێ. دەبێ وەزارەتی پەروەدە بیر لەم شتانە بکاتەوە. ئەگەر قوتابخانەکان

هەروا وەکوو خۆیان بن و کەس گوێیان پێ نەدات، هەموو ڕەنجەکان بەفیڕۆ دەچن و دەبێ بە هۆی مانەوەمان بە نائاگایی.

**حەمید سولەیمانی ئەرزنجانی**

## ڕووداوەکان

### له "شوورای ئوممەت"ـەوە[232]

۱۱ی کانوونی دووەمی ۱۳۲٤[۱۹۰۹]، تەلگراف

کۆمەڵەی سلاڤی مۆسکۆ ناڕەزایی خۆی بەرامبەر بە فرۆشتنی دوو پارێزگا بە نەمساو بەو جۆرەش ڕێخۆشکردن بۆ داگیرکردنی ئەلبانیاو مەقدۆنیا دەردەبڕێ.

ئەو دنیایەی کە پشتیوانیی لە شۆڕشە پرشنگدارەکەی تورکیا کردووە، فرۆشتنی دوو ملیۆن مرۆڤیش مەحکووم دەکات. سلاڤەکان هیچ کاتێک لەمە نابوورن. کۆمەڵەی سلاڤەکان لەوە دڵنیایە کە پێشنیارەکەی نەمسا بە دڵی هیچ وڵاتپارێزێك نییە، بۆیە پێشنیاری دروستکردنی هەرێمێکی ئۆتۆنۆم لە بۆسناو هەرزەگۆڤین دەکات و داواکارە بولغارستان و سربستان و مۆنتی نیگرۆ (قەرەتاغ) بە مەبەستی بەرگری پەیمانی باڵکان لەگەڵ تورکیادا ببەستن و بەو هۆیەشەوە هەریەکەیان ٥ ملیۆن لیرە بدەن بەو وڵاتە.

کۆمەڵەی نەتەوەیی بۆسناو هەرزەگۆڤین ٥ ملیۆن لیرەکەی خۆی دەدات، حکوومەتی مۆنتی نیگرۆ یا سربستان یان بریتانیا و

---

232 ڕۆژنامەی "شوورای میللەت"، جەمعییەتی ئیتیحادو تەرەقیی عوسمانی سەرەتا لە میسرو دوایی لە پاریس و دواتریش لە ئەستەنبووڵ دەری کردووە.

ڕووسیا بە مەبەستی بەرقەراربوونی ئاشتی دەبن بە کەفیلی کۆمەڵەی سلاڤەکان، بەو جۆرە ئەوانیش وردە وردە قەرزەکەیان دەدەنەوە. بڕی بەشە پارەکەی حکوومەتی بۆسنا کەمەو هەر تاکێکی بۆسنایش پارەیەکی نزیکەی ٤ دیناریی بەردەکەوێ، دڵنیام هەموویان ئەو پارەیە بە خۆشییەوە دەدەن. هەرێمی ئۆتۆنۆمی بۆسنا دەبێ بە دیوارێک بەرامبەر بە نەمساو ئاسایشی مەقدۆنیا دابین دەکات. تورکەکانیش دەکەونە دڵی گەلانی سلاڤ، و لاتینەوە.

**سەرۆکی گشتی**

**ژەنراڵ جرەف ئسپیریدۆڤیچ**

* * *

حکوومەتی نەمسا خەریکی ئامادەکارییە لە ڤیەننا تا بڕی ٤٢٥٠٠٠ لیرەی ئینگلیزی بداتە دەوڵەتی پایەبەرزی (عوسمانی).

**ڕووداوەکانی ئێران**

بەگوێرەی ئەو شتانەی کە لە "تاران" (ڕۆژنامەیەکە)دا بڵاوکراونەتەوە، مەجلیسی گشتی پارێزگاکان لە ئەسفەهان کۆبوەتەوە، داوای لە باڵوێزی وڵاتان کردووە یارمەتیی بدەن بۆ گۆڕینی دەستوور. شازادەیەکی کاربەدەستیش بە ٧٠٠ سواری خۆیەوە بەرەو ئەسفەهان بەڕێ کەوتووە. کوردەکان لە دەوروبەری جولفا دەستیان بەسەر کاروانێکی بازرگانیدا گرتووە، لە تەورێزیش پۆستەخانەکەیان خستوەتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان.

* * *

بەگوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵ، سەربازانی پاشا شاری تەورێزیان

* * *

وەزارەتی ناوخۆ لە پارێزگای دیاربەکرەوە لەوە ئاگادار کراوەتەوە کە سەبارەت بە دەستگیرکردنی چەتەو جەردەکانی میدیات تا ١٦ی کانوونی یەکەم زیاتر لە ١٧ کەس دەستگیر کراون. ماڵو موڵکی(حەیوان) داگیرکراو لەلایەن ئەمانەوە، دراوەتەوە بە خاوەنەکانیانو بەو جۆرەش ڕێوشوێنی پێویست گیراوەتە بەر.

* * *

لە بتلیسەوە، بە پشتبەستن بە سەرچاوە هەرێمیەکان، پێیان ڕاگەیاندووین کە ٣٧ کەس لە دادگاکانی بەرواری، گارزان، شێروانە، ئەروەو سیرت پەشیمانی‌ی خۆیان ڕاگەیاندووەو داوای بەخشینیان کردوون.

* * *

## "ساڵح خلووسی پاشاو موتەسەڕیفییەتی شاری گەنج"

پێشتر بە خۆشییەوە هەواڵی ئەوەمان بڵاو کردبووەوە کە ساڵح خلووسی پاشا وازی لە قایمقامیەتی تارسووس هێناوە، دوای ئەوە لەپێشدا بووە بە موتەسەڕیفی شاری گەنجو دواتریش بەوەکالەت بووە بە موتەسەڕیف لەوشارە. ئێستا بەداخەوە هەولی ئەوەمان پێدەگات کە لەبەر هەندێك سکالا، ئاستەنگی زۆری بۆ دروست دەکەن.

ساڵح خلووسی پاشا تەنانەت لە سەردەمی بەڕێوەبەرێتی‌ی پێشوودا کە زەبروزەنگەکەی لە ئاستێکی بەرزدا بوو، دیسان بە هەستێکی وڵاتپارێزانەوە کاری دەکردو نامووسی نەتەوەیی‌ی خۆی دەپارستو بە هیچ شێوەیەك لەکەیەکی لەسەر نەبوە" زیاتر لە ٤٠-٣٠ ساڵ تەمەنی خۆی لە کاری بەڕێوەبەرێتیدا بەسەر بردووە، لەو

بارەیەوە خاوەن ئەزموونێکی باشەو ئێستاش خانەنشین کراوە. لەبەر ئەوەی ئەم کەسێتیە لە کاری بەڕێوەبردندا پاكو بێلەکە بووە، ماوەیەك بەر لە ئێستا هەڵبژێردراوە بە ئەندامی هاوکار لە جەمعییەتی تەعاونو تەرەقی ی کورددا.

بێگومان ناکرێ هەموو کەس لە شوێنی کاری فەرمانبەرێکی سیاسی ی وەك ئەو ڕازی بێ، هەر لەبەر ئەوە شتێکی ئاسایی یەو دووریش نییە کەسانێك بە جێبەجێکردنی عەدالەتی ئەو ناڕەحەت بنو دەنگی ناڕەزایی یان بەرز بێتەوە.

نابێ ئەزموونەکانی فەرمانبەرێکی پاك ببێ بە قوربانی سکاڵایەك، کە کەس نازانێ ناوەڕۆکەکەی چەندە هیچ وپووچە. لەبەر ئەمە سەرنجی حەزرەتی پاشای وەزیری ناوخۆ کە ئاگاداری ئەرکەکانی خۆیەتیو بەڕێزەوە لەگەڵ خەڵکدا ڕەفتار دەکاتو متمانەکەیان ناشکێنێ، ڕادەکێشینە سەر بایەخی ئەم بابەتە.

* * *

سەرۆكو بەگی خێڵەکانی شرناخ لە شاری (ئەروە)ی سەر بە سیرت بە چەکەکانیانەوە خۆیان تەسلیمی حکوومەت کردووە.

* * *

## بۆ وەزارەتی دارایی

پەیتا پەیتا سکاڵا سەبارەت بە زوڵمو ستەمەکانی شوکری ئەفەندی ی ژمێریاری کەرکوك دەگات. سەرەڕای ئەوەی کە وەزارەتی ناوخۆ لەم بارەیەوە ئاگادار کراوەتەوە، هێشتا کاری پێویست ئەنجام نەدراوە. بۆ ئەوەی بتوانرێ بە شێوەیەکی باش کەڵك لە

بەڕێوەرێتیەکەی مەشرووتییەت وەربگیرێ‌و سیستەمی پێکهاتەی کۆمەڵگا تێك نەچێ، دەبێ کەسانی دروست‌و دەستپاك پۆستە گرنگەکانی کاروباری دەوڵەت وەربگرن‌و بەردەوام چاودێری لەسەر کارەکانیان هەبێ‌و گوێ بدرێتە ئەو سکاڵایانەی وا خەڵك لەبارەی ئەوانەوە بەرزیان دەکەنەوە.

سەبارەت بە وەزعی ژمێریاری کەرکووك، داواکاری لێکۆڵینەوەین لەسەر سکاڵاکانی خەڵك، هیوادرین لایەنی بەرپرس لەم ڕووەوە بەپەلە کاری پێویستی یاسایی بەئەنجام بگەیەنێ.

* * *

موسڵمانەکانی بۆسناو هەرزەگۆڤین بۆ دیاریکردنی پابەندبوونی خۆیان بە خەلیفەی موسڵمانانەوە، بەگوێرەی پلانی چارەسەری نەمساو مەجارستان، لەمەبەدوا لە نوێژی هەینیدا گوتار بەناوی خەلیفەی ئیسلامەوە دەخوێنن. شایانی وتنە، موسڵمانەکانی بۆسناو هەرزەگۆڤین لە کاروباری دینیدا پەیوەندییان بە (شێخول ئیسلام)ەوە هەیە.

* * *

## لە هاوڕێیەکی ژنەوە[٢٣٣]

## بۆ محەمەد عەلی شا[٢٣٤]

[233] مەبەست گۆڤارێکە بەناوی "ئافرەت"ەوە، ئەوکاتە لە سەلانیك دەرچووە.

[234] محەمەد عەلی شا کوڕی موزەفەرەدین شا، پاشایەکی خانەدانی قاجارە، ماوەیەك پاشای ئێران بووە. ساڵی ١٩٠٨ مەجلیسی داخست‌و کۆتاییی بە قۆناغی مەشرووتەی ئێران هێنا. بەڵام لەبەر ڕاپەڕینی لایەنگرانی مەشرووتە، ناچار بوو بچێتە ڕووسیا. ساڵی ١٩٢٥ لە سان ڕیمۆ مرد.

بەسە ئیتر، بەسە ئیتر، بەسە ئیتر، بکوژی ڕەش
نەتەوەیەکی زوڵم لێکراو کە ئارەزوومەندی ئازادییە،
ئێستا نیوە گیانە، لەنێو خوێندا پەلەقاژە دەکات
سەیرکە ! وەرە هەموو تاریکاییەکانی سەر پەردەی زوڵمەکانت بڕەوێنەوە
ئەی ناوچاو سووری پیس، ئەی باڵادەستی نەزانی،
هێلانەی بایەقوشی، ئێران چێشتخانەی تۆیە ؟
بێگومان، بەیانی تاجە پرشنگدارەکە دەکەوێ
خەڵك دەبێ بە باڵادەستی تۆو تۆش دەبی بە ملکەچ
ئەی شێتی دەمو دەست خوێناوی هەر کە پەردەیەکی تەختەکەت دەدڕێ، با بنووسرێ؛ خەڵك واتای چییە، ماف چییەو واتای خاك کامەیە
ئەو کۆیلانەی کە بتو هەڵۆو سوڵتانەکانی خۆیان سووتاند،
بێگومان ڕۆژێك زللەی نابووتیش لە تۆ دەدەن،
بەڵام تا ئەوکاتە تۆش بڕووخێ، بمرە، نابووت بە.

* * *

## لە سیرتەوە ١٣ی تشرینی دووەمی ١٣٢٤[١٩٠٨]

بابەتەکەی ٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٣٢٤ تان گەیشتە دەستمان، ئەو نووسراوە یارمەتیدەر بوو بۆ چەسپاندنی عەدالەت. ئێستاش بە لەبەرچاوگرتنی ئامۆژگارییە بەنرخەکانتان وەزعەکەتان بەشێوەیەکی گشتی بۆ باس دەکەین:

شێری کوڕەکانی بەدرخانو مامەکانی کە پێشتر لە شاری سیرت کاری بەڕێوەبەرێتییان کردووەو خەڵکی شارۆچکەی (ئەرۆه)نو

کاریگەرییەکی باشیان لەوێ هەیە، لە ٥-٦ساڵی بەر لەئێستاوە دەستیان کردووە بە پیاوکوژیو چەپاوکردنی گوندەکانی وەك ئاڤاڤ،و ... روزو زەندیق. کۆمەڵەکەتان ئاگادارە ئەمانە جارێکی تر تاوانبار کرابوون، بۆیە ئەمجارە یەکسەر تەسلیمی دادگا کراون. دیارە داد کاری خۆی دەکاتو لە سایەی حکوومەتی ئازادیدا مافەکانیش زیاتر دەبن، ئەمە شتێکی ئاسایییە.

سەبارەت بە لەیەکترنەگەیشتنو نەفرەتی بەرامبەر بەیەك، لە سایەی خوداوە ڕۆحی نەفرەتو تووڕەیی بەرامبەر بە یەکتر لەنێو هەموو خێڵەکانی شارەکەدا نەماوە، هەموولایەك وەك بەشێکی بنەماڵەیەکی نەتەوەیی بە گیانی برایەتیی نەتەوەییەوە پێکەوە دەژینو یەکتریان خۆش دەوێ. لەوەش زیاتر، ئەو گرووپو خێڵانەی وا پێشتر بە جۆرێکی تر بوون، ئەمڕۆ دەستەدەستە دێنو بە چەکەکانیانەوە خۆیان تەسلیمی حکوومەت دەکەن.

بێگومان لەمڕۆشەوە بەڕێزان پارێزگارو موتەسەڕیف بە تەگبیرەکانی خۆیانەوە کاریگەریی باشیان هەبوە، ئێوەش وەك کۆمەڵەیەکی خێرخوازی ولاتپارێز کە هەوڵەکانی خۆی بۆ ئاوەدانیو بەرزبوونەوەی شەرەف زۆرە، جێگەی ڕێزو سوپاسن.

سەرۆکی شارەوانی — موفتیی سیرت

حەمید حەمدی — دوعاجی خەلیل

(ڕوونکردنەوەی ڕۆژنامەی جەمعییەتی تەعاونو تەرەقیی کورد)

**کورد:**

ئێمەش سوپاسو پێزانینەکانی خۆمان ئاڕاستەی بەڕێز موتەسەڕیفی شارەکە دەکەین کە ناکۆکیەکان بە هەوڵو کۆششەکانی

خۆی چارەسەر دەکات، هەوڵی ئەوە دەدات هەر تاکێك لە ماف و
ئازادیەکاندا بەشدار بێ.

* * *

## لە میدیاتەوە، ٢٤ی کانوونی یەکەمی ١٣٢٤[١٩٠٩]

جاران، هەڵس وکەوتی خراپی فەرمانبەرانی حکوومی و لایەنگرتنیان لە سادەترین کێشەیەکی کۆمەڵایەتیدا، بوو بوون بە هۆی ئەوەی کە هەریەکە لە ئێمە پەنا بۆ گۆشەی چیایەك بەرێ و بەو جۆرە لە ماڵ و خێزانی خۆی دوور بکەوێتەوەولە حکوومەت یاخی بێ.

بەڵام ئێستا کە حکوومەتی ئازادی هاتووەو هەرکەسە دەتوانێ خاوەنی ماف بێ، بەتایبەت کاتێ مەجید بەگ ئەفەندی ی موتەسەڕیف و مەحموود دەرویش ئەفەندی زادەو ئیسماعیل ئەفەندی و گۆزی زادە عەبدولقادر پاشا (کە لە پیاوماقووڵانی شارەکەن) بەیاننامەیان سەبارەت بەم وەزعە تازەیەو باشیەکانی ئازادی و عەدالەت بڵاوکردەوە، ئێمەش بەپەلە هەوڵی ئەوەمان دا خۆمان بخەینە باوەشی ئەم حکوومەتە بەبەزەیی و میهرەبانە.

بۆیە بە خۆمان و چەکەکانمانەوە پەنامان هێنا، لەمەبەدواش ملکەچی فەرمانەکانی حکوومەت دەبین. هەرچی سەبارەت بە مافەکانیشە، دیسان ئەوە دەهێڵینەوە بۆ عەدالەتی حکوومەت و داوای لێبوردن لە خەڵك و ڕای گشتی دەکەین.

– حاجۆی مزیزەخلی لە سەرۆکانی هەڤێرکی لە شارۆچکەی میدیات

www.zheen.org

– ئەحمەد ک ...[235] لی لە سەرۆکانی نوسەیبین
– حەسەن سیڤووک لە سەرۆکانی ناحیەی ئەزناڤری نوسەیبین
– د ...[236] ئەحمەد ئەلیووسف

## سیرت- ١٨ی کانوونی یەکەمی ١٣٢٤[١٩٠٨]

کەش‌وهەوایەکی خۆشی کوردستانی گرتوەتەوە، هەموو کەس لە کەیف‌و شادیدایە، بەلآم هەزاران مەحکوومی بێچارە کە بەدەستی حکوومەتی پێشوو زیندانی کرابوون، لەمە بێبەشن. هەر لەبەر ئەمەو بۆ ئازادکردنیان چووینە بەر دەرگای حکوومەت.

بە گوتنی "زۆر شوکر کە خەفەتەکەی لەکۆڵ کردینەوە" ڕۆیشتین، داخوازەکەمان پێشکەش کرد. دوای ئەوەی سولەیمان فایق بەگی موتەسەڕیفی شارەکەمان بە زمانی کوردی‌و تورکی قسەی لەسەر باشیەکانی حکوومەتی مەشرووتە کرد، هەمووومان دەستمان بە گریان کردو بەڵێنی ئەوەمان دا کە لەمەبەدوا هەمووکاتێك ئامادەی گیانبەختکردن بین بۆ پاراستن‌و ڕێزگرتن لە دەستوورو وڵات. ((خودا شاهیدی قسەکانمانە))

سەرۆك خێڵی هاروونان — سەرۆکی خێڵی ڕەشکۆتان
ئەحمەد فاکی — حاجی محەمەد مستەفا

[ڕوونکردنەوەی ڕۆژنامەی جەمعییەتی تەعاون‌و تەرەقیی کورد]

**کورد؛**

www.zheen.org

---

[235] لێرەدا وشەکە نەخوێنرایەوە.

[236] لێرەدا وشەکە نەخوێنرایەوە.

خێڵی ڕەشقۆتان[237] لە چیاکانی ئەو شوێنانەدا نیشتەجێ بووە کە بە شێوەیەکی سروشتی دیاربەکرو سیرت لەیەك جودا دەکەنەوە، ساڵانێکی درێژ حکوومەتی ماندوو کردووەو هەمیشە چەکی بەکارهێناوە، لە هیچ شتێکیش نەترساوە. حکوومەت هەردەم هەوڵی دەستگیرکردن و سزادانی سەرۆکەکەی داوە، بەڵام سەرنەکەوتووە. تەنانەت ئەو دوو کەسەش کە ناویان لەخوار تەلگرافەکەوەیە، سەرەڕای هەوڵدانێکی بێوچان، قەت دەستگیر نەدەکران.

بەڵام ئێستا هاتنی خۆیان و پەناهێنان بۆ حکوومەت، نیشانەی ئەوەیە کە حکوومەتی مەشرووتە لەوێ چۆن پێشوازیی لێ دەکرێ. هەروەها ئاستی نەفرەت لە حکوومەتی پێشووی ملهوڕیش نیشان دەدات. ئێمە سوپاسی ئەمە دەکەین.

* * *

## بۆ کلووبی ئیتیحادو تەعاونی کورد

ڕۆژنامەی بێهاوتای "ئیقدام" لە ژمارە (٥٢٤٠)ـەمی خۆیدا، بەگوێرەی هەواڵێکی ڕۆژنامەی "مەنزوومەی ئەفکار"، بڵاوی کردوەتەوە: گوایە من ٦ ساڵ بەر لە ئێستا قایمقامی عادل جەوازم بە ڕۆن سووتاندووە، ١٥ ڕۆژیش بەر لە ئێستاش لە ئەرجیش جێگری فەرمانەدەی گشتی ڕاغب بەگم لەماڵەکەی خۆیدا کوشتووە. کاتێ سەعید بەگی قایمقامی عادل جەواز کوژرا، من لە ئەستەمبووڵ بووم.

---

[237] بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی خێڵی "ڕەشقۆتان"ـەوە، بڕوانە: جگەرخوین، فۆلکلۆرا کوردی، ل١٨٦.

کەسێکی کەل محەمەد ناو لە دادگادا دانی بەوەدا نا کە قایمقامی کوشتووە. ئێستاش لە وان زیندانی کراوە. هەروەها ئەوە دەرکەوتووە کە بکوژی ڕاغب بەگ کەسێك بووە بە ناوی نگدەلی محەمەدەوە، لەبەر کینەو ڕقی سەربازی ئەو کارەی کردووە. جێی باسە، ناوبراو ئێستا دەستگیر کراوە. لەبەر ئەوەی زماندرێژییان بەرامبەر بە من کردووە، دەمەوێ سکالانامەیەك دەرهەق بە ڕۆژنامەی "مەنزوومەی ئەفکار" پێشکەشی دادگا بکەم. هەروەها ئەوەشتان پێ ڕادەگەیەنم کە ئەو شتانەی وا نووسراون، هەموویان دوور لە ڕاستین.

**فەرمان.**

**سەرۆکی هەموو خێڵی حەیدەران**

**میرلیوای حەمیدیە حوسەین**[238]

بنکەی ژین
www.zheen.org

[238] بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی "کۆر حوسەین پاشا"وە، بڕوانە: مالمیسانژ، سەعیدی نورسی و کێشەی کورد، بڵاوکراوەکانی دۆز، ئەستەنبووڵ، ١٩٩١، ل٩٣-٩٦.

# سەرچاوەکان


1-Ahmad, Feroz; 1908- 1914 □ttihat ve Terakki, çeviren: Nuran Yavuz, Kaynak Yay□nlar□,□stanbul, 1984.

2-Ak□in, Sina; Jön Türkler ve □ttihat ve Terakki, Remzi Kitabevi, □stanbul, 1987.

3-Alakom, Rohat; "Yên ku Qehir û Barê Dinê Ki□andine: Cimaeta Hemalên Kurd Li Constantînopelê", Çira, Stockholm, no: 7.

4-Amedi, Botan; Kürtler ve Kürdstan Tarihi-□, F□rat-Dicle Yay□nlar□, □stanbul, 1991.

5-Anter, Musa; “Yekbûn/ 1914’te Ç□kan Dergi“, Do□u, □stanbul, no: 1 (Aral□k 1969).

6-Antre, Musa; “Kürt Edebiyat□“, Bar□□ Dünyas□ (ayl□k mecmua), no: 6 (Eylül 1962).

7-Anter, Musa; Hat□ralar□m, Doz Yay□nlar□, □stanbul, 1990.

٨- حسێن عارف، بیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی (١٩٢٥-١٩٨٣)، بڵاوکراوەکانی گۆڤاری "کاروان"، ١٩٨٧.

٩- ئومێد ئاشنا، چەند لایەنێکی شاردراوە لە ژیانی ڕۆژنامەگەری پیرەمێردی نەمر، "کاروان"، هەولێر، ژ ٣٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٥.

10-Balî, A; Antolojîya Helbestvanên Kurd, Pelê Sor Yay□nlar□, □stanbul, 1992.

١١- باپیر، هورمزیاری "عزیز"، "امریقا تحقیق هیئتی رئیسی اصالتلو مستر کراین جنابلرنه"، "کردستان"، نومرو ١٣، ٣١ آغسطوس ١٣٣٥ [١٩١٩].

12-Bayrak, Mehmet; Kürtler ve Ulusal- Demokratik Mücadeleri, Öz- Ge Yay□nlar□, Ankar, 1993.

13-Bayrak, Mehmet(Haz□rlayan), Aç□k-Gizli/ Resmi- Gayriresmi Kürdoloji Belgelri, Öz- Ge Yayrnlar□, Ankara, 1994.

١٤- سعید بدل، تاریخچەی جنبشهای ملی کرد: از قرن نوزدهم تا پایان جنگ جهان دوم، ١٣٦٥ (١٩٨٤).

١٥- بدری، م(ملاطیەلی)؛ کردلر و کردستان، "شرق و کردستان" (شرقن وضعیت سیاسیله غربن انسانیته قارش شائبەلرینی مصور غزتەدر)، اسطنبول، نومرو ١، ١٩ تشرین ثانی ١٩٠٨/ ٢٥ شوال ١٣٢٦/ ١٩٠٨.


بنکەی ژین www.zheen.org

١٦- بدری، (ملاطیەلی)؛ ملكده تفرقه طرفننه، "شرق و کردستان"، اسطنبول، نومرو ١، ١٩ تشرین ثانی ١٩٠٨/ ٢٥ شوال ١٣٢٦/ ١٩٠٨.

17-Bedr Khan, Sureya, The Case of Kurdistan Against Turkey, by authority of Hoyboon Supreme Council of The Kurdish Government, Philadelphia, 1928.

18-Beysano□lu, □evket, Diyarbak□r'da Gömülü Me□hur Adamlar, Ankara,1935.

19-Beysano□lu, □evket; Bütün Cepheleriyle Diyarbak□r, □stanbul, 1963.

20-Beysano□lu, □evket, Diyarbak□rl□ Fikir ve Sanat Adamlar□, c. □□, Diyarbak□r□ Tan□tma Derne□i Ne□riyat□, □stanbul, 1960; C.□□□, Ankara, 1978.

21-Beysano□lu, □evket; An□tlar□ ve Kitâbeleriyle Diyarbak□r Tarihi, c. □□, Ankara, 1990.

22-Beysano□lu, □evket, Diyarbak□r'da Gömülü Me□hur Adarmlar, Ankara, 1985.

23-Birinci, Ali; Hürriyet ve □tilaf F□rkas□, □kinci Me□rutiyet devrinde □ttihat ve Terakki'ye kar□□ ç□kanlar, Dergah Yay□nlar□, □stanbul, 1990.

٢٤- بزووتنەوەی کورد، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە نەزەند بەگی خانی، "هێڤی"، پاریس، ژ ٧، پاییزی ١٩٩٠.

25-Blau, Joyce; mémoire du Kurdistan, Editions Findakly, Paris, 1984.

٢٦- بۆرەکەیی "صفی‌زادە"، صدیق؛ مێژووی وێژەی کوردی، ب٢، بانە، ١٣٧٠ (١٩٩١).

27-Bucak, Mustafa Remzi; Bir Kürt Aydin□ndan □smet □nönü'ye Mektup, Doz Yay□nlar□, □stanbul, 1991.

28-Bulut, Faik; Devletin Gözü'yle Türkiye'de Kürt □syanlar□, Yön Yay□nc□l□k Limited □irketi, □stanbul, 1991.

29-Burkay, Kemal; Geçmi□ten Bugüne Kürtler ve Kürdistan Co□rafya-Tarih Edebiyat, c. □, Deng Yay□nlar□ □stanbul, 1992.

٣٠- بروسلی محمد طاهر بگ؛ عثمانلی مؤلفلری، جلد ٢.

٣١- جباری، عبدالجبار محمد؛ مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، سلێمانی، ١٩٧٠.

بنکەی ژین
www.zheen.org

32-Celîl, De. Celîlê; Jiyana Rew□enbîrî û SiyasîYa Kurdan (Di Dawîya Sedsala 19’a û Destpêka Sedsala 20’a de), Werger: Elî□êr, We□anên Jîna Nû, Uppsala, 1985.

33-Cemil Pa□a, Ekrem; Muhtasar Hayat□m, Brüksel, 1989.

34-Cîgerxwîn, Folklora Kurdî, We□ânên Roja Nû, Stockholm, 1988.

35-Çay, Prof. Dr. Abdülhalûk M. ve Kalafat, Ya□ar; Do□u ve Güneydo□u Anadolu’da Kuva-y□ Millîye Hareketleri, Türk Kültürünü Ara□t□rma Enstitüsü Yay□nlar□, Ankara, 1990.

36-Çay, Dr. M. Abdülhalûk; “□□. Me□rutiyet Sonras□ □hanet □ebekeleri: (□)“, Türk Kültürü, y□l: XX, no: 223-224.

37-Dersim, T.C. Dahiliye Vekâleti Jandarma Umum Kumandanl□□□, Ankara(?), 1934 (?)

38-Dersimi, Vet. Dr. M. Nuri; Hat□rat□m, Roja Nû Yay□nlar□, Stockholm, 1986.

39-Dicle- F□rat (gazete), □stanbul, no: 4 (Ocak 1963).

٤٠- عەدۆ، ئەسعەد؛ پێناسی بەشێکی شاعیرانی کورد، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨٠.

٤١- ئەحمەد، د. کەمال ئەزهەر؛ مێژوو- کورتەباسێکی مێژوو و کوردو مێژوو، بەغدا، ١٩٨٣.

٤٢- ئەحمەد، د. کەمال مەزهەر؛ "تێگەیشتنی ڕاستی"و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨.

43-Elî Avdel;“□aîrekî Piralî: Pîremêrd“, Jîyana Nû, □stanbul,sal:1, no:1 (1-7.10.1994)

44-Epözdemir, Latif; ; “Newroz Co□kusunu Kalbinin Derinl□inde Ta□□m□□ Bir Kürt □airi: Pîremêrd“, Azadi, □astanbul, y□l: 1 no: 9 (12-18 Temmuz 1992).

45-Eski Harfli Türkçe Süreli Yay□nlar Toplu Katalogu, c.□

46-Fany, Messoud; La nation Kurde et son évolution sociale, Labrairie L. Rodstein, Paris, 1933.

47-Göldas, □smail; Kürdistan Teâli Cemiyeti, Doz Yay□nlar□, □stanbul, 1991.

48-Gürsel, Dr. □brahim Ethem; Kürtçülük Gerçe□i, Ankara, 1977.

49-Hanio□lu, Dr. M.□ükrü; Bir Siyasal Dü□ünür Olarak Doktor Abdullah Cevdet ve Dönemi, üçdal Ne□riyat, □stanbul, 1981.

50-Hanio□lu, M. □ükrü; Bir Siyasal Örgüt Olark Osmanl□ □ttihad ve Terakki Cemiyeti ve jön Türklük (1889-1902), □leti□im Yay□nlar□, □stanbul, 1985.

www.zheen.org

51-Hassanpour, Amir; The Language Factor in National Developpement: The Standardization of the Kurdish Language, 1918-1986, thesis, Urbana, □llionis, 1989.

٥٢- هاوار، م. ڕ.“ شێخ مەحموودی قارەمان‌و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب٢، لەندەن، ١٩٩١.

٥٣- هێمن، ئەرکی "بەیان" لە هەلومەرجی ئێستادا چییە؟، "سروە" (گۆڤاری فەرهەنگی- ئەدەبی)، ورمێ، ژ ٥٨.

٥٤- رفیق حلمی، یادداشت، ب ١/ بەشی یەکەم، بەغدا، ١٩٥٦.

٥٥- اسماعیل حقی، بابان زادە“ کردلرن تعالیسی، "روژ کرد"، نومرو: ٣، ١ آغسطوس ١٣٢٩/ ١٩١٣.

56- Îzolî, D.; ferheng Kurdî-Tirkî, Den Haag, 1987.

57- Jîn (kürdçe- Tükçe dergi),c. □-V,Arap harflerinden Latin harflerine Çeviren: M.Emin Bozarslan, Deng Yay□nevi, Uppsala Kara-Amid(dergi), no: 6-7

58- Kars, H. Zafer; Belgerle 1908 Devrimi Öncesinde Anadolu, Kaynak Yay□nlar□, Ankara, 1984.

59-Kaymak, Wedat; Les Éternels Exilés, paris, 1990.

٦٠- کەمال ڕەئووف محەمەد، چەپکێ نامەی مێژوونووسێکی کورد، "کاروان"، هەولێر، ژ ٣٥، ئابی ١٩٨٥.

61-Kurdo, prof. Qanatê; Tarîxa Edebyeta Kurdî, Roja Nû Yay□nlar□, Stockholm, 1985, c.□□.

62-Kürdistan (gazete), □stanbul, no:13 (31 A□ustos1335)

63-Kürt Teavün ve Terakki Gazetesi (Cemiyetin vas□ta-I ne□r-I efkâr□d□r), □stanbul, no: 1,6,7,8

64-Lazarev, M.S., Kürt Sorunu (1891-1917). (Jîna Nû Yay□nevi'nde görüp yararland□□□m□z bu Türkçe çeviri henüz yay□nlanmam□□t□r.)

65- M.S. Lazarev, Yeni ve Yak□n, Ça□da Kürt Hareketi, Jîna Nû Yay□nlar□, 1991.

66-Malmîsanij, Yüzy□l□m□z□n Ba□lar□nda Kürt Milliyetçili□i ve Abdullah Cevdet, Jîna Nû Yay□nlar□, Uppsala, 1986.

67-Malmîsanij, Said-I Nursi ve Kürt Sorunu, Jîna Nû Yay□nlar□, Uppsala, 1991.

68-Malmîsanij, Abdurahman Bedirhan ve □lk Kürt Gazetesi Kürdistan say□:17 ve 18, Stockholm, 1992.

69-Malmîsanij ve Mahmûd Lewendî, Li Kurdistana Bakur û Li Tirkiyê Rojnamegeriya Kurdî (1908-1992), Özge Yay□nlar□, Ankara, 1992.

70-Malmîsan□j, Bitlisli Kemal Fevzi ve Kürt Örgütleri □çindeki Yeri, F□rat Yay□nlar□, □stanbul, 1993.

71-Malmîsanij, C□zira Botanl□ Bedirhaniler ve Bedirhani Ailesi Derne□i'nin Tutanaklr□, Apes Tryck & Förlag, Stockholm, 1994.

٧٢- محمدی "شەپۆل"، محمد صالح ابراهیمی؛ ژیناوەری زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامەتی یا گەنجینەی فەرهەنگو زانست، تهران، ١٣٦٤ (هەتاوی/ ١٩٨٥).

73-Mumcu, U□ur; Kürt-□slâm Ayaklanmas□ 1919-1925, Tekin Yay□nevi, □stanbul, 1991.

74-Musavver Muhit (dergi), □stanbul, c. □, no: 1, 10, 17

٧٥- ناکام [سەعید]؛ چەند بیرەوەرییەک لە ڕۆژانی ئیشکردنم لەگەڵ پیرەمێردی نەمردا، "برایەتی"، ساڵی ١، خولی دووەم، ژ ٢، تەمووزی ١٩٧٠.

٧٦- نەریمان، مستەفا؛ بیبلیۆگرافیای دووسەد ساڵەی کتێبی کوردی (١٧٨٧-١٩٨٧)، بەغدا، ١٩٨٨.

٧٧- نەریمان، مستەفا" فەرهەنگی ئەدیبو نووسەرانی کورد، ١٩٨٤.

78-Nikitine, Basile; Les Kurdes, Editions d'Aujourdhui, paris, 1975.

79-Osman, Ho□mend; "Kültür ve politika □rak'ta Kürt Yay□nlar□ (1918-1949)", Studia Kurdica, Paris, no: 2-6(1990).

80-Resimli Kitap (dergi), □stanbul. c. □, no: 4; c. V, no: 29; c. V□□, no;: 38, 39; c. V□□□, no: 43

٨١- رسول "هاوار"، محمد؛ پیرەمێردی نەمر، بەغدا، ١٩٧٠.

٨٢- رفعت، مولان زاده؛ حق وطن یاخود طریق مجادلەدە حقیقت قاتمەدلمز، سربستی مطبعەسی، اسطنبول، ١٣٢٩ (١٩١٢-١٩١٣).

83-Rohat, Ziya Gökalp'in Büyük ÇILESI, F□rat Yay□nlar□, □stanbul. 1992.

٨٤- ڕۆژنامەی کوردستان دەورەی سێیەم ١٩١٧-١٩١٨، "چریکەی کوردستان"، ژ ٣.

٨٥- روحانی "شیوا"، بابا مردوخ؛ مشاهیر کرد، جلد ٢، تهران، ١٣٦٦/ ١٩٨٧.

www.zheen.org

٨٦- سعيد كردى، ايكى مكتوبن شهادتنامەسى ياخود ديوان حرب عرفى و سعيدى كردى، ١٣٢٨ (١٩١٢-١٩١٣).

87- Sasuni, Garo; Kürt Ulusal hareketleri ve Ermeni Kürt □li□kileri (15. yy'dan Günümüze), Çevirenler: Bedros Zartaryan ve Memo Yetkin, Orfeus Yay□nlar□, Stcokholm, 1986.

٨٨- سجادى، علاءالدين؛ ئەديبى بەناوبانگی كورد پيرەمێرد، "گەلاوێژ"، ژ ٨، ئابی ١٩٤٣.

89-Sekban, Dr. □ükrü Mehmet; Kürt Sorunu, Beglerle Türk Tarihi Dergisi Yay□nlar□, 1970.

90-Silopi, Zinnar; Doza Kurdistan, Stewr Bas□mevi, 1969.

٩١- سنەيی، سۆران؛ رسالەی عشق لە مەولەوی‌ناسیدا، ناوەندی بڵاوكردنەوەی فەرهەنگ‌و ئەدەبی كوردی، ١٩٩١.

٩٢- حسن صلاح سۆران؛ شوێنەوارەكانی پیرەمێرد، "سروە" (گۆڤاری فەرهەنگی- ئەدەبی)، ئورمیە، ژ ٥٠.

93-Sunguro□lu, □shak; Harput Yollar□nda, c. □, □stanbul, 1959.

94-□ahin, Mustafa; "□rak Mektuplar□, Kuveyt ve Muhammere", Tarih ve Toplum (ayl□k ansiklopedik dergi), □stanbul, no: 89 (□ubat 1991)

٩٥- شيركو، الدكتور بلەچ؛ القضية الكردية (ماضي الكرد وحاضرهم)، القاهرة، ١٩٣٠.

٩٦- شێركۆ، د. بلەچ؛ كێشەی كورد (مێژینەو ئێستای كورد)، محەمەد حەمە باقی كردوویە بە كوردی، لە بڵاوكراوەكانی یەكێتی نووسەرانی كوردستان، چ ١، ١٩٨٦.

٩٧- طاهر افندى، بروسلى محمد طاهر افندى؛ عثمانلى مؤلفلرى، جلد ٢.

98-Tunaya, Tar□k Zafer; Türkiye'de Siyasal partiler, c. □ Hürriyet Vakf□ Yay□nlar□, □stanbul, 1984.

99-Türk Ansiklopedisi, c. XX,Millî E□itim Bas□mevi, Ankara,1972.

100-Uzun, Mehmed; Antoljiya Edeiyata Kurdî, c. □, Tümzamanlar Yay□nc□l□k, □stanbul, 1995.

101-Vakit (gazete), □stanbul, 10 Haziran 1925, 17A□ustos 1925.

١٠٢- خاكى، خالد؛ نظرى به كردستان و شعراى كرد، كانون شرق، ١٩٧٨.

بنكەی ژین
www.zheen.org

**١٠٣- مـەولانا خاليـد؛ (ديـوانی شـيعر) ڕۆحـی مـەولانا خاليـد، ئامـادەكردنی محەمـەد ئەحمـەد محەمـەد، پيرەمێـرد لـە فارسـييەوە كردوويـە بـە كـوردی، بەغـدا، ١٩٨٧.**

104- Xan, Balî ve Rohat; Berevoka Helbestvanên Kurd, We□anên KOMKAR, Frankfurt, 1982.

105- Yalç□n, Hüseyin Çahit; Edebiyat An□lar□, Türkiye □□ Türkiye Bankas□ Kültür Yay□nlar□- □stanbul, 1975.

106- Yalçin, Hüseyin Cahit; Siyasal An□lar, □□ Bankas□ Kültür Ya-y□nlar□, □stanbul, 1976.

**١٠٧- عيدالعزيز ياملكی؛ كوردستان و كورد اختلاللری، تهران، ١٩٤٦.**

**١٠٨- زكـی، محمـد امـين؛ خلاصـەی تـاريخی كـوردو كوردسـتان، ب ١، بغـداد، ١٩٣١.**

**١١٠- زێوەر، مەلا عەبدوڵڵای؛ گەنجينەی مەردانو يادگاری ڕۆژانی دەربـەدەری، محمدی مەلا كريم ساغی كردوونەوەو پێشەكیو پـەراوێزی بۆ نووسـيونو هێناونيـە سەر ڕێنووسی نوێ، بەغدا، ١٩٨٥.**

بنكەی ژين
www.zheen.org